تاڵیب ئیبراهیم

# پەناهەندەیەک...
# لە هەولێرەوە بۆ ئەمستردام

**ڕۆمان**

**و : حەمە کەریم عارف**

ئەگەر هەندێ ناوی ناو ڕۆمانەکە دەگەڵ ناوی ڕاستیدا تێکبکەنەوە ، ئەمە تەنیا ڕێکەوتە و هیچی دی .

## ئەوروپا .... وەرزێن ژنان و خەونێن ئاوارە ...

من سەباح خەلیل ، خەلکی کوردستانم . کاتێخوێندنم لە زانستگەی هەولێر ، کۆلێژی ئەدەبیات ، بەشی ئینگلیزی تەواو کرد ، بابم پازدە هەزار دۆلاری دامێ و گوتی :

- یا ژنی پێ بێنە یان بڕۆ بۆ ئەوروپا .

زاراوەی ئەوروپا بلەز لە زاری بابم ترازا، بەڵام گوێچکە سووکەکانم زاراوەکەیان ڕاستکردەوە و خستیانە سەر هەردوو لاقان .

ئەوروپا ، بەو کوت و پڕیە باوکە گیان .... !

ئەوروپا ، لە ڕێگای حاجیەوە تێکەڵ بە خەونەکانم بوو .

دەمێک بوو ، هاتوچۆی دەکردین .... تەقریبەن هەموو شەوێک .... بە دووروودرێژی ژیانی ڕەنگینی خۆی لە ئەوروپا بۆ دەگێڕاینەوە . هەموو شەوێک چیرۆکی ڕیسکەکانی خۆی دەگەڵ ژنانی جواندا ، دەگەڵ ئەو سروشتەدا کە خودایەکی دی دروستی کردبوو ، دەگەڵ ئەو خواردنە جۆراوجۆرانەداکە دەگەڵ ڕەسمی سەر قاپەکاندا تێکەڵ دەبوون ، دەگەڵ بۆنی خۆش و تامی بەلەزەتدا ، دەگەڵ خۆشخزمەتی ئاشپەز و شاگرد و گارسۆناندا، بۆ دەگێڕاینەوە . باسی سەفەرە بەردەوامەکانی خۆی بە شەمەندەفەر و قیتارێن پڕ لە ژناندا ، بۆ دەکردین ، باسی ئەو ئوتومبیلە ڕەنگاوڕەنگ و هەمە مۆدێلانەی بۆ دەکردین کە پەیتا پەیتا کڕیبوونی، باسی ئەو کۆڕو ئاهەنگانەی بۆ دەکردین کە دەگەڵ کیژانی جواندا یان دەگەڵ رەگەزی سێیەمدا ، بەڵی ڕەگەزی سێیەمدا ، گێڕابوونی ... لەو قسانەدا کە حاجی دەیگێڕانەوە ، لەو چیرۆکە خەیاڵییە حەقیقەت ئامێزانەدا کە دەیگێڕانەوە ، حاجی تاکیدی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە بەشەر سێ ڕەگەزن ، نێر و مێ و ڕەگەزی سێیەم .

من ئەو کاتانە قوتابی ناوەندی بووم ، کە یەکێک لە برادەرەکانم بۆ شەوبێری دەعوەتی ماڵی خۆیانی کردم ، هەڵبەتە بەو بۆنەیەوە کە کوڕێکی گەنج تازە لە ئەوروپا هاتووەتەوە و زۆر قسەوباسی پێە . دەعوەتی کردم کە شەوێک دەگەڵ خەونادا بەسەر بەرین ، کە پێبکەنین ، ڕابوێرین ، کە گوێ لە درۆیانی کەسێک بگرین بەناکامی لەوێندەرەوە هاتبووەوە و بەڵام سوور بوو لەسەر ئەوەی بە سەرکەوتوویی گەڕاوەتەوە .

شەوی یەکەم حاجی زۆر بەگەرمی خێرهاتنی کردم . گوتی من هێشتا گەنجم و زۆرم بەبەرەوەیە و هەر هەموو ئەو بیرۆکە و زانیاریانەم دەخاتە بەردەست کە ڕێگەم بۆ خۆشدەکەن بەناو دنیای خەونان بکەوم .

هەر هەمان ئەو شەوە ، هاورێکەرم گوتی کە خزمێکیان لە سەرەمەرگدایە ، چونکە دکتۆرەکان بۆیان دەرکەوتووە کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە .

ئێدی شێرپەنجە بوو بە دەسکەلای قسە و باسی ئەو شەوەی حاجی .

" شێرپەنجە لە ئەوروپا زۆرکەمە . شێرپەنجە بە خاوی دەچێتە جەستەوە ، درەنگ دەردەکەوێ ، خۆ ئەگەر دکتۆران بکارن زوو پەی پێ بەرن و بیدۆزنەوە ، هیچ مەترسییەک دروست ناکات . لە ئەوروپا دکتۆرەکان ، چیرۆکی هەر هاوڵاتیەک دەزانن . هەر هاوڵاتیەک تۆماری تایبەتی و معاینەی وەرزانەی خۆی هەیە و ئەگەر نەخۆشیەکەی شێرپەنجەش بێت ، زوو پەی پێ دەبەن و لەکات و ساتی

خۆیدا ، فریای نەخۆشەکە دەکەون و دەرمانی پێویستی دەکەن . لە ئەوروپا کەس نامرێت مەگەر ڕۆژی تەواو بووبێ .

"وتی شێرپەنجە وتی .... "

حاجی بە پێکەنینەوە دوا ڕستەی خۆی گوت ، فڕێکی لە چایەکەی دا و داوای تۆزێ شەکری کرد .

بەر لەوەی هەستم و بڕۆم ، بە هاوڕێکەم گوت : "ئەو حاجیە شێتە .... ! "

نەمتوانی باوەڕ بە یەک وشەی بکەم ، بەڵام بۆ ڕۆژی دووەمیش گوێم لێگرت ، هەستم کرد ، پڕن لە درۆ ، کەچی شەوی سێیەمیش لە کۆڕەکەی ئامادە بووم ک ئێدی بەردەوام بووم . دوای قسەکانی حاجی تەلەفزیون تامێکی دی پەیدا کرد، خواردن تامێکی دی وەرگرت . ئێدی دەرس و وانەکانمان ، سەفەر و قسەکانمان ، خەون و سەرگەرمی و ڕابواردنەکانمان ، هەموو گۆڕان ، تامێکی دیکەیان پەیدا کرد . حاجی نامراد لەو ماڵە گەورەیەدا کەهەر سەعاتە ڕێیەک لە هەولێرەوە دوور دەبوو، هیوا و کەڵکەڵەکانی بێدار کردینەوە .

حاجی لەسەر کورسییەک ڕۆدەنیشت، ئێمەش لەدەوری خڕدەبووینەوە ، دەتگوت پەیامبەرێکی ئەوروپی ڕەنگینە لە وڵاتە قاوەییەکەی ئێمەدا . داوای کووپێک چایی خەستی دەکرد ، وەکو خۆی دەیگوت ، لە هەموو ئەو وڵاتانەدا کە چووبوویە هەر ئەو چایەی دەخواردەوە . ورمووودەی ئەو چایە بووبوو . سیغارێکی لەفی پێدەکرد ، چونکە خووی پێگرتبوو، حەزی لە جگەرەی مارلبۆ و ئەو جۆرە جگەرانە نەدەکرد . لەف، جگەرەی باوی دنیای ڕۆژئاوایە و ئەمیش مەراقێتی . هەروەها سیغاری لەف تا دەی پێچیتەوە وەختێک دەبات . وەخت و شارەزایی دەوێ ، بۆیە کێشانی خۆشترە . زۆر بە ئاو و تاو پەڕە سیغارەکە پان دەکاتەوە ، تووتنەکەی لەسەر ڕادەخات ، قەراخی پەڕە سیغارەکە گرنج گرنج دەکات . بە زمان تەڕی دەکات و هەنگێ دەی پێچێتەوە ، سیغارە لەفەکە چەند سائێکی لە تەمەنی برد تا پێچایەوە ، جا کێشانەکەی لە تۆڵەی ئەم چەند ساتەدا لەزەتێکی تایبەتی هەبوو .

حاجی دەڵێت : " کوڕینە چای بخۆنەوە "

قومێک چا تامی سیغارەکە تەڕتر دەکات ، بۆیە لەجیاتی جارێک دوو جار لەزەتی لێدەبینن .

حاجی دەڵێت : " ژیان لەزەت و خۆشیە ".

ژیان لەزەت و خۆشیە ، ڕابواردنە ، تاتەمەن نەیداوە بەسەرتاندا ، بۆخۆ ڕابوێرن ، خۆش بژین ، تا جەنگی خۆشگوزەرانیتان نەدۆراندۆە. سیغار لەزەتە ، چای لەزەتە ، ئەو ئەوروپایەی کە نایناسن لەزەتە ... نا ، نا ، نا ئەوروپا لوتکەی لەزەتە .

نازانم کەنگێ ، حیکایەتە سێکسیەکانی حاجی هاتە نێو ڕێرەوی ژیانمانەوە . نازانم کەنگێ ئەوە دەستی پێکرد . بەڵام بیرکردنەوەی تێرکردم ، هەستە سەرکوتکراوەکانی هەڵایساندم . گەلێک لە حیکایەتەکانیم بەدرۆ دەزانی ، باوەڕم بە زۆرێک لە ڕیسکەکانی نەدەکرد ، بەڵام باوەڕم بەوە هەبوو کە گەنجێکی بەهرەدارە ، حیکایەتخوان و گێڕەرەوەیەکی کارامەیە ، هەر چەندە لە ژیاندا ناکام بوو ، بەڵام لە شت گێڕانەوەدا بەڕاستی خۆی ماندوو کردبوو ، دەماوەر و زمان پاراو بوو . وام هاتە بەرچاو ، هەرئەمەش کردیە کارێک کە لە ڕۆژێکی باراندا هاوڕێتی بکەم . ئێدی بۆ من و لای من ئەو گەنجە نەبوو کە لەکاتی دەست بەتاڵیدا قسانی دەکرد ... نا نا نا حاجی بوو بە کوڕی زەرورەت ... ئەو کوڕەی ژیانی لێڵ و تاریکی پڕدەکرد لە ڕەنگان . حاجی لەو بارانە دەچوو کە لەدەرەوە بەجێم هێشت تا خاک پاراو بکات .

" ئەمڕۆ یەکێک لەموتعە و لەزەتە گرنگەکانی خۆم لە فەرەنسا دەگێڕمەوە ، ئەمڕۆ چیرۆکی خۆم دەگەڵ ماتیلدای فەرەنسیدا دەگێڕمەوە . ماتیلدا خەڵکی شاری نیسە ، بەڵام لە پاریس دەژی . سەرپەرشتیاری بەشی کۆکردنەوەی لایتی فڕۆکەێن مەدەنی (( F . A . L )). دەگەڵ "ویلیام برووت"ی بەڕێوەبەری کارخانەدا کەیەکێک لە ناسیاوەکانم ، وەختایەک کەلەکار دەگەڕام ، پێی ناساندبووم ، چوومە کارگەکە ، هەرئەوەندەم خۆشبوو دەگەڵ بەڕێوەبەردا خۆم بە کارخانەکەدا کرد ، ئێدی هەرچی کچی تیابوو بە نیگا دایان بێژتم ، بەڵام دڵم یەکسەر لەسەر چاوانی ماتیلدا گیرسایەوە ، چاوی چی ! دوو پەنچەرەی فەرەنسایی سەردەمی شۆڕش بوون . چاوەکانی دوو شۆڕش بوون ، لەپشت مێزێکی شینی کارخانەی لایتی فڕۆکانەوە ، خەمڵی بوون ، چاوەکانی جووتێ باڵی فڕۆکەیەکی فەرەنسی بوون ، لە جوڵە و حەرەکەیاندا ، دنیایەک لە گەرمی و ئارامیان هەڵگرتبوو .

زاراوە و پەیڤ و ناو، بە ڕەوانییەکی سەیر لەزاری حاجی هەڵدەوەرین ، ڕەوانییەک کە بە ئاشکرا درۆی باڵداری پێوە دیاربوو .

حاجی ئەو شەوە دەگەڵ ماتیلدا ڕۆیی ، شەرابیان خواردەوە ، پەنیری بۆگەنی فەرەنسیان خوارد ، ئەو پەنیرەی ئێمە ناتوانین بیخۆین ، بەڵم ئەو حەزی لێدەکات ، بەتایبەتی ئەگەر پێ شەرابی سوور و ئاڵی وەکو لێوی ماتیلدای لەگەڵدابێ .

حاجی لێوەکانی لستنەوە ، وەکو ئەوەی دیمەنی ئەو شەوبێریەی پاریس دووبارە بکاتەوە بەڵام ئەم شەو لە پێچی شەقامی دورەدا ، کە سەعاتە ڕێیەک لە هەولێرەوە دوورە .

قژی ماتیلدا زۆر درێژە ، کە دەیویست هەڵیمژێ و ماچی بکات ، بێزاری دەکرد . وەکو تاڤگە بەسەر شان و بەرۆکی ئەم و شان و ملی خۆیدا دەڕژا . هەموو ئەو شوێنانەی دادەپۆشی کە حاجی دەیویست بیانبینێ . ماتیلدا پێدەکەنی . ئەوسا بەدەستە گەرمەکانی قژەکەی کۆدەکردەوە و هەڵیدەدایە پشتیەوە ، بەڵام قژە زەردە درێژەکەی خێرا دەگەڕایەوە شوێنی خۆی تا ئەم شەوگەڕە پاریسییە بەپانتایی جەستە و لەشی ماتیلدا ، لەحاجی تێکبدات .

حاجی هەوڵدەدات هەموو نهێنییەکانی ئەو جەستەیە شرۆڤە بکات ، بەڵام تەنیا قژە درێژەکەی و پێچ و خەمی قژەکە وڕژانی بەسەر جەستەی شەلاڵی ئارەقەی هەردووکیانی بیردەکەوتەوە.

بەرلەوەی شەو ماڵئاوایی لەدواساتەکانی خۆی بکات ، حاجی گەڕە ئەوروپیەکەی خۆی لەشەوە هەولێرییەکەماندا تەواو دەکات . لەگەڵ چا و سیغاری کوردیدا ... لەگەڵ ئۆخژن و جم و جوڵماندا ، لەگەڵ هەڵچوون و دامرکانەوەماندا ، دەگەڵ دنیایەک خەون و خەیاڵدا کەبەدەم هەر ڕستەیەکی" حاجیانەوە" بێدار دەبووەوە .

-باشە حاجی تۆ بۆ هاتیتەوە ؟

غەریب ، کە ئەو حیکایەتانەی حاجی بەرگوێ کەوتبوو و حەزی کردبوو ، ئەو شەوە گوێ لە حیکایەتەکانی حاجی بگرێت و لە گوندێکی دیکەوە هاتبوو ، ئەو پرسیارەی لێکرد .

"من کوردستانم خۆشدەوێ ، ئاشقی کوردستانم . دەمەوێ ماوەیەک لەنێو کوردان وەمێنم تا پێیان بڵێم ، ژیانێکی دیکەی زۆر جوان لەو دیو ئەم کێوانەوە هەیە ، هاتوومەوە تا پێتان بڵێم ژیان پڕ لە گەنجینەیە ، دەبێ خۆتانی بگەیەنێ ، هەرکاتێ زانیم کە ئەرکەکەم بەجێهێناوە بۆ ئەوروپا دەگەڕێمەوە ....بەڵام تا ئەزمونی خۆمتان بەتەواوەتی بۆ نەگێڕمەوە ، ئەم کارە ناکەم"

حاجی پانتاییەکی گەورەی لەدڵمدا داگیرکرد . دڵی ئەوانی دیشی داگیرکرد . لە ماوەیەکی دواتردا پیاوانی گوندەکەم ، شەوانیان لای ئەو دەگوزەران ، ڕێگەی ئێمەمانان نەدەدرا شەو بێداریان دەگەڵ بکەین . لەسەر ئێمەمامانیان نەدەکرد .

لەدڵی خۆدا دەمگوت ، تۆ بڵێی حاجی هەمان چیرۆکی ماتیلدای فەرەنسی و ئانای بەلچیکیان بۆ بگێڕێتەوە ، کەچۆن لەباڕێکدا تەعاروفی دەگەڵ ئانادا کردبوو و پاشان بەدوو قۆڵی چووبوون بۆ ماڵەکەی ئانا و بۆ بەیانی ، دوای ئەوەی شەوێکی بەلچیکیانەی پڕامووسانیان بەسەربردبوو ، ئانا لێی پرسی بوو تۆ کێیت و بۆ لەماڵی مندایت ... هەروەها فاتمای مەغریبی ، کەلە لێرەواری هیلفرسومی هۆڵاندیدا ، ڕووت و قووتی کردبووەوە و بەرلەوەی باران دابکات و خۆیان و

جلەکانیان کەلەسەر سەوزەگیایە ناسکەکە کەوتبوون ، تەڕی تەڕ بکات و بشواتەوە ... لەدڵی خۆدا دەمگوت ، تۆ بێژی بابم چیرۆکەکانی حاجی بیستبێ ... !

ئاخۆ بیستوونی !! باوەڕی پێکردوون !! .

ئایا حاجی بووبوو بە ئیلهامبەخشی پیاوانی گوندەکەم !! ئایا حاجی بابیشمی هاڕوژاندبوو !!

ئەو دیاریە داراییە گەورەیەی کە بابم دای بوومێ ، خستمیە گومانەوە ، بیرکردنەوەی پەرت کردم . زاراوەی ئەوروپا کەلەخۆڕا لەزاری ئەو بووبووەوە وای لێکردم بڵێم کە بابم باوەڕی بە درۆیەکانی حاجی کردبوو .

وام وەبیردا هات کەئەم پرە پارە مۆڵە ، کلیلی ژیانی ئایندەم بێت ، بەڵام چۆنی بەکاربێنم ... !!

دایکم گوتی : " ژن و ماڵ ومنداڵ ، بەئارامی دووی ژیانی خۆت دەکەوێت ، تۆیەکەمدەرسکاری بنەماڵەکەمانی ... دەرچووی زانستگەی هەولێری" .

حەزیدەکرد برازایەکەی خۆی بخوازم ، چونکە جوان و سەلار و بەئەدەبە ، کابانێکە چۆن بڵێی ، خۆشکەکەشم هەروای پێ باشبوو . دایک و خۆشکەکەم بەهیچ جۆرێ چیرۆک و حیکایەتەکانی حاجیان نەژنەوتبوو .

حاجی کوردی گوتی :" ئەوروپا ... ژنی جوان ، ئەوروپا یانی ژیان ، بەخەونیش ناتوانی وێنای ژیانی گەنج لە ئەوروپادا بکەیت ... ئەوروپا سەباح گیان بەهەشتێکە لەوگۆرە ... بەهەشتی سەر ڕووی زەمینە" .

"حەوت دانەساڵ لەوێندەر مامەوە ، دەتوانم چرکە بەچرکەی ئەو ڕۆژانەت بۆ بگێڕمەوە ، کون وکەلەبەری ئەو کیشوەرە نەما نەگەڕێم ، ژیانم لەوڵاتی خۆدا دۆڕاند ، لەهەموو تەمەنمدا تەنیا ئەو حەوت ساڵە ژیاوم ، سەباح گیان ژیانی خۆت لێرە بەفیڕۆ مەدە . ئێستا دەرفەتە ، لاپەڕە قیزەونەکانی هەولێر دابخەیت ، فرسەتە قژی ماتیلدا و ژنانی دی بدینی ... ئەگەر من لەجیاتی تۆبام سێ و دووم لێنەدەکرد" .

حاجی بۆیە گەڕاوەتەوە چونکە تاسەی کوردستانی کردووە ، تاسەی هەڵمژینی هەوای کوردستانی کردووە ، تاسەی خواردنەوەی ئاوی کوردستانی کردووە ، چونکە هەستی کردووە ئەرکێکی لەسەرە و دەبێ لەکوردستاندا ئەنجامی بدات و ئەوسا بۆ ئەوروپا بگەڕێتەوە ، چونکە تاسەی کردووە . تاسە ئەنگیزە و هاندەری بنەڕەتی حاجیە . تاسەش بۆ خۆی جۆرە لەزەت و خولیایەکە ئەگەر مرۆڤ بتوانێ ئاراستەی بکات . وای گوت حاجی .

تاسە حاجی دەجوڵێنێ ، ئەنگیزەی سەرەکییەتی ، ئەدی چ شتێک من دەجوڵێنێ ؟

بێزاری ... تەنیا بێزاری هانمدەدات بۆ سەفەر ... بێزاری بەرەو گۆڕانکاریم دەبات ، خۆئەگەر تاسە و نوستالیژا هەڵیپێچام دەگەڕێمەوە .

دایەی ئازیزم ... من دوابەرەی ماڵەکە و خزمەتکاریانم ، بەڵام گەوهەرییەک دانەشیانم ، خۆشەویستیانم ، ئەو هەموو پارەیەیان داومەتێ ، گوایەڕێگای ئایندەم بۆ دەکاتەوە ، ماندوویەتی چەندین ساڵەم لەبیر دەباتەوە ، ئیدی من سەرپشکم کەچی پێدەکەم ... دایەی ئازیزم ، دەڕۆم ، سەفەر دەکەم .

ئەم پارە مۆڵە دەمگەیەنێتە ئەوروپا ، دەمگەیەنێتە ئەودیوی چیاکانی کوردان .. دنیایەکە جیاواز لەم دنیایەی کەمن وەکو ناولەپی دەستم دەیناسم ، جیاوازە لەم ڕوتینە کوشندەیە ... ئەوروپا ژیانێکی دیکەیە دایەگیانی ئازیزم ، دەڕۆم ، سەفەر دەکەم .

ئەوروپا ، ئەو وڵاتەی چیرۆکەکانی حاجی ، وێنە و دیمەنە جوانەکانی ، جوانی کچەکانی ، بەسەرمدا داباراند . دەڕۆم ، سەفەر دەکەم . بۆ ئەوروپا ، تەواو خۆمیەکلایی کردووتەوە . دەڕۆم و لەوێندەر ژن دێنم .

گوتم : دەڕۆم بۆ ئەوروپا .

بابم هەنگێ بزەیەکی هاتێ ، وەکو ئەوەی من ئاواتێکی لەمێژینەیم هێنابێتەدی . تۆ کورد بیت و کوڕێکت لە ئەوروپا بێت ، ئەمە گەورەترین ئاواتی باوکێکی کوردە لەکوردستاندا .

لەڕێگەی زنجیرەیەکی دوور و درێژی برادەرەکانمەوە ، "ئەبومەنانی"قاچاخچیم ناسی . سەفەری قاچاخ بۆ ئەڵمانیا دوازدەهەزار دۆلاری تێدەچێ . ئەگەر قاییل بووم و دوابڕیارم دا ، پارەکە بەئەمانەت لەلای کەسێک دادەنم هەم من بیناسم و هەم ئەو . کە بگەمە ئەڵمانیا ، تەلەفۆن بۆ ئەو کەسەدەکەم کە بەسەلامەتی گەییوومەتە مەزڵ ، هەنگێ ئەویش ئەمانەتەکە ڕادەستی" ئەبومەنان " دەکات .

"ئەبومەنان" کابرایەکی زۆر کورتە باڵایە ، تەنانەت لەمنیش کورتترە ، من دڵنیام فڕی بەشارستانیەتی میدیاییەکانەوە ، شارستانی ئێمەی کوردەوە نییە ، بە زمانە کوردیە ساکارەکەیدا دیارە . خۆی لەهیچ بابەتێکی دورودرێژ نادات ، هەر قسەیەک بکات لەکورتی دەیبڕێتەوە .

دەتەوێ بگەیتە ئەوروپا ، ئەمە بابەتی سەرەکییە و تەواو ، لەوە بترازێ هەقی بەسەر هیچ شتێکی دیکەوە نییە .

ئیدی ، هەموو ئایندەی خۆم خستە قومارەوە ، کاتێ کە پارەکەم خستەگیرفانییەکێک لەناسیاوەکانی "ئەبومەنان " ەوە کە من بەهیچ جۆرێ نەمدەناسی ، بەڵامیەکێک لەبرادەرانی هاودەورەی خوێندنم دەیناسی . بابم گوتی تاقیبی هەموو شتێک بکە ، لەهەموو شتێک بکۆڵەوە ...

"لە هەموو شتێک بکۆڵەوە" !!

ئاخر باوکەگیان چۆن بتوانم لەهەموو شتێک بکۆڵمەوە ، بچمە بنج و بناوانی ... ! ئاخر دەرگای خەونان بە کلیلی نیگەرانی و دوودڵی ناکرێتەوە ... ئێستا هەموو خەونەکانم بەندن بە نیگەرانیەکەوە لەوەیە سەرم بخوات . ڕیشی خۆم داوەتە دەست قاچاخچیەکەوە نایناسم ، هیچی دەربارە نازانم . ئەو بەرەو ئەو خەونەم دەبات کە دەیزانم ... ئێستا ئەبومەنان ڕێگایە . بەباوکم گوت تاقیبم کردووە ، سوراخی هەموو شتێکم کردووە ، کارەکان بەڕێک و پێکی دەڕۆن .

کاتێ نیگەرانی سەری تێدەژەندم ، دەمویست لەڕێگای ئەو برادەرەمەوە کە ئەبومەنانی دەناسی ، ئەبومەنان بدینم ، قسەی دەگەڵ بکەم ، ئەو کابرایە قسەی نەدەکرد ، دڵنیای دەکردم کە کاروبارەکان بەباشی دەچنە پێشێ ، دەبێ چاوەڕوان بکەم ، سەبر بکەم . دەیگوت : " تۆیەکەم کورد نیت کەلەسەر دەستی من هەولێری بەجێهێشتووە و دوا کوردیش نابیت" .

فێری ئەوە نەبوو کە نەخشەکانی خۆی بۆ مشتەرییەکانی باسبکات ، هەرگیز باسی وردەکارییەکانی پەرینەوەی بۆ نەدەکردن . بۆ ئەوەی متمانە لەنێوان قاچاخچیانی نادیار و مشتەریانی گەمژەدا دروستبکات . زۆر بەکورتی پێی دەگوتن : " هێور بە ... چاوەڕوان بکە " .

هەموو شەوێک بەدەم نیگەرانی و دوو دڵیەوە لەخەو ڕادەپەڕیم ، جانتا سەفەرییەکەمڕێک دەخست . لەدڵی خۆمدا دەمگوت لەوەیە ئەو شەو " ئەبومەنان " بێت و نەخشەی پەڕینەوە بۆ ئەوروپام بداتێ و بڵێت : " خواحافیز بەخێر وسەلامەت بچیت" .

جلەکانم دووبارە لەجانتاکەمدا ڕێک دەخستەوە ، هەندێکیانم بۆ سبەی شەو دادەنا . شەو نەبوو خەون بەخیانەتەوە نەبینم . لەخەوما کابرای قاچاخچی هەڵدەهات ، ئایندەم لە قوڵایی خەیاڵی بێهودەدا ئاوەوئاو دەچوو . کەڕۆژ دەبووەوە و تاقیب و سوراخم دەکرد ، هیچ شتێکی تازە لەئارادا نەبوو ، نە هەڵاتن ، نە قاچاخ و نە وەهم و خەیاڵان .

لەشەوێکی خەمناکی پڕ نیگەرانی وەکو هەموو شەوانی هەولێر" ئەبو مەنان " داوای لێکردم کە سەفەری ئەستەموڵ بکەم .

بابم ، وەکو خۆی ، وەکو چۆن هەیە ، بەبێ پێکەنین ، بەبێ گریان و بەبێ دەس ومۆچ و دەست لە ملانێیەک دوعاخوازیلێکردم . تەنیا دایکم گریا ، خوشکەکەم لەئامێزی گرت . براکانم بەدەم زەردەخەنەوە گوتیان هیچ خەمم نەبێ ، چونکە ئەوان هەمیشەلەپشتمن ، چونکە دەیانناسم و بەڕاستی بران .

بەدووڕۆژان گەییمە ئەستەمووڵ . شۆڕۆی برادەری" ئەبومەنان " لەوێندەر پێشوازی کردم ، بردمی بۆ گەڕەکێکی دوور لە ئەستەمووڵ ، گەڕەکێک بوو لەسەر بەرماوەی ئەستەمووڵ دەژیا . گەڕەکەکە ناوی سوڵتان بیلی بوو ، هەڵبەتە هەربەناو سوڵتان بوو . لەڕووی ژیان و گوزەران و دانیشتوانەکەیەوە ، زیاتر لەژیانی ئەو جوتیارە کڵۆڵانە دەچوو کە لە مەزراکانی سوڵتاندا دەژیان ، یان لەژیانی ئەو ئاوارانە دەچوو کە لەدەرێی مێژوودا دەژیان .

" شۆڕۆ" بەنێو خەڵکیدا بردمی ، بەنێو منداڵانی پیس و بێ سەروبەردا ، بەنێو ژنانی وێڵی ژێر پەچەی نەرمدا بردمی و بەگەرمی و دۆستانە سڵاوی لە دوکاندارێک کرد ، خواردن و خواردنەوەی کڕی . شۆڕو قسەی دەگەڵ ئەودا دەکرد و دوکاندارەکەش تەماشای منی دەکرد و سەروسیمامی لەچاوەکانیا تۆماردەکرد . تەماشای ئەو سەوزانەم دەکرد ، کەلە زەمیلەکەدا و لەم بەر ولەوبەری دەرگاکە هەڵخرابوو ، ئەو میوانەی کەبەپەتەوە هەڵواسرابوون ، ڕەفەکانی ناودوکانەکە لەژێر کەلوپەلیڕەنگاوڕەنگدا نقوم بووبوون .

دوای ماوەیەکی زۆر گەیینە ماڵێکی هەژار لە سوڵتان بیلی . کە وەژوور کەوتین ، پێنج کەس هاتنە پێشوازیمان ، شۆڕۆ ئەو کیسانەی دانێ کە لەدوکانەکە کریبوونی . داوای لێکردن پێشوازی لەمن بکەن ، پێی گوتن بەم زوانە سەفەر دەکەن و ڕۆیی .

شەش دانە ڕۆژ لەماڵەکەدا مامەوە ، نەمن لەماڵ وەدەرکەوتم نەهیچ یەکێ لە ئاکنجییەکانی دیکە .

شورۆ پێی گوتم کە بڵێم خەڵکی تورکیام . وەکو شۆڕۆ داوای لێکردم خۆمم بەوانی دیکە نەناساند ، پێموایە ئەوانیش هەمان کاریان کرد . بریتی بوون لە عیراقیەک و ئەفغانیەک و برایەکی ، دوانەکەی دی هیچ قسەیەکیان نەکرد ، کەم و زۆر زاریان نەکردەوە .

بۆ خۆ مەشقی" بێدەنگی" مان دەکرد ، زیاتر مومارەسەی بێدەنگیمان دەکرد ، تامومارەسەی قسەکردن بکەین . لەیەکدی دەترساین ، هەریەکەمان بەسەر ڕاز و نهێنییەکانی خۆیدا کڕدەکەوت ، بەسەر ئەو سووکە درۆیەدا کڕدەکەوتین کە شۆڕۆ فێری کردبووین ، ئەو درۆیەی کە هەریەکەمان خەڵکی وڵاتێکی غەیری

وڵات و زاگەی خۆیەتی ، هەڵبەتە هەموومان دەمانزانی درۆ لەگەڵیەکدیدا دەکەین .

شۆڕڕۆژییەکجار دێت ، خواردنمان بۆ دێنێ ، داوامان لێدەکات کە بێدەنگ بین و دەرو دراوسێکان بێزار نەکەین ، بەڵێنمان دەداتێ کە بەم زوانە بەڕێمان دەکات و سەفەر دەکەین ، ڕێک وەکو ئەو ڕۆژەی کە گەیشتمە ئێرە .

تەنیا ئەوەندەمان لەسەرە چاوەڕوان بکەین و ئارام بین ...

جارێکیان لێی نزیک بوومەوە ، بەو زمانە کوردییەی کەلە قوتابخانە و زانکۆکانی هەولێر فێری بووبووم دواندم کە حەزدەکەم لەم زندانە وەدەرکەوم ، دەمەوێ ئەستەمووڵ وەکو خۆی بەرلەوەی بەجێی بێڵم ، بدینم . ئەم شارە بناسم کەلە مەکتەبدا و لەکتێبی"جوگرافیای جیهاندا" خوێندومانە کە گوایە توحفەیەکی کۆنی تازەیە . کەجوانترین شاری دنیایە ، چونکە کۆنی بە هەموو تەجەلیات و دیمەنە جوانەکانیەوە و تازەی بەهەموو هونەرەکانیەوە لەهەر دوو دەستیا هەڵگرتووە . دەمویست دوو شتی پێبڵێم کە وام وێنا دەکرد بەو شتە دەیهێنمەڕەدا و قاییل دەبێت ئەستەمووڵ بدینم . یەکەم من کوردم و خەڵکی دۆڵ و هەردەیوڵاتێکم کە خەریکە تازە دەکەوێتە خۆ و کوردایەتی خۆپڕۆدەنێ . دووەم ، من بابایەکی دەرچووی زانکۆم و زۆر دەزانم و لە مشتەرییە گومناوەکانی دیکەی جیاوازم . بەڵام بەکاوەخۆ ئەم داوایەیرەفز کردم ، کە جارێکی دی هەمان داوام لێکردەوە ، توورە بوو ، هاواری بەسەردا کردم و هەڕەشەی لێکردم کە ئەم داوایە دووبارە نەکەمەوە .

زۆرم دەربارەی بازاڕەکانی ئەستەمووڵ ، دەربارەی شەقامە خاوێنەکانی ، دەربارەی کیژە جوانەکانی خوێندبووەوە ، بەڵام جگەلە خانوویەکی پەڕپووتی گەڕەکی سوڵتان بیلی ، کەچەند ئاوارەیەکی داماوی تیابوون کە شۆڕۆ هەریەکەی ناوێکیخوازراوی لێنابوون ، دەیانویست لەسەر دەستی زبری شۆڕۆ بگەنە ئەوروپا ، ئەو دەست و پەنجانەی هێندە عەلاگەی خواردنیان بۆ گەڕەکی بێنەوای سوڵتان بیلی گواستبووەوە ، ئاوسابوون ، بەڵێ جگە لەو لانەوازانەی سوڵتان بیلی هیچ شوێنێکی دیکەی ئەستەمووڵم نەبینی بوو .

چەند جارێک ویستم پەردەی پەنجەرەکان لابەم ، دەمویست شەقامێک بدینم کە کچێکی پێداپروات ، یا کوچە و کۆڵان و بازاڕێک کە چەند گەنجێک تیا خڕبووبنەوە ، ئەوانی دی قەبووڵیان نەدەکرد . ئەوان لەمن زیاتر بەخەمی ئەوەوە بوون کە فەرمایشتەکانی شۆڕۆ جێبەجێ بکەن .

هەرچەندە بە بابم گوتبوو ، سوراخ و تاقیبی هەموو شتێکم کردووە ، بەڵام لەهەموو شتێک دەترسام . لەوە دەترسام یارۆی قاچاخچی لەم لانەوازانەی

سوڵتان بیلیدا بەجێمان بێڵێ . یان لە جەنجاڵی ئەستەمووڵا . دەترسام پارەکەم یا پاشماوەی پارەکەم تەواو بێت ، دەترسام هاوڕێ بێدەنگەکانم لێمی بدزن و نەکارم بۆ هەولێر بگەڕێمەوە . دەترسام قاچاخچیەکە هەڵبێت ، شۆڕۆ هەڵێت . دەترسم پۆلیسی تورک ، دەگەڵ ئاوارەکانی دیدا ، دەگەڵ ئاکنجیانی لانەوازانەکەی سوڵتان بیلیدا بمگرن . ئەو سوڵتان بیلییەی جگە لەناوەکەی نەلەدوور و نەلە نزیک فڕی بە سوڵتان و سەڵتەنەتداریەوە نەبوو .

بەیانیەکی دی لە ئەستەمووڵ ترسم ڕەوییەوە ، کاتێ شۆڕۆ گوتی ئەم شەو دەڕۆین و ، پێی گوتین کە شتەکانمان لەگەڵ خۆدا بێنین و داوای لێکردین ماڵەکە پاک بکەینەوە و بەردەوام حازر و ئامادەبین .

شەوێکی هەیڤە شەو بوو ، لەو شەوانەی هەولێر دەچوو کەناوبەناو لوورەپڕێویانی تیا بەرزدەبووەوە ، شەوانی جوانی ئەیلول ، هاوینی شەکەت و ماندووی بەجێدەهێشت و لەدەرگای پاییزی چالاک و چەلەنگی دەدا ، ئەو شەوانەی کە حاجی چرای حیکایەتەکانی تیادا داگیرساند . شەوێک بوو لەگۆشەی ئەو هیوا گەورەیە دەچوو کەتازە لە دەرکۆکەیەکی"بیلی" تەنگەبەرەوە هاتبووە دەرێ .

بەبێدەنگی ، یەک لەدووییەک لەماڵەکە هاتینەدەرێ . شۆڕۆ بردینی بۆلای ئوتومبیلێکی چکۆلە ، بەزەحمەت سەرکەوتین ، خۆی جێگای سێ نەفەری تیادەبووەوە ، بەڵام ئێمە ، هەرشەش کەسەکەی خانەی لانەوازان خۆمان تێپەستا .

پیرە ئوتومبیل ، لەدرەنگانێکی شەودا ، بەرەو سنوری نێوان بولگاریا و تورکیای بردین ، ئوتومبیلەکەبچوک بوو . ئێمە وەکو ماسی سەردینی ناو قوتوو خۆمان تێترنجاند . ئوتومبیلێکی موعەلەب ، کۆمەڵێک ئاوارەی موعەلەبی ، لە ماڵێکی موعەلەبی گەڕەکی سوڵتان بیلی دەگواستەوە .

بەرلەوەی سواری ئوتومبیلەکە ببین ، قاچاخچیەکە جانتاکانی لێوەرگرتین و تووڕی دانە دۆڵێکی نزیکەوە ، گوتی من وا ڕێکەوتووم کە خۆتان بگوازمەوە ، نەک شتەکانتان بگوازمەوە . ناسنامەکانی لێوەرگرتین و شاردنیەوە . لەهەوەڵەوەڕازی نەبووم ، بەڵام دوایی وازم هێنا ، وام وێناکرد کە ئەوروپا پێویستی بەناسنامەی شەخسی نییە . ناسنامەیەک بیسەلمێنێ کە من کوردێکی هەولێریم ، کوردێک لەگەڵ وێنەیەکدا ، کە بەهەموو سیمایەک و قژە کورتەکەمەوە ، ڕۆژێک لە ڕۆژان لەبەردەم تابلۆیەکی سپیدا ، وێنەگرێکی کورد ، لەستودیویەکی لاتەریکی قەراخی هەولێردا گرتبووی .

ئیدی سەڵت و قوڵت ، هەرخۆمان و جلەکانی بەرمان بووین و هیچی دیکەمان پێ نەبوو ، ئەوە ئەمر و داوای ئەو قاچاخچیە گەنجە بوو ، کەدەیکردە دوا ئەڵقەی زنجیرە دوور و درێژەکەی"ئەبومەنان" . کۆڵە پشتیەکەم کە جلەکانمی تیابوو ، دەفتەرێکیتیابوو بۆ نووسینی بیرەوەرییەکانم ، لەگەڵ هەندێ پێویستیانی دیکەدا ، ئێستا لە دۆڵێکی دووری ئەستەموولەکەی سوڵتان بیلی بێخاوەن لێی کەوتبوو .

ژمارەی تەلەفۆنی ناسیاوێکی بابمی لەسوێد تێدابوو ، قاچاخچیەکە ئەوەشی دەگەڵ شتەکانی دیکەدا فڕێدا . گوتی دەتوانی لە دەرفەتێکا پەیوەندی بە بابتەوە بکەیت و ژمارەکە لەو وەربگریتەوە . پرسیاری کرد ئاخۆ ژمارەی تەلەفۆنەکەی بابمم لەبەرە ، دڵنیام کرد کەلەبەرمە

چەندین سەعات بەنێو لێرەوارێکدا دووی قاچاخچیە گەنجەکە کەوتین ، کە ئەمری دەکرد بە سینگە خشکێ بڕۆین ، بەسینگەخشکێ دەڕۆیشتین ، کەڕاکەن ، ڕامان دەکرد ، کەبوەستن دەوەستاین . نەلە کۆسپ و مەترسی دەگەڕاینەوە ، نەلەبۆرەی کەمتیارانو ، نەلە گیای بەرز و نەلە دڕو ودرکەزیان . نەلە هاڕە و هاژەی ئاوی چەم و ڕوباران و نەلە هیچ مەترسیەکی ئەرز و ئاسمان نەدەگەڕاینەوە .

لەدوای قاچاخچیە گەنجەکەوە دەڕۆیشتین ، ئەویش دەمانچەبەدەست ، سرک و سڵۆکڕێی دەکرد . داوای کرد بەپاڵیەکەوە بڕۆین ، لەیەک دانەبڕێین ، چاو بکەینەوە و چاودێری هەموو لایەک بکەین .

گوتی : ئێمە هەنووکە لەشەڕداین ، شەڕ بەردەرکەی پێگرتووین دەبێ ئەم شەڕە بەرینەوە ... هیچ چارێکی دیکەمان نییە .

بەرلەوەی هەتاو هەڵبێ ، سواری ئوتومبیلێکی دیکە بووین ، چەندین سەعاتمان پێچوو ، ڕشامەوە ، گێژبووم ، خەوم لێکەوت هەرتەواونەبوو .

لەسەررێگایەکی گڵ لەڕێگاکانی گوندەکەی خۆمان دەچوو ، ئوتومبیلێکی گەورەی باری ، بەباوەشی چیایەکیبەرزەوە کە لەچیاکانی گوندەکەی خۆم دەچوو ، چاوەڕوانی دەکردین . لە دواوەی ئوتومبیلەکە سواربووین . لەباریکەڕێگایەکی نێوان سەندووقەکانەوە ، خۆمان بەقوڵایی سەندووقی ئوتومبیلەکەدا کرد ، بەبێدەنگی لەوێندەر دانیشتین ،لەپریاسکەکانی هەریەکێکماندا بۆتڵی ئاو ، پاکەتێ پسکیت و چەند نقوڵێک و چەند کیسەیەکی نایلون هەبوو تا ئەگەر تەنگاوبووین میزوپیسایی تێبکەین .

دەبوایە ، کڕوکپ ، بێدەنگ و بێجوڵە لە ئوتومبیلەکەدا دانیشین ، ڕێنوێنی و فرمایشتەکانی قاچاخچیەکە ئاشکرابوون ، چەندوچوونیان هەڵنەدەگرت .

من گووم نەکردە کیسە نایلۆنەکەمەوە ، بۆ ئەوەی ناچار نەبم ئەم کیسە گووە لەنزیک لووتماو لەنزیک پاکەتە پسکیت و نوقڵەکان و بوتڵە ئاوەکەوە هەڵگرم ، بەڵام هاوسەفەرەکانم لەناو ئوتومبیلەکەدا و لەو جێگا تەنگەدا ئەمەیان کرد . من لەبەر تاریکیەکە بەچاوی خۆم نەمبینین ، ئەمە جگەلەوەی دوو ئەفغانیەکەی لێدەرچیێ ئەوانی دی هەریەکەو لە سووچێک مت بووبوو ، بەڵام بۆنی ورگیان کاسی دەکردم . سێ جار لە ئوتومبیلەکە دابەزین تا هەوایەک بگۆڕین و هەناسەیەک هەڵمژین .

لەئاخرجاردا ، کەدنیا زۆر تاریک بوو ، هاوارم کرد کورە وا کردم بەخۆما ، بەغار خۆم بە دارستانێکی نزیکدا کرد ، چەند شوفێرەکە هاواری کرد کە پەشیمانم بکاتەوە ، فایدەی نەبوو ، خۆم بە بێشەکەدا کرد ، لەچاو تروکانێکدا ، سەروخوارەوەم بەربوو ، لەدەم و لەکۆمەوە دەڕشامەوە .

قاچاخچیەکە ، یەکێکی کێشا بەسەروچاوما ، هەڕەشەی لێکردم کە ئەگەر جارێکی دی بەگوێی نەکەم و لەئەمری ئەو دربچم دەمکوژێت ، دوایی گوتی ناتکوژم ، بەڵام لە بێشەکەدا بەجێت دێڵم با کەمتیار هەڵتدڕن ، ئێمە ئیشی خۆمان لەبەر بەلەفیرێیرێبوارێک ، یان کوردێکیان عیراقییەکیان ئەفغانییەکیان هەرکەسێکی ماتەڵ ناکەین . خۆم خزاندە گۆشەکەی خۆمەوە و هەر بە چیچکانەوە خەوێکی قووڵم لێکەوت .

گوێزراینەوە ئوتۆمبیلێکی دیکەی وەکو ئەوەی خۆمان ، تا بەقسەی قاچاخچیەکە ، لەسنوری نێوانڕۆمانیا و هەنگاریا ئاودیومان بکات . پاشان چووینە ئوتومبیلێکی دیکە کە بابەتی بۆندار و تایتی بارکردبوو ، بۆنی لەچاو بۆنی دوو ئوتومبیلەکەی دیکەوە زۆر خۆشبوو .

دوای چەند سەعاتێک ئەم بۆنە خۆشە ، بووبە ڕموزن . زۆر تیژ بوو ، تووشی حەساسیەت بووم . کۆکە و پژمین ئامانی نەدەدام . شەوێکی دیکە ، قاچاخچیەکە ، حەبی بەقسەی خۆی ئارامبەخشی داینێ ، هەرهەموو خواردمان .

گوتی پۆلیسیرۆژهەڵاتی"سلوڤاکی" زۆر سەختگیرن ، یارۆی قاچاخچی ، دەترسا لەوەی کە ئەو ڕۆژهەڵاتیانە گوێیان لەکۆکەمان بێت و ڕێگەمان لێبگرن .

دووبارە سەرو کیسێکیان داینێ کە پاکەتێ پسکیت و بۆتڵێ ئاو و نەستەلەیەک و نایلۆنێکی تیابوو و بۆڕیتن و میزتن . لە درەنگانە شەوێکی دیکەدا ئوتومبیلە"بەڕادەکە" لەناکاوا وەستا ئەوجا قاچاخچیەکە ، چادرەکەی لەو سوچەوە کە دەمانزانی ، هەڵدایەوە ، داوای لێکردین بەپەلە دابەزین ، گوتی : " گەیشتینە ئەڵمانیا" .

لێم پرسی : چەند بەڕێگاوە بووین ؟

گوتی : سێڕۆژە لەگەڵ مندان .

کابرایەکی درێژ داهۆڵی کەتە بوو ، کڵاوێکی زستانەی لەسەرە گەورەکەی کردبوو ، قژە سپیەکەی بەم لاوبەولادا هاتبووە خوارەوە .

لە کۆمەڵەکەی جیاکردمەوە ، ئەوجا بەمۆبایلەکەی خۆی داوای ژمارە تەلەفۆنێکی کرد ، پێی گوتم قسەبکە .

خاوەن ئەمانەتەکە لەوسەرەوە جوابی دامەوە ، بەپەلە گوتم : " من سەباح خەلیلم ، گەییمە ئەڵمانیا ، تکایە ئەمانەتەکە بگەینە خاوەنی" .

قاچاخچیەکە ، ئاماژەی بۆ بینایەکی دوورکرد کە ئاڵایەکی بەسەرەوە دەشەکایەوە ، گوتی ئەوە ئەڵمانیایە پێشوازیتان دەکات .

هەڵبەتە بەبۆچوونی کابرای قاچاخچی ، ئەوەندە بەس بوو تا بزانین کە دواسنوری ئەڵمانیامان بەزاندووە و ئاودیوبووین .

لاقەکانم وەکو جاران نەبوون . بەزەحمەت هەڵیان دەگرتم . دڵم تێکهەڵدەهات ، دەمویست پرشێمەوە ، بەڵام نەمدەتوانی ، کەپووم دەخورا ، گەروم دەکزایەوە ، کە بمویستایە قسان بکەم کۆکە دەیگرتم و ئامانی نەدەدام .

نەمدەزانی ئاخۆ برسیمەیا تینوومە ، یا ماندووم ، ئاگام لەخۆیەیا نا .

لەو ساتەدا هیچ نەبووم . لاقەکانم لەدووم نەدەهاتن ، لەئان و ساتدا بوو کە بکەوم . لەقەراخ ڕێگاکەدا کەوتم .

هاوسەفەرەکانم لە چاوتروکانێکدا دیارنەمان ، دیقەتم دا ، لەبەرچاوما وەکو کەروێشک بازرەیان دەکرد . لەسوڵتان ئەستەموڵەوە بەیەکەوە بووین ، بەڵام لە سوڵتان ئەڵمانیادا وەکو سوپای بەزیو بڵاوەیان لێکرد .

نازانم چۆن توانیان هەستنەوە و ڕاپەڕن و هەڵێن . ئەدی من بۆ وەکو ئەوانم بۆنەکرا . هاوارم لێکردن کە بوەستن ، هەڵم بگرن ، چاوەڕوانم بکەن . نۆرە کۆکەیەک گەرووی گرتم و قیرەپری کردم . کاتێ کە کۆکەکەم گوێ بەگوێی هەڵبەز ودابەزیراکردنەکەی ئەوانەوە هەڵدەکشا و دادەکشا ئەوان لەڕێگا چۆڵەکەدا ون بوون .

قاچاخچیەکە داوای لێکردین کە باسی ئەوە نەکەین کەچۆن گەییوینەتە ئەوروپا ، هەروەها داوای لێکردین لێکدی جیاببینەوە و هەریەکەمان بەڕێگاکەدا پروات کە لێمان پرسی ئێستا چی بکەین !! گوتی کاری ئەو لێرەدا تەواو بووە .

ئەو بینایەی کە قاچاخچیەکە ئاماژەی بۆکرد ، ماڵێکی چەپەک یا ئیستراحەتگایەک بوو ، لەبێدەنگیەکیرەهادا نقوم بوو ، بەمەدا بۆم دەرکەوت ، ئێستا کاتی ئەوە نیە داوای هەرکۆمەکێک لە کەسێکی ئەم بینایە بکرێت .

بەو سەمتەدا ، کە قاچاخچیەکە ئاماژەی کردبووێ ، ملیرێگام گرت ، گوێم لەدەنگی هەنگاوەکانی خۆم بوو . لەدڵی خۆدا دەمگوت تۆ بڵێی هاوڕێ وێڵەکانمرێگای خۆیان دۆزیبێتەوە ، یان ئەوانیش وەکومن وێڵ بووبن .

شەکەت و برسی بووم ، لەوە لاوازتر بووم ، بەرگەی ئەو کزە سەرمایە بگرم ، کە سەری ژەنی بووە ئازای بەدەنم. لەوساتە پڕ کلۆڵیەدا ، خۆزگەم بە گەرمای ناو سەندووقی ئۆتۆمبیلەکە دەخواست ، هەزار خۆزگەم بە سەختگیری قاچاخچیەکە دەخوارد ، خۆزگەمبە خەوەکەم و بۆنەکان دەخواست .

تیشکی گڵۆپێکی ئۆتۆمبیلێکی دوور بەری ئاسمانیروناک کردەوە ، تروسکە هیوایەکی بەترس و دوودڵیەکانم بەخشی ، بەڵام زۆری پێنەچوو دیارنەما .

ئامۆژگارییەکەییارۆی قاچاخچیم وەبیرکەوتەوە" بەسەر ڕێگای گشتیدا مەڕۆ ، با پۆلیس نەتگرن . بەلاڕێدا بڕۆ . ئەگەر پۆلیس گرتیتی ، پێی مەڵێ چۆن گەییوی . چیرۆکێکی خەیاڵی بۆ دروست بکە . ڕەنگی ئەو ئوتۆمبیلانە بگۆڕە کەسواریان بووی ، کاتەکان بگۆڕە" .

بەهەرحاڵ من ڕەنگی ئەو ئوتۆمبیلانە نازانم کە سواریان بووبووم ، چونکە من تەنیا لەناوەوە ، لەگۆشە پڕ بۆگەنییەکەی خۆمەوە دیتبوومن . نازانم چەندمان ڕێگا پڕیوە ، چ ڕێگایەکمان پڕیوە و لە کوێوە بڕیومانە !! چەند ڕۆژ بەڕێوە بووین !! ئێستا چ ڕۆژێکە ... !!

هێندە نیگەران و بەخەم و پەژارە و ، دڵ پەشێو بووم ، خواخوام بوو بکەومە دەستی دژمن ...

لەڕێگاکە لامدا . برسێتی بەرە و بێشەیەکی چۆڵ و ترسناکی بکێش کردم ، ترس بەرەو ڕێگا گشتییەکەی گێرامەوە . مەگەر هەرخوا بزانێ چەند سەعات بەم هاتوچۆیەی نێوان بێشەکە و ڕێگا گشتیەکەوە بووم ، چەند چاوتروکان ، چەند دڵەکوتە و چەند دوودڵی و چەند دەستەلەرزێ و لاقەلەرزێم لەوشەوەدا بەسەر هات کە ئان ئاخری پۆلیس گرتیانم !!

من لەپۆلیس دەترسام ، بەڵام لەوساتەدا کەلەدەستی پۆلیسدا بووم ، هەستم بە ئەمان کرد .

**لايبزيگ**

له پاسگایەکی پۆلیسی ئەڵمانیدا لەشاری لایبزیگ ، دەگەڵ هەمان گروپدا کەلە تورکیاوە لەگەڵیاندا هاتبووم وەستام .

هەرهەموویان ، ڕێک وەکو من کەوتبوونە دەستی پۆلیس .

لەدڵی خۆدا گوتم :" تۆ تەماشای کاری خوا چۆن ئاوارەکانییەکخستەوە" . لەدڵی خۆدا پێکەنیم ، بەرلەوەییەکێک لە پۆلیسەکان بێ بەلامەوە ، هەستم بە جۆرە دڵنیاییەک کرد .

کابرایەکی سەیر بوو ، تۆپەڵە گۆشتێکی گەورەبوو لەو گۆڕە . دوو هێندەی من درێژتر بوو ، سێ ئەوەندەی من پان بوو . من دەزانم بە قەوارە بچووکم ، من بەپێوەر و پێوانەی قەوارەی بەشەران حیساب ناکرێم ، بەڵام بەگوێرەی ئەو پێوەرە بەشەریانەی دەیزانم ، دەتوانم بڵێم تۆپەڵە گۆشتێکی گەورەی بەشەری بوو ، دوو چاوی شین و ڕیزێ ددانی گڕی پێوە بوو .

بەزمانی ئەڵمانی قسەی کرد ، یەک وشەی لێ حاڵی نەبووم ، داوام لێکرد بەزمانی ئینگلیزی قسە بکات ، بۆکسێکی بە ڕوخسارمدا کێشا .. بۆکسێکی هێواش بوو ، بەڵام دیاربوو بۆکسە ، و گاڵتە نییە . باشە خەونم دەبینی ... خەونم دەبینی !!

بۆ ساتێک وامهاتە خەیاڵ کە هێشتا لە کوردستانم ، لەعێراق ، لەتورکیام . لەمێژ بوو کەبابم دوا بۆکسی پێدا کێشابووم ... نا نا ، بۆکس نەبوو ، زللەیەک بوو لەدەستی بابم دەرچوو ، ئەوەبوو پاشان تەوازییەکی زۆری بۆ هێنامەوە ... ئاشتی کردمەوە ... ئەوروپاییەکان مەگەر لە مەیدانی بۆکسێندا بۆکس بوەشێنن ، هەروەها زللەش ناوەشێنن ... حاجی وای دەگوت ... بەڵام پاسگای پۆلیسی لایبزیگ ، لەدەرێی چیرۆکەکانی حاجی و وێناکانی مندابوو .

یارۆی پۆلیسی بۆکس وەشێن ، ئەنجام بە ئینگلیزی قسەی دەگەڵمدا کرد . پرسیاری خۆمی کرد ، بۆچی لە ئەڵمانیام ، چۆن گەییومەتە ئەوێندەر و بۆچی هاتووم .

بەشپرزەیی وەڵامم دایەوە کەمن بەنیازی سوێدم و لەتورکیاوە هاتووم و ئەڵمانیا بۆمن وڵاتی خەونەکانم نییە ، وڵاتی خەونی من سوێدە ، ومن دوای ئەوەی قاچاخچیەکە ، لەونگەیەکدا بەرەڵڵای کردم و ڕۆیی ، ڕێم گومکردووە .

ئیدی باسێکی کابرای قاچاخچی و ئوتۆمبێلە گەورەکەیم بۆ کرد ، بەڵام باسی ناوەوەی ئوتۆمبێلەکەم بۆکرد نەک دەرەوەی . چونکە هیچ شتێکم دەربارەی دەرەوەی ئوتۆمبێلەکە نەدەزانی . هاوسەفەرەکانیشم هەمان وەسفی منیان

بۆکرد ، بەخۆیان لەڕۆژی دووەمییەکانگیریە شوومەکەماندا بۆیان گێڕامەوە کە هەمان وەسفی منیان بۆیارۆی پۆلیسی لایبزیگ کردووە .

کابرای عێراقی گوتی : "هەرچیەک بزانم دەیڵێم ، هیچ شتێک ناشارمەوە ، هەروشەیەکم لەکابرای قاچاخچی بیستبێ دەیڵێم" .

پێمگوت کە هەموو شتێک بشارێتەوە ، بیرم خستەوە کە قاچاخچیەکە چی پێدەگوتین .

-نا ، نامەوێ ... من دەزانم قاچاخچیەکە درۆمان دەگەڵدا دەکات ، ڕاستیمان پێ ناڵێت ... کابرای قاچاخچی بۆ حاڵی خۆی زیرەکە ... دەزانێیەکێک لەئێمە هەرچیەکی دیتووە و هەرچیەکی بیستووە هەرهەمووی دەڵێت ... چونکە ئەو قاچاخچیە متمانەی پێمان نییە ، بۆیە زانیاری هەڵەمان دەداتێ".

بەیانیرۆژی دووەم ، بەسەرپەرشتی و چاودێری پۆلیسی ئەڵمانی چەند ژەمە نانێکمان خوارد ، شەربەت و قاوەی زۆرمان خواردەوە ، پرێک قسانمان کرد ، هەموو لەسەر ئەوە کۆک بووین کە ئەڵمانیا وڵاتی خەونان نییە ، پۆلیسی ئەڵمان لە میوان دەدەن ، وڵاتێک لەمیوانی خۆی بدات ، شایستەی ئەوە نییە ببێ بە وڵاتی خەونان .

پۆلیسی ئەڵمانی پەنجەمۆری هەموو قامکەکانی وەرگرت ، لەبەردەم ئامێرێکدا وەستام دەتگوت مەکینەی پارە ڕاکێشانە . یەکێک لە پۆلیسەکان داوای لێکردم هەریەکێک لە پەنجەکانم بخەمە سەر ئەو تابلۆکەسکەی کەلەناو مەکینەکەدا بوو . ئەوجا داوای کرد هەر دوو کەڵە موستم پێکەوە دابنەم ، ئەوجا وێنەیەکی لاونیوی گرتم ، ئەوجا وێنەیەکی تەواوی بەپێوە گرتم و پاشان دەرچوو .

لەیەکێک لە پۆلیسەکانم پرسی ئەوە مانای چیە !!

بۆ ئەوەیەتا بزانین لە وڵاتێکی دی قاشقونج نیت .

یارۆی پۆلیسی ئەڵمانی لێیدام و وای لە قەڵەم دام تاوانبارێکم و لەهەوڵی هەڵاتندام . پۆلیسی ئەڵمانی تەنیا بە ئەڵمانی قسەدەکات و دەیەوێرێڤینگانیش لەو شەوە ساردەی لایبزیگدا بەو زمانە قسە بکەن .

ئەڵمانیا ، وڵاتی خەونەکانم نییە . ئەگەر ڕێگای هەڵاتنم بدەن ، مەمنوونیش بن تیایدا نامێنمەوە .. ئەمە قەرار و بریاری دواتری سەباحە .

سەباح گیان ، ڕێگەت نادەن بڕۆیت ... لەوەیە ناچارت بکەن لێرە داوای پەناهەندەیی بکەیت .. سەباح پەلەمەکە بڕیار مەدە ... تۆ مێشێکی و کەوتوویتە کاسەیەک ماستەوە ...

لە زندانی لایبزیگی ئەڵمانیدا ، گوێم لەبەسەرهات و واریقاتی هاوسەفەرەکانم گرت ، هەرهەموو باسی کلۆڵی و کارەساتی خۆیان لەوڵاتی خۆدا کرد ، تەنیا دوو ئەفغانییەکە و من نەبێت .

من هیچ عەزاب و ئازارێکم نەدیتبوو ، مەسەلەکەم ئەوە بوو حەزم دەکرد لە ئەوروپا درێژە بەژیانی خۆ بدەم . ئاییندەم لە ئەوروپا بەسەر ببەم ، لە ئەوروپا ژن بێنم ، تەنیا جار جارێک وەکو گەشتیارێک بۆ کوردستان بگەڕێمەوە و سەفەر و گەشتوگەڕان و ڕیسکەکانم دەگەڵ نازدران و ئافرەتاندا ، لەڕێگاوبان و بێشە و لێرەوارانداد بۆ گەنجانی ئەوێندەر بگێڕمەوە ، ئەو چایە غەلیزە بخۆمەوە کە حاجی لەونگەکانی ئەوروپادا بۆی بەجێ هێشتووم .

بەیانی پۆلیسی ئەڵمانی بە ئوتۆمبێلێکی تایبەتی گەیانمانیە وێستگەی قیتار لەشار ، بلیتی سواربوونی قیتاری بەرلینی داینێ و بەخۆیڕۆیی .

دەگەڵ هاوسەفەرەکانمدا ناڕۆم . جاری پێشوو غەدریان لێکردم . هەرکاتێ بۆیان بلوێ هەمان هەڵوێست دووبارە دەکەنەوە ... بەتەنیا دەڕۆم .

کاتێ سواری قیتاری بەرلین بوون ، لەسەرکەوتن دواکەوتم ، گوێم لێنەبوو ئاگادارم بکەنەوە کە قیتارەکە دەڕوات ، هیچ ئیشارەتێکیان بۆ نەکردم .

کە دوای ئەم هەموو ماندوویەتیە بگەیتە ئەوروپا پێویستت بەوە نییە ئاوارەیەک لەکاتی تەنگانەدا بتخاتە حاویەیەکی سەر ڕێگا .

کەمێک دوای نیوەڕۆ گەییمە وێستگەی قیتاری بەرلین . ئەم وێستگەیە دەیان کون و کەلەبەری دابەزینی لەخۆ گرتووە ... چەندین کەناری هەیە ، تا ئێستا هەر وێستگەیەکم بینی بوو هەردوو کەنار و دیوی هەبوو . کەچی وێستگەی بەرلین ، فرەکەنار و فرە نهۆمە !! نازانم ئەم وێستگەیە چەند نهۆمە ، کە قاتێک سەردەکەوتم ، خۆم لەبەردەم قاتێکی دیکەدا دەبینییەوە . لەهەر قاتێکدا ، چەند قیتارێکم دەبینی کە خۆیان بۆدەرچوون ئامادە دەکرد .

هەرچەند سەردێنم و سەردەبەم نازانم ئەم وێستگەیە چۆن دروستکراوە ، چ جۆرە ئەندازیارانێک دروستیان کردووە و چۆنیان دروستکردووە !! چ ئامێرێکیان لە دروستکردنیا بەکار بردووە !!

بەدەم ئەو سەرگێژکێیەوە ، هەوڵمدەدا شتێک بدۆزمەوە کە بیخۆم ، برسێتی زەیفی لێ سەندبووم ، کە برسێتی زۆری بۆهێنایت ، توانای دیتنی جوانیەکانت نامێنێ ... شوێنان زۆر لە جوانیانی خۆ لەدەست دەدەن .

بۆنێکی بەلەزەتی قاوەم بە کەپوودا هات ، دوای بۆنی قاوە کەوتم . لەڕیزێکی درێژدا وەستام ، دەمەوێ قاوەیەک و دوو پارچە " کێک"یا کاتۆیا نازانم چی بکڕم ،

نەمتوانی ناوەکەی کە لەسەر تابلۆیەکی چکۆلە نوسرابوو بخوێنمەوە . داوای کووپێک قاوە و پارچەیەک کێکم لە ئافرەتە کرێکارەکە کرد ، سەد دۆلارییەکم دایە ، سەری سورما ، بەپەلە کەوتە قسە ، سەری بادا ، تکام لێکرد کە بە ئینگلیزی بئاخفێ ، برۆی بەرزکردنەوە ، بە ئەڵمانی کەوتە قسان ، ڕێک وەکو بۆکس وەشێنەکەی لایبزیگ .

ئەو پیاوەی لەپشتمەوە وەستابوو ، قسەکانی ئافرەتەکەی بۆ پاچقە کردم ، گوتی بە یۆرۆ کاردەکات ، دەبێ پرۆم لە وێستگەکەدا ، لەسەڕافخانە بیگۆڕمەوە .

ماوەیەکی زۆرم پێچوو تا لە وێستگە تازەکە ... وێستگە جوانە ، هەزار توێیەکە ... دەرچووم ... وێستگەی چی ، شتێکی عەجایەب بوو ، دڵت نەدەهات بەجێی بێڵی ، بەڵام نا ، نایەڵم ئەم جوانیە دەگمەنە ئەفسوونم بکات و نەیەڵێ بگەمە سوێد . ڕاستە ئەڵمانیا وێستگەی جوانی قیتارانی تیایە ، بەڵام وڵاتی خەونان نییە ...

پۆلیسی ئەڵمانی دەرفەتی ئەوەی دامێ پەیگیری خەونەکانم بکەم ... ئەم دەرفەتە لەکیس خۆ نادەم .

کابرای عێراقی لە زیندانی لایبزیگدا گوتی لە ئەڵمانیا داوای پەناهەندەیی دەکات ... خەونەکانی لێرەدا تەواو بوون ... پەنجە مۆری پۆلیسی ئەڵمانی لە ئەوروپادا کۆتایی بەخەونەکانی هێنا و لەئەڵمانیاڕواندی .

لە بەرلین بەتاقی تەنیا بووم ، لە وێستگەکە وەدەرکەوتم ، لەشتێک دەگەڕام خۆیشم نەمدەزانی چیە . ئاسمانێکی گەورە و بەرین دەوری بەرلینی دابوو . شین ، مەند و ئارام ، پاشماوەی هەتاوی کاڵ ، ڕەنگێکی کاڵی بە زنجیرە هەورە تەنکەکە دەبەخشی . هەتاوی زەردەپەڕی بەرلین لە زەردەپەڕی هەولێر جوانتر و کاڵترە . قوببەیەکی شین لە دوورەوە دەرکەوت ، چەندین پایەی گەورەی لەبەردەمدا بوو .

شارێکی کۆنتر لەهەولێر ، شارێک لەهەزار ڕووەوە بەسەر سەرەتای ئیمپراتۆریەتێکی بێ سنوردا دەکرایەوە ، بێ سنور وەکو وێستگەی قیتارەکانی .

پارەکانم هێشتا لەو گیرفانە نهێنییەدان کەدایکم لەسەر خەتی دورمانە حەقیقییەکەی پانتۆڵە جینزەکەم بۆی دروەبووم . ناسنامەم پێ نییە . کەس نازانێ کێم و ناتوانم بیسەلمێنم کێم . ڕەنگە پێویست بەوە بکات پەیوەندی بەکەسوکارەکەمەوە بکەم و هەواڵیان بدەمێ کە ئەرز و ئاسمان و وێستگەکان باوەشم بۆ دەگرنەوە و پێشوازیم دەکەن .

دەزانم باوکم بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی پەیوەندی منە تا لەبەردەم دراوسێ و میوان و پیاوانی شارەکەیدا ، بەخۆی بفشێ کە کورەکەی ئەوروپای پەیوەندی پێوە کردووە ، تەلەفۆنی لەگەڵ کردووە . ئەو کوڕەی کە لە پایتەخت نیشتەجێیە ، کەبەدەم ئاوازی مۆزیقای زوڵاڵ و سافی وێستگەکانەوە گەییوەتە پایتەخت ، لەتەنیشت قوبە شینەکەوە تەلەفۆنی بۆ کردووە .

ویستم خۆ بشۆم ، لەبۆنی سەفەر ، بۆنی پۆلیسی ئەڵمانی و ، بۆنی پاپۆڕانی هەڵگری مادەی حافیزە و قاچاخ ڕزگاربم . ویستمڕدێنم بتاشم و شتێکی کوڵاو بخۆم ، نەک شتی ناوقوتوو . دیوارەکانی هەولێر لە کوردستاندا لە دیوارەکانی بەرلین دەوڵەمەنترن ، ئوتۆمبیلێن هەولێر ، زۆر لەم ئوتۆمبێلانەی کە لەدەرێی وێستگەکە دیتمن تازەترن . ئەو تاقە کیژە جوانەی کە دیتم ، وام خەیاڵ دەکرد ، یەکسەر دەست لەملی من، سەباح خەلیل دەکات ، هەر ئاوریشی لێنەدامەوە . ڕەنگە لەبەر ڕدێنە درێژەکەم بووبێ ، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ هێشتا بۆنی پۆلیسخانە و زیندانەکەی لایبزیگ بەری نەدابووبم .

سوێد جیایە وەکو ئێرە نییە ، ئەگەر ڕدێنیشم هاتبێ ، کیژانی پێشوازیم دەکەن .حاجی وای گۆ.

سوێد وڵاتی خەونانە ... ئەی سوێدی مەزن ، چاوەڕوانی سەباح بکە .. سەباح بەسواری قیتاران بەڕێوەیە ... ئێوارەیەکی زوو یان بەیانییەکی زوو دەگات ... سەباح خەلیل نزیکە ... زۆر نزیکە لە خەونەکانی .

سایەق تاکسییەک ، بەزمانێکی ئینگلیزیپەرەوان لێی پرسیم تاکسیم ناوێ .

"مزگەوتان یارمەتی ئاواران دەدەن " حاجی پتر لەجارێک ئەوەی گوت . هەرکاتێ پێویستی بە یارمەتیەک بووبێ چووە بۆ مزگەوتان .

بابم هەمیشە پێ دەگوتم : "سەباح گیان ، کەس لە ژیانتدا بەخۆڕاییپیارمەتیت نادا " .

شۆڤێرەکە ، مزگەوتی بۆ دۆزیمەوە .

لە مزگەوتێکی چکۆلەی گەڕەکێکی زۆر دووری بەرلیندا ، کە بایی پەنجا دۆلار لە وێستگەکەوە دوور بوو ، نوێژی شێوانم کرد . کە خۆم بە مزگەوتەکەدا کرد پیاوێک لێی پرسیم ، من کێم ، چونکە پێشتر لەم مزگەوتەدا نەی دیبووم . لێی پرسیم سونە مەزەبم ، تومەز ، لەوەتای وەژوور کەوتبووم چاودێری دەکردم . بەنوێژ کردنەکەمدا دڵنیابوو کە من ئەهلی سوننەتم ، ئەمە کردیە کارێک زیاتر بایەخم بداتێ .

دوای نوێژ ، پشتم دایە دیوارەکەی بەرانبەر کورسی خوتبە خوێنەکەوە و ، هەردوو چاوم نوقاندن . کاتێ" جابر " هاتە لامەوە ، ناوی جابر بوو گوتی :

-دەتوانم خزمەتت بکەم براله ؟

دەبوایە وریا بم . بەڵام چ بکەم پێویستم بە یارمەتیە .

لێم پرسی ئاخۆ دەتوانم لەم نزیکانە ئوتێلێک بدۆزمەوە ؟

زۆرچاک دەمزانی هیچ ئوتێلێک جێم ناکاتەوە ، چونکە هیچ ناسنامە و بەڵگەنامەیەکم پێنەبوو .

گوتی ئەگەر کێشەکەت نوستنە ، دەتوانم لە مزگەوتەکە بنووم .

بەدەست ئاماژەی بۆ پانتاییە گەورەکەی ناو مزگەوتەکە کرد .

"مەگەر پێت وابێ نووستن لەژێر باڵی ئیماندا بەکەڵکی موسڵمان نایەت".

خواخوام بوو دەرگای مزگەوتەکە دابخات تابە کاوە خۆ لێی بنووم . من فێی ئەوە بووم دەرگای ئەو ژوورەی کە تیای دەنووم دابخەم .

یەکێک لە نوستووەکان گوتی : "دەرگای مزگەوت داناخرێت برا " . ڕەنگە لە هەر ساتێکدا کەسێکی بێ جیگا بۆ نووستن ڕوو بکاتە ئێرە .

جابر بۆرۆژی دوایی بردمی بۆ لای" دەلاکێکی" تورک کە دەیناسی ، بەدەم ڕێگاوە حەزی دەکرد شتێک دەربارەی ژیانم بزانێ . هەموو ژیانی خۆم لەم ڕستەیەدا بۆ کورت کردەوە کە بەندە بابایەکم کە تازە زانکۆم تەواو کردووە و حەز دەکەم ژیان لەئەوروپا بەسەر بەرم . بەڵام لە ئەڵمانیا نا . جابر گوتی ئەڵمانیا وڵاتێکی جوانە . ئەو بیست دانە ساڵە لێرەیە و بەهیچ وڵاتێکی دیکەی ناگۆڕێتەوە ، مەگەر ئیرادەی خوای لەسەر بێ .

زیاد لەجارێک بۆی دووبارە کردمەوە کە دەرگای مزگەوتەکە بۆ هەموو ئەو موسوڵمانانەی دەیانەوێ نوێژبکەنیان تیای بخەون یان هەر خزمەتێکی تریان هەبێ ، لەسەر گازی پشتە .

جابر زۆری ترساندم .

من ئەوە فێر بووبووم کە هیچ کەسێک بەخۆراییبیارمەتیت نادات . لەدڵی خۆدا دەمپرسی ئاخۆ ئەم جابرە بەخشندەیە چی دەوێ ؟ بەدەمڕێگاوە بۆلای دەلاک تۆزێ پارەم داێی ، بەڵام لەسەرەتاوە بەشەرمێکەوەڕەفزی کرد ، پاشان بەرلەوەی پارەکە هەڵبگرمەوە ، وەری گرت . دووپاتی کردەوە کە موسوڵمانان

بران . خۆئەگەر هەر موسوڵمانێک توانییارمەتی برای دینی خۆی بدات ، دەبێ بە خۆرایی ئەمە بکات ، چونکە خوا دەیبینێ و پاداشتی دەداتەوە .

کابرای دەلاکی تورک ، کە کوردییەکی باشی دەزانی ، گەنجی کردمەوە ، فێری کردم چۆن دەتوانم لە ئەوروپادا بەبێ ناسنامە و ڤیزا سەفەر بکەم .

بۆی باسکردم کە ئەو دەتوانێ تەکسییەکم بۆدابین بکات ، کە بۆ هەرکوێیەکم بوێ بمبات .

بەیانیڕۆژی دوایی ، بە ئوتۆبانەکەی نێوان ئەڵمانیا و هۆڵاندادا ، بەرەو خاکی ئاشان ، وڵاتی نزمایی و ئەخلاقی بەرز ، بەرەو وڵاتی گوڵان و ماریگوانا دەڕۆیشتم .هەڵبەتە من ئەو وڵاتەم نەدی بوو ، دەلاکە تورکەکە وای بۆ وەسف کردم ، شۆفێرە تورکەکەش دووپاتی کردەوە ، خۆ حاجیش هەروای وەسف دەکرد . حاجی لە شەوبێرییەکی شەوانی جوانی هەولێردا گوتی هۆڵاندا ، بۆخۆی بەهەشتێکە لەو گۆرە ... بەهەشتێکیپڕتەقاڵی .

## ئەمستردام

دەگەڵ شۆفێرەکەدائڕێککەوتم کە بمگەیەنێتە ئەمستردامی پایتەختی هۆڵاندا ، هەڵبەتە هاوڕێکەی بابم ، هاوڕێکەی سوێدی بابم تەگبیری بۆکردم لەوێندەر ، داوای پەناهەندەیی بکەم و بڵێم چونکە ئێزەدیم لە عیراق زۆر ئەزیەت دراوم و ڕاوەودوو نراوم . گوتی هۆڵاندا زۆر لە سوێد جوانتر و خۆشترە . سوێد وەکو پێویست خزمەتی کورد ناکەن ، پێویستیەکانیان بۆدابین ناکەن ، ئەو بەخۆی دوای حەوت دانەساڵ ئەوسا ئیقامەی وەرگرتووە و ، حەز ناکات بچم بۆ سوێد و وەکو ئەو گیرۆدە ببم و توشی هەمان عەزابی ئەو ببم .

داوای لێکردم بەهیچ جۆرێ باسی ئەو نەکەم ، یان من ئەو یان کەسێکی دی دەناسم ، چونکە لەوەیە ئەمە تەگەرە بخاتەبەردەم داوای پەناهەندەییەکەی . من چیرۆکەکەم بەباشی لەبەر کرد ، خۆ بەڕاستیش نەمدەناسی .

شۆفێرەکە ، لە ئەمستردام ، زۆر لەدوری وێستگەی قیتارەکەی ئەوێ دایگرتم ، گوتی ناتوانێ لەوەی پتر نزیک ببێتەوە ، لەبەر زۆر هۆ و ، چونکە سەفەرەکە لەو پارەیە زیاتری تێچووە کە لەسەری پێکهاتبووین .

دوا قیستی پارەکەم دایە . ئەم سەفەرەم حەوسەد دۆلاری خوارد ، بە سێ قیست پارەکەم دا .

ئیدی دەبوایە لە پۆلیسخانەیەک بگەڕێم ، تاداوای پەناهەندەیی بکەم .

دوای ئەوەی شوفێری تاکسییەکە لەیەکێک لە گەڕەکەکاندا فڕێی دام ، ڕەنگی قرمیدی سوور بەسەر چاوانمدا زاڵ بوو . تاقگەی قرمید ، بەسەر بینا و شۆستە و ڕێگا و بانەکاندا دەڕژا . ئیدی چڕە شەپۆلی بەشەران دەوری هەموو شوێنێکی گرتبوو ، دوکانان ، کۆگای جل و پێڵاوان ، کازینۆکان ، شەقامەکان ، هەر هەمووش بەپەلە بوون ، نازانم پێشبڕکێی چیان بوو ؟

ئەمستردام جوان و قەرەباڵغە سەباح گیان . لەبەرلینی پایتەختی پۆلیسی بۆکس وەشێن جیاوازە . گەرمە ، ئەمستردام گەرمە دەڵێی هەولێرە ... هەر هەمان ڕۆژ لە بەرلینەوە بۆی پەڕیمەوە ... بەرلین ساردە ... ئەمستردام گەرمە سەباح گیان ...

- کوری قەحپە ...

ئەو جنێوەم لە پیاوێک گوێ لێبوو کە بەزمانی میسری پیاوێکی دیکەی دەدواند . ئەمە یەکەم دەستەواژەی عەرەبی بوو کە لە ئەمستردام بەرگوێم کەوت . پیاوی دووەم نەگۆڕا و نە خۆی شلوێ کرد .

کوری قەحپە ، ئەم جنێوە زەقە ، لەلای ئێمە لە کوردستانی ئازیزمان ، لەوەیە چەند زەلامێکی لەسەر بکوژرێ . بەڵام لە ئەمستردام وەکو گیزەگیزی مێشولە بەلای گوێدا دێ و تێدەپەڕێ ، تەنیا لە گوێی سەباح خەلیلدا نەبێ ، دەنا هیچ شوێنەوارێک بەجێ ناهێڵێت .

سەرباری" کوری قەحپە"کوت و پرەکە ، لەنزیکی کەناڵێکدا کە ئوتۆمبێلان بەسووکی خۆیان پێدا دەکرد ، ئەمستردام زۆر لەبەرلین ، بەلوتف تر هاتە بەرچاو . لەیەکەم هەنگاومەوە هەستم بەوە کرد. لە قەرەباڵغی خەڵکەکەوە ، لە پەلەپەلەکەیانەوە ، لە بۆنی جگەرەوە ، لەو بۆن و بەرامە مێیاتیەوە کە لەهەموو لایەکەوە بەسەرما دەهات ، لەو ماچ ماچێنەوە کە کوڕ و کچێکی گەنج لە سوچیڕێگاکەدا مومارەسەیان دەکرد ، بێئەوەی هیچ کەسێک پێی بوڕوژێ ... تەنیا من نەبێ .

ئوتۆمبێلێکی سپی خەت خەتی شین و سووری کاڵی پۆلیسی ، لە سوچێکی ئەو ڕێگا قیرەی کە ڕێگایەکی قیتار دەیبڕی ، وەستابوو . ئەم دیمەنە ئەڵهاو تاسەی دیتنی شابانۆ ئەمستردامی لەلا وروژاندم . ڕووداوێکی هاتوچۆ ، ئەو جەنجاڵیەپرووداوەکە دروستی کردبوو ، پۆلیسێک خۆی بۆبەڕێکردنی ئوتۆمبێلەکان تەرخان کرد ، یەکێکی دی کەوتە تۆمارکردنی تێبینی و سەرنجان لە دەفتەرێکی تایبەتیدا .

پیاوێکی کورتەباڵای وەکو من لەبەردەم پۆلیسی دووەمدا وەستابوو ، پێدەچوو ، وەکو من بیەوێ بگاتە سوێد ، دوای ئەوەی سنوری ئەڵمانیای پڕی بوو و پۆلیس دەیویست تاقیقی ناسنامەی شەخسی لێبکات .

ئیدی ئەمە بۆخۆی بەس بوو ، لەداوای پەناهەندەیی ژێوان ببمەوە . بڕیارم دا تاقیبپرێگایەکی دیکە بکەم .

کەس گوێی بەمن نەدا . هەر هەموو سەرگەرمی وێنەگرتن و بەخشینەوەی زەردەخەنە بوون .

خەڵکینە ، سەباح لە کوردستانەوە گەییوەتە ئەوروپا ، پێی ناوەتە ئەوروپا ، تا پاسپۆرتی ئەوروپا نەنێتە باخەڵی بۆ کوردستان ناگەڕێتەوە . کەستان دەزانن ئەوە مانای چیە ! سەباح گەیی تەواو . باپێتان بڵێم سەباح خەلیل ئەو کوردە ساکارەی لەوەتای حاجی بەگوێیدا خوێندبوو ، خەونی بە کەنار و بەستێنەکانی ئەوروپاوە ، بەکیژە نەشمیل و جوانەکانی ئەوروپاوە دەبینی .

ئێستا ... ئێستا گەیی ...

ئەو سەباحەی کە قۆناخی خوێندنی ئامادەیی تەواو کرد بێئەوەی کچێک ماچ بکات . ئەو سەباحەی مەگەر بەعەلاگەوە یا تەنافەوە دەستی بەر جلی کیژێک کەوتبێ ، ئەو سەباحەی مەگەر لە دوورەوە بۆنی عەتری ئەو ژنانەی بەسەراچووبێ کە بەشەقامەکاندا تێدەپەڕین ، ئەو سەباحەی کە ساڵانی زانکۆی بەهەمان ڕێ و شوێن و ڕێساکانیحاجی تەواو کرد ، ئێستا گەیی ... ئێستا زەرییانی ئەوروپا لەبەر سێرەی چاوەکانیدان ، لەدەسترەسی ئەودان .

سەباح ئێوارەیەک لە ئێواران گەییە ئەوروپا . سەباح پێی نایە خاکی ئەوروپا وهەموو کەشتیەکانی خۆی لە کەنارەکانی بیرەوەریدا سوتاند . وێنەیان گرت . بۆی گرژینەوە ، بەڕوویەوە پێکەنین .

لەڕۆژهەڵاتی خەمینەوە بۆرۆژئاوای زەری" اشقر " پەڕییەوە . لەمڕۆ بەدواوە پێیەکانی بەقوڕ نابن . تەنک و تیواڵی جلەکانی ژنە دراوسێکەی نای بزوێنێ ، ئیدی ئێرە کوردستانی دەوڵەمەند نییە ، بەزەبری تێڵا جۆشیسێکسی دابمرکێننەوە .

ڕێک لەهەنبەر وێستگە سەرەکییەکەدا ، تۆپەڵێک قرمیدی سووری خەت خەتی سپی هەیە . زنجیرەیەک تاج بەسەر گۆمەزە زۆرەکانیەوەیە . لە ئاستانەییەکەم دەرگایدا کۆمەڵێک ترام ڕیز بووە ، لەخوار ئەو هێڵە ئاوییەوە کەشاری کردبوو بەچەند دورگەیەکی بەرانبەر بەیەکدی ، پاسێن گەورە ماندوویەتی خەڵکە چاوەڕوانەکەیان هەڵدەگرت .

بەرەو پاش وەرچەرخام و بلەز کەوتمەڕێ .

بۆنی خۆراکێن جیاواز ، برسێتیان وروژاندم . لەشتێک دەگەڕام بزانم چیە تا وەکو ئەوەی بەرلین بیخۆم . هەرچەندە بەو ڕادەیەش موسڵمان نیم ، بەڵام شتێک ناخۆم کە نەزانم چیە و لێی دڵنیا نەبم .

لەدووریانێکی نێوان دووگەڕەکدا ، دوکانی فەلافل فرۆشێکی جوولەکە هەڵکورمی بوو ، لەگەڵ هەر شنەبایەکدا ئەستێرەکەی داوود دەشەکایەوە . یەکەم ژەمم لە هۆڵاندا لەوێندەر خوارد .

ماوەیەکی زۆر لە خواردنگەکە مامەوە . پتر لە ژەمێکم خوارد ، شەربەتێکی زۆرم خواردەوە . کە پارەکەم بەدۆلاردا ، هەوەڵجار دوکاندارەکە قاییل نەبوو ، بەڵام دوایی هاتە ڕەدایە ، دوایی پێی گوتم کە پارەکانم بکەم بە یۆرۆ. هوڵاندا ئەمرۆ وەکو هەموو ئەوروپا بەیورۆ مامەڵە دەکات .

چەند جارێک ویستم پرسیاری داوای پەناهەندەیی لێبکەم . تەماشای کردم ، من لەسەر کورسیە تەختەکە پاڵم دابووەوە و تەماشای کیژان و کورانم دەکرد . بزەکانم خنەخن بەهەموو سوچێکی دوکانەکەدا دادەخزین ، کەبۆنی فەلافلی تازە پری کردبوو ، کەبۆنی بزەی کیژێکیپرەش ، هەموو میوانە دانیشتوورەوتەنیەکانی جۆش دەدا .

ئایا ئەمیش ئاوارە و پەنابەرێکی وەکو منە ! ئایا لە ئەفریقای نەدارەوە هاتووە ! ئایا لەهەموو ئەوروپادا شوێنی نەدیوەتەوە ئەم دوکانی فەلافل فرۆشە جوولەکەیە نەبێ کە کەوتووەتە سەر شەقامێکی دەوڵەمەندی ئەمستردام ! شابانۆ ئەمستردام !

لەوێستگەی سەرەکی قیتاردام . تەوالێتم دێ ، لە تەوالێتێکی گشتی دەگەڕێم ، پۆلیسێکم لێ دەرکەوت ، ویستم پرسیاری داوای پەناهەندەیی لێبکەم ، کەچی پرسیارەکە ، دەربارەی تەوالێتی گشتی دەرچوو .

بەدەست ئاماژەی کرد ، بەبزەیەک متمانەی بەخۆم و بە ئەوروپای جوان ، دەمەزەرد کردمەوە . ئەوسا پرسیاری پەناهەندەییم لێکرد . بۆم باسکرد کە ئێستا لە کوردستانەوە گەییوم .

زۆری پێ سەیربوو ، چونکە وادیار نەبووم. گوتی وا هەستدەکات زۆر جاری دیکەی دیتبم .

بەکورتی بۆی باسکردم کە پێویستە"Ter Apel = تیرئاپل" لەباکوریرۆژهەڵاتی هۆڵەندا لەسەر سنوری ئەڵمانیا خۆمرادەست بکەم .

بردمی بۆ پرسگەی وێستگەی قیتارەکە ، تا نەخشەیەکم بدەنێ کەچۆن بگەمە ئەوێندەر .

پۆلیسی هۆڵاندی جوانە ، لەخەڵکی نادات ، جنێو نادات ، یەخەی ئاوارە ناگرێت ، بەر شاپانی نادات . ئەڵمانیا حەوت سەد دۆلار لە هۆڵانداوە دوورە . بەڵام بۆ ئەوەی لە خۆشەویستیدا بگات بەناوقەدی ئەودا ، پێویستی بە عەزابێکە وەکو عەزابی گەیشتنە ئەوروپا .

لەڕێگای تیرئاپلدا کیژێکیپرەشی خەڵکی"ساحل العاج " بووبە هاوڕێم ، نیوەیڕێگاکەمان پڕی ئەوسا دڵنیابووم کە ڕێگامان هەمان ڕێگایە . ئەو دەست پێشکەری کرد و پرسیاری تیرئاپلی لێکردم ، خەمت نەبێ پێکەوە ون دەبین ، چونکە منیش بۆ ئەوێندەر دەڕۆم .

لەڕێگا شەربەتێک و یەک بابۆڵەی کڕی . دەبوایە خوڵکی منیشی بکردایە ، خۆ بەدڵنابیەوەڕەفزم دەکرد ، چونکە فەلافلەکە تا ئێستاش بەردڵی گرتبووم . بەڵام خوڵکی نەکردم .

تاماوم لەم هەڵوێستەی خۆش نابم ، قەت لەدڵم دەرناچێت ، ڕەنگە لەبەر ئەوەبێ حەزم لە ڕەشان نییە ، ڕەنگە لەبەر ئەوەبێ کە من حەزم لەزەرییانە ، لەهەموو زەرییەک ، بەڵام ئەم پەستیەی ئێستام لەو کیژە بەهۆیرەنگیەوە نییە ، بەڵکو بەهۆیرەزیلییەکەیەوەیە . ناوی "کاندی"بوو .

منڕقم لە ئەفریقیانە . حەزم لەڕەنگیرەش نییە . ڕقم لە چینیانشە ، ئەو خەڵکانەم بەدڵ نین کە هەمووشتێک دەخۆن . من ڕەگەزپەرست نیم. باوەڕ ناکەم ڕەگەزپەرست بم ، بەڵام هەموو ڕەنگێکم خۆشناوێ ، پەیوەندیم دەگەڵ هەندێرەنگدا خۆشە .

کەوتمە چاودێری" کاندی" زۆر ئاسایی دیاربوو . کیژێکی ئەفریقاییە و لەئەوروپادا ڕێی گوم کردووە ، لەڕێگای تیرئاپلدا تووشی سەباح بووە . ئەفریقیەکە و ڕەنگەکانی لەیادگەی سەباحدا هەڵکێشا . ئەو ڕەنگانەی کە پێموایە حەزیان لێناکات ، ئەو ڕەنگانەی ئێستا لەچاوانیا هەڵواسراون . ئەو ڕەنگانەی ئاسایی بوون ... زۆر ئاسایی بوون .

قیتارەکە لە " ئامسفورت " وەستا ، هێوەتر نەدەڕۆیی ، گواستمانەوە بۆ قیتاری" زڤولا" . "کاندی" م بە ڕۆیشتنەوە بینی .

وەکو شاژن دەڕۆیی . بە سەلاری و ویقار و نازەوە دەڕۆیی . شاژنێک بوو ، لەساتەوەختێکی توورە بوونی خواوەندێکدا ، تاجەکەی لێ سەندرابووەوە ، بەڵام هەموو سام و هەیبەت و شکۆ و پایەیەکی شاژنانی پاراستبوو .

سەرێک دەگەڵ جانتاکەیدا بەسەر بەدەنێکی نەرم و شل و ئارەزوو وروژێنەوە سەمای دەکرد . سینەیەکی نەرم لەژێر کراسێکی تەنکا بەم سەرمایە سەمای دەکرد ، بەسەر ورگیا کە دەتگوت بەقەڵەمڕەساسێکی کاڵ وێنە کێشراوە ، ناوقەد باریک و زراف . لەدواوە ، لەژێر پانتۆڵەکەیەوە سمتێکی گچکۆکە ، هێندەی دی ناوقەدی باریک دەنواند .

بەدەنی لە جلە تەنگ و بەدەن چەسپەکانیا بەجۆرێ جەڕی بوو ، ئەگەر ڕووتیش بوایە ، هەر ئەوەندەی ئارەزوو دەوروژان .

کاندی ئاوڕی پاشەوەی دایەوە ، کە نیگای لە نیگام هەڵەنکوت ، ئاوڕی لای سەعاتی وێستگەکەم دایەوە کە ئامال شین دەینواند ، شینی ئاسمانی .

توورەیی خۆم لەپاش خۆم بەجێهێشت ، ئێستا ئامادەبووم گوێ بەڕەنگان نەدەم ، بەتایبەتیرەنگی ئەفریقایی ... کاندی ئەفریقایی ، سواری لاقە جوانەکانی بووبوو ، ڕێک لەسەر ڕیتمی چرکەچرکی سەعاتی قەد دیواری وێستگەڕووتەکەی قیتارەکە هەنگاوی دەنا . بەگوێرەیڕیتمی مۆزیکایەکی دەروونی ڕۆیی. موزیقایەک کە بەدەنی توندو نەرمی لە وێستگەیەکی هۆڵاندی ئارەزوو بزوێندا ، بەرجەستە دەکرد . هەنگاو و لەنجەولاری ، هەر هەموو ئەو تورەییەی کە لەدوای تاقە بابۆڵەکەی کە لەڕێگایTer Apel ، لەنێوان ئاسن و زول Zwolle کڕی بووی ، ڕەواندەوە . شەوێ گەیینە ئاسن .

هێشتا زستان نەهاتبوو ، بەڵام سەرمای باکوور ، وەخت و ناوەختی نییە ... هێرشەکانی لە مقاوەمەتی من بەهێزترە ، لەمنی کوردی پێست قایم بەهێزترە .

کاندی هەستی بەسەرماکرد ، ئەفریقاییانیش هەست بەسەرما دەکەن . وامدەزانی ئەوان زۆر بەهێزن و بەرگەی هەموو شتێک دەگرن .

ئێستاش فیلمی" کونتاکونتی" م لەبیرە ، ئەو ئەفریقاییەی تەحەموولی هەموو ئازارێکی کرد و ، تەحەموولی سەرماشی کرد ... هاوسۆزیەکی زۆرم دەگەڵ کۆنتیدا کرد ، بەڵام جیاوازیرەنگەکانی لەلا نەسڕیمەوە . ئەمڕۆ کاندی ئەمەی کرد . کاندی سۆزەکانی گۆڕیم . کاندی ئەمڕۆ بەڕەنگەڕەشەکەی خۆی تابلۆیەکی جوانی تازەی لەبەرچاوم دروستکرد .

پاسە کەسکە گەورەکە لە تیرئاپل - Ter Apel ، لەوێستگەی تایبەتی بەکەمپی پەنابەران وەستا ، شوفێرەکە داوای کرد کە دابەزین . کاندی سووکە هەڵوێستەیەکی کرد ، کەمێک وەستا ، چونکە ئەو پانتاییەی لێی دادەبەزین زۆر تاریک بوو .

- "هیچ نیشانەیەکی ژیانی پێوەدیار نییە .

نیگای تیژی شوفێرەکە ، کردیە کارێک کەدابەزین . شوفێرەکە ئاماژەی کردینێ کە بەدەستە چەپدا بەرەو کەمپەکە بڕۆین .

کاندی شەکەتیڕێگا دوورودرێژەکە بوو . جانتاکەی خۆم خستەسەر جانتاکەی ئەو و هەردوو جانتاکەم بەسەر جادە قیرەکەدا پاڵ دا . کاندی بزەیەکی بۆکرد .

لایتی ترومبێلان لەتاریکیەکەدا هەنگاوەکانمانی شەق دەکرد . ئوتۆمبێلێک وەستا ، شوفێرەکەی تفێکی گەورەی کرد ، تفەکە لەنزیکی من کەوتەوە ، دەمڕێژێک جنێوی دامێ و بەکاوەخۆ لێیدا و ڕۆیی .

کاندی بەهێمنی گوتی : "گوێی مەدەیە ... پاشان ڕادێی" .

لە تاریکیەکەدا و لەبەردەم منەوە لەسەرما هەڵدەلەرزی ، هەست بەسەرما و برسێتی و شەکەتی دەکات ... ڕێک وەکو من ... وێڕای ئەوەش ڕەقسی و گۆرانی گوت . وێڕای برسێتی و ماندوویەتی و شارستانیەتم ... ئارەزوویم کرد .

حەزم دەکرد لەو قەراخ ڕێگایە پاڵی بخەم . ڕووت و قووتی بکەمەوە ، جلی بەبەرەوە نەیەڵم ، کون بەکونی دەموچاوی ماچ بکەم ، بیلێسمەوە ، دەست بخەمە سینە و مەمانی ، دوگمەکانییەخە و ملییەکیەک بترازێنم . هەرچەند کاندی ئاوڕی دەدایەوە ، چاوم دادەخست و دەستبەرداری خەونی هەستانی کوت و پڕی کابراکەم دەبووم و شەرمم بەخۆ دەهات .

گڵۆپ و ڕوناکی کەمپەکە لەدوورەوە دەرکەوت ، سیمای جەنجاڵی و قەرەباڵغی شارستانیەتێکی لەئەرزێکی تاریکدا دەنواند ، کەبۆنی شیاکەی چێلی لێدەهات .

پێمان هەڵگرت . گڵۆپەکان گازیان دەکردین کە لەزێ بکەین . هیلاک و ماندوو کاتێ گەیینە ئەوێندەر لەبەر هانکەهانک ، لەخۆشیا ، لەترسا قسەمان بۆنەدەکرا .

لەپانتاییەکی خاوێنی پشت دەرگاێن شووشەی داخراوەوە ، پاسەوانان بەکاوەخۆ کەوتنە چاودێری هاتنە تەڕوپرەکەی ئێمە . لەو پانتاییە خاوێنەدا ، منیان لەکاندی داپڕی .

کاندی ئەنکێتەکەی خۆی پڕکردەوە ، چووە ژورێکەوە کە دەیان پەنابەری تیابوو ، من لە پانتاییەکەدا لەنێو پاسەوانەکاندا مامەوە ، ئەنکێتەکەم بەدەستەوە بوو چاوەڕوانم دەکرد یەکێک لێمی وەربگرێت .

لەدەرگا شووشەییەکانەوە چاوەکانم ڕەدووی کاندی خستن . ماندوو بوو ، ناوبەناو بەدەم حەواسپەرتی خۆیەوە دەستی بۆمنی تاقە ئاوارەی نێو پەنابەرەکان بەرزدەکردەوە .

منی کوردی سەربە شارستانیەتی میدیاییەکان ، بەخۆ و ئەنکێتێکییەکپارچە خەت خەتۆکێوە ، لەدەرێی دەرگاکانەوە ، لەپانتاییە سووکەکەدا بەجێ هێڵرابووم .

برسی و وێڵ و غەریب بووم . لەهەموو پەنابەرەکاندا تەنیا من لەدەرەوە مابوومەوە ، نەچوومە ژووری گەرماو خواردن و خواردنەوەوە . تەنانەت کاندی ئەفریقاییش کە یەک تۆزلە پێش منەوە بوو ... چووە ژوورەوە .

ئەفریقاییانی دیکەش هەبوون ... تەنیا منی کوردی زیری لەوتاو بەکەلتووری دێهاتیەکی وێڵ و سەرگەردان لەدەرەوە مایەوە . دەمویستیەک بەخۆم هاوار بکەم . جوێن بدەم ، بەڵام دەنگم لەو مەیدانی جیاکردنەوەیەدا بەجێی هێشتم . کاندی هەر ئاماژەی بۆ دەکردم .

ئەنجام چوومە ژوورەکەوە .

کاندی لێی پرسیم بۆ دواکەوتی . ئاماژەم بۆکرد نازانم .

گوتی بۆلە دەرەوە مایتەوە ؟ پێمگوت نازانم . کابرای پۆلیسی هۆڵاندی بەتەنیا لەدەرەوەی هێڵامەوە ، یارۆی پۆلیسی ئەڵمانی بۆکسێکی کێشا بەسەروچاوما . پڕبەدڵ حەزم دەکرد بگریم .

لەکانگای دڵەوە حەزم دەکرد یەکێک باوەشم بکات . زامەکانم ساڕێژ بکات .دڵخۆشیم بداتەوە ، دەست بخاتەسەر شانەکانم و بڵێت گوێی مەدەیە هەڵەیەک بوو . تەنیا هەڵەیەک بوو و تەواو .

مێزێکی گەورە ، کۆمەڵێک پەنابەر بەدەوریاڕۆنیشتبوون .

سێ منداڵی سۆماڵی دانیشتبوون گەمەیان دەکرد و ئاژاوەیان لەسەر ئەرزەکە دەنایەوە . چاوانی پیاوێکی ئاسایش"Security" زۆر بێ لایەنانە تەماشای ئاژاوەی منداڵەکانی دەکرد . گوێم لە پرخەپرخییەکێک لە پەنابەرەکان بوو . سەری بەسەر مێزەکەدا شۆڕکردەوە و خەوێکی قووڵی لێکەوت . دوور نیە ئەویش لە ئەڵمانیاوە هاتبێ . ڕەنگە ئەویش کورد بێ و بیەوێ ببێت بەکەسێکییەزیدی ، هیچ کەسێک نەلە سوێد نەلەهیچ شوێنێکی دیکەی ئەوروپا ناناسێت . ئەگەر یەکێک بناسێت باش نییە ، کاری نەرێنی لە فایلی پەنابەرییەکەی دەکات . خۆزەنگە نە کورد بێ و نەناوی کوردیشی بیستبێ .

من کوردم . کوردێکی سەخت ، فێریان کردووە کەسەر بەشارستانیەتی میدیایە کە هەزاران ساڵ لێرەوە دوورە . ئیدی هەموو پەیوەندییەکی دەگەڵ شارستانیەتی خۆمدا پری و هاتم بۆ ئەوروپا تا لەشارستانیەتی ئێرە ئاو بخۆمەوە . تا ئاشقێنی دەگەل زەری کیژانی ئێرەدا بکەم و یەکێکیان بخوازم .

ئیدیڕێکەوت وای هانی کەناسراوی دەگەڵ کاندی ئەفریقاییدا پەیدا بکەم . دروستە کاندی ئەوروپایی نییە ، بەڵامیەکەمینقیانی منە لە پیرەکیشوەریئەوروپادا ، من خۆشم دەوێ . بەڵام ئەو ... ؟ نازانم .

کاندی باوێشکی دا ، هەردوو لاقە جوانەکانی شێلان . هەستی بەگەرم بوونەوە کرد و بزەی دەهاتێ . قژی بەسەر شان و ملیا پەخش بووەوە و بۆنی بە ژوورەکەدا بڵاو بووەوە . وێڕای هەراوهەنگامەی منداڵەکان و بێلایەنی ئاسایش"Security" و پرخەپرخ و قۆرە قۆری سکم ، کە هەوڵمدەدا ئەو غازاتەی بەناویدا گێژی دەخوارد بەرەڵابکەم ، ئەو بۆنە بکەم .

خۆم بە تەوالێتدا کرد و هەموو سەرماپرێگام بەتاڵ کردەوە . کاتێ لەتەوالێت وەدەرکەوتم کاندی دووپارچە نانیرەشی پێ بوو و بە پەنیرەوە دەیخوارد ، هەروەها شیری دەخواردەوە .

نانێک و پەنیرێکی لە بەڕادێکی سوچی هۆڵەکەدا دەرهێنا و دایمێ ، ئاماژەی بۆ لای پاکەتە شیرەکان کرد . هەرچەندە برسیم بوو بەڵام هیچم نەخوارد . هەرجارێ قسەم دەگەڵیدا کردبا ، هەوڵمدەدا دەست بە دەممەوە بگرم ، تابۆنی زارمی بەسەردا نەچێت . پاشان کابرای ئاسایش ئاگاداری کردینەوە کەدەتوانین پرۆین بخەوین .

# قاوشەکان

لە نهۆمی دووەمی بیناکەدا دوو قاوش هەبوون . قاوشێک بۆ ژنان و قاوشێک بۆ پیاوان . ئەو قاوشەی تیایدا نوستین چل قەرەوێڵەییەک قاتی و دووقاتی تێدابوو و نزیکەی سی پەنابەریشی تیابوو . ئەمانە بریتی بوون لە سوری و کورد و عێراقی و سۆماڵی و ئێرانی و ئەفغانی و جەزایری و مەغریبی ، ئامازیغ و عەرەب و نەناسراوان و خەڵکانی تیبت ، من سەباح خەلیل ، کوردی میدیایی ، دوای زنجیرەیەک ئەزموونی نەسل و نەوە لەخاکی جوانی کوردستاندا لەدایک بووبوو .

گەنجێکی خەڵکی تیبت ، خۆی و منداڵەکەی نەیان هێشت بخەوین . گوێمان لەگریانی منداڵەکەی دەبوو کە لەقاوشی ژنانەوە دەهات . منداڵەکە دەگریا و دایکی دەگریا و مێردەکەی گازدەکرد کە منداڵەکەی هەڵگرێت .

ئەو ژنە تیبیتیە ماندووپرێگای دوور و درێژ بوو . گەنجە ماندووەکە گۆرانی دەگوت تا منداڵەکەی ژیربکاتەوە . گۆرانیەکانی لەوەدەچوو بەکەپوو بیڵێ .

گەنجێکی مەغریبی گوتی بۆ ئەوە نەهاتووین بۆ هۆڵاندا تا کابرایەکی تیبیتی خەومان لێ حەرام بکات . مەغریبیەکی دیکە داوای لێکرد بێدەنگ بێت . کۆمەڵێک سۆماڵی درێژەیان بە نوێژکردن دا .

جەزایریەک گڵۆپەکەی کوژاندەوە ، چونکە بەڕوناکی خەوی لێنەدەکەوت .

سۆماڵیەکان لێی وەدەنگ هاتن ، ناچاریان کرد تەوازی بێنێتەوە و سەرلەنوێ گڵۆپەکان دابگیرسێنێتەوە .

قەرەوێڵەکەم بەتەنیشت قەرەوێڵەی مەغریبیەکەوە بوو ، پرسیاری لێکردم کەبۆ لە هۆڵاندام ؟

گوتم من خوێنکاری زانکۆم دەمەوێ لێرە درێژە بە خوێندن و ئایندەی خۆم بدەم . لێم پرسی ئەدی ئەو بۆچی لێرەیە .

-ئاخ ... من ژنم هێناوە و دوو منداڵم هەیە ... ژنەکەم چیکییە . ڕەگەزنامەی چیکیم هەیە ... بەڵام هەڵەیەکی گەورەم کرد ، کەوتمە مامەڵە کردن بە مەوادی هۆشبەرەوە و حەوت دانەساڵ زندانی کرام ... ڕەگەزنامەکەیان لێسەندمەوە ، ئیدیهاتووم بۆ ئێرە تابەختی خۆم لە هۆڵاندا تاقی بکەمەوە ... نامەوێ هەموو شتێک لەدەست بدەم .

هێندە بە سادەیی ئەو شتەی گێڕایەوە ، قەناعەتم وابوو هەر هەموو قسەکانی درۆیە ، تاقە وشەیەکی دروستیان تێدا نییە و هەبێ و نەبێ شتێکی دی دەشارێتەوە .

وێڕای ئەوەی شەکەت بووم ، خەوم دەهات ، بەڵام خەوم لێنەکەوت . چووم بۆ گەرماوەکان ، بەئاوی سارد خۆم شۆرد ، کەمێک وەخۆ هاتمەوە . ئەوجا وێڕای پێشبڕکێی نوێژی سومالیەکان و گریانی منداڵە تیبیتییەکە و گۆرانیە منگنەکەی بابی و ئاخ و ئۆفی جەزایری و ئێرانی و سوری و مەغریبی و ئەفغانی و عیراقیەکان ، هەرخەوتم .

بۆ بەیانی ، لەدەنگی ئەو زەنگە بێدار بووینەوە کەبەدەست یارۆیئاسایشەکەوە بوو . دەبوایە بەرلەهەر شتێک پۆلیسی هۆڵاندی لێکۆڵینەوەمان دەگەڵدا بکەن .

لە ژوورە سپیە بێدەنگەکەدا لەبەردەم ئافرەتێکدا وەستام کە جلکی پۆلیسی هۆڵاندی لەبەردا بوو ، بەزمانێکی هەڕەشەئامێز قسەی دەکرد ، پتر لە جارێک پێی گوتم من درۆزنم .

باوەڕی نەدەکرد کە من لەکوردستانی عیراقەوە هاتووم ، باوەڕی نەدەکرد کەپارەم پێ نییە ، هەڵبەتە لەمەدا هەق بەو بوو ، هەروەها لەوەشا هەقی بوو کەمن ڕاستەوخۆ لە عێراقەوە بۆ هۆڵاندا نەهاتبووم .

لە موقابەلەکە هاتمە دەرێ ، هەستم بە نائومێدی و خەمینی و توورەییەکی زۆر دەکرد . پێی گوتم من درۆزنم ، ژنێک پێم بڵێ درۆزن و نەتوانم وەڵامی بدەمەوە .

بەڕاستی ژنە !!

قژی کورت ... چاوانی قایم .. بەجلکی پۆلیسەوە ... کاتێ ئازام کون بەکون گەڕا قامکەکانی زۆررەق و بەهێز بوون ... ئایا بەڕاستی ژن بوو !!

لەپشت مێزێکی گەورەوە ڕۆنیشت ، کۆمەڵێک ئاوارەی وەکو من لەدەوری خڕ بووبوونەوە . هەموویان بێدەنگ بوون جگە لە منداڵە سۆماڵییەکان .

"کاندی"یان لەناودا نەبوو . لەگۆشەکەی بەرانبەرەوە خۆم بە توالێتەکەدا کرد ، بەڵام هیچم نەکرد ، نەمتوانی بگریم . لێبڕامنەترە بەرنەدەم و خۆم بگرم . من لە ئەوروپام و هیچ شتێک دادم نادات تەنیا خۆگری و بەرخۆدان نەبێ . زۆرم پرسی چۆن مقاوەمە بکەم و مقاوەمەی چی بکەم ، لەو ڕۆژەوە کە دوو گوێم لێڕوابوو ئەو وشەیەمڕۆژانە لەهەواڵنامە عێراقیەکانەوە دەبیست و ئەزبەرم کردبوو ، ڕۆژانێک قەناعەتم وابوو کە ئێمە بۆ بەرخۆدان و مقاوەمە لەدایک بووین .

ئەمڕۆکە ، بەرخۆدان و مقاوەمەت بەکارێکی هاوتای مەرگ دەزانم . لەوە دڵنیابووم ، بەڵام هەر پریاری بەرخۆدانم دا ، لەتەوالێتەکە وە دەرکەوتم " کاندی" م لەبەردەم خۆمدا بینی .

# شوقەی هەژدە

لەهۆڵی خوارنگە گەورەکەدا ، سەرو دوو پەتوو و سەرینێک لە کیسەیەکدا و کۆمەڵێک پێویستی دیکەی وەکو فلْچەی دان و سابوون و خاولی و ئەو شتانەیان لە کیسەیەکی دیدا ، بەسەرماندا دابەشکرد . لەکۆتاییرۆژدا ، لەتیرئاپلدا بەسەر فرکوناتی سەربەخۆدا دابەش کراین .

من کلیلی شوقەی ژمارە هەژدەم وەرگرت، کە کلیلەکەم وەرگرت ، بە " کاندی" م کە لەڕیزدا وەستابوو گوت : " من لە شوقەی ژمارە هەژدەم " . ئیدی لەخوارنگەکە وەدەرکەوتم و (( "کاندی"م بەجێهێشت کە لەڕیزێکی دوور و درێژدا وەستابوو .

دوو عیراقی و لیبییەک و بۆسنییەک و سورییەک و منی کوردی میدیایی لە شوقەکەدا بووین .

بۆنی دووکەڵە جگەرە دنیای پڕکردبوو ، ئیدی ئاغزە جگەرە زەمینەی شوقەکەی پڕکردبوو . بۆنی تەوالێت دنیای پڕکردبوو . من لەقاتی دووەمی قەرەوێڵەکەدابووم ، جێگاکەی خۆم چاک کرد و ڕێکخست . ئەوکەسەی ژێرەوە کابرایەکی بۆسنایی بوو ، جگەرەی دەکێشا و سووتی جگەرەکەی دەڕشتەسەر ئەرزەکە . بەئاماژە تێی گەیاندم کەشتەکانم بخەمە دۆڵابەکەوە ، چاوانی لە چاوانی دز دەچوون ، کابرایەکی مردەلۆخیریوەڵە بوو ، کۆکە بەگیری هێنابوو ، بۆنی بەدەنی کەدیاربوو لەمێژبوو خۆی نەشۆردبوو، پیاوی کاس دەکرد .

بەیانیڕۆژی دووەم زوو لەخەو ڕابووم . هەموو شتێکم خاوێن کردەوە ، خۆم بەگەرماوەکەدا کرد و دیوارەکانیم پاک شۆرد ، تەوالێتەکەم پاک کردەوە ، هەرهەموو ئەو مادە پاککەرەوەیەم بەکاربرد کە دابوویانمێ . ئەوجا خۆم شۆرد .

هاوڕێکانم لەخەو ڕابوون . بۆنی خاوێنی چووبەسەریاندا ، زۆریان پێ سەیر بوو ، سەریان لەوە سوڕما کە هیچ بۆن بۆگەنێک نەمابوو . هەموویان پۆدرە و تایتەکانی خۆیان دایە من و گوتیان ئەوان بەکاری نایەنن .

فریای خواردنی خوارنگەکە نەکەوتم . شوقەکەش خواردنی تیانەبوو . باجی خاوێنی برسیەتیە . ئەم بەیانیە ... سەباح گیان . دەرچووم تا شوێنێ وەدۆزم و بە ئیسراحەت پارووە نانێک بخۆم . وەختێ گەڕامەوە ، یەکێک لە عیراقیەکان پێی گوتم کە کیژێکیپرەشی ناشیرین لێی پرسیوم .

حەزم دەکرد یەکێک بکێشم بەدەمر و فلٚقیا . زۆر کەتە و زەلام و بەشان و باهۆ بوو ، عیراقیەکەی دی گوتی ئەمە گارد و پاسەوانی سەرکردەیەکی عێراقی بووە . ترسام ئەگەر لێی بدەم لێم بداتەوە . هەزار خۆزگە بەلێدانی پۆلیسە ئەڵمانیەکە بخوازم ، لێدان لەلایەن کێوە ، لەلایەن عێراقیەکەوە ، ڕقی دنیای لەکورد هەڵگرتبێ ، ئیدی بێدەنگ بووم .

بۆ نیوەڕۆژە ،ڕیزمان گرت ، ڕیزێکی درێژ ، " کاندی"م لە دوای دواوە بینی ، ئەویش منی بەدی کرد ، شوێنەکەی خۆم بەجێ هێشت و چووم لەگەڵ ئەودا بوەستم . ڕێکەوتین کە دوای نیوەڕۆژەیەکدی بدینین .

لە چوارچێوە تاریکەکەی پەنابەریدا ، تەنیا" کاندی" م شک دەبرد ، ئەو دۆستە ئەفریقاییە دڵڕەنگینەی کە لاپەڕە تایبەتیەکەی سەباحی بەجۆرەهاڕەنگ غەرق کرد .

# نوور

کاندی گلەیی لەو ژنەهەبوو کە لە ژوورەکەدا پێکەوە بوون ، ژنێکی عێراقی بوو ، دوو منداڵی هەبوو ، ئەم ژنە عێراقیە منداڵەکانی بەجێدەهێشت و دەڕۆیی ، کاندی نەیدەزانی کێوە دەڕوات . کاتێ دوای ماوەیەکی زۆر دەگەڕایەوە ، هاواری بەسەر منداڵەکانیا کە دەگریان ، دەکرد کە بێدەنگ بن ، ئەوسا دەچووە حەمام و ماوەیەکی زۆر لە ژوورەوە دەمایەوە .

منداڵەکان دەگریان . کاندی نەیدەتوانی ژیریان بکاتەوە . " لەوەیە منداڵەکان لەڕەنگەڕەشەکەم بترسن " . بزیەکی خەمناکی بۆکرد .

کاندی ناتوانێ لەم ژنە عێراقیە حاڵی بێت ، چونکە ژنە عێراقیەکە ئینگلیزی نازانێ و " کاندی" ش ناتوانێ بەعەرەبی قسان بکات ، زمانی ئیشارەتیش بەتەنیا بەشی لێکحاڵی بوون ناکات . کاندی داوای لەمن کرد کەناوبژیان بکەم ، بەڵام نەوێرام . پێم گوت بە ئیدارەی کەمپەکە بڵێ با ئەوان سوڵحتان بکەن ، بەڵام من ، سەباح بابایەکم پەنابەر ، هیچ شتێکم لەدەست نایەت ، "من ئاگام لەیاسا و ڕێسا نیە کاندی" !!

زۆرم لەبەر گران بوو ئەوە بۆ کاندی باسبکەم کەکاتێ ئەم ژنە عێراقیە منداڵەکانی بەجێدێڵێ و دەڕوات دەکاتە چیە ، بۆمنی بابایەکی کورد زەحمەت بوو ئەوە بەو ژنە عێراقیە بڵێم کە ئەو ڕەفتارەی دەگەڵ منداڵەکانیدا دەیکات ، دروست نییە و بەمە گومان دێنێتە سەرخۆی .

لەکاتی وادا ، توندوتیژی و هێز دەیخوات ، نەک ئامۆژگاری و قەناعەت پێهێنان .

من ناڵێم ، بەئاسانی لەڕووداوەکان تێدەگەم . بەڵام دەزانم مەسەلەکە هەم زۆرڕوون و ئاشکرایە و هەم زۆریش گۆنگ و ئاڵۆزە .

ئێوارە لەگەڵ کاندیدا ، چوومە بەشی ژنانی پەناگەی تایبەتی پەنابەران ، هەوڵمان دا ژنە عێراقیەکە ئاگادار بکەینەوە کە ئاگای لەخۆی بێت و منداڵەکانی فەرامۆش نەکات ، چونکە ئەو لەوڵاتێکدایە کە بایەخی زۆر بە منداڵ و مافی منداڵ دەدات ، هەرکەسێک مافی منداڵ پێشێل بکات سزا دەدرێت .

"نوور " کە ژنێکی عێراقی بوو ، بەقێز و بێزەوە دەیڕوانیە من و کاندی . بەقیزەوە دەیڕوانیە گەنجێک کەلە کوردستانەوە هاتووە ، تا ئەوی عێراقیراهاتوو بەکوتەک ، ئامۆژگاری بکات و پێی بڵێ کەچی بکات و چی نەکات ، چیرێگە پێدراوە و چیرێگەپێنەدراوە ، ئەوی عێراقی بە قێزوبێزەوە دەڕوانێتەڕوخساری ئەفریقاییەک ، کەلەودیوی پەردەیرەنگەکانیەوەڕوخساری شاردووەتەوە ، زنجیرەیەک تۆمەتی بەکاوەخۆ بۆ هەڵڕشت .

نوور چاوەڕوانی کرد تاله قسەکانم بوومەوە و گرژییەکەم نیشتەوە ، ئەوجا دەستی بە شرۆڤەی بیروبۆچوونی خۆی دەربارەی ژیان کرد .

" منداڵەکانم ، خواردنی کەمپەکە ناخۆن ، دەبێ بڕۆم خواردنی دیکەیان بۆ بێنم" .

ئەم هەڵوێستەی منی بەنابەجێ لەقەڵەم دا و، گوتی کە ناچارنییە باسی ئەوە بکات کەچی دەکات و بۆکوێ دەڕوات . من خۆم لەکارێک هەڵقورتاندووە پەیوەندی بەمنەوە نییە و ئەمەم لێ قەبووڵ ناکات کە خۆم لەڕێڕەوی ژیانی تایبەتی ئەو هەڵقورتێنمو هەڕەشەی لێکردم کە لە ئیدارەی کەمپەکە سکاڵام لێبکات . ئەوجا دەستی بەگریان کرد .

تاقەیەک وشەی ئاراستەی کاندی نەکرد ، کەلەدوورەوە وێستابوو و چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە من حاڵ و حیکایەتەکەی بۆ پاچڤە بکەم .

لە هەڵچوونەکانی نوور دەترسام . ناوبەناو دەبیرەوە دەچووم و بیرم لەوە دەکردەوە کەئەگەر لەلایەن ئیدارەی کەمپەکەوە بانگکرام چ وڵامێک بدەمەوە ... لەنوور دەترسام ... هەستم دەکرد هەڵەیەکڕوویداوە ، بەڵام تازە ڕاست ناکرێتەوە . نوور ، هەستی کرد من دەترسم ، پێی گوتم لەهیچ شتێک نەترسم . دڵم هیچ نەکات ، گوتی : "من خەڵکی عێراقم ... لەژیانمدا ئەزیەتی هیچ کەسێکم نەداوە ... و نامەوێ کەسیش ئەزیەت بدەم ... بەڵام نامەوێ کەس خۆی لەژیانم هەڵقورتێنێ ... من منداڵەکانم لەهەرکەسێکی دی خۆشتر دەوێ ... نامەوێ کەس پێم بڵێ چۆنم خۆش بوێن".

نوور شکاتی لێنەکردم . پاشان دەعوەتی کردم بۆماڵی خۆی کە چایەک پێکەوە بخۆینەوە . ئەگەر کاندی لەوبەشە نەبوایە دەچوومە سەردانی ، پێموابوو لەو ماوەیەدا دەیویست گەنجێکی بەلاوە بێت . هەستم دەکرد پێویستی بەجۆرەیارمەتییەکە .. یا لەوەیە پێویستی بە ... ! بەڵام دەترسام هەستی کاندی برینداربکەم . دڵی کاندی پەنجێنم .

پاشان کابرا لیبییەکە گوتی : چەند جارێک لە شوێنەکەی خۆی چووەتە لای .

ئەسمەرێکی گەرم و گوڕوپاکە ، پرخ و هۆر و هەناسەی گەرم و گۆڕ . هەموو جۆرە پاڵکەوتن و وەستانێک دەزانێ ،دۆخین لی وەک خۆی نییە، زۆر بەئاسانی خۆی بەدەستەوە دەدات ، هێندەڕام و دەستەمۆیە ، چۆنت بوێ واهی هەڵدەسورێت .

گوتی سینگە پان و جەستە تەڕ و پەڕەکەی ، گەورەیی خەپلەکەی" خەپشە " و بۆنی دەمیان شاردبووەوە . گوتی هەر دیارییەک قەبووڵ دەکات ، ئەگەر بایی پێنجیورۆش بێرەتی ناکاتەوە .

- " بۆنی دەمی !! من ماوەیەکی زۆر قسەم لەگەڵیدا کرد ، هەستم بەبۆنی دەمی نەکرد !! "بەڵامیارۆی لیبیایی گوتی : تۆ نایزانی .

محەمەد لیبی بەسوارییارەبەرێک هات ، کەخۆی بە شوقەکەدا کرد، بۆنی پیاوی گێژدەکرد ، ڕدێنێکی درێژی هەبوو ، ئەبو نەزیە" گاردە " زەلامەکە گوتی :

هەرچیەکیان لەگەڵداکرد و کۆشا ، کەبچێتە گەرماوەکە نەچوو و نەچوو . دەیویست بۆ ئیدارەی کەمپەکەی بسەلمێنێ کە لەلیبیاوە بە بارەبەر هاتووە ، چڵکنی و پڵکنی و بۆنەناخۆشەکەی و ڕدێنە درێژەکەی باشترین بەڵگەن .

پاشان محەمەد ، کەزانی کاتی موقابەلەکەی زۆر دوورە ، خۆی شت . سەری نووری دا ، لەگەڕانەوەدا خۆی شت . یارۆی بۆسنایی گوێی بۆ قسەکانییارۆی لیبی دەربارەی تەڕوپڕی و ناسکی بەدەنی نوور گرت ، خۆی شت ، لەدڵی خۆیدا لێبڕا کەخۆی پێبگەیەنێ ، کابرای لیبیایی ئەو واریقاتەی بۆ عێراقیەکان نەگێڕایەوە ، بەڵام چەند جارێکی بۆمن گێڕایەوە ، هەروەها ئەوەشی زانی" کاندی" ش لە شوقەکەی نووردا دادەنیشێت .

کاندی داوای لەئیدارەی کەمپەکە کرد ، کە بیگوازنەوە بۆ بینایەکی دی ، بەڵام ئیدارە قابیل نەبوو .

بەڕۆژێک بەرلەوەی لەکەمپەکە بڕۆم ، کاندی گوتی ئیدارەی کەمپەکە نووریان ئاگادار کردووتەوە کە ڕەفتاری خۆی چاک بکات ، هەڕەشەیان لێکردووە کە هەردوو کورەکەی لێدەسەنن ، یان دەبێرەفتاری خۆی سەبارەت بەهەردوو منداڵەکە بگۆڕێت و بەتەنیا لە شوقەکەدا بەجێیان نەهێڵێت .

هەڵبەتە کاندی دانی بەوەدا نەنا کە ئەو ژێراوژێر لە ئیدارەی کەمپەکەدا بۆی تێچاندووە .

# ماریگوانا

ڕۆژی دوایی گۆیزایانمەوە بۆ کەمپی ئودی پیکیلا"Oude Pekela" . بەتەنیاڕۆیشتم ، ئیدی کاندی و کابرای بۆسنایی و لیبیایی و نوورم لەدوای خۆم بەجێهێشت ، ئەو نوورەی کە لەلایەن ئیدارەی کەمپەکەوە هۆشداری پێدرابوو و نەمدەزانی ئەم هۆشداریە چیە و چیدەگەیەنێ .

لەوساتەدا هەستم بە غوربەت کرد . نەمتوانی هیچ ناڕەزاییەک دەرببڕم ، یان داوای هاوڕێکانم بکەم ، یان داوای خۆشەویستە عاجیەڕەشەکەم ، یان نووری عێراقی بکەم .

بەگەڵ ، کۆمەڵە پەنابەرێکی زۆریان خستم کە شتاقیانم نەدەناسی ، بەڕۆژێکی باران ، هەرهەمووومانیان بەرەو ناوچەیەکی باکوور فڕێ کرد ، ئوتۆمبێلێکی پۆلیسی هۆڵاندی پێش پاسەکە کەوت ، و ئەمبوڵانسێکیش دوای کەوت .

پاسە گەورەکە ، لەمەیدانێکی گەورەدا ، لەنێوان دوو خێوەتی گەورەدا ، کەلە خێوەتی سێرک دەچوون ، وەستا . شوفێرەکە داوای لێکردین چاوەڕوان بکەین ، تابەرپرسانی دەرێی پاسەکە ، مۆڵەتی دابەزینمان بدەن . ئەوسا یەکیەک دابەزین . مەگەر لە وڵاتانی ئەوروپادا فێری نیزام و زاکونی ببین .

بیرم نایەتپێشتر لەڕیزێکی درێژدا وەستابم . هەمیشە دارعاساکەی مامۆستاڕیزی دەکردین . وێڕای دارعاساکەش چاوەکانم لەڕیز دەردەچوون ، بۆئەوەی لە دەرفەتێک بگەڕێن ، دەرفەتێک کەزیاتر بدینم ، بزانم ئەم ڕاوەستانەمان چ دەگەیەنێ و ، بۆچیە ... چاوانی هەڤاڵەکانیشم هەروایان دەکرد .

لەپاسەکە دابەزیم و بە گورگەلۆقەڕووم کردە ئەو سەمتەی کەیەکێک لە پۆلیسەکان ئاماژەی کردێ . فەرمانبەرێکی ژنی سەربە کوا "COA" دوو پەتۆ و فڵچە و دەرمانی دان و سابوونێکی بۆن ناخۆش و پاکەتێ کلینکسی تەوالێت و شامپۆی نایلۆنیبچووک بچووک و ماجوومیردێن و گوێزانیریش تاشینی دامێ و ، بە ئیشارەت تێی گەیاندم کە بڕۆم بۆلای ژنە فەرمانبەرێکی دیکە تا ژووری نووستنم بۆ تەرخان بکات .

وەلید لەبەر دەرگا گەورەکەدا وەستابوو ، گوتی" خێرهاتی سەرچاوان " . دەستی هێناو تەوقەی دەگەڵمدا کرد ، ئەوجا تەوقەی دەگەڵ هەموو ئەوانی دیکەشدا ، ئەوانەی تازە هاتبوون کرد ، زۆر بە تامەزرۆییەوە جگەرەی دەکێشا .

"وەلید کابرایەکی مەسیحی خەڵکی عێراقە .."

سڵاوم لێکرد و ، لێم پرسی چۆن دەزانێ من عەرەبی دەزانم ؟ گوتی نازانێ ... بەڵام بۆ خۆی تەنیا عەرەبی دەزانێ ، لەگەڵ هەمواندا هەربە عەرەبی دەئاخفێ .

دەیان پەنابەر لەژێر خێوەتە گەورەکەدا لەسەر کورسی نایلۆن دانیشتبوون و بێ لایەنانە تەماشای هێرشبەرە تازەکانیان دەکرد .

شەرمم لە نۆڕین و نیگاکانیان دەکرد ، لەنێویاندا بۆ کاندی و نوور و محەمەد لیبیایی چاوم گێڕا ، زۆربەی هەرە زۆریان سۆماڵی بوون . هاوار و فریادی منداڵەکانیان لە خێوەتە گەورەکەدا ، لەژێر کامێرای سیکوریتییەکەدا کەلەبەر دەرگای چوونە ژوورەوەدا دانیشتبوو دەنگی دەدایەوە .

گوێم بەزمانی کوردی زرینگایەوە ... یەکێک بەکوردی قسەی دەکرد ... چاوم بۆسەرچاوەکەی گێڕا . گەنجێک بوو بە تەلەفۆن قسەی دەکرد . هەستم بە هیوایەک کرد . شێوەی گەنجەکە ، ڕەنگی جلەکانی و ، شوێنی دانیشتنەکەیم بەیادگەم سپارد .

لەم دنیا غەریب و نامۆیەدا ، لەوەیە پێویستت بەکەسێک بێ کە بەزمانی تۆ بدوێ . ڕەنگە پێویستت بەکەسێک بێ کە کاتێ بەکوردی پێی دەڵێیت ، هەست بە غەریبی دەکەیت ، لێت تێبگات .ڕاوەستابووم تەمەشای لێشاوی پەنابەرەکانم دەکرد ، کە جۆرجیەک نزیک بووەوە و دوای ئەوەی وەلید بەعەرەبی پێشوازی لێکرد ، ئەو بەجۆرجی بەرسڤی دایەوە خۆی بە خێوەتە گەورەکەدا کرد . لێم نزیک بووەوە ، هێشتا ئەو کیسەیەم پێبوو کە "کوا" دایبوومێ . بە ئینگلیزییەکی شەق و شڕ لێی پرسیم :

-ئەرێ لێرە ماریگوانا لەکوێ پەیدا بکەم ؟

جانتایەکی گەورەی هەڵگرتبوو ، چەند کیسەیەکی" کوا "ی پێبوو ، ژنێکی بەداوە بوو ، پاشان زانیم ژنیەتی و لەگەڵ دوو منداڵدا .

# هەڤاڵ

کاتێ هەڤاڵ ، لە ئوتۆمبیلی ئەو قاچاخچیەی کە گەیاندبوویە سنوری ئەڵمانیا، دابەزی ، قاچاخچیەکەڕێگەی دابوو پەیوەندی بە براکەیەوە ، لە عێراق بکات ، تا هەواڵی بداتێ کە بەسەلامەتی گەییوەتە جێ ، تا ئەمانەتەکە ڕادەست بکات ، براکەی هەواڵی دایە کە دایکیان مردووە .

سەفەرەکەی هەڤاڵ لەنێوان عێراق و تورکیا و هۆڵەندادا دوودانە مانگی خایاند ، چەند مانگێکیشی دەخایاند تا زامەکانی ساڕێژ ببنەوە ، لێرە ، لە هۆڵاندا ، نە پرسە بۆدایکی دادەنرێت و نە تازیمانان و پرسەگێران خڕ دەبنەوە . زامەکراوەکانی ، لەم کەمپەوە بۆ ئەوکەمپ لەگەڵ خۆیدا دەگوازتەوە .

هەڤاڵیەزیدیە ، یەزیدیەکیراستەقینە . کەلە کوردستانی عێراق بوو ، هەموو جار دەگەڵ کەس و کارەکەیدا دەچووە حەجی پەرستگەی" لالش " . هەڤاڵ ،

هەندێ ئایەتی قورئانی لەبەربوون ، بەخورتی لەقوتابخانە پێیان ئەزبەر کردبوو . بەڵام ئاینەکەی خۆی بە پاکی لە دڵی خۆیدا هەڵگرتبوو .

کە نوێژی دەکرد ڕووی دەکردە خۆر . نوێژ لە بنەڕەتدا ، لەجەوهەر و کرۆکدا ، عیبادەتێکی پەنهان و دوور لەچاوی بەشەرە .

هەڤاڵ لەبنەماڵەیەکی شێخ بوو ، باوکی شێخ" زادمیرا" کەسێکی بەنامێیە ، خۆی گوتەنی خەڵکانی دوور و نزیک دەیناسن . بەڵام هەڤاڵ ، خەتا و گوناحێکی هێندە گەورەیکردووە نازانێ چۆن گەردوون دەتوانێ لێی خۆشبێ .

حەز لە کچێکی سەربە چینی پیران دەکات . واتە سەر بەچینی عەوامی ئاینییەزیدی ، بۆی نییە زەماوەندی دەگەڵدا بکات چونکە ... دەکاتە خۆشکی ... ئەمە یەکێک بوو لە ڕێنماییە هەرە گرینگەکانی شێخ" ئادی" باب و گەورەییەزیدیان .

نۆژین لەهەولێر خوێندبووی . کچە یەزیدیان ناخرێنەبەر خوێندن ، بەڵام نۆژین خرابووە بەرخوێندن . بابی حەزی کردبوو خوێندن تەواوبکات ، ئیدی ئازادی دابوویە .

هەڤاڵ ، لەزانکۆ حەزی لێدەکات . ئەمیش حەزلە هەڤاڵ دەکات . ئەم کاروانیڤیان و ئاشقێنیە زۆر قۆناغی نهێنی و پرکوڵ و کۆڤان و داخ و کەسەرانی پری بوو . لەئەنجامدا نۆژین ، بەدڵی شکاو و پڕ لە خوێنەوە ، ئەم ڤیانەڕەفز دەکات .

دەیگوت هەردووکمان بەرلەوەی زەماوەند بکەین ، پێکەوە دەمرین . هەڤاڵ بەرلەوەی سەفەر بۆ دنیای خەونێن ئەوروپا بکات ، خەونی نۆژینی لەدەست دا و کاتێ گەییە ئەوروپاش دایکی لەدەست دا .

هەڤاڵ ناتوانێ ئەو واریقاتە لای کەس بدرکێنێ ، دوای متمانەیەکی زۆر ئەوسا توانی زات وەبەر خۆبینێت و ئەو نهێنییە بۆمن بگێڕیتەوە . گوتی بەرلەوەی من لە هۆڵاندا بدینێ ، لەشوێنێک منی دیتوە ... لەشوێنێکی زۆر نزیک ، بەڵام هەرچی کرد و کۆشا بیری نەکەوتەوە لە کوێ ... ئەمە بەرلەوەی کەبزانێ من لە هەولێرم خوێندووە .

گوتی : " پیاو دەبێیەکێک پەیدابکات کە گرێی دڵی خۆی بۆبکاتەوە . ژیان هەمیشە پێویستی بە گوێ و بەدڵە" .

زۆر تامەزرۆی ئەوەبووم کە وردەکاریەکانی ئاینەکەی بزانم ، کەهیچم دەربارەی نەدەزانی جگە لە شەیتاندۆستی . جامن بەقسە و ئامۆژگاری هاورێیەکی بابم بە تەمام لە لێکۆڵینەوەکەدا خۆم بکەم بە یەزیدی تابە ئاسانی بەپەناهەندە وەربگیرێم .

من تاقە کوردم کەلە ژان و ئازارا ، لەمێژوودا ، لە خەونەکاندا ، و لەهەموو ئەمانەش گرینگتر ، لەزماندا شەریک و هاوتای ئەوم ، هەرچەند لە ئایندا هاودین نین .

پترلەجارێک ئەو قەوانەم بۆ لێدایەوە کە گوایە ئەوان شەیتان دەپەرەستن ، تەنانەت ئەو کاتەش کەباسی ئەوەی دەکرد هەرکە گەییوەتە ئەوروپای جوان ، هەمان ڕۆژ دایکی مردووە ، ئەوەم بیر خستەوە کە ئەوان شەیتان دەپەرستن ، هەڤاڵ گوتی :

" ئەوەی تۆ بەم شێوەیە دەیڵێیت ئاینی من نییە ... تۆ وا تەسەور دەکەیت ، ئەوە تەسەوری تۆیە ... ئەو تەسەور و بۆچوونەی تۆ دروست نییە سەباح گیان . گرینگ ئەوەیە باوەڕت بەوە هەبێت کە ئەقڵم زیندووە و ، کە هزرین و بیرکردنەوەم زندووە" .

ئەوسا هەڤاڵ ، بەتوندییەکی ئەوتۆوە ، کە مەعدەنێکی جیاوازتر لەوەی کە من تاقیم کردەوە ، کەشف کرد ، گوتی : " باشە موسوڵمانان دەگەڵ خۆشک و داکی خۆیاندا دەخەون " !!! .

بەرسڤم دایەوە هەرگیز . گوتی ئەگەر دەتەوێ باوەڕ بەوە نەکەم ، دەبێ تۆش باوەڕ بەوە بکەیت کە ئێمە شەیتان ناپەرستین . شەیتان فریشتەیەکیرەسەنە ... ئەمە ئاینێکی دیکەیە سەباح ... شەیتان فریشتەیە برادەری ... تاقە فریشتەیە ، کەئەوەی لەبیرنەکرد کەدەبێ کڕنۆش و سوجدە ، تەنیا بۆ خودا ببات ... فریشتەکانی دی ئەوەیان لەبیرچوو ... شەیتانیەکەمینیەکتاپەرستە . ناوی عەزازیلە ئەی برادەری ...

-باشە بۆچی دەتەوێ باوەڕ بەوە بکەم کەئێوە دەگەڵ خۆشکی خۆدا ناخەون ، کەچی تۆ باوەڕ بەوە دەکەیت کەئێمە شەیتان دەپەرستین !! .

هەڤاڵ ، کەدوا ڕستەی گوت ، گریا . ئەوسا تەوازی هێنایەوە کە لەقسەکانیا توندبوو ، بەڵێنی دا کە لەمرۆ بەدواوە ، هەڵناچێت ، خۆی لە قسە و باسێن بێسوود نادات ، ئەم بە دین و قەناعەتی خۆی و خەڵکی بە دین و قەناعەتی خۆیان .

هەڤاڵ ، یەکەم گەنج بوو کە دایەڕەی کۆچبەری هۆڵاندی ، دوای ئەوەی گەییمە ئودی پیکیلا ، بۆلێکۆڵینەوە بانگیان کرد . پاش ئەوە ئیدی هیچ شتێکم دەربارەی نەزانی .

چاوە خەمناکەکانیم لەبەرچاوە . ئەو گەنجەپرۆیی و دەنگی تائێستاش لەگوێمدا دەزرنگێتەوە ، پەلاماری گوێم دەدات .

" دەبێڕێزی هەموو ئەو خواوەندانە بگریت کەهیچیان دەربارە نازانی" .

" دەبێڕێزی هەمووان بگریت بەرلەوەی بیرلە ئەنجام بکەیتەوە ... هەمووان دەکاتە هەموو ئۆڵ و ئاینەکان کاک سەباح " .

بیرەکان بەهێزن . هەر هەموویان ئێمەی لاوازان ناچار دەکەن کە قەناعەتیان پێ بێنین . ئەگەر گەرەکتە بەهێزبیت ، خۆت بە ... تۆ ببە بەبیرەکە ، کە ببیت بەبیرەکە هەنگێ بەهێز دەبیت .. ئیزیدیاتی بیر نییە سەباح ... ئیزیدیاتی ئۆلە ...

هەڤاڵ ، لەپەتای مومارەسەی ئاینێکڕزگاری کردم کە ئاینی من نەبوو .. لەپەتای ئنتیحالڕزگاری کردم ... هەڤاڵ بەبێ ئەوەی بەخۆ بزانێڕزگاری کردم ... بەلاّمخستمیە ونگەی گەڕان بەدووی ئەڵتەرناتیڤدا .. هەڵبەتە بەبێ ئەوەی لەمەشیاندابەخۆ بزانێ .

کەواتە ، ناتوانم لەداوای پەنابەریەکەمدا خۆم بکەم بە یەزیدی ، ئیزیدیاتی لەو شتە سادانەی کە من دەیانزانم زۆر بەهێزترە .

بیرم لەوە کردەوە کە تەلەفۆن بۆ سوێد بکەم و ئەوشتە بە برادەرەکەی بابم بڵێم ، بەلاّم فایدەی چیە !

بەرلەوەی قەرار بدەم کە مەسەلەکە تەنیا ژیانی منە ، تەنیا پەنابەریەکەی منە و ، برادەرێکی دوورە دەستی بابە دوورەکەم هیچ دادێکی من نادات ، زۆرم بیرکردەوە .

ڕێگاکانی ئەوروپا بۆ هەڤاڵ کراوەن . بەلاّم چۆن دەشێت بۆ من ، بۆ" سەباح خەلیل"ی میراتگری ونگان و پاشماوەی شارستانیەتێکی فەرامۆشکراو ، کراوە بێت ... !

# یاسەمین

"هانک "ی فەرمانبەری کوا "COA" گوتی زستانی ئودی پیکیلا بەڕێوەیە ، هاکا بەردەرکەی پێگرتین . ئەمڕۆ پاڵتۆیەکی لەبەرو ، جووتێ دەستکێشی لەدەست و جووتێ پێڵاوی قەراخ ئاسنی لەپێ ، کردووە .

لەسەر کورسیەکی پلاستیکی دانیشتبووم و تەماشای بۆشایی خێوەتە گەورەکەم دەکرد ، ئیدی بەدەم خواردنەوەی قاوەیەرەشەوە ، لەفکران ڕاچووبووم ، بیرم لە ڕابردوو و لە ئایندە دەکردەوە ، کە کۆمەڵێکی دی بەڕێبەریی هانک خۆیان بە خێوەتەکەداکرد .

پیاوێک دەگەڵ دوو ژن و کچێکی منداڵ و گەنجێکدا وەژوورکەوتن . پیاوەکە شان بەشانی ژنێکی پەچە بەسەر دەڕۆیی و ژنێکی قەڵەو خۆی گەیاندنێ . زۆر شپرزە و پەشێو دەیڕوانیەڕوخساری پەنابەرەکان ، بۆ دەربیجەیەکی ئەمان دەگەڕا . کە نیگام لە نیگاکانی هەڵەنگوت گوتم ئەم ژنە کوردە .

ئەم دەمو چاوە خڕە و ئەم سپێتیە مەندە و ، ئەو چاوە قوڵانە ... ئەم دزە نیگایانە ، هەر لەلای ژنە کورد هەیە .

بۆ سبەینێ گوتی : " من یاسەمینم . کوردی ئێرانم ، دوای سەفەرێکی دوور و دژوار دەگەڵ هۆگری کورمدا ، گەییومەتە ئێرە" .

هۆگر کوڕێکی درێژی قژ زەردی سورەیە ، لە هۆڵاندیان دەچێت .

یاسەمین گوتی : " هۆگر بەموو لە ئەڵمانیان و هۆڵاندیان جیاناکرێتەوە ، هۆگر بۆ وڵاتێک هاتووە کە پڕ بەپێستی خۆیەتی ، ئێرە و هۆگر بۆیەک دروست بوون " .

یاسەمین زۆر لە هۆگر جیایە ، هۆگر لەو ناچێت .

" بەڵێ بەڵێ ... قژە زەردەکەی لە خۆم دەچێت ... " .

بۆیەڕەنگیراستەقینەی قژییاسەمینی شاردبووەوە ، بەڵام تاکیدی کرد کە قژە زەردەکەی هۆگر چووەتەوە سەر قژی ئەم و ڕوخسار و باڵا و ... خوو خدەی چووەتەوە سەر بابی .

مێردەکەییاسەمین کورد بوو ، پێشمەرگە بوو ، لەشەڕێکدا کوژرابوو .

" پێنج دانە ساڵە بەخاکم سپاردووە . ئێستا لەدارای دنیادا تەنیا هۆگرم هەیە ... " .

یاسەمین لەمن درێژترە ، کەچی هەستم بەشەرمەزاری نەکرد ... کە یەکێک لەمن درێژتر بێ لە خوت و خۆڕایی هەست بەشەرمەزاری دەکەم . نازانم بۆ چی ... !! بەڵام لەئاستییاسەمیندا ، ئەم هەستەم لادروست نەبوو .

بەم سەرمایە چاکەتێکی تەنکی لەبەربوو . پێدەچوو لە چیایە پڕ بەفرەکانی کوردستانی ئێرانەوە هاتبێ .

وادیاربوو ، بەبەفری چیا و سەرما ڕاهاتبوو . پێدەچوو ژیانی پێشمەرگایەتی ، فێری ئەوەی کردبێ ، وێڕای ساردی بەفر ، چۆن هەست بە گەرما و ژیان بکات .

" سەرمای هۆڵاندا جیاوازە ، تیژە ، بەترەفە ، بە ئەسپایی دەچێتە دڵتەوە و هەرگیز دەرنایەت . سەرمای هۆڵاندا دەگاتە دڵ" .

هەردوو دەستی لەسەر سینگ و بەرۆکی توند دەکرد ، تا پاشماوەی گەرمایەکەی بگرێت و نەیەڵێت دەربچێت ، زگە پیرەکەی لەژێر سێبەریچاکەتە تەنکەکەیدا خاو بووەوە . گوتی :

" هەست بە سەرما ناکەم . بەڵام کارم تێدەکات ... .

هۆگر ، جووتێ قۆندەرەی کۆنی شری لەپێدا بوو ... !! هیچ پێڵاو و پێتاوێک بەرگەی پێیەکانی نەدەگرت ... " .

من کوردێکم کە پارەی پێیە و ، ئامادەی کۆمەک کردنە . دڵم دەفڕی بەسەر لوتکە بەفرینەکانی دوورترین دەڤەری کوردستاندا دەسوڕایەوە و پاشان بە باڵی چاوەکانییاسەمین و گەرمای دڵی ئەو دەگەڕایەوە ...

بەدەمڕێگاوە بۆ بازاڕی کۆنە لە ئودی پیکیلا ، بەنهێنیەکانییاسەمیندا هەڵگەڕام . ئەم جەنگاوەرە مێوینەیەم ناسی ...

" کچۆڵەیەکی دوازدە ساڵان بووم کە چوومە چیای شاهۆی دەڤەری کامیاران ، لەتەمەنی پازدە ساڵیدا مێردم کرد و لە تەمەنی شازدە ساڵیدا منداڵم بوو و ئیدی وازم لە پێشمەرگایەتی و چەکداری هێنا و بووم بە چێشتچی پێشمەرگە" .

یاسەمین ، بێ هیچ دوو دڵیەک قسەی دەکرد ، هیچ شتێکی نەبوو بیشارێتەوە ، لەهیچ شتێک نەدەترسا . ئەمە ژیانیەتی . ئێستا لە ئەوروپای وڵاتی ئازادیدایە . چاک دەیزانیرێزی دەگرن چونکە هەم مێینەیە و هەم جەنگاوەرێکی دژی زوڵم بووە و بەرلە هەموو ئەمانەش چونکە دایکە .

یاسەمین سێ جاران گوتی کە مێردەکەی کوژراوە . بەدەستی خۆی ناشتوویەتی . لە دووایەمین جاردا بەچاوپراستی غەمزەیەکی کرد و تاکیدی کردەوە کە دڵی هێشتا زندووە ، تەڕە .

من لە پێشمەرگە دەترسم ... لێیان دەترسم .. ئا لێیان دەترسم ... زۆر شتم دەربارەی کوشتن و ئەشکەنجە بیستووە ... زۆر کەسی خەڵکی شارەکەم ڕۆیشتن و نەگەڕانەوە . لەناکاوا پەیوەندیان بە پێشمەرگەوە کرد و پێوار بوون .

زۆر چیرۆکم دەربارەی فیداکاری و قوربانیدان ... دەربارەی کوشتن ...ئەشق و ڤیان بیستووە .

یاسەمین گوتی : "ڤیان و خۆشەویستی تەنیا لەچوارچێوەییاسا و ڕێساداڕەوایە ، دەنا قەدەغەیە . یاساش دڵدار و دولبەر ناچاردەکات زماوەند بکەن . هیچ خۆشەویستیەک لەدەرێی ژن و مێردایەتیدا نییە ... دەبێ کەس و کاری ئەو

کچەی پەیوەندی بە پێشمەرگەوە دەکات ، دڵنیابن کە کچەکەیان پارێزراو دەبێت" .

نازانمیاسەمین بەکام لادا مایلە !

کەباسی مێردە کوژراوەکەی دەکرد چاوی دادەگرت . یاسەمین ئەو پێشمەرگە و جەنگاوەرە بە جەربەزەیە ، پەروەردەی باوشی پێشمەرگایەتی ئایا ئەشق و ڤیان دەزانێ ... !!

ئایایاسەمین دڵی بە ژیانەوەیە !! بێگومان دڵی بە ژیانەوەیە ... بەڕاستی حەزی لەژیانە ، دڵی بە ژیانەوەیە ، چونکە هەرجارێک کە باسی مێردەکەی دەکات دووپاتی دەکاتەوە کە ئەم ساڵ سەری پێنجەمین ساڵە کە بەدەستی خۆی ناشتوویەتی ! .

کەمپە هەمیشەییەکە کەوتووەتە تەنیشت هەردوو خێوەتەکەوە . بریتیە لە کۆمەڵێک شوقەی کۆنکرێتی زۆر . شارێکی گەورەیە . شەش ریزە شوقەیە ... یاریگایەکی گەورەی فوتبۆڵ کەوتووەتە ناوەندیانەوە . بەدەستە ڕاستدایانەیەکی وەرزشەوانی بیلیارد و پینگ پۆنگی تیایە ، لە پشت بیلیاردەکەوە کافەیەکی تێدایە کە کۆمەڵێک پەنابەر بەڕێوەی دەبەن .

کەدەگەڵیاسەمیندا لەبازاڕی کۆنەکە دەگەڕامەوە ، بەدەم ڕێگاوە لێی پرسیم ئاخۆ هیچ پەنابەرێکلە پەنابەرەکانی کەمپە هەمیشەییەکە دەناسم ، بەئاماژە گوتم کەسیان لێی ناناسم . سەرم لەپرسیارەکەی سوڕما .

گوتی ژیانیان خۆشە . ژیانیان جێگیرە . هەر پەنابەرێک ژووری تایبەتی خۆی هەیە ، تەختەخەوی تایبەتی خۆی و ، مووچەی تایبەتی خۆی هەیە .

لەمەیدانە سەرسەوزەکەی نێوان بازاڕەکە و دەروازەی کەمپەکەدا کیژێک وەستابوو هاوڕەنگی کاندی ، پاڵتۆکەی لەبەردابوو ، هەستی بەسەرمادەکرد ، هەردوو دەستی لەسەر سینگ و بەرۆکە گەورەکەی تێک هاڵاندبوو ، پاڵتۆرەشەکەی هاتبووە خوارەوە و ناوقەدە باریکەکەی داپۆشی بوو ، چرچ ولۆچی پاڵتۆ نەرمەکەی ، سمت و کەفەڵی کە مێیاتی لێدەباری ، بەرجەستە کردبوو .

ڕوخساری" کاندی"م هاتەوە بیر ، تا تروسکاییە کزەکەی نەستم بەبۆنی ئەشقە سەرەتاییەکەم لە هۆڵاندای پرتەقاڵیدا ئاوەدان بکاتەوە .

یاسەمین ، لەپی دەستی خستە بەرچاوم ، هەستی کرد کەمن بیر لە کیژێکی دی دەکەمەوە ، یان لەمەسەلەیەکی دییان لە ڕەنگێکی دیکەی وەک ئەو پێشانگا و گەلەرپرەنگانەی لەبەردەممدابوو .

ئۆفیسـێرێکخراوی پەنابەرانی هۆڵاندیwvn کە بۆ خزمەتی پەنابەرەکان دانرابوو ، کەوتبووە کۆتایی ئەو ڕێگایەی نێوانیاریگاکە و یانەو کافەکەوە . یاسـەمین گوتی ئەوانە دڵسـۆزانە خزمەتی پەنابەرەکان دەکەن ... ئەوانە خۆبەخشـن .

پرخەپرخێکی بەرز، خەوی زراندم ، بۆنی تس و تڕی پەنابەرە نووسـتووەکان ، هەراسـانیان کردم ، لەجێگاکەی خۆمیان وەدەر نام ، ئیدی چووم بۆ هۆڵە گەورەکەی ناو خێوەتەکە .

کابرای سـیکوریتی"ئاسایش" بەدەم قاوە خواردنەوەوە ، ڕۆژنامەی دەخوێندەوە . سـڵاوم لێکرد ، سـەرێکی لەقاند و گەڕایەوە سـەر ڕۆژنامەکەی .

قاوە و چام خواردەوە ، کەوتمە چاودێری و تەماشـای ئەو سـۆماڵیانەی کەنازانم کەی دەنوون .

بە ئاسپایی داخافن ، هەرکاتێ دەنگیان بەرز ببێتەوە ، سـیکوریتیەکە بێدەنگیان دەکات . خۆم بە تەوالێتەکاندا کرد ، بۆن بۆگەنی بەناویەکدا دەچن ، سـلە گوو لەقەعدە سـپیەکاندا لەناو میزاودا مەلەیان دەکرد .

لەخێوەتەکە وەدەرکەوتم ، بەڵام لەبەر سـەرما و تاریکیڕێگاکە گەڕامەوە . بابایەکی پەنابەری کورد ، لەتاریکی پەنابەریدا و لەژێر شـەسـت و ڕەهێڵەی پرخ و هۆرا ، لە زەلکاوی سـەرما و بێزاری ... و چاوەڕوانیدا ، بۆکوێ پروات .

چوومەوە ژوورەکەی خۆم ، لەگەرمەی پرخ و هۆڕ و غازات و هەڵکردنی شـەپۆلی سـەرمای باکووریدا خەوم پێداکەوت .

بەیانی لەخەو ڕابووم ، نێشـت و قاوەڵتیەکەم وەرگرت و ، لەنێوانیاسـەمین و کوڕەکەیدا دانیشـتم . ئەو پاڵتۆیەی لەبەربوو کە دوێنێ کڕی بوومان ، سـوور دەتگوت گوڵە . کوڕەکەی دانیشـت بە گومانەوە سـەیری نانخواردنەکەی دەکردین . یاسـەمین هێدی و هێمن نانەکەی دەخوارد ، ئەوجا وەسـتا و لێی پرسـیم خواردنی دیکەم دەوێ ، تالە خواردنەکەی خۆی بەشـم بدات .

دوو پارچە نان و پارچەیەک پەنیر و پارچەیەکی چکۆلە کەرەم وەرگرتبوو . ئەوەندە بەس بوو بۆ سـەباح خەلیل ، بەزیادەوە بەشـی دەکرد .

کوڕەکەی ، تەوازی هێنایەوە و چوو بۆ ژوورەکەی تا خەوەکەی تەواو بکات ، منیش ژێراوژێر چاودێرییاسـەمینم دەکرد ، هەرجارێ کەنیگامان لێکدی هەڵەنگوت ، بزەیەکی شـەرمنی دەکەوتە سـەرلێوان .

شەرمنییاسەمین ، شتێکی سروشتی و خۆرسک بوو . شەرمنی ژنە کوردێک ، کەکارەساتی بێ پیاوی ، دوورە پیاوی داوێنگیری بووبوو ، ساڵانی پێشمەرگایەتی نەیتوانی بوو ئەو شەرمەی لێ بتارێنێ و لە کۆڵی بکاتەوە .

ژنێک بوو مێیاتی لێدەچۆرا ، قەڵەوییەکەی نەیدەتوانی مێیاتیەکەی بشارێتەوە ، پەنابەریی ناو ئەم خێوەتە گەورەیە ، نەیدەتوانی جۆشی بە پیتی ئەو دامرکێنێتەوە .

پاش ئەوەی کورکەی مێزەکەی بەجێهێشت و ڕۆیی ، شەپۆلی خەمێکیتیژتێپەڕ ، نیشتەسەر کونیلەکانیڕوخساری تەڕوپڕ و ئاوداری . لەوساتەدا وام هەستکرد ئەمە خەمێکیڕەوتەنیە . ڕەنگە ساتێکی خەمینی ژیانی بیرکەوتبێتەوە و گەشی گۆناکانی شێواند .

زۆرجار ، لەناکاوا خەمێک دامدەگرێت ، هەندێجار هۆیەکەی دەزانم و هەندێجار نایزانم . جاری واهەیە ، ڕێژنەخەمێک بۆساتێکی کەم ، دەمباتەوە بۆ قوڵایی و تاریکستانی کول و کۆڤانان ...

ژیانم ئارام و ئاسوودە بوو ، بەڵام ئەم ئارامیە ناوبەناو هەندێک خەمی تێدەکەوت .

ئەو شەوە وام هەستکرد من خەتابارم . من سەبەبکاری خەمینییەڕەوتەنیەکەییاسەمین بووم . لەوەیە کورەکەی حەز لەچارەی من نەکات ، نەیەوێ هاورێتی دایکی بکەم . پێکەوە بۆ بازاڕ بڕۆین . پێبکەنین . باسی پێشمەرگە و چیا بکەین ، سەری قامکانمان لێکدی بکەون . دەرگای گەرمبوونەوەمان لەبەردەمدا بکرێتەوە .

بەرلەوەی بنووم لێبڕام کەچیتر قسە دەگەڵیاسەمیندا نەکەم . من سەباحە چکۆل ، ئامادەم شەبەقی زامێک بکەمە دەروونی خۆم ، بەڵام ئامادەنیم بچووکترین زام بکەمە دڵی هۆگر . ئەنجام ئێمە کوردین ، لەسەرچاوەی کاوەوە ، لەشەوی لەدایکی بوونی خۆشەویستیدا لەدایک بووین .

لەبەیانیرۆژی دواییدا ، کەلەڕیزا وەستابووم تا بەشە تێشتی خۆم وەربگرم ، یاسەمین پەیگیری کردم . بەبزە شیرین و جوانەکەی پەیگیری کردم . هۆگر دیارنەبوو ، چاوم بۆی گێرا نەمدۆزییەوە . یاسەمین کورسییەکی گرتبوو ، بانگی کردم کەلەسەر ئەو کورسیە دانیشم . هەواڵی کورەکەیم پرسی گوتی هێشتا نوستووە .

ئیشم لەکەمپەکەدا بوو . تەوالێتانم هەموو پاک کردنەوە . پیسایی پەنابەرەکانم ، لەگو ومیز و بەڵغەم و پەڵەی دیواریپڕەوەکان پاک کردەوە . زۆرجار بەدەم ئەو

کارەوە ڕشاومەتەوە ، ناکرێ ئەم ئیشەڕەفز بکەم . چونکە پێیان گوتبووم کەکاری نەرێنی لە دۆسیەی تایبەتی پەنابەرییەکەم دەکات .

کاتێیاسەمین لێی پرسیم بۆچی هاتووم بۆ هۆڵاندا وچی دەکەم لەوێندەر ، هیچ هۆیەکی ماقووڵم نەدۆزییەوە ، بۆیە گوتم حەزدەکەم ژیان لێرەبەسەر بەرم . گوتی ئەم هۆیە هی ئەوە نییە کەپەنابەری پێ وەربگرم .

کەدەگەڵیاسەمیندا لەبازاڕدا دەگەڕاینەوە ، با سریشکێ دایکرد ئەمجا باسریشک . لەدڵی خۆدا دەمگوت بۆچیرێگاچۆڵە ، هیچ هۆڵاندییەک بەدەرەوە نییە !! هەموو جارێ کەدەچم بۆ بازاڕ جادە و شەقامەکان پڕن لەخەڵکی . ئەمڕۆ وانییە کەس بەدەرەوە نییە !!

لەیاسەمینم پرسی ئەمە سەیر نییە !!

بەدەم تەماشاکردنی ئەم بەروئەوبەرپڕێگاکەوە لێوەکانی هەڵقورتاندن . کاتێ ئاسمان هەرچی و ئاو وبەفری هەبوو هەڵیرشت بەسەرماندا ، هەنگێ زانیم مەسەلەکە چییە .

نەبارانەکەی باران بوو ، نە بەفرەکەی ئەو بەفرەبوو کە من دیتبووم . ئیدی دەتگوت ئاسمان کون بووە و بەفر و باران بەلێشاو دەڕژێتە خوارەوە .

یاسەمین پێکەنی . هەوڵی دەدا پاڵدمی جلەکانی هەڵکات ، ئاو خزییە بێخی قژەکەیەوە و ، بەسەر گەردنیا داخزی . تەماشای داخزینەکانیم دەکرد . پاشان بینیم کە تەمەشام دەکات و پێدەکەنێ .

نزیک کەوتەوە ، چرە ئارەزوویەکی سەیرم لە چاوەکانیدا خوێندەوە کە با سریشکە کوت و پرەکە پەردەی لەسەر هەڵماڵی . ئارەزوویەک کەپێشتر قەت نەمبینی بوو ، تامم نەکردبوو ، بەڵام زۆر نزیک بوو ، نزیکتر لەخەونی شەوانم .

دەستی خستەنێو دەستم . کەمێک خاو بووەوە ، پاشان دەری هێنایەوە ، بەڵام بەڕادەیەک خاو بووەوە کەدڵنیابووم لەوەی چەند من ئارەزووی ئەو دەکەم ئەویش بەهەمان ئەندازە ئارەزووی من دەکات .

بەرلەوەی دەستی لەنێودەستم دەربێنێتەوە ، سەدان وێنەم هاتنەبەرچاوی خەیاڵ . وێنەی ئەوەی پێکەوە بنووین . پێکەوەڕابین . پێکەوە بچینە حەمام . لەپێچ و پەنای کەمپەکەدا ، لەڕێگای بازاڕ ، لەو دوکانە زیوینەی کە هۆڵاندییەکان شەوبێریان تێدا دەکرد ، یەکدیراموسین .

زۆرم بیرکردەوە کەئاخۆ لەکوێ دەکرێت من و یاسەمین جەستەی خۆمان لێکدیدا بنێژین ، لەکوێ دەشێترووبەڕوو ، سینگ بەسینگ ، زگ بەزگ و لێوبەلێوییەکدییەوە بنەین .

مەحاڵە حەمامەکان کۆمان بکەنەوە ، بچووکن . لەشوێنی تەنگدا ، ئارەزوو هەڵناسێت ... گەڕان بۆ گۆشەیەک ، پەنایەک تیایدا بوەستی ئارەزوو کوێر دەکاتەوە ... ژوورەکان جەنجاڵ و قەرەباڵغن ، ڕاڕەوەکان ... مەیدانەکان ... لەکوێ جەستەی خۆمان بنێژین ... لەکوێ !!

ئەو بیشەیەی دەرەوەی کەمپەکە ، چڕەدارستان نییە ، دوو بوونەوەری ئامادەی جووتبوون ناشارێتەوە ... ئەمە لێرەوار نییە ... بەڵکوریزە سەوزاییەکی دەستکردە ... ڕیزێک دارپرێک و پێکە توانایەکڕیزی کردوون ، دابەشی کردوون کە ژمارە دەزانێ ... بوەڕی بە پشێوی و کەس لەکەس نییە ... نازانێ لێرەوار چییە . لەوەیە بیشەیەک بێ بۆ قەدەغەکردنیڤیان و ئەڤینداری .

لێرەوار لە کوردستاندا جیاوازە ، لێرەوار تاڤگەیەکە لە چڕە دارودرەختان کە هەر لەنگیەکیڤیان دەشارێتەوە .. وردەکاری ئەڤین ... تاڤگەیەکە ، جێ پێی ئاشقان لەخۆیدا نقوم دەکات .

هاوڕێکانم لە لێرەکانی کوردستاندا فێری گەمەی چاوشارکێ و خۆشاردنەوەی ئاشقان بوون . من ئازایەتی ئەوانم نەبوو ، بەڵام من لە هۆڵاندادا ... هۆڵاندای سەرسەوز ، یاسەمینم بۆ لێرەکانی کوردستان برد ، لەوێ خواردم ... لەوێ خواردمی ،پێکڤە گەرمی تاڤگەکانمان خوارد .

ئاخۆیاسەمینیش وەکو من بیری کردووەتەوە ! ئایا هەستی بەوە دەکرد کە من لە هۆڵاندای پەناگادا ، کێشەی دۆزینەوەی پەنا و پەناگەم هەیە ... !!

ماوەیەک لەوەپێش لێی پرسیم ئایا لەکەمپە هەمیشەییەکەدا کەسێک دەناسم ، ئەگەر یەکێکم ناسیبا ژوورێکی تایبەتی و تەختە خەوێکی تایبەتی هەبێ ، دەرگای ژوورەکەی قفڵی هەبێت !

ئایایاسەمین ئەوەی مەبەست بوو ؟ ئایا بیری لەوە دەکردەوە کە بە ئەمانەت ژوورییەکێکیان وەربگرم و لەوێدایەکدی بدینین !

نا نا ... شتی وانابێ . مەحاڵەیاسەمین بیری لەشتی وا کردبێتەوە . ئەوکاتەی ئەو پرسیارەی لێکردم ئێمە لەسەرەتای باسی پێشمەرگە و پێشمەرگایەتیدا بووین ، لەسەرەتای دوودڵی و سڵکردنەوەدا بووین ، لەسەرەتای ئەوەدا بووین زەمینەیەک بۆ گوێ و ئاخاوتن و پەیڤان خۆش بکەین و بسازێنین .

هیچ دەرفەتێک بۆ خۆشەویستی نەبوو ... چ جای سێکس .

خۆشەویستی پاشان هات ، تا ناشێت بیری لەوە کردبێتەوە .

## پێشمەرگە

لەدڵی خۆدا گوتم دەبم بە پێشمەرگە ... ڕەنگە چیرۆکی ئەوەی بەدرۆوە خۆ بکەم بە پێشمەرگە ، زۆر لەو چیرۆکە ئاسانتر بێ کە بەدرۆوە خۆ بکەم بە یەزیدی . یاسەمین لێرەیە و هەموو شتێکم دەربارەی پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی فێردەکات .

بوونە پێشمەرگە ، مانای وایە ژیانت هیّ خۆت نییە ، بەڵکو تەرخانە بۆ تێکۆشان . دەکاتە ئەوەی چاوان لە چیای شاهۆی کامیاران غافڵ نەکەیت ، لەدەست درێژی عەسکەرانی بپارێزیت . ئامادە بیت ، لەهەرساتێکداڕۆحت فیدای ئەم چیایانە بکەیت . بەدەنگی بەرز لەپای قەنارەدا و لەمەیدانەکانی تاراندا هاوار بکەی : " بژی ئازادی ... واهاتن کورد " .

" پێشمەرگە"یانی هەڤاڵانێکی زۆرت هەبن کە یارمەتیت بدەن و بە بەڵگەنامەوە شایەتی ئەوەت بۆ بدەن کە یەکێکی لەوان . یانی لە ئەوروپادا حیزبێکت هەبێت ، پشتیوانیت لێبکات کە تۆ پێشمەرگەیت .

بەدوور و درێژی سەربهوردی ژیانی خۆت و مەشق و ڕاهێنانەکانت و ناوی فەرماندە و سەرکردەکانت ، ناوی ئەو شوێنانەی کە تیایا گەڕاوی و چالاکیت کردووە ... پێشکەش بکەیت و ئامادەبیت وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بدەیتەوە کە لیژنەی لێکۆڵینەوە لێتی دەکات .

یاسەمین گوتی ناتوانی ببیتە پێشمەرگە ، ئەگەر پێشمەرگایەتیت نەکردبێت ، ئەگەر بەڕاستی پێشمەرگە نەبیت .

" مەشقم لەسەر هەموو جۆرە چەکێک کردووە ، هەرهەموویان دەناسم . دەزانم وەختیّ دەگەڵ سیان لە هەڤاڵەکانتداڕابەری ئۆپەراسیۆنێک دەکەیت و هەرهەموویان لەپێناوی ئەوەی تۆ هەڵێیت و دەربازبیت دیل و یەخسیر دەبن، دەکاتە چی و چی دەگەیەنێت .

دەزانم ، کەلە مەیدانە گشتیەکاندا هەڵدەواسرێن و ، تەماشاڤانان تفیان لێدەکەن و جنێو و دەستەواژەی زۆر دزێویان بەجەستەدا هەڵدەواسن کە ئەهوەنترینیان زاراوەی" تیروریستانە" هەموو ئەمانە دەکاتە چی و چی دەگەیەنێ .

یاسەمین چاوەکانی سڕین . زنجیرەیەک فرمێسک بەڕیز و ڕاستەوخۆ لە چاوانیەوە داخزی و بەسەر سەرمای مەیدانەکەدارژا . برژانگەکانییاسەمین ، بەئاستەم جوڵان ، وادیاربووبە زنجیرە بیرەوەریەکانیا دەچووەوە یان تەتەڵە و بژاری دەکردن کە کامیان بڵێت و کامیان بشارێتەوە .

کاتێیاسەمین قسان دەکات ، لەتۆوایە زۆر بە هێز و ورە بەرزە . بەڵام کاتێ دەڕوانمە چاوەکانی ، لەکانگای دڵەوە هەستدەکەم زۆر لەو قسە ڕەقانەی کە دەیانکات ، ناسکترە . نازانم چۆن ئافرت دەتوانێ ئەوەندە بەهێز و لەهەمان کاتدا ئەوەندە ناسک بێت !!

ڕەنگە هۆیەکەی ئەوە بێ کە پێشمەرگە بووە ... لەوەیە پێشمەرگە بتوانێ بەگژ چیادا بچێت ، بکوژێت ، ڕابەرایەتی شەڕ بکات و پاشەکشە بکات و لەهەمان کاتدا ، پەڕەی گوڵیەکیەک جیابکاتەوە ، دەبێ و نابێی پێبکات ، تابزانێ کێ خۆشی دەوێ و کێ خۆشی ناوێ .

دنیا زۆر ساردی کرد ، ساردییەکەی لە کێشا نەبوو . نەمتوانی سەری بازاڕ بدەم ، لە خێوەتەکەم نەهاتمە دەرێ . یاسەمین وەژوور کەوت و داوای کرد پێکەوە وەدەر بکەوین ، چونکە هەست بەبێزاری دەکات . لەنێو خێوەتەکەدا لەسەرما هەڵدەلەرزیم . زۆر پێکەنی و بەتەنیاڕۆیی .

شەوێ بەفرێکی ئەستوور کەوت . گەرمی ناو خێوەتەکە وەستا . هەرچی جلێکم پێبوو هەموویم لەبەر کرد . پەنابەرەکانی دیکەش هەمان کاریان کرد .

لەژوورەکەم وەدەرکەوتم ، چوومە هۆڵەکە . پەنابەرانێکی فرە لەدەوری ئامێری گەرمکەرەوەکە ،"هیتەر" کە لە گیانەڵڵادا بوو ، خڕ بووبوونەوە . کابرای سیکیوریتی"ئاسایش" نیگەرانی پێوە دیاربوو . منداڵەکان دەگریان ، ئەمجارەیان لە برسا نەدەگریان ، لەسەرما دەگریان .

"وەلید"ی عێراقی پێشنیازی کرد کە بە کورسیەکان چەند بازنەیەک بەدەورییەکدا دروست بکەین و منداڵەکان بخەینە ناوەندەوە و گەورەکانیش بەدەوری ئەواندا دانیشن و هەرکەسە و پەتۆیەک لەخۆیەوە وەڕێچێت .

وەلید گوتی ، کاتی خۆی لە عێراقا ، لەڕۆژانی گەمارۆ و برسێتی و سەرمادا ، ئەو کارەیان کردووە منداڵەکان ژێر بوونەتەوە ، لەگریان کەوتوون و ، لەمردن خەلەسیون .

دەڕۆژ بووری و ئەندازیارە هۆڵاندییەکان هەر خەریکی چاککردنی هیتەرەکە بوون ، پیرە هیتەر چاک بووەوە ، گەرمی هاتەوە ، هەڵبەتە دوای ئەوەی گەلێک لە

پەنابەرەکان لەوانە جۆرجی ماریگوانا و ژنەکەی و هەردوو منداڵەکەی ، هەڵاتن بۆ وڵاتێن دیکەی لێرە گەرمتر .

وەلید گوتی : "لە عێراقا ئەندازیارانی لەمانە زیرەکتر هەن " .

وەلید لەتەمەنی پەنجاوپێنج ساڵیدا بوو . ژنی نەهێنابوو . لە فەلەکانی عێراق بوو ... ئاشق و شیفتەی بەغدابوو ." خودایا کەبەغدا چەند خۆشە" .

وەلید لەو قەناعەت و باوەڕەدا نەبوو کە هۆڵانداڕۆژێک لە ڕۆژان کێشەی برسێتی تیابووبێ .

"لەعێراقا برسیەتی  نەبوو ، لێرەدا هەیە ... نەفرەت لە برسێتی ، دوای برسێتی بپرێتەوە" . وەلید دوای ئەوەی تێشتەکەی خوارد ، ئەو قسەیەی کرد .

هەردوو دەستی تەکاندن و ئاماژەی بۆ قاپەکەی خۆی کرد و گوتی : "ئەوە قاوەڵتیەکەیانە ... چای نییە ... تەنانەت چایش نییە ... لە عێراقدا هەموو شتێک هەیە ..." وەلید لەناکاوا و لە هەڵوێستێکی باوەڕ نەکردەنیدا گوتی : "کەی مقابەلەیە... ؟"نەمزانی باسی چی دەکات . پێدەچوو هەستی بەسەرسامیەکەی من کردبێت ، بۆیە گوتی : "مقابەلەیINDمقابەلەی دایەرەی کۆچبەری ... لێرە ئیقامە بە عێراقییەکان دەدەن ؟ بە سۆماڵییەکانی دەدەن ؟ کێ ئیقامەی زۆرتر وەردەگرێ ... ؟ برسێتیە ... برسێتی ... نەفرەت لە برسێتی و لە بابەل بابی ئیقامەش" .

وەلید چی لەژێر سەردایە . لەوەناچێت لەڕووی دەرونییەوە نەخۆش بێت ، هەرچەندە هەوڵدەدات وا بنوێنێ . ئەو دەرمانەی نیشاندام کە دەیخوارد .

- "ئەمە دوکتۆرێک لە عێراق بۆی داناوم . بەبێ ئەمە مێشکم تێک دەچێت ..." لێم پرسی چۆن مێشکی تێکدەچێت ، گوتی : "نازانم ... لە دوکتۆرەکە بپرسە " .

وەلید بوونەوەرێکی خریلەیە ، لە گەردێکی عێراقی دەگمەن دروست کرابوو . یەکەم کەس بوو کە بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارەڕیزی بۆ وەرگرتنی خۆراک دەگرت . بە سەعاتێک پێش کاتی دابەشکردنی خۆراک بەدیار مێزی دابەشکردنی خۆراکەکەوە دەوەستا و چاوە نۆری دەکرد . یەکەم کەس لە خواردن دەبووەوە . زۆرجار هەوڵیدابوو لەجیاتی کەرەتێک ، دووکەرەتان خواردن وەربگرێت .

بەڵام مۆر و ئیمزای فەرمانبەرە ژنەکەی کوا "COA" لەسەر کارتە شینەکەی کە گوایە بەشە خۆراکی خۆی وەرگرتووە ، گلی دەدایەوە و ڕێگەی نەدەدا .

- "لێرە برسێتی هەیە ... لە عێراقا برسێتی نییە" .

یەکەم ژەمە خواردنی کە وەرمان گرت ڕانە مریشکێک و تۆزێ برنج بوو . وەلید قاپەکەی فڕێدایە سەر مێزەکە ، سەرنجی هەموانیڕاکێشا ، تووڕە بوو ، بەدەنگی بەرز مشاندی :

- "من فڕوجێکی تەواو و مەنجەڵێک برنج تێرم ناکات ... ئەمە بەلایەکی ورگما ناگات " و ئاماژەی بۆڕانە مریشکەکە کرد . ئەوجا داوای لەمن کرد ، کەخواردنەکەی خۆمی لەگەڵدا بگۆڕمەوە ، ئەو هەموو برنجەکەی خۆیم بداتێ و من ڕانە مریشکەکەی خۆمی بدەمێ . قاییل نەبووم ، هەمان داوای لە تێکڕای ئەو پەنابەرانە کرد کە لەسەر هەمان مێز نانیان دەخوارد .

پێمگوت : "هەندێک برنجت دەدەمێ و تۆشڕانە مریشکەکەم بدەیە" . قاییل بوو و قەپێکی لەو پارچە گۆشتەدا کە بەڕانەکەدا شۆڕ بووبووە ، ئەوجا ڕانەکەی هەڵدایە ناو قاپەکەی منەوە . پارچەیەک ئێسقان بوو کە تازە لەشەڕێکی دۆڕاو هاتبووە دەرێ .

ڕازی نەبووم . ئێسقانەکەی هەڵگرت و پەستایە دەمیەوە . تاتوانی جاکاندییەوە . ئێسقانی داماو لەم بەری دەمیەوە بۆ ئەوبەری دەمی دەگوازرایەوە .

وەلید لە خواردن بووەوە ، قاپە بەتاڵەکەی هەڵگرت ، بەشە چکۆلەکەی مێزەکەی خاوێن کردوەوە . دەنکە برنجێکبە قەراخی ناوەوەی قاپەکەوە نووسابوو ، بەسەری هەردوو قامکی شادە و کەڵەموست گرتی و هەڵیدایە دەمییەوە ، ئێسقانیرانەکەیلەدەم بەربووەوە .

بەزەحمەت دانەوییەوە و خستیەوە ناو قاپەکە ، لەتەنەکەی خۆڵەکە کە تەنەکەیەکی گەورەبوو ، نزیک بووەوە تا بەرماوە کەمەکەی بخاتە تەنەکەکەوە ، ئەوسا چووە دەرێ بۆ ناو مەیدانە ساردەکە تا جگەرە بکێشێت .

لیستێکی ناوی ئەو کەسانە هات کە دەبووایە بەجێمان بێڵن و بڕۆن بۆ دایەرەی کۆچبەران تا لێکۆڵینەوەیان دەگەڵدا بکرێت . ناوییاسەمین و هۆگریشی تیابوو ، داروبەرد و ڕێگاوبانیەکپارچە بەفر و بەستەڵەک بوو .

کارمەندانی"COA" هەوڵیاندەدا ڕێگاکان پاکبکەنەوە ، لێکدالێکدا پەنابەرەکانیان ئاگادار دەکردەوە کە ئاگایان لەخۆبێ نەخزێن ، نەکەون .

هەستم کرد بەشێک لەدڵم لەدەست داوە ، ناوەکان بە تابلۆکەی بەردەرگای پێشوازییەوە هەڵواسرابوون ، چەندین جار ناوەکانم خوێندەوە . بەڵکو خوابەختەکی ناوی منیشی تیابێ . یا بەڵکو بەهەڵە ناوییاسەمینی تێکەوتبێ . یان ... و یان ... یاسەمین لەوێندەر بوو و لێی پرسیم ئاخۆ ناوی منیشی تێدایە ... !!

وەلید بەدەنگی بەرز ئەو ناوانەی دەخوێندەوە کە هاتبوونەوە . هەردوو ناوییاسەمین و هۆگری خوێندەوە . کە لەخوێندنەوەی ناوەکان بووەوە گوتی : "ناوی وەلیدی تیا نییە ... نەفرەت لە وەلید و لەبابی وەلید و هەرچی ناو هەیە" و ڕۆیی .

یاسەمین ، هیوای خواست کە بەزووترین کات ئیقامە وەربگرم و ، لەڕێگای دوور و درێژی سەفەری پەنابەریدا بمبینێتەوە . نە تەلەفۆنی هەیە و نە ئیمێل . یاسەمین سەر لە ئینتەرنێت و ئەوشتانە دەرناکات ، هەرنازانێ ئینتەرنێت چیە .

دەگەڵ کوڕەکەیدا بەجێ هێشتین ، پتر لەجارێک بەدەست ماڵاوایی کرد . پڕ بەدڵحەزم دەکرد دەست لەملی وەرینم ، توند لە هەمێزی بگرم ، بە خۆوەی بگوشم . بەڵام پێدەچێت کات ئەوەندەی بەبەرەوە نەبێ کە بەکامی دڵی خۆ ماڵاوایی بکەین .

ئەرێ ئاشقییاسەمین بووبووم !! لەم ماوە کەمەی هۆڵاندا لەم دەربەدەرییەدا ، حەزم لە یاسەمین کردبوو !! ئایا هەنووکە لەدەستم چووبوو !!

ژیانی پەنابەری وایە ، دەبێ بەرەبەرە هەستەکانت لەدەست بدەی . پەنابەری دەکاتە ئەوەی توانای ئاراستەکردنی هەستەکانت نەمێنێ ... یەک بەیەک لەدەستیان بدەیت .

هەستی وابەستەگیت بەخانەوادەیەکی دوور ، لەدایکی نیشتمان لەدەست بدەیت . ئەوجا برادەرەکانت لەبیربکەیت . ئەوجا کاروپیشەت ببێ بەوەی لەهەندێ کاتی دیاریکراوا نان بخۆیت ، لەهەندێ کاتی دیدا ، بەحەسرەتی خۆشەویستی و ڤیانەوە بخەوی . پاشان خۆت بەوە ڕاببێنی هەموو شتێک لەدەست بدەیت ، لەهەر وابەستەگیەک بەدوور بیت .

# زیڤینار

دوایڕۆیشتنییاسەمین بەمانگێک ، لەلایەن دایەرەی کۆچبەرییەوە بانگ کرام . هەرچیم کرد و کۆشا نەمتوانی هەنجەت و بیانوویەکی بەجێ بدۆزمەوە کە ببێت بە پاڵپشتێکی پەسەند بۆداوای پەنابەرییەکەم ، لەدڵی خۆدا گوتم ئەگەر بە جوانی ئەوە بۆ دایەرەی کۆچبەرپروون بکەمەوە کە حەزم لێیە لە ئەوروپادا بژیم و لەوێندەر ژیان بەسەر بەرم ، بەس بێ بۆ ئەوەی وەرم بگرن .

مەملەکەتی هۆڵاندا پێویستی بەمنە ، من خوێنکاری زانکۆم ، خوێندنی زانکۆم تەواو کردووە ، ئینگلیزییەکی باش دەزانم و ، فێری هۆڵاندیش دەبم و ، هەر

هەموو هێز و توانا و زانیاری و زانستێکی خۆم بۆ هۆڵاندا و هۆڵاندیان تەرخان دەکەم .

پێموایە ئەوە بەسە بۆ ئەوەی ئیقامە وەربگرم . من کەسێکی باش و بەسوودم ، لەوەش باشتر بابایەکی گەنجم .

دوا شەوی خۆم لە ئودی پیکیلاڕۆژ کردەوە . بەدەم خەوەوە جۆرەها بیروخەیاڵ ، وەکو کانییەکی کوردەواری چیایە زۆر و زەبەندەکانی ئێران ، لەمێشکما هەڵدەقوڵی .

یاسەمین ، بەتاقی تەنیا لەگەرماوەکەدا ڕاوەستابوو ، کراسێکی تەنکی لەبەردابوو ، زۆر لاواز دیار بوو . لەکارمەندە ژنەکەی"COA" دەچوو ، ئەو ژنەی لە تیرئاپل ، دیتبووم ، یا لە ژنە دراوسێکەی هەولێرمان دەچوو .

گەرماوەکان پڕبوون لە پەنابەر ، هیچ کەسێک هەستی بەوە نەکرد کە یاسەمین لەوێندەرەوە بۆم دەگرژییەوە . سۆماڵیەک تفێکی کردە دەست شۆرەکەی بەرانبەرەوە ، قورگی پاک کردەوە ، کۆمەڵێک دەنگی سەیری دەرهێنا ، ئوتۆمبیلێکی باری گەورە ، دووکەڵەکەی کرد بەسەروچاوما و لە تەماشاکردنی کردم . کە دووکەڵەکەڕەوییەوە ، گەرماوەکان سارد بوون ، سۆماڵیەکە هەر خەریکی بەڵغەم فڕێدان بوو . ئەوسا لەناکاوا وەخەبەر هاتمەوە .

ئەوڕۆژەی کە لە ئودی پیکیلا دەڕۆیشتم بەڕێکەوت تۆف و کڕیوەیەکی دیکە لە هۆڵاندا هەڵیکرد . بایەکی توند ، بەتوندی کلو بەفرەکانیرادەپێچا . ڕێگاکە بوو بە جۆگایەکی سپی درێژ ، هەموو شتێک سپی دەچووەوە ، بینایەکان نەدەبینران ، کۆمەڵێک پەنابەر وەکو بەردی شەترەنج ، بەسەر خانە سپیەکانەوە دەجوڵان .

فەرمانبەران لە نووسینگە و ئۆفیسەکانی خۆیاندا بوون . ئوتۆمبیلان لایتیان پێکردبوو ، بە ئاسیی بەسەر ڕێگا سپیەکەدا دەڕۆیشتن . کارەبا پێبوو . ئەوەی بۆ من مایەی سەرنج بوو ، کارەبا هەڵبوو ، لەڕۆژانیتوف و کڕیوەشدا نەدەکوژایەوە ، شەپۆلیهاتوچۆی ئوتۆمبیلان نەدەوەستا .

برادەرم نەبوون تا لە ئودی پیکیلا دوعا خوازیان لێبکەم ، بەتاقی تەنیا وەدەرکەوتم ، لەسەرما هەڵدەلەرزیم .

خا" ئینیکا"، کارمەندی کوا ، دەگەڵمدا بۆ ژووری پێشوازی هات . لەوێ کاغەزێکم ئیمزاکرد ، ئیدی لەوێوە ئەرکی ئیدارەی کەمپی ئودی پیکیلا تەواو بوو ، هیچ پەیوەندییەکم بەوێوە نەما ، ئێستا بەڕێوەم بۆ"Zevenaar" زیڤینار ، کە دەکەوێتە سەر سنورپڕۆژهەڵاتی هۆڵاندا ، خا " ئینیکا" نەخشەیەکیڕێگاوبان و بلیتێکی سواربوونی قیتار و پاسی داگکارت "Dagkaart"ی دابوومێ ، لەگەڵ

مەوعیدنامەیەکدا کە لە دادگای زیڤینار ئامادەبم بۆ لێکۆڵینەوە ، تا جەنابعالی سەباح خەلیل ، لە مەملەکەتی نزمیدا ، ئیقامە وەربگرێ .

ئێوارێ گەییمە وێستگەی قیتاران لە ئارنم "Arnhem" ، بەفر و کڕیوەکە خۆشی کردەوە ، ئیدی بەفرێکی زۆر لە ڕەخیڕیگاکە کەڵەکە بووبوو .

هەوڵمدا کۆدی ئەو نەخشەیە بکەمەوە کە خا "ئینیکا" پێی دابووم . دەبوایە کامە قیتار بگۆڕم ، لە چ وێستگەیەک و لە چ کات و سەعاتێکدا . دەبێ چ ڕێگایەک بگرمەبەر ، دەبێ چەند دەقیقە بڕۆم تا دەگەمە وێستگەی پاس ، دەبێ سواری چ پاسێک بم و کەی دابەزم .

سواری پاسی زیڤینار بووم ، بۆ کامپی پەنابەری تایبەت بە دادگا . کیژێکی چینی لەیەکەم کورسی پاسەکەدا دانیشت ، چاودێریم دەکرد . پرسیاری ئەدرەسێکی لە شوفێری پاسەکە کرد ، هەمان ئەدرەس بوو کەمن بۆی دەچووم .

ڕێگامان هەمان ڕێگابوو . کیژە چینییەکە کورتە باڵا بوو ، لەسەباح خەلیل کورتە باڵاتر بوو . لە جوان دەچوو ، نازانم ، چونکە من مەرجی جوانی تایبەتی لای چینیانم نەدەزانی .

هەرمیللەتە و مەرج و پێوەری تایبەتی خۆی بۆ جوانی هەیە ، بەگوێرەی پێوەرە جوانیناسیەکانی سەباح ، تییو"Teoyo" لەجوان دەچوو .

کە" تییو" لە پاسەکە دابەزی ، منیش دابەزیم ، دوای کەوتم . بەهێواشی و بەڕێگایەکی تەنگی تاریکداڕێی دەکرد ، ئەم ڕێگایە تایبەت بوو بە پاسکیل . ناوبەناو ئاوڕی لەمن دەدایەوە و پاشان لەسەر ڕێکردنی خۆی بەردەوام دەبوو .

وەستا ، دەلەرزی . بەدوو دڵییەوە لێی نزیک بوومەوە و ، لێم پرسی کە کێوە دەچێت ، کاغەزێکی بەدەستەوە بوو دایمێ ، تکای لێکردم کە دووی نەکەوم . کاغەزەکە هەمان ئەدرەس و ناونیشانی تیابوو کەمن بۆی دەچووم .

"تییو" گوتیڕێگا بەڵەد نییە ، خۆزگەی دەخواست چاو بنوقێنێ و خۆی لەو شوێنەدا ببینێتەوە . کاتێ چاوەکانی نوقاندن ڕوندک وەکو بارانی بوهار لە چاوانی هاتنە خوارێ .

کاتێکم زانی منی ترساو و وێڵ ، دڵخۆشی دەدەمەوە .

خەمت نەبێ ... نیگەران مەبە ... شوێنەکە نزیکە ... هەرچۆنێک بووە دەیدۆزینەوە ... خەمت نەبێ ...

لەوساتەدا ناچاربووم ئازا و بوێر بم . سەباح خەلیلی ترسنۆک ، دوو دڵ ، پڕیارە ئازابێت ، چونکە کیژێکی خەڵکی چین ، یا هندی چینییا خەڵکی تیبتیان

هەرشوێنێکیرۆژهەڵاتی دوور ، پێویستی بە ئازایەتی منە . من لەم ساتەدا ، لە تییو بەرپرسم .

گەڕاینەوە بۆ وێستگەی پاسەکە ، چاوەڕوانی کەسێکی بەڵەد بووین ، ئەو ڕێگایەمان پێ نیشان بدات کە دەبوایە بیگرینەبەر . کەمپەکە زۆر نزیک بوو ، هەرئەوەندە بەس بوو ، بە دەوری ئەو بینایەیڕووبەڕوویڕێگا گشتیە تاریکەکەدا بسوڕێینەوەو تەواو ، ڕێگاکە تاریک بوو ، لایتی ئوتۆمبیلانی تیژتێپەڕڕوناکیان دەکردەوە و دەنگی قیتارێکی دوور بێدەنگیە سووکەکەی دەشڵەقاند .

گەیینە بەر دەروازەی کەمپەکە ، بەو ئاڵایەدا زانیمان ئەمە کەمپەکەیە ، کە ئارمیرێکخراوی"کوا"ی پێوەبوو .

سیکیوریتییەکە لەهۆڵی پێشوازیدا ، داوای ئەو کارتە شەخسیە تایبەتیەی لێکردین کەکاتی خۆی لە تیرئاپل وەرمان گرتبوو . ئەوجا تاکیدی کرد کەناوەکانمانی لە لایە .

ئەوسا سەرو پەتۆ و کیسەیەکی پڕ لە کلینکس و خاولی و فڵچەی دان و سابوون و شامپۆی داینێ ، هەمان ئەو کیسە و شتانە بوو کەلە هەر کەمپێکی تازە وەرمان دەگرت و ، داوای کرد کە دووی بکەوین .

"تییو" چوو بۆ قاتی دووەمی بینایەکە و ، من چووم بۆ قاتی سێیەم . چوومە ژوورێک کە سورییەک و دوو عێراقی تیابوو . هەرهەمووومان عەرەبیمان دەزانی .

سکیورتییەکە "ئاسایش" ، وەکو میوانێکی تازە بەوانی دیکەی ناساندم و هیوای بەختەوەری لەم شوێنە تازەیەدا بۆ خواستم . پێیگوتم ئامادەیە هەر کێشەیەکم بۆ پێشهاتیارمەتیم بدات و بۆمی چارەسەر بکات ، پاشان شەوباشی لە هەمووومان کرد و وەدەرکەوت .

ئەوانەی ناو ژوورەکە بەگەرمی پێشوازیان کردم . برسیم بوو ، بەڵام ژوورەکە نە نان و خۆراکی تیابوو نە ئاو ، هێشتاش زۆری مابوو بۆنانی بەیانی کە سەعات شەش دابەش دەکرا ، و کوڕە سوریەکەش گوتی بەهیچ جۆرێڕێگەنادرێت خواردن بۆ ژوورەکان بهێنرێت .

لەقاتی دووەمی قەرەوێڵەکەدا ، لەسەرووی جێگاییارۆی سورییەوە خەوتم . هەرچەندە ژوورەکە زۆرگەرم بوو ، کەچی هەستم بەسەرما دەکرد . یارۆی سووری گوتیرەنگە سەرمایڕێگابێ و چووبێتە لەشتەوە ، پێی گوتم حەمام گەرمە و خۆم بشۆم ، بەڵام لەوە شەکەت تر بووم بتوانم بچمە گەرماو .

سکیوریتیەکە ، سەعات پێنجی بەیانی بێداری کردینەوە ، هەڤاڵەکانمان دواکەوتن ، دەرفەتم هێنا و خۆم بە گەرماوەکەدا کرد ، هێشتا شتاقیان لەخەو

ڕانەبووبوون کە خۆم گۆڕی و جلەکانم لەبەر کرد ، دووبارە خەبەرم کردنەوە و دابەزیم بۆ قاتییەکەم. سکیوریتییەکە ، بە ئاماژە تێی گەیاندم کە لەویندەر خواردن دابەش دەکرێت . لەڕیزی وەرگرتنی تێشتدا وەستام . "تییو" ش لەوێندەر بوو .

لەسەر مێزەکەی ئەو دانیشتم ، سڵاوم لێکرد ، سڵاوەکەی سەندمەوە ، بەڵام سەیری پێهات ، دەتگوت یەکەمجارە دەمبینێ . ویستم پێی بڵێم ئەدی دوێنێ هەردووکمان ڕێگەمان گوم نەکردبوو !! بەڵام قسەکەی خۆم خواردەوە و هیچم نەگوت .

من کوردم و لە عێراقەوە هاتووم . عێراقێکی داڕوخاو ، نا ئەمین ، و ژیانم لە مەترسیدایە . ئەمە ڕوون و لەبەرچاوە ، بەڵام هیچ دیار نییە ، ئیقامەم دەدەنێیا نا .

من کوردم و کورد ، ماوەیەک لەوەپێش زۆر خراپ چەوسێنراوەتەوە و غەدری لێکراوە ، ئەمە شتێکە بۆ من و بۆ هەموو کوردێک دیار و ئاشکرایە ، بەڵام هیچ دیارنییە کە ئێستاوەردەگیرێمیان نا . کورد ئەمڕۆ لە وڵاتی تایبەتی خۆیان ،سەلامەتن و مەترسیان لەسەر نییە.

برایمی سووری گوتی ، ئەمڕۆ پشووە ، ئەمڕۆ لە زیڤینار ، لێکۆڵینەوە نیە ، سبەینێش لێکۆڵینەوە نییە .

عێراقیەکە پێشنیازی کرد کە بۆبازاڕ بڕۆین . پێشنیازەکەیم بەدڵ بوو ، چونکە لەوەتای گەیی بوومە هۆڵاندا ، تەنیایەکەم رۆژی گەیشتنەکەم بازاڕم دی بوو ، جگە لە کەمپە یەک لەدوویەکان ئیدی هیچ شوێنێکی دیکەی هۆڵاندام نەبینی بوو . کەمپی تیر ئاپل ، ئودی پیکیلا ، و هەندێ بەشی زیڤینار ، حەزم دەکرد بۆ بازاڕ بڕۆم ، بەڵام ئەوانی دی دڵیان پێوە نەبوو . ڕۆژی دوایی بەتاقی تەنیا لە بازاڕە چۆڵەکەی شاردا دەسوڕامەوە .

داخرابوو ، گەنجێک پێدەچوو هندی بێ ، بەڕەنگ و ڕوویدا وادیاربوو کە خەڵکی هند بێت . گەنجێکی بچووک ، پیرەژنێک قۆڵی بە قۆڵیا کردبوو . وام هەست کرد ڕەنگە نەنکی بێت ، کاتێ لەمن نزیک بوونەوە ، زۆر بەوردی دیقەتم دەدان ، پیرەژن دەمی کوڕەکەی ماچ کرد و ، دەستی لەملی وەرینا ، لەپڕ بۆم دەرکەوت کە منی مەبەستە ، ئەمە پەیامێکە بۆمن ، بۆم دەرکەوت تومەز دەیەوێ بەمن بڵێت کە ئەم کوڕە خۆشەویست و مێردمە و ، من نەنکی ئەو نیم .

یارۆی هندی تەریق بووەوە ، بەڵێ هەستی بەشەرمەزاری کرد ... شەپۆلی ئەو شەرمەزارییە ، بەندەری چاوە ڕاوچیەکانمی پڕی ، دەمویست پێبکەنم ، گاڵتە بە خۆی و بە ژنەکەی بکەم . دەمویست هەرچی نائومێدیەکی خۆم هەیە ، هەڵبڕێژمە سەر شاڕێگای ماچە تاڵەکەی ئەوان .

که ئەو حاڵەتەم بینی ، لەناکاوا ، دەنگێک لە دەروونەوە هاواری لێکردم:"دۆزیمەوە". لەدڵی خۆدا گوتم چۆنە پیرەژنێک بدۆزمەوە بۆماوەیەک شووم پێبکات ، تا پاسپۆرتێکی ئەوروپی وەردەگرم ، هەنگێ تەڵاقی دەدەم ، دەگەڕێمەوە بۆ خودی خۆم ، دەگەڕێمەوە بۆلای کچانی خەونەکانم .

خۆ ئەم هندییە چکۆلەیە لەمن زیاترنییە ، نەلە من باشترە و نەلەمن زیرەکترە ، ئاخر ئەگەر ئەم بۆرە قنەیە توانیبێتی کیژی پیری خۆی پەیدا بکات ، ئەوا سەباح کوردی دەتوانێ شتێکی وەکو ئەوەی ئەو بدۆزێتەوە ، ڕەنگە لەوەی ئەویش کەم تەمەنتر و سیما جوانتر بدۆزێتەوە .

تفێکمڕۆکردە سەرزەوی ، کەدەبوایە تف بکەمە چارەی خۆم ، چونکە بەشێوەیەک بیردەکەمەوە ، هەموو خەون و ئاواتەکانی خۆمم بەکەرەتێک لەگۆڕنا .

پیرەژنەکە ئاوڕی لای منی دایەوە ، گڕ لە چاوانی دەبووەوە. بەڕاکردن دوور کەوتمەوە .

ناتوانم بۆی شرۆڤە بکەم کەبۆچی ئەم تفەم کرد ، باوەڕیش ناکات کەمن تفم لەوە دەکرد ، کەچۆن کۆشکی خەونە سەباحیەکان بەو خێراییە داڕوخا و هەرەسی هێنا .

# لێکۆڵینەوە

بەیانیڕۆژی دووشەممە یەکەم کەس بووم کە هەستام ، زۆر دەترسام ، چرەتەمتومانی هۆڵاندی بەری بەفرەکەی گرتبوو ، بەری دەرگای مووبەقەکەی لەقاتی خوارەوە ، گرتبوو .

شوفێرەکە ، هەمان تێشتی پەنابەرەکانی دەخوارد .. دووپارچە نانی بۆر و توێژاڵێک پەنیر و قاڵبێک کەرەی بچووک و قاڵبێک مرەبا و کووپێک شیر .

جانتایەکم لە ئودی پیکیلا کڕی بوو ، جلەکانم و هەندێ وردەواڵە و پێویستی دیکە و پاشماوەی ئەو شتانەم تێ نا کە " کوا " لەکاتی هاتنمدا پێی دابووم .

دەبوایە بەجۆرێ لە ژوورەکە وەدەر بکەوم ، وەکو ئەوەی کە جارێکی دی ناگەڕێمەوە .

لە زیڤیناردا خۆر نییە ، یا تەم بەری گرتووە ، یابەفر ، یا تاریکی ، یا ئەو لێکۆڵینەوەیەی کەقەراربوو ئەمڕۆ لە دادگای زیڤینار لەگەڵمانی بکەن .

ڕەنگە خۆر لەوێندەر پەنابەر بێ ، لەوەیە لەوێ ، لەخاکی نەوییان ئیقامەیان پێ نەدابێ و بیری لەوە کردبێتەوە بڕوات بۆ سوێدی وڵاتی خەونان . یا لەوەیە پۆلیسە بۆکس وەشێنەکەی ئەڵمانیا گرتبێتی و حەسیر مەیدانێکی باشی کردبێ و بۆخۆی لەداخ و حەژمەتاندا توابێتەوە .

تەنیا هاڕەی پاسەکە و ترسی وەرگرتن و وەرنەگرتنم ، لەونگەکانی بیر و خەیاڵمدا دەیانخوێند

کاتی خۆی کە داوای هەڵگەڕان و داگەڕانیاڕاکردنیان لێدەکردین ، دەکەوتمە پێش هەمووانەوە ، ئەمڕۆ لاقەکانم لەدووم نایەن ، لاقی هاوڕێکانیشم لەدوویان نایەن .

بەکاوەخۆ لەپاسەکە دابەزین ، بەهێمنی شتەکانمان هەڵگرت ، بەئارامی چووینە قەفەزە ئاسنینەکانەوە ، چەند جارێک چاوانم هەڵگلۆفت ، تابزانم ئەو دەرگایەی لێوەی چووینە ژوورەوە لەدەرگای زندان دەچێت ، ئەو حەسارەی لە دەوری بیناگەورەکە کێشرابوو ، حەساری زندانە یان نا .

یارۆی سووری گوتی : ئەمە زندانە ؟

وەکو من دەترسا . وەکو من دوودڵ بوو . دڵنیای دەکردم کە ئەم بینایە زندانە ، دووپاتی دەکردەوە کە ئێرە زندانە ، بەڵگەش ئەوەیە کە دیوار و حەسارەکەی تەلبەندە و ئێمە حاڵی حازر لە هۆڵاندا زندانین .

کە چووینە ژوورە گەرمەکەوە ، پاش ئەوەی کارتی لێکۆڵینەوەمان وەرگرت و کاغەزێکمان ئیمزاکرد کە کارتەکەمان وەرگرتووە ، یەکەم پرسیارم لە لێکۆڵیارەکە ئەوە بوو :

-ئایا من لە زنداندام ؟

لێکۆڵیارەکە پێکەنی ، بە هۆڵاندییەک بەرسڤی دامەوە کەیەک وشەی لێ حاڵی نەبووم ، خانمێک کەلەدەرگا گەورەکەوە تاژووری لێکۆڵینەوە دەگەڵماندا هاتبوو ، بۆی پاچڤەکردم کە نەخێر ، هەرگیز شتی وانییە ، تۆ حاڵی حازر لە خاکی هۆڵاندادای ، تۆ بەرەو ئەوە دەچیت ببیت بە هاوڵاتیەکی هۆڵاندی ، هەر ئەوەندەت ماوە ئیقامە وەربگریت .

لەهەنبەر لێکۆڵیارەکە دانیشتم ، خانمە دیلمانجەکە" پاچڤەکار" لە دەستی چەپی ئەوەوە و لەوسەری مێزەکەوەڕۆنیشت . لێکۆڵیارەکە خێرهاتنی کردم ، خۆی پێم ناساند و دیلمانجەکەی پێ ناساندم ، دووپاتی کردەوە کەبۆ ئەوە لێرەیە تایەکەم مقابەلەم بەگوێرەییاسا ، لەگەڵدا بکات .

بەئاماژە حاڵی کردم کە دیلمانجەکە کاری پاچڤەمان بۆدەکات ، لەسەرمە بەکورتی و بەشێوەیەکیروون و خویا وەڵامی هەر پرسیارێک بدەمەوە و ، لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا ، فایلی لێکۆڵینەوە تایبەتییەکەم ، هەرهەمووی دەنێرێت بۆ پارێزەرە تایبەتیەکەی من .

ئەگەر تواناى گرتنی پارێزەرم نەبێ ئەوا خۆیان پارێزەرم بۆ دەگرن ، لێی پرسیم کە ئاخۆ پارێزەرم گرتووە ، وەڵامم دایەوە نەخێر . حەپەسابووم ، نەمدەزانی مەسەلەکان بەم ڕادەیە ئاڵۆزن . وێنام نەدەکرد کە مەسەلەی ئیقامە و ئاکنجی بوون لەم هۆڵاندا بچووکەدا ئەم هەموو ئیشە گەورەیەی دەوێ .

لێکۆڵیارەکە گوتی دەوڵەتی هۆڵاندی بەخۆی خەرجی هەموو شتێک دەکێشێت و ، هیوای سەرکەوتنی لەلێکۆڵینەوەکەدا بۆ خواستم .

ئەوسا داوای لێکردم کە کەمێک باسی خۆمی بۆبکەم ، من کێم ، کەسوکارم کێن ، کوێندەریم ، چیم خوێندووە ، لەکوێ دەژیام . هەموو شتێکم پێگوت و کاتێ داوای تەسکەرە و ناسنامەی شەخسی لێکردم ، وەڵامم دایەوە کە قاچاخچیەکە هەرهەمووی فڕێداوە . ماوەیەکی بۆدانام کە پەیوەندی بەکەس و کارمەوە بکەم تا تەسکەرە و ناسنامەم بۆ بنێرن .

ئەوسا مەوعیدێکی تازەی بۆدانام و پێی گوتم کە بەڵگەنامەکان لەگەڵ خۆدا بێنم و ئیدی کۆتایی بە لێکۆڵینەوەکە هێنا .

لە مقابەلەکە وەدەرکەوتم ، نەمدەزانی ئاخۆ سەرکەوتوو بوو یان ناکام . نەمدەزانی دڵخۆش بم یان دڵتەنگ ، زۆر دوودڵ و نیگەران بووم . ئەوەی پتر نیگەرانی کردم ، ئەوە بوو کەمن ئەمڕۆکە کابرایەکم بێ ناسنامە ، بێ شەخسیەت و بێ هیچ بەڵگەنامەیەک .

کابرا سووریەکە گوتی لەوەتای گەییوەتە هۆڵاندا و تا ئێستاش ، لە پرۆپاگەندەیەکدا کە لەهەموو شوێنێکدا بڵاوە ، خوێندوویەتیەوە کە هەر پەنابەرێک لەسەرێتی شەخسیەتی خۆی ساغ بکاتەوە و بیسەلمێنێ ، ئەگەر ئەمە نەکات بۆی نییە لە هۆڵاندا بمێنێتەوە .

شەوێ پەیوەندیم بە بابمەوە کرد ، ئەو دەیویست من باسی ئیش و کاری خۆمی لە هۆڵاندا بۆبکەم ، باسی جادە و شەقام و کیژانی بۆبکەم و من داوام دەکرد کە بەڵگەنامە و شتانێکم بۆڤڕێ بکات کە شەخسیەتی خۆمی پێ بسەلمێنم .

دیاربوو بابم لەماڵەوە میوانی هەبوو ، پێموایە دەیویست ئەوەیان بەگوێدا بدا کە کورە بچووکەکەی لە ئەوروپای دەوڵەمەندە و کیژان و شەقام و مەیدانەکانی ئەوێندەر بەچاوپڕێزەوە تەمەشای دەکەن .

وام کرد . کەوتمە درۆیان ، لەکۆتایی قسەکانمدا کە گوتی خەمم نەیێت و بەئاسوودەیی بنووم ، توانیم ئەوەندەی پێ بڵێم کە پێویستم بە بەڵگەنامەیە کە شەخسیەت و کەسێتی خۆمی پێ بسەلمێنم ، ئیدی بلەز تەلەفۆنەکەی داخست .

دوای دوو ڕۆژ ، ئەو پارێزەرەم کە دایەرەی کۆچبەری بۆی گرتبووم ، بینی ، ئیدی بەدوور و درێژی هەموو ئەو کارانەی بۆباسکردم کەلەسەرمە بیانکەم ، هەر لە سەلماندنی شەخسەیت و کەسێتی خۆمەوە تا مەبەستی هاتنم بۆ هۆڵاندا بۆچی بۆ هۆڵاندا هاتووم و چۆن گەییوومەتە ئەوێ .

ئەوسا گوتی کەئەو هیچ شتێک دەربارەی من نازانێ و دەیویست بەدڵی خۆم شتێکی دەربارەی خۆم بۆ بگێڕمەوە . دوای دوو هەفتە بابم بە پۆستەدا ناسنامەی خۆم و کارتی زانکۆکەم و پاسپۆرتی بۆڤڕێ کردم . چۆنی پەیدا کردبوون و کێیارمەتی دابوو و چەندی پارەدابوو !! نازانم .

پەیوەندیم بە پارێزەرەکەمەوە کرد و لەوەم ئاگادار کردەوە ، گوتی پەیوەندی بەدایەرەی کۆچبەرییەوە دەکات تا مەوعیدێکی نزیکم بۆدابنێت .

لەژوورە بچووکەکەی ناو زندانە گەورەکەدا ، ئەو بەڵگەنامانەم ، کەبابم بۆی ناردبووم ، خستەبەر دەست لێکۆڵیارەکە . لێکۆڵیارەکە بزەیەکی کرد و گوتی تاقیق دەکات تابزانێ بەڵگەنامەی تەواون یان قەڵب و ساختەن . ئەمە کاری لیژنەێن پسپۆرە، ئەوجا لێکۆڵینەوەیراستەقینە دەستی پێکرد .

زۆر بەوردی بۆم باسکرد کە چۆن گەییومەتە هۆڵاندا ، بێ ئەوەی باسی ئەوە بکەم کە بە ئەڵمانیادا تێ پەڕبووم ، چۆن بەر بۆکسی ئەڵمانیان دراوم و لەپەنا وپاسارەکانی ئەوێدا ئاوارەبووم .

یارۆی قاچاخچی گەیاندومیە هۆڵاندا ، لە قسەکانما کەم و زۆر ناوی ئەڵمانیام نەبرد ، پەڕاندم ، ئەوانی ترم وەکو خۆی لەسیری تا پیازی بۆڕوون کردەوە .

ڕەنگی تاقەیەک ئوتۆمبیلم لەو هەموو ئوتۆمبێلانە کەسواریان بووبووم نەدەزانی .

ناوییەک کەسم ، لەو هەموو کەسەی لەم سەفەرەمدا هاوسەفەرم بوون ، نەدەزانی .

ناوی قاچاخچیەکە و شەریکەکەی دیکەیم نەدەزانی،بەڵام ئەوەم بۆ دووپات کردەوە کە تەنیا ناوی" ئەبومەنان " و " شۆڕۆ" دەزانم ، تەنیا بەناو دەیانناسم ، بەڵام هیچ شتێکیان دەربارە نازانم .

پێدەچوو ، لێکۆڵیارەکە قەناعەتی بەو قسانە نەیێت .

دیلمانجەکە لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا هەناسەیەکی هەڵکێشا و هەستم کرد کە ئەرکی خۆی جێبەجێکرد ، بەڵام ئاسوودە نەبوو . چواردانە سەعات بە پاچڤەوە بوو . چوارسەعات کەم نییە . داوای بوردنم لێکرد کە زۆرم درێژدادڕی کرد ، گوتی پێویست بە عوزرخوایی ناکات ئەوە ئەرکی ئەوە ، پاشان قسەکەی من وقسەکەی خۆی بۆ لێکۆڵیارەکە پاچڤە کرد .

کاتێ بۆ زیڤینار گەڕامەوە ، زۆر پەشێو بووم ، لەژیانما ئەوەندە پەشێو نەبووبووم . خۆزگەم بە هەڤاڵ دەخواست . خۆزیام دەخواست یاسەمین بام، خۆزیام دەخواست عێراقیەک بام و هەوڵی کوشتنی درابا ، خۆزیام دەخواست سۆماڵیەکیا ئەفغانییەک بام .

سەباح خەلیلی کوردی خەڵکی کوردستان بووم ، ئەو سەباحەی حەزدەکات ، لە ئەوروپادا بژی ، حەزێکی بێ چیرۆکێکیپروون ، بێ کول و کوڤان ، یا دیلمانجەکە گوتەنی ، هیوایەکی گەورە بێ کەمترین ئیمکانیەت .

شەوێ کابرا سوورییەکە باسی خۆی کرد ، لەسووریا گیرابوو ، لەسەر ئەوەی لەحیزبێکی سیاسی ئوپوزیسیوندا بووە .

پتر لەدەساڵی لە زیندانانی جیاوازدا بەسەر بردبوو ، هەرهەمووی بەدوور و درێژی گێڕایەوە ، باسی ئەوەی کرد کە بەچ ئامێرێک و چۆنیان ئەشکەنجەدابوو .

بەجۆرێ ئەزبەری کردبوون و دەیگێڕانەوە وەکو ئەوەی کتێبێک بێت لەبەردەمیا و بەڕەوانی بیخوێنێتەوە کە چیرۆکی ئەشکەنجەکانی خۆی دەگێڕایەوە ، ئازام گرژدەبوو ، بەڵام خۆی ئاسایی بوو .

بەرلەوەی لەسووریا هەڵبێت ، ئاسایشی سووری کۆمەڵێک لە هاوڕێکانیان گرتبوو ، هەستی کردبوو ، نۆرە دێتەسەر ئەویش ، بۆیە هەڵهاتبوو . ماڵەکەی فرۆشتبوو ، کچە بچووکەکەی و ژنەکەی بەبێ خێو ، بەبێ پارە لەسووریا بەجێ هێشتبوو ، هەرچی پارە و پولێکی هەبوو ، دابویە قاچاخچیەک و گەیاندبوویە هۆڵاندا .

لەدڵی خۆمدا دەمگوت ڕەنگە بە ئەڵمانیاشدا تێپەڕی بێ ، وەکو من بۆکسی خواردبێ ، بەڵام ئەم ئەڵقەیەی بەسەرهاتەکەی پەڕاندووە .

لێم پرسی باشە بابایەکی سووری وەکو ئەو بۆ ئەم چیرۆکە بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە ! بۆچی ئەم سەربهوردەی خۆی بۆ لێکۆڵینەوەکە هەڵناگرێت .

-هیچ شتێکم نییە بیشارمەوە . ئەمە قۆناغێکی سەرەکی ژیانی سەخت و دژواری منە ، بەڵگەی تەواوم لەبارەیەوە هەیە . ئەمڕۆ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵماکرد و تەواو . سۆزی لێکۆڵیارەکە و دیلمانجەکەشم جولاند .

لێکۆڵیارەکە بەڵێنی دامێ کە وەڵامی دایەرەی کۆچبەری دوانەکەوێت و بەم زووانە دێتەوە .

دیلماندەکە پێی گوتم ، لێکۆڵیارەکە زۆر بەلوتف بووە لەگەڵما ، بەپەرۆشەوە گوێی لەقەسەکانم گرتووە ، دڵنیای کردمەوە کە ئەمە نیشانەیەکی باشە و جێگای ئومێدە . پاشان گوتی ، لەو باوەڕەدام کەتۆ لێرە لە هۆڵاندا وەردەگیرێیت ، هەڵبەتە ئەم قسەیەی بۆ لێکۆڵیارەکە پاچڤە نەکرد .

ڕۆژی دوایی ، بڕیار درا کە کابرای سووری بۆ کەمپێکی دیکەی ناو هۆڵاندا بگوازرێتەوە . منیش دەبوایە لە زیڤینار چاوەڕوان و پەیگیری لێکۆڵینەوە بکەم .

خۆزیام دەخواست ، زیندانیەکی ناو زیندانەکانی سووریا بوایەم ، ئەندامی حیزبێکی نهێنی ئوپۆزیسیون بوایەم .

ئەوشەوە خەوم بینی ، لەخەوما ئەندامی حیزبێکی نهێنی کوردستان بووم ، شەونامەم بڵاودەکردەوە ، لە لێکۆڵینەوەکەدا نوسخەیەکم لەو شەونامەیە پێبوو کە بڵاوم کردبووەوە ، کۆمەڵێک وێنەی ئەندامانی حیزبەکەم پێبوو و ، لێکۆڵیارەکە بەخۆی دەست خۆشی و پیرۆزبایی ئەو کارە مەزنەی لێکردم .

بەیانی لەکەمپەکەدا پارچەیەک پەنیر و دووپارچە نانی سپی و کووپێک چایم خوارد . نیوەڕۆ لە زندانی لێکۆڵینەوەدا دوو پارچە نانی بۆر و پارچەیەک پەنیر و کووپێک شیرم خوارد . ئێوارەش لەکەمپەکەدا پارچەیەک پەنیر و دوو گوێچکەنانی سپی و پەرداخێک شەربەتی پرتەقاڵم خوارد .

سێ دانە ڕۆژ ، دانەنیشتم . تەنیا بۆ میزکردن تەوالێتم بەکار دەبرد . ژانە سکێکی بەردەوامم تووش بووبوو ، لەوە دەچوو هی قەبزییەکەم بێ ، نەک هی نیگەرانی ئەوەی کە ئیقامەم نادرێتێ .

لەکۆتایی هەفتەدا ، دایەرەی کۆچبەری ، لێبڕاڕەوانەی کەمپی" ئایند هوفن"م بکەن کە لە باشووری هۆڵاندا بوو . یەکێک لە فەرمانبەرەکانی زندانی لێکۆڵینەوە پێی گوتم کە دایەرە وا زوو قەراری قەبوڵکردنیاڕەفزکردنی ئیقامەکەم نادەن ، ئەمە وەختی تەواوی دەوێ ، بۆیە دایەرەی کۆچبەری وای بەباش زانی تاکاتی قەرارییەکجارەکی دێت ، بۆ کەمپێکی کاتیتڤڕێ بکات . ئەوجا کۆمەڵێک کاغەزم ئیمزاکرد .

شەوێ ئوتومبێلێکی تایبەتی دەگەڵ ئێرانیەک و ، ئافرەتێکی ئەرمەنیدا بۆ کەمپی" ئایند هوفن"ی بردم . کەبەرەو کەمپی تازەی ئایند هوفن نشێو دەبووینەوە ، بەفرەکە وردەوردە کەم دەبووەوە ، پاشان گەیینە شوێنێک کە بەتەواوەتی خۆشی کردەوە .

نەرمە بارانێکئوتومبیلە سووکەڵەکەمانی شۆردەوە ، گوتم خۆزگە لە ژیاندا هەموو شتێک وەکو ئەم بارانە نەرم و سووک بوایە . کەس وەڵامی نەدامەوە ، شوفێریئوتومبیلەکە کە ئافرەت بوو ، لە ئاوێنەکەوە بەدی کردم ، ویستی قسەیەک بدۆزێتەوەو بیکات ، بەڵام نەیکرد . وادیارە لە دڵی خۆیدا گوتوویەتی پێویست بەوە ناکات کاتی خۆی دەگەڵ پەنابەرێکدا بەفیڕۆبدات ، کەخۆی بۆ بە فیڕۆدانی کات تەرخان کردووە .

ئەوسا ئێرانیەکە کە " هارات "ی ناوبوو تەمەشایەکی کردم ، بەزمانی ئێرانی کەمن تەنیا فۆنەتیکەکەیم دەزانی پرسیاری کرد . هارات وەکو من ، دایەرەی کۆچبەری قەناعەتیان بە هەنجەت و بەڵگەکانی نەکردبوو ، بۆیە پڕیاردرابوو بۆ کەمپێکی کاتیڕەوانە بکرێت ، تا ئەنجامی کەیسەکەی ساغ و یەکلایی دەبێتەوە .

هارات پەشێو نییە ، لێم پرسی کەئەگەر دایەرەی کۆچبەری هۆڵاندا ئیقامەی نەدایتێ چ دەکەیت

بەکاوەخۆ گوتی ، بۆ وڵاتێکی ئەوروپایی دیکە دەڕۆم . هەر هەموو ئەوروپا دەدەمە ژێر پێوە تا بە پەنابەری وەرم دەگرن . تەمەنم بیست و دووساڵە ، هێشتا زۆرم بەبەرەوە ماوە ، دنیا بە ئومێدەوە خوراوە .

ژنە ئەرمەنییە قەڵەوەکە ، " سارا "ی گەڕەکی خۆمانی بیر هێنامەوە . حەزم لە هەموو ژنانی گەڕەکەکەمان هەبوو و تەنیا ئەو نەبێ ... لە هۆڵاندادا ، هەستی شەهوەت و ئارەزوو دەگۆڕێت ، لەوەیە شەهوەتڕانی ئەجندای خۆیڕێک بخاتەوە . خۆی لەبەردەم هێرشێن جەستەێن کوت و پڕ و هەمەجۆر ، لەبەردەم قەرەباڵغی کەمپ و زۆری ژنان و هەڵچوونی سێکسی و کەمی شوێن تەیار بکاتەوە ، ئەجندای خۆی بگۆڕێت .

لەوەتای هەستم بە پێوەری ڕێختەری شەهوەتڕانی کردبوو ، خۆم لە ژنانی قەڵەو دەدزییەوە . بەخەیاڵ ، وام وێنا دەکرد کە کاکەسوورم لەنێو لۆچەیەک لەسەر یەکەکانی خەپلەیاندا ون دەبێت .

وام خەیاڵ دەکرد بۆن لەو لۆچانەوە دێت ، توێ توێ گۆشت بەسەر یەکدا کەوتوون . بۆنی جەستە ڕێک لەبۆنی زارێک دەچێت کە قەت فڵچەی دانشۆرینیان بنێشتی نەعنای بەرنەکەوتبێ . کەچی ئارەزووم چووەسەر ئەو ئەرمەنییە قەڵەوە بێدەنگە . دەمویست قامکان لەو سینگ و بەرۆکە پڕپێچ و پەنایە وەربدەم ، بەدەم و زار بیلێسمەوە . بەسەراپای جەستە خاو ونەرمەکەیدا هەڵگەڕێم تا دەگەمە زاری کە تەنکە سووراوێکی کردبوو . دەست بەقژە درێژە خورماییەکەیدا بێنم کەبەسەر گەردنە کوڵەکەیدا پەخش بووبووەوە .

سەباح خەلیلی نیگەران ، ماوەیەک لەوەپێش گەیی بووە خاکی مەملەکەتی نەویاتی ، خەونی ئەوروپای سێکس و ئاسوودەیی و ژنانی گەرمی دابوو بەکۆڵیا ، دایەرەی کۆچبەری پڕیاری دا لەجیاتی ئەوەی بەرەڵلای ناو دیسکۆ و سینەما و کاباریە شەوانەکانی بکات ، بۆکەمپێکی کاتی بنێرێت .

سەباح خەلیل بەسواری ئوتومبێلێکی تایبەت کە ژنێکی بێدەنگ لێی دەخوڕی ، ژنێکی هێندە ساردوسڕ بوو لەکەش و هەوا ساردەکەی ئێستای هۆڵاندا دەچوو ، بەڵێ لەنێو ئەو ئوتومبیلەدا کەبەرەو " ئایند هوفن"ی دەبرد ، ئارەزووی ژنە ئەرمەنیەکی قەڵەوی دەکرد کەلە " سارا "ی کورد دەچوو .

لەمپەڕێکی ئاسنین ، ڕایگرتین . دارودرەختێن پەراگەندە دەوری کەمپە تازەکەیان دابوو ، ماڵ و خانووی لەنزیکەوە نەبوو ، خەڵکی هۆڵاندی لەو ناوە نەبوون ، کەمپەکە تاقە بەشەرێکی ئەوروپی تیانەبوو ، کەوتبووە دەشتێکی تەختی سەوز و بەرینەوە .

شوفێرەکە داوای لێکردین جارێ لە ئوتومبیلەکە دانەبەزین تا کارەکان تەواو دەکات و ئیزنی چوونە ژوورەوە بۆناو کەمپە گەورەکە وەردەگرێت . دەمانویست بزانین ئاخۆ گەیشتینیا نا !! ئێمە لە کوێین !! بۆچی ئێمە !! پاشان ... !!

تەلبەندێک بەدەوری شوێنەکەدا کێشرابوو ، جۆگایەکی بچووکی ئاوی بەدەورا دەڕۆیی ، لە پشت تەلبەندەکەوە چەند بینایەکی قرمیدی سپی کۆن بەدیارکەوتن ، کە هەندێک پەنابەر بەبەردەمیاڕێیان دەکرد .

ئوتومبیلەکە ، لەبەر دەرگایەکی ئاسنینی گەورەدا وەستا ، دەرگاکە جگەلەوەی کامێرای لێ دانرابوو لەلایەن سکیورتی و پاسەوانیشەوە ، پاسەوانەی دەکرا ،ڕاڕەوێکی تەنگی هەبوو بۆ چوونە ژوورەوە، لەمپەرێک لەبەردەم پەنجەرەیەکی چکۆلەدا هەبوو کە دەڕوانییە پاسگەکە .

هارات گوتی : "ئەمە زندانە " ؟!

ژنە ئەرمەنییەکە لێوەکانی هەڵقورتاندن . لەوەتای سواریئوتومبیلە بچووکەکە بووبووین ، ئەمە تاقە جوڵەیەک بوو کە نواندی .

کۆمەڵە فەرمانبەرێک لەهۆڵی پێشوازیدا و لەژێر گڵۆپێن کزدا چاوەڕوانی ئێمە بوون . کارتی تازەی چوونە ژوورەوەمان وەرگرت ، لە فەرمانبەرەکەم پرسی ئایا ئەمە بەو مانایەیە کەبووم بە هاوڵاتی هۆڵاندی ، بەرسڤی دایەوە : "هێشتا نا " .

کارتێکی شین ناوی خۆمی لێنووسراوە لەگەڵ ژمارەیەکدا کەنازانم دەلالەت لەچی دەکات و چی دەگەیەنێ . لەگەڵ کاغەزێکی سەوزی گەورەی خانەخانەدا ، لەپەراوێزەکەیدا هەندێ وشە نوسراون کەنازانم چی دەگەیەنن .

لەفەرمانبەرەکەم پرسی ،بۆی شرۆڤە کردم کە بۆ ئەوەیە لە کەمپەکەدا خواردنی پێ وەربگرم . پاشان داوای لێکردم ، تابلۆی ئاگاداری و ڕێنماییەکانی کەمپەکە بخوێنمەوە و پابەندییاسا و ڕێساکانی ببم .

لە کەمپە گەورەکەی هۆڵاندادا نەبۆنی باران دێ نە بۆنی خاک و خۆڵ . بۆنی کێڵگەی مامر ، بە هەموو کون و کەلەبەر و پەناوپەسێرپرێگا تاریکەکەدا پێچ دەخوات . بۆنی خۆراکی بۆنکردەیا نیمچە بۆنکردە دنیای پڕ کردووە ، لەوەشە بۆنی کەپووی خۆم بێ .

هۆڵاندا وڵاتی ئاش و گوڵانە ، بۆنی کێڵگەی مریشکان لەهەر گۆشە و کەنارێکی کەمپی"ئایند هوفن " ەوە بەرزدەبێتەوە .

# ئەحمەد جەزاریری

ئەحمەد جەزایری لەقاتی دووەمی کەمپی ئایند هوفن ،لەبەردەرگای ژوورەکەدا پێشوازی کردم

-بەخێر هاتی سەر چاو ... خێر هاتی سەر چاڤا ... کوردی سەرچاو ... لەژوورەکەدا سووری و عێراقیەکیش هەن ، چوارکەسی جیاواز ، یەک ژوور کۆمان دەکاتەوە . ئەوجا ئاماژەی بۆ قەرەوێڵەکەی من کرد ، و گوتی لاری نییە ئەگەر حەزم لە جێگاکەی ئەو بێلەگەڵمی بگۆڕێتەوە .

ئەحمەد زۆر لاوازە . لەتۆ وایە لەوەتای لەدایک بووە تا ئێستا زەوادی نەچووەتە دەم . بەڵام حەشر بەجگەرە کێشان دەکات . گوتی پارچەیەک پەنیری هەیە نایەوی بیخوا ، ئامادەیە دەگەڵ پارچەیەک ناندا بیدات بەمن .

ژوورەکە بەردەوام ترمۆزێک ئاوی گەرمی تیایە ، دەتوانین بەردەوام قاوە و چای بخۆینەوە .

حەزم دەکرد بەپەلە ئاوێ بەخۆدا بکەم ، خۆزیام دەخواست کە لەگەرماوەکە وەدەرکەوتم خواردنێک هەبێ وەکو ئەو خواردنەی دایکم لێی دەنا و باوکم بەدڵی نەبوو .

چەند حەزدەکەم هەنووکە لەسەر بەڕەیەکی تەنک لە ژوورە گەورەکەیماڵی خۆمانا ، لەهەولێر بخەوم و دایکم بە پەتۆ گەورەکە دامپۆشێت . چەند حەزدەکەم جارێکی دی بەهاواری بابم و بەدەنگی پێی دایکم لەخەو ڕابم ، کە بەپەلەپەل کووپێ چای گەرم و تۆخ و شیرینی ، بەرلەوەییەکەم جگەرەی داگیرسێنێت بۆ دێنا .

ژوورەکە نە گەرماوی تیایە و نە تەوالێت ... ئەحمەد گوتی گەرماوەکان شەریکین . خاولیەکەم برد و بەرلەوەی جێگاکەمڕێک بخەم یان جانتاکەم بەتاڵ بکەم و بەرەو ئەو شوێنە وەڕێکەوتم کە ئەو ئاماژەی بۆکرد .

لەبەر دەرگاکە وەستام . بۆنی میز و پیسایپرایگرتم . دوو سۆماڵی لەناو شوێنەکەدا وەستان ، بەدەم ڕێکەنینەوە بەزمانی خۆیان قسەیان دەکرد . بۆنەکە نە لەڕێکەنینی خستن نە لەمیزتن لەدووری تەوالێتەکە، بەمەودایەک کەبەشی وەستانی ئەرمەنییە قەڵەوەکە بکات .

کاتێ ئەحمەد بینی بەبێ ئەوەی خۆم بشۆم بۆ ژوورەکە گەڕامەوە دەستی بە ڕێکەنین کرد .

-خەمت نەبێڕادێی . من چەند مانگێکە لێرەم . لەسەرەتادا قیزەون بوو ، بەڵام ئێستا بەزووترین کات خۆم بەتاڵ دەکەمەوە و بلەز وەدەردەکەوم . ڕادێی ... ... پەنابەر دەگەڵ هەموو پۆخڵەواتێکداڕادێت .

هەستم کرد ئەحمەد جنێوم دەداتێ ، گرژ بووم . لەهەولێر دەمتوانی بلەز بەرپەرچی ئەم جنێوە بدەمەوە . بەڵام ئێستا قسەناکەم . هەڵیدەگرم بۆکاتێکی دیکە . ئەحمەد هەنووکە کاتی نییە . جێگاکەمڕێکخست ، چاوم بۆ شوێنێک گێڕا خاولیەکەمی پێدا هەڵواسم ، ئەحمەد ئاماژەی بۆ ئەوسەری قەرەوێڵەکە کرد ، کە وەکو ئەو بیدەم بەسەر  قەرەوێڵەکەدا .

ئەحمەد جنێوی دامێ ، بەڵام لەوەدەچوو هەست بەوە نەکات . ڕەفتاری لەگەڵ مندا زۆر باش بوو . دیسان هەوڵیدا نان و پەنیرەکەی خۆیم بداتێ . گوتی دەیزانی کەمن ئەمڕۆ هەر بەڕێگاوە بووم تا بگەمە کەمپەکە بەبێ ئەوەی هیچم خواردبێ . بەخۆی چەند جارێک تووشی ئەو حاڵەتە بووبوو .

گوتی هەمیشە تۆزێ نان و پەنیر دەخاتە لاوە بۆ خەڵکانێ کەتازە دێن . ئەوسا نان و پەنیرەکەی خستەسەر تەپڵەکێک و لەبەردەممی دانا ، ئەوجا چایەکی گەرم ... گەرمی بۆدانام و گوتی : " فەرموو کاکە سەباح ... " .

بزەیەکڕوخساری گەشاندەوە و ئەفسوونی دڵی خستەڕوو ، ددانە کرمۆڵەکانی بەدیار خست .

-سەباح کوردی لەم ئێوارە ساردە هۆڵاندیەدا ، ئەحمەد ئەو قسەیەی بەجۆرێ کرد لەتۆوایە دەقی قەسیدەیەک دەخوێنێتەوە کەدوای هەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆر نووسیویەتی .

شەوێ برایم سووری هاتەوە و منی لە ژوورەکەی خۆیدا بینی . دەستی لەملم وەرینا و گوتی وادیارە ئێمە هەمیشە بەیەکەوە دەبین . ئیبراهیم ناتوانێ لە ژوورەکەدا وەمێنێ .

دوای نان خوارد دەڕوات بۆ پیاسە و پاش پیاسەکە دەگەڕێتەوە بۆ خواردنگەکە ، ئەوجا دووبارە بۆ پیاسە دەڕوات و ، بۆجاری سێیەم لەخواردنگەکە وەدەردەکەوێ و بۆ پیاسە دەڕوات و لەئاخر و ئۆخری شەودا بۆ ژوورەکە دەگەڕێتەوە تا بتوانێ بنووێت . وانەکات خەوی لێناکەوێت .

-لە زنداندا دەمتوانی بخەوم . نەژنم هەبوو نە منداڵ . سەڵت بووم . هەرخۆم بووم . زندانی بووم ، زندانییەک نەیدەزانی پیاسەی دەشت و دەران بکات ، نەیدەزانی بۆنی خاکی دوای باران چیە ، منەتی بەو گەرمیە نەبوو کە لەئەسکڵ و پشکۆیان هەڵدەستا . دەیزانی دەبێ بنووێت ، چونکە زندانەوانەکە هەموو شەوێک بەسەریاندا دەگەڕاو و هەرکەسێک بەخەبەر بوایە سزای دەدا .

دەکرا هەر پرسیارێک لە برایم بکەیت و بێگومان وەڵامی دەدایتەوە ، بەڵام هەر وەڵامێکی دەچۆوە سەر ڕۆژگاری زندانی .

برایم هەرگیز لە زندان ئازاد نەبووبوو ، هێشتاش هەر لەزنداندابوو . تەنیا بەجەستە لەدەرێی زنداندا بوو ، بەڵام بیرکردنەوە و هزرینی هەر لەزنداندا بوو ، هێشتا لەهەموو ئەو زندانانەدا بوو کەبۆی دەگوازرایەوە . تاکو نهوژی لەناخی خۆیدا ، لە هەناسەیدا ئەو ژیانە سەخت و دژوارەی هەڵگرتووە .

حسەین عێراقی وەژوورکەوت . هەمووومان لەسەر جێگاکانمان پاڵ کەوتبووین . من هێشتا خەوم لێنەکەوتبوو . قسەی نەکرد ، هیچی نەگوت . بلەز جلەکانی داکەند و شۆرتێکی لەپێ کرد ، دوای چەند چرکەیەک خەوی پێداکەوت .

لەدڵی خۆدا گوتم لەوەیە لەژوورەکەی نووردا بێ . نوور جارێکی دی لە نهۆمی دووەمی کەمپی ئایند هوفن ، لەپانتاییڕوناکی ژوورەکەمدا پەیدابووەوە . بەبێ ئیزن پەیدا بووەوە . لەناکاوا گەڕایەوە . دەگەڵ هانکەهانکی عێراقیەکەدا گەڕایەوە ، هەرکە لەسەر قەرەوێلکەی پاڵکەوت بێئەوەی فریای ئەوە بکەوێ چەرچەفە سپیەکەی بەتەواوەتی بەخۆیدا بدات ، خەوی لێکەوت .

ئەحمەد ئەو شەوە چەند جارێک هەڵی ساندم تا چۆنیەتی پاڵکەوتنەکەم بگۆڕم ، چونکە دەمپرخاند .

بەیانی زوو لەخەو ڕابووم . خاولیەکەم هەڵگرت ، دەمەوێ خۆم بشۆم . پیاوێک تەوالێتەکانی پاک دەکردەوە ، هەموو پیسایی تەوالێتەکانی دەکردە کاردۆرە گەورەکەوە .

-بەیانی باش . بەئینگلیزپرۆژباشم لێکرد بەڵام بەرسڤی نەدایەوە . دەنگم هەڵبڕی . خێسەیەکی لێکردم ، تووڕە بوو و بەهۆڵاندی قسەی کرد . بەدەست ئاماژەی کرد کە بڕۆم .

لەبەر دەرکەی ژوورەکەم چاوەڕوانم کرد ، کەلە حەمامەکان وەدەرکەوت ، وەژوور کەوتم .

بۆنی کلۆرەکە زۆر تیژبوو ، کەپووی دەکزاندەوە . دەگەڵ بۆنی گو و میز و ئارەقەدا تێکەڵ بووبوو .

ئەو بۆنەی لەم ڕێڕەوە ئەوروپاییەمدا لێم نەبووەوە ، لەو یەکەم گەرماوەدا کەخۆم پێداکرد ، تەپە گویەکی گەورە بوو لەتەنیشت بەلۆعەکەوە هەڵکورمابوو ، مێشێکی شین بەسەریا دەسوڕایەوە ، لە شوێنێک دەگەڕا ، تادوای قاچاخەڕێی دژواری سنووری نێوان تورکیا و ئەوروپاپرۆژهەڵاتی و ، سنووری ئەڵمانیا ، لەسەری بنیشێتەوە .

# ئانکاوفیمی

هەموو خەڵکی ناو ژوورەکە لەخەو ڕابوون ، هەریەکەو قاپێکی پلاسکۆمان هەڵگرت ، هەر یەکەمرۆژ گەیینە کەمپەکە سەروقاپی پلاسکۆیان پێمان دابوو . پێکەوەڕۆیشتین .

ئەحمەد لەپێشەوە و برایم لەدوایەوە و ئەوجا حسەین و من . کەلە بیناکە وەدەرکەوتین ، شەپۆلە سەرمایەکی تیژ پەلاماری داین . برایم بۆ ژوورەکە گەڕایەوە تا پاڵتۆکەی بێنی و منیش لەگەڵیا گەڕامەوە .

ئەحمەد پێکەنی و گوتی : پێم گوتن دنیا ساردە ، بۆچی گوێ لە جەزایرییەکی ئاوارە ناگرن ، وەڵڵاهی نازانم بۆ ...

چەندسەد ئاوارەیەکی ئەفریقایی و ئاسیاییریزێکی دوورودرێژیان بەستبوو تا تێشت وەربگرن . مێزێکی درێژ سێ فەرمانبەر لە پشتیەوەڕۆنیشتبوون ، هەمان ئەو فەرمانبەرانە بوون کە رۆژییەکەم لەژووری پێشوازیدا دیتبوومن .

ئەو کاغەزە کەسکەم کردەوە کە پێیان دابووم ، یەکێکیان ئیمزای کرد و بەرواریرۆژەکەی لێدا و دایمەوە .

خانمێکی کارمەند کە جلکی چێشتچی لەبەردابوو قاژێ پەنیر و قاڵبێکی چکۆلە کەرە و دووپاکەتی چکۆلە نیسکافە و چای و دوو کلۆ شەکر و دووپارچە نان و هێلکەیەکی کوڵاوی بۆ لە قاپەکەم نا .

بەڕووما خەنیەوە و ، چووبەلای پەنابەرەکەی دوای منەوە . نیگام پێوەی گیرسایەوە . درێژێکی زەری قژ زەرد بوو ، مەمکی قوت عەینی ئەکتەرانی هۆڵیوود .

قژی درێژ و نەرم بوو ، ئەو کڵاوی چێشتچیانەی کەلەسەری نابوو جوانیەکی زیاتری پێ بەخشی بوو . بێگومان لەمن درێژتر بوو . لێ درێژی نابێ بەکێشە . من هەندێ ئافرەتی ئەکتەر دەناسم کە شوویان بە ئەکتەرانی کورتەباڵا کردووە .

نیگام هێشتا لەسەر ئەو بوو . باشە چۆن بەو هەموو جوانییەوە خزمەتی پەنابەران دەکات . لەکوردستاندا ئافرەتی وەکو ئەم ئافرەتە جوانە ، وەزیر خزمەتکارییان دەکات . نا نا نا ، لەوەیە سەرۆک وەزیران بەخۆی و بە کابینەکەیەوە بچێتە خزمەتی .

ئەحمەد گوتی : کوردی وریابە ... تۆزێک چاو لەسەر کچەکە لابە ... ڕۆ کوڕم ڕۆ .

کچەکە بۆم گرژییەوە . سەیری چاوانی کردم و بۆم گرژییەوە .

ئەحمەد گوتی : ئانکا بۆ هەمووان پێدەکەنێ ... بۆ ئەبوحەمید سودانی و بۆ ئەبو عومەر میسری و بۆ سەمیحەش دەگرژێتەوە .

گوتم : سەمیحە کێیە ؟

گوتی : کوڕم هەر یەکێکە ... مەبەستم ژنێکی تایبەتی نییە ... مەبەستم ئەوەیە بەڕووی هەموو کەسێکدا ، بەڕووی پیاو و ژندا دەخەنێتەوە .

-ئەدی ئانکا کێیە ؟

-ئەو کیژە هۆڵاندییەیە کە بەنیگا دات بێژا ، بەنیگا زەفتت کرد کاکە سەباح ... هیچ پەنابەرێک لەم کەمپەدا نەماوە کە داوای دۆستایەتی لێنەکردبێت ... تەنیا من و تۆ جارێ داوای دۆسایەتیمان لێنەکردووە ... لێتی ناشارمەوە من زۆر حەز دەکەم داوای دۆستایەتی لێبکەم ... بەڵام کوڕی خۆم من لەکوێ و ئەو لەکوێ ...

کە ئێوارە" ئانکا " لە خواردنگەکە وەدەرکەوت ، لەبەر دەرگای کەمپەکە بۆی وەستابووم ، دیسان بۆم خەنییەوە ، بڵندگۆی مۆبایلەکەی نابووبە گوێچکەیەوەو و گوێی لە مۆزیقایەکی توند و بەرز دەگرت .

هەرچەند بڵندگۆکانی نابوون بە گوێیەوە ، بەڵام منیش گوێم لە مۆزیقاکەبوو . ڕۆژی دووەم لەهەمان شوێندا لەڕێیا وەستام ، ڕۆژی سێیەم داوای دۆستایەتیم لێکرد ، بڵندگۆیەکانی لەگوێی دەرهێنان ، زۆربەئارامی ، بەدەنگێک کەدەتگوت نەرمە بارانە داوای کرد ، قسەکەم دووبارە بکەمەوە چونکە گوێی لێنەبووە .

ئانکا گوتی دۆستی هەموو پەنابەرەکانە . بەڵام ئەگەر داوای شتێکی دیکەی لێدەکەم ، ئەوا دەساڵە پەیوەندی دەگەڵ گەنجێکدا هەیە و لەگەڵ ئەودا دەژی . دووبارە بزەیەکی کرد ، داوای بوردنی لێکردم و ڕۆیی و بەدەم ڕێگاوە بڵندگۆکانی کردنەوە گوێی .

لەڕاستەڕێگاکەی نێوان کەمپە کۆنەکە و وێستگە دوورەکەی پاسەکەدا ، هەنگاوەکانی ئانکا جۆلانەیان دەکرد ، موزیقای هەنگاوەکانی هەڤڕکی هاڕەی ترومبێلان و تایەی پاسکیلیرێبوارانی پیاو و ژنانی تیژتێپەڕ و نیگاێن پەراگەندە و وێڵی پەنابەرەکان و لێدانی دڵی خەمینی منی دەکرد .

پاڵتۆکەی ، جوانی بەدەنی و مەکە قوتەکانی و سەمای سمت و ساتانی نەدەشاردەوە . ئەو شەپقە کەسکەی کە لەسەرە چکۆلەکەی کردبوو ، ڕێگەی بە قژە زەردەکەی دابوو ، شەپۆل ئاسا بەسەر شان و ملیا پرژێت .

بەرلەوەی لەو شەقامە لاوەکیەدا کە دەچووەوە سەر وێستگەی پاسەکە ون بێت ، ئانکا ئاوڕێکی پاشی دایەوە و بە قامکە درێژەکانی ، بەرلەوەی لە قەرەباڵغی پێچەکەدا ون بێت ، ئاماژەیەکی کرد .

هەرچۆنێ بووە دەبێ کچە هۆڵاندیەکی دیکە پەیدا بکەم . وادیارە ئانکا پەیوەندی هەیە . ڕەنگە ئەگەر پەیوەندی نەبایە ، پەیوەندی دەگەڵ مندا گرتبایە . من سەباح خەلیل ، کەبە بەهای پازدە هەزار دۆلار ، لەشارستانیەتی میدیا داپرێنرابووم .

ئانکاڕۆژانی پێنج شەممە و هەینی و شەممەو یەک شەممە نەدەهات ، فیمی دەهات .

فیمی پیرەژنێکی هۆڵاندیە ، بۆبەنی بەشەر پێناکەنێ . مۆرەی لەهەمووان دەکرد ، وەڵامی نە سەباحەل خەیر و نە سەباح خەلیلی نەدەدایەوە . بەتوندی قاپە پلاستیکەکانمانی توور دەدایەوە سەر مێزی نانخواردنەکە ، بۆ ئەوەی قاپەکە خل بوایەتەوە تادەستی پەنابەرێک دەیگرتەوە .

حسەینی هاوژوورم قاپەکەی خۆی نەگرتەوە و کەوتەسەر ئەرزەکە . حسەین بە گلەییەوە هاواری کرد . جنێوی دا ، سیکورتی" ئاسایش"ەکە لێی نزیک بووەوە و بەئارامی قسەی دەگەڵداکرد ، حسەین تاقە وشەیەکی لێ حاڵی نەبوو ، بەڵام

بە ئاماژەی دەست تێی گەیاند کە پیرەژنە هۆڵاندیەکە چۆن قاپەکەی توور دابوو ، چەند وشەیەکی بەگەڵ ئاماژەکانی خست کەتا ساڵانێکی زۆر لەدڵم دەرنەچوون .

حسەین گوتی : ڕاستە ئێمە پەنابەرین ... بەڵام بەشەرین .

کابرای ئاسایش" سکیورتی" دەستی بەشانی حسەیندا دا . ڕوانیە فیمی پیرەژن و بزەیەکی بۆکرد ، بەڵام بزەکەیجۆرە گلەییەک بوو . لەوەو دوا ئیدی فیمی قاپەکانی توور نەدەدا .

ئیدی ناوی فاتیح لە حسەین نرا . توانی وڵات و مەملەکەتی مووبەقی پەنابەرەکانی کەمپەکە فەتح بکات و ، دانیشتووە سەلیبییەکانیتەمبێ بکات و ڕێگای ئارامی و تووڕنەدانی قاپەکانیان پێ نیشان بدات .

ئێمەڕاستە پەنابەرین ... بەڵام بەشەرین ... سۆماڵییەک هاتە بەرەوە تابزانێ چ قەوماوە و بەدەنگێکی خۆیا پرسی :

- " ئەلشتیبلیفت ئەمڕۆ چییە ؟ "

حسەین بەرسڤی دایەوە : ملووخییەبەکەروێشک.

کە لە مووبەقەکە وەدەرکەوتین ، لە حسەینم پرسی ئەو کابرا سۆماڵییە پرسیاری چیکرد و ئەم وەڵامی چی دایەوە .

گوتی : "ئەلشتیبلیفت – Alstjeblieft ، وشەیەکە کە هۆڵاندییەکان زۆری بەکاردێنن و مانای بێزەحمەتیان بەیارمەتی خۆت دەگەیەنێ و ، کاتێ لە مووبەقەکەدا خواردنمان دەدەنێ ، دەڵێین ئەلشتیبلیفت ."

هەندێ لە پەنابەرەکان وا دەزانن ئەمە خواردنە . جا یارۆی سۆماڵی کە لێی پرسیم ، مەبەستی ئەوەبوو خواردنی ئەمڕۆ چیە .

لەجێگای خۆم چەقیم ، تاپۆیاسەمینم بینی کە لە کەمپەکە نزیک دەبووەوە . سەرپۆشێکیرەشی بەسەرا دابوو ، چەپکێک لە قژە زەردەکەی بەسەر هەنیەیداڕژابوو . هەردوو دەستی بەجۆرێ لەدەوری سکی هاڵاندبوون ، کە بەئاشکرا هاواری دەکرد کە زۆری سەرمایە .

چاوم بۆ هۆگر گێرا ، لەدڵی خۆدا گوتم دەبێ لە شوێنێک بێ ، نەمبینی ، کاتێ گەڕامەوەو تەماشای ئەو تاپۆیەم کرد کە هاتە بەرچاوم ، سەیرم کرد ژنێکی دیکەیە . زۆر هێمنتر و خەمبارتر بوو لەو یاسەمینەی من دەمناسی .

حسەین ، شەوێ هەرچی کرد و کۆشا نەیتوانی پەیوەندی بە ژنەکەیەوە بکات . پێدەچوو ژنەکەی موبایلەکەی خۆی داخستبێت . حسەین گوتی : ئەگەر عێراق وڵات بایە ، هەرگیز وڵاتی خۆی بەجێ نەدەهێشت . ئاخر کێ بیرلەوە دەکاتەوە کەس و کار و ماڵ و منداڵی خۆی بەجێ بێڵێت . خۆزگە ئەو پیرەژنە قاپ فڕێدەرە دەیزانی کە من دوو کیژ و ژنێک و پیرەباب و داکێکم بەجێ هێشتووە ، تێرۆریستەکان برا گەورەکەمیان کوشتووە و مرخیان لەسەرپڕینی من خۆش کردووە .

باشە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە من لەوەڵاتی خۆدا وەمێنم ، دەستەوئەژنۆ دانیشم چاوەنۆڕی هاتنی قەسابان بکەم بێنە ماڵەکەم ، کەلە قەراخی بەغدادایە و بەزیندوویەتی گۆشاوگۆش سەرم ببڕن و ئەم پیرەژنە هۆڵاندیە لێرە شاد و بەختەوەر بۆخۆی بژی !

پێموایە دەبێ ئەمڕۆ شادبێ ، چونکە بەبۆنەی بوونی منەوە لێرە ، وەزیفەیەکی دەست کەوتووە ئەگەر من نەبم دەبێ بۆ ماڵەکەی خۆی بگەڕێتەوە ، پاشماوەی تەمەنی لە گەڵ کۆمەدی و پاڵتۆ و قۆندەرە قاوەییەکانیا کەنە بەهاوین و نە بە زستان نایان گۆڕێت بباتەسەر .

# حسەین

حسەین لە نەرویجەوە هاتبوو . هەشت دانەمانگ لە نەرویج مابووەوە ، ئیدی وەکوخۆی دەڵێت نەک هەر ڕەفزی بۆهاتبووەوە ، بەڵکو دەریش کرابوو .

-نەرویج بۆیەڕەفزی کردم ، چونکە باوەڕی نەدەکرد من لە عێراقا بەرەو پیری مەرگ دەچم ، وایان دەزانی من هەموو خەمێکم تەنیا ئەوەیە پاسپۆرتێکی ئەوروپایی بەدەست بێنم و هیچی دی .

حسەین حەزی لەنەرویج نییە ، چونکە هەم واساردە و هەم دوورە . بەڵام وڵاتێکی دەوڵەمەندە . لەوێ هەموو شتێکی هەبوو ، لەنان و ئاو و خۆراک و هیچ پێویستیەکی کەم نەبوو . لەوێ تەلەفزیون و کۆمپیوتەری لە پاکەتای هەبوو .

هەموو شتێکی لەوێ بەجێ هێشتبوو و هۆڵاندا خۆت بگرە واهاتم ، گوایە بیستبووی کە هۆڵاندا ئیقامە بە عێراقییەکان دەدات .

حسەین ئەوەی نەشاردبووەوە کە لەنەرویج بووبوو ، لە یەکەم موقابەلەدا گوتبووی کە لەوەێندەر بووە ، ئێستاش لەکەمپیئایندهوڤندا چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد نەرویج بەپێیرێککەوتننامەی دبلن ڕازی بێت بەگەڕانەوەی بۆ نەرویج .

حسەین ، هیچ ئومێدێکی بەوە نەما لە ئەوروپا وەربگێرێت ،بیری لەوە دەکردەوە بۆ لوبنان بگەڕێتەوە ، گوایە خۆی گوتەنی ئەمن و ئەمانە . نایەوێ بۆ عێراق بگەڕێتەوە ، چونکە دەترسێ لەوێندەر بێتە سەربڕین . بۆکەسێک کە ژیانی لە عێراقدا لەمەترسیدا بێ و لە ئەوروپاشدا جێی نەبێتەوە ، ئیدی لوبنانی پڕ مەترسی دەبێت بەوڵاتی ئەمەن و ئەمان ، شامی شەریف .

حسەین هەموو مانگێک ئەوەی لە کەمپیئایندهوڤن وەکو مووچە و بەناوی مووچەوە وەری دەگرت بۆ ژنەکەی و هەردوو کچەکەی دەناردەوە . مانگانە سی"٣٠ "یۆرۆی وەردەگرت . ئەم پارەیە بەشی نەدەکرد ، دەچوو نانی لە بازرگانێکی تورکی بازاڕیئایندهوڤن پێدەکڕی و دەیهێنا لە کەمپەکە دەیفرۆشتەوە ، هەروەها هێڵی موبایل و کارتی دەکڕی .

جلکی تازە یان هەرشتێکی دی لە جۆرجیەکان دەکڕی و دەیهێنا لە کەمپەکە دەیفرۆشتەوە . لە جۆرجییەکانی نەدەپرسی ئەو شتانەیان لەکوێ بوو ، دەیزانی دەیان دزی بەڵام چاری نەبوو ، خۆئەگەر خوا دەیەوێ سزای بدات قیروسیا با سزای بدات . ئەو بابیدوو منداڵە و دەبێ بیانژێنێ .

لەکۆتایی هەموو مانگێکدا ئەو پارەیەی کۆی دەکردەوە بۆ عێراق ، بۆ خێزانەکەی دەناردەوە .

حسەین ، بە برایم سووری گوت :

-بەزاتی خوا هەموو ڕۆژێ دەمرم و دەژیمەوە ، دەزانم ئەم پارەیە حەرامە بەڵام پێم ناڵێی چی بکەم !

برایم کەسێکی خوا نەناسە ، مەسەلەکان بە پێوەرێن حەڵاڵ و حەرام پۆلێن ناکات ، دەیگوت ئەمە دورستە و ئەمە نادروستە . ئەمە ئەخلاقیە و ئەمە نا ئەخلاقیە .

حسەین گوتی : تۆ خەرجی و مەسرەفی خێزانەکەمم دەدەیتێ ؟ دەتوانی دەستبەرداری خانەوادەکەی خۆت ببیت و مووچەکەی خۆتم بدەیتێ تا بۆخێزانەکەمیقڕێ بکەم ! فەرموو مووچەکەتم بدەیە ، بەزاتی خوا لەمڕۆ زووتر نییە واز لەم کارە دێنم . برادەریئازیز من هەموو ڕۆژێ جارێک دەمرم .

من دزی ناکەم ، بەڵام دەزانم شتێن دزیاری دەفرۆشم ... بەڵام دزی ناکەم .... نوێژدەکەم و ڕۆژوو دەگرم ... باوەڕم بە خوا هەیە ، هیوادارم نوێژ و رۆژوو و دووکچەکەم شفاعەتم بۆ بکەن .

حسەین و برایم ئەو شەوە پێکەوە چوونە دەرێ ، چونکە خەو لێیان هەڵاتبوو و کەوتبووە سەرجادە وبانەکان و بەدوو قۆڵی لێی دەگەڕان تا وەیدۆزنەوە .

بۆڕۆژی دوایی پانتۆڵێک و پاڵتۆیەکی خوریم لە حسەین کڕی ، گوتی هەردووکیانی بە بیستیورۆ کڕیوە ، خۆئەگەر شتێکی زیاتری بدەمێ ئەوا پیاوەتی دەگەڵ دەکەم ، بەڵام هەردووکیانی بە بیستیورۆ کڕیوە و پڕبەندی لێبدەی لەوە بەکەمتریان نادات .

سی"٣٠ "یورۆم دایە . حسەین زۆری سوپاس کردم . دوای نیوەڕۆژە حسەین دەگەڵیەکێک لە سۆماڵییەکاندا لێی بووبە مشت و مڕ و دەمەقاڵە ، ئەم سۆماڵییە بەدرێژاییەک هەفتە نان و کارتی موبایلی بەقەرزی سەری هەفتە لێکڕی بوو ، دوو هەفتە تێپەری بوو و تاقە فلسێکی نەدابوویە .

سۆماڵییەکی دی بە حسەینی گوتبوو کە یارۆی سۆماڵی سبەینێ کەمپەکە بەجێدێڵێ چونکە دایەرەی کۆچبەری هۆڵاندا بۆ ئیتاڵیای دەنێرێتەوە ، چونکە پەنجەمۆری لەوێندەر هەیە . لە حسەینم پرسی :

-چی دەکەیت ؟

-هیچ ... لەگەڵی بەشەڕ دێم ، دەنگمان دەردەچێت و پەنابەرەکان لێمان خڕ دەبنەوە ، ئەوجا بەخەمباری بۆ ژوورەکەی خۆم دەگەڕێمەوە . ئەمە یەکەمجار نییە . ئیدی بازرگانی دزیاری ئەمەشی هەیە ... چونکە حەڵاڵ نییە بۆیە وام بەسەردێت .... لەمەودوا تەنیا نان و کارتی موبایل دەفرۆشم ... ئەمە کاسبیەکی حەڵاڵە و بێگومان خواوەند ، ڕاوەستام دەکات .

حسەین نانی پێ نەخورا ، خەوی لێنەکەوت ، ئەوشەوە ژنەکەی پەیوەندی پێوەکرد و داوای تەڵاقی لێکرد ، باوەڕی نەدەکرد کە حسەین ناتوانێ بۆ هۆڵاندایرابکێشێت . گوتی گوایە حسەین لە هۆڵاندا ئاشقی ئافرەتێکی هۆڵاندی بووە ، بۆیە نایەوێ ئەم و هەردوو کیژەکەیرابکێشێت . حسەین هاواری بەسەر ژنەکەیدا کرد ، تەلەفۆنەکەی بە کراوەیی لەگەڵ ئەودا هێشتەوە ، ڕووی کردە من و گوتی چۆن قەناعەت بەم کچی ئاسمانە بکەم ، کە من لێرە ، لەکەمپدا وەکو سەگ دەژیم و ، تەحەمووڵی هەموو پۆخڵەواتێک دەکەم ، تاشتێک بۆ ئەوان بنێرمەوە مەژی و مەمر پێی بژین .

سەباح گیان پێم بڵێ ، تۆ پێم بڵێ کاکە سەباح ... حسەین لەژوورەکە وەدەرکەوت ، موبایلەکەی لەسەر قەرەوێڵەکەی بەجێ هێشت ، لەکاتێکا ژنەکەی دەیگوت ئەم خاتوو سەباحە کێیە ... ئەم سەباحە کێیە ...

بۆڕۆژی دوایی حسەین هەرچی جل و بەرگێکی لەلابوو ، بەبێ پارە دابەشی کرد بەسەر پەنابەرە نەدار و هەژارەکاندا . ئەوجا کەوتە کۆکردنەوەی قەرزەکانی لە پەنابەرەکان ، پێیراگەیاندن لەمڕۆ بەدواوە بەقەرز هیچ نافرۆشێت . ئەوجا نامەیەکی لە پارێزەرەکەیەوە کە ئافرەت بوو پێگەیی ، لە ڕەمز و پیتەکانی ناو

نامەکە حاڵی نەبوو ، ئیدی چوو بۆرێکخراوییارمەتیدانی پەنابەران "VWN" تایارمەتی بدەن و بۆی پاچڤە بکەن ، منیشی دەگەڵ خۆیدا برد تا لە ئینگلیزییەوە پاچڤەی بۆبکەم .

پارێزەرەکەی گوتی باوەڕی بەحاڵ و حیکایەتەکەی کردووە و ئەوەندەی لەتوانادابێ هەوڵدەدا بۆیۆنانی نەنێرنەوە . لەڕێگای گەڕانەوەدا بۆ ژوورەکەمان لە حسەینم پرسی باشە لە یۆنان بووە یالەنەرویج ، گوتییەکەمجار لەڕێگاییۆنانەوە چووەتە ئەوروپا و پاشان چووە بۆ نەرویج ، بەڵام نەرویج پێیان نەزانیوە کە بەخاکییۆناندا هاتووە ، ئەم بەخۆی بە پارێزەرە هۆڵاندییەکەی گوتووە کە هەوەڵجار لە یۆنان بووە و ، نەرویجڕەفزی کردووە .

حسەین بەکاوەخۆ گوتی :

- " مەحاڵە چاکە ون بێت ... مەحاڵە ... ئەگەر چاکە ون بوایە بەشەر نەدەما ، وەکو دەڵێن چاکە بکە و بیدە بەدەم ئاوەوە".

ئەوسا دووپاتی کردەوە ، ئەو جلە دزراوانەی کە بەخۆڕایی دابەشی کردن ، بوونە مایەی گۆڕینی ژیانی ، ئەو چاکەیەی هاتووەتەڕێ . خودا ئەمڕۆ بەهانایەوە هاتووە و نائومێدی ناکات . سوێندی بەخوا و بەشەرەفی خۆی خوارد کەتاماوە کارێک نەکات کە خوا و شەرەف پێیرازی نەبن .

# شامیل

شامیل کە ئاوارەیەکی عێراقی بوو ، شەوێ لە کەمپی درونتن – Dronten – ی شاری لیلی ستادەوە – Lelystad – گەیی . هەرکە شامیل بەشەرمێکەوە خۆی بەژوورەکەماندا کرد و بەئینگلیزی قسەی دەکرد ، یارۆی جەزایری بەعەرەبی گوتی : تۆ کوێندەریت کوڕم ... ؟ شامیل بەرسڤی دایەوە عێراقیم برا . یارۆی جەزایری گوتی : تۆ نەبیلی ...

شامیل بەرسڤی دایەوە : نەخێر من شامیلم ... من شامیلم ناوم شامیلە ...

یارۆی جەزایری بزەیەکی بۆکرد ، تەمەشایەکی یەک بەیەکمانی کرد ، گوتی : ئەمە نەبیلە"خانەدان" فێری زمانی منی بکەن ... شامیل لەمەبەستییارۆی جەزایری حاڵی بوو ، بەرسڤی دایەوە : شەرەفمەندم ... شانازییە بۆمن ... شانازیتان پێوەدەکەم ... ببورن ، گلەییم لێمەکەن ...

شامیل جانتاکەی کردەوە ، بلەز قەرەوێڵەکەیڕێکخست و یاتاغەکەی لەسەر ڕاخست ، ئەوجا پرسی ئەرێ گەرماو هەیە ، خۆم بشۆم ، بەڕاستیڕێگای کەمپەکە درێژبوو ، زۆر ماندوو بووم . هەموو پێکەنین .

جەزایرییەکە گوتی : لەسەباح بپرسە .

پێمگوت :

-ئەگەر بتوانی ئەمڕۆ بەبێ خۆشۆردن بنوویت زۆرباشترە . حەمامەکان زۆر پیسن .

جەزایری تۆزێ نان و قاژێ پەنیری دابەشامیل ، ئەوجا سوراحیە کارەباییەکەی پڕکرد تا پەرداخێ چا دەم بدات .

-سوپاس برا ... بەخوا ئێستا لەبازاڕ نانم خوارد ... گەلەک سوپاس ...بەڵام قەیدی نییە چایەکە داخۆمەوە...سوپاس..سوپاس..

یارۆی جەزایری بزەیەکی بۆکرد ، ورگی هەڵگڵوفت ، ئەوجا سەری هەڵبڕی و هاواری کرد : ئاخ ... ئاخ ... خوا دەرووپرەحمەت لەهەمووان بکاتەوە .

یارۆی سووری دووپاتی کردەوە کە زیندانیان لەسووریادارستەی" خوا دەرووپرەحمەت لە هەمووان بکاتەوە " لەهەر وشە و دوعایەکی دی زیاتر بەکاردێنن . ڕەنگە لەدنیاشدا هەروابێ. "هەریەکێک لەئێمە ، تەنانەت خوانەناسەکانیش بەکاری دەبەن . من یەک لەباری خۆمڕۆژی دوو سێ جارانم بەکار دەبرد . دوای هەر کێشەیەک ، پاش هەر سزایەک کە لەلایەن زندانەوانەکانەوە دەدراین ، دوای پرینی ئاو ، دوای نەبوونی خۆراک ، لەکاتی تینوویەتیدا ، لەکاتی برسیەتیدا ، لەکاتی مردندا بەکاردەبرا " .

لەکاتی بێدەنگی و ئارامیدا ، شامیل نیگای بەڕوخساری هەمووداندا دەگێرا ، دەیویست تەبیعەتمان لە سیماماندا بخوێنێتەوە .

باسی کەمپی" تیر ئاپل "م کە هەمووان پێیداڕۆیی بوون کرد. باسی حیکایەتی پاک و خاوێنیم کرد و چۆن هەموو برادەرانی ئەوێندەر قوتووە کلۆرە تایبەتیەکانی خۆیانیان دابومێ . چۆن شانازی و شەرەفی پاک کردنەوەی تەوالێت و حەمامەکانیان بەتایت و کلۆری خۆیان پێ بەخشی بووم .

جەزایرییەکە گوتی :

-کاکە سەباح ... شەرەفی پاککردنەوەی پیسایی خۆیانیان پێ بەخشیت .

-سەباح خەلیل ... نوێنەری میدییەکان ... هۆڵاندا بە کلۆر دادەچێنێ .

-سەباح خەلیل ... لە سەباح دا " بەیانی" کلیلی تیر ئاپلە ...

ئەم سووکە شەو پێکەنینە نەوەستایەوە ، تا حسەین لەناکاوا بیرۆکەیەکی بەگوێماندا دا .

-کورینە بۆ سبەینێ بینایەکەی خۆمان پاک نەکەینەوە . تەنیا ژوورەکەی خۆمان نا . هەموو بینایەکە ، بە کلۆر بیشۆین ، ، بۆچی بۆنێکی خۆشی سادە بە ڕۆژگاری بۆگەنمان نەبەخشین . فەڕاشەکە ناتوانێ پیسایی پەنابەرەکان پاک بکاتەوە ... چ دەڵێن کورینە ؟

دوای چرکەیەک هەموو قاییل بوون .

بەیانی ، پاش ئەوەی فەڕاشەکە لەگەرماوەکان هاتەدەرەوە ، ئیدی هێرشی سەتڵەئاو و زاهی و کلۆر بۆسەرڕاڕەوێن بیناکە و گەرماوەکان دەستی پێکرد . پێنج گەنج بووین ، حسەینی فاتیح و شامیلی نەبیل و جەزایری حەکیم و سووری زندانی و منی میدیایی لە کلۆری بەیانیا هەڵکشاو .

لەچەند ساتێکی کەمدا ، سابوناوەکە ڕەش هەڵگەڕا .

شامیل گوتی :

-تەمەشا ئەم ڕەشاوە ... تەمەشا ئەمڕەشاوە ... دەڵێی لە دۆزەخیرەشەوە هاتووە ...

دووجارڕاڕەوەکانمان ئاوڕشێن کرد . پاشان بۆمان دەرکەوت کەدیواری گەرماوەکان ڕەنگێکی دیکەیان هەیە نەک ئەم ڕەنگە زەردە ژەنگنە . بۆیەکەمجار بۆنێکی خۆش لەگەرماوەکان هات . لەوەتای گەیی بووینە ئایند هوفن ، ئەمە یەکەمجاربوو کە بۆنێکی خۆش لە سوچ و کەلێنی دالان و ڕاڕەوەکانەوە دەهات و سەنگەرەکانی کێڵگەی پەلەوەران و چێلان و ئارەقە و گو و میز و بەرماوەی خواردنی گەنیوی دەگرت .

سۆماڵییەک لەژوورەکەی خۆی وەدەرکەوت ، زۆر بێزار و وەڕز بوو لەو ژاوەژاو و هەراوزەنایەی ئێمە نابوومانەوە .

بەڵام کەبەباشی چاوی هەڵگلۆفت و بۆنی عەتری بەسەردا چوو و بۆیەکەمجارڕەنگیراستەقینەی زەمینەیڕاڕەوەکە و ڕەنگی بۆیەی دیوارەکانی ژوورەکەی بۆدەرکەوت ، هەردووباڵی بڵاوکردەوە ، وەکو ئەوەی بەخورتی باوەڕ بەچاوی خۆی بکات . چاودێری هەموو هەڵسوکەوتەکانیمان دەکرد . کە دەرگاکەی داخست ، شامیل گوتی :

- سۆماڵییەکان خاوێنیان پێ قووت ناچێت ... حەزدەکەم بەرلەوەی گەرماوەکە پیس ببێتەوە خۆم بشۆم ... بەیارمەتی ئێوە کورینە ... لەچەند ساتێکدا هەرهەمووومان لە گەرماوەکاندا ، خەریک بووین خۆمان لەگەمار و چڵکی کەمپیئایندهوڤنی باشوور پاک دەکردەوە .

# هێرشی تف

گروپێکی عێراقی لەیەکرۆژا و پێکەوە گەیینە کەمپیئایندهوڤن . بۆرۆژی دوایی مووبەقەکە قەرەباڵغی و جەنجاڵیەکی زۆری بەخۆوە بینی . مەیدانەکانی کەمپەکە چەند کێشەیەکیان بە خۆوە بینی .

گەنجێکی عێراقی لە گەنجێکی ئەفریقایی، دا . لەچاو تروکانێکدا لە مەیدانەکەدا شەڕێک هەڵگیرساکلکی کەری تیا دپچڕا ، یەکێک لەو عێراقیە تازانەی کە دوێنێ هاتبوو ناوی نا "شەڕی قولان" . دەستەیەک گەنجی ئەفریقایی دەگەڵ دەستەیەک گەنجی عێراقیدا بەشەڕ هاتبوون ، ناکۆکیەکەیان لە مەیدانی فوتبۆڵەکەداڕووی دابوو .

عێراقیەک گوتی کە " قولە ڕەشەکان" گۆڵێکی دروستی تیپی سپیەکانیان حەسێب نەکرد ، ئەوسا لەداوەرییاریەکەیان دا . بەڵام گەنجێکی ئەرەتیریایی گوتی کێشەکە لەوەوە سەری هەڵدا کە یەکێک لە عێراقیەکان تفێکی کردە سەروچاوی ئەفریقاییەک .

تف، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و لای ئەفریقاییەکانیش هەمان مانا و چەمکی هەیە . تف کەلە دێتەدەرێ و ئاراستەی کەسێک دەکرێت ، بێگومان مانای مجاملە و دۆستایەتی ناگەیەنێت . ڕێک هەمان مانا دەگەیەنێ کە کابرای ئەفریقایی تێی گەیی بوو .

لەپشت پەنجەرەکەی خۆمەوە ، تەمەشای شەڕەکەم دەکرد ، هەڵبەتە ئەوەندەی مەدای دیتنڕێگەی دەدا .

سکیوریتی هەوڵیدا ناوبژییان بکات بەڵام نەیتوانی ، پیاوانی" کوا – COA"ش شەڕەکەیان پێ نەکوژایەوە .

لەزەرفی نزیکەی نیو سەعاتێکدا ، پۆلیسی هۆڵاندی بە خۆ و ئوتۆمبیلەکانیانەوە گەیینە ناو یاریگاکە ، زۆربەی بەشدارانی شەڕەکە هەڵاتن ، ئەوانەی کە مانەوە بوون بەچەند گروپێکەوە . هەرپۆلیسێک لەگەڵگروپێکدا خەریک بوو و دەیویست لەچۆنیەتیرووداوەکە حاڵی ببێت .

هەر پۆلیسێک لاسلکییەکی بەشانەوە بوو ، دەگەڵ خەڵکانی دیدا قسەیان دەکرد . ئافرەتێکی قژ زەردی جوانیان لەگەڵدابوو ، ئەمیش پۆلیس بوو ، هەمان جلکی وانی لەبەردا بوو ، ئەویش لاسلکیەکی بەشانەوە بوو ، دەفتەرێکی

چکۆلەی بەدەستەوە بوو و سەرنج و تێبینیانی تێدا تۆمار دەکرد و ، بە لاسلکی قسە و گەنگەشەی دەگەڵ هاوڕێکانیدا دەکرد .

پۆلیس کۆمەڵە گەنجێکیان گرت ، بۆڕۆژی دوایی هەر هەموویان دووبارە لە یاریگایەکەدا ئامادەبوون ، بەڵام پێشوەختە لەسەر ئەوە ڕێکەوتبوون کەلە چارەسەری کێشەکاندا ، پەنا وەبەر تفکردن نەبرێت .

من حەزم لە تۆپانێ و هیچ وەرزشێکی دیکە نییە ، تەنانەت حەزم لە تەمەشاییاری و پێشبڕکێش نییە ، کاتێ کە یاریزانەکان لە یاریگا گەورەکەدا دابەش دەبن ، حەزدەکەم بچمە ژوورەکەی خۆم و لە سووچێکدا سەری خۆ کزبکەم .

پەنجەرەی ژوورەکەم دەڕوانێتە سەر یاریگاکە و هەتاوی بەیانی ، دیتم کەچۆن گەنجە عێراقییەکە تفێکی کردە سەروچاوی گەنجە ئەفریقاییەکە و چۆن تفەکەی لەدەموچاوی سڕی ، عێراقییەکە بۆجاری دووەم تفی لێکردەوە . ئیدی شەڕەکە هەڵگیرسا . ئێستا بەهیچ جۆرێ حەزم لەیاری نییە ، بەتایبەتییاری پەنابەران ، کە سەرچاوەی تف و مایەی بەزەییە . ئەو عێراقییەی کە شەڕەکەی دەگەڵ ئەفریقاییەکەدا کرد ناونرا تفۆ .

تفۆ وا هات ، تفۆ وا ڕۆیی . تفۆ خواردنی وەرگرت . تفۆ لە کوێیە ، ئەمڕۆ لە هۆڵی نانخواردندا دیارنەبوو .

هەندێجار ، حسەین تفێکی دەکردە ئەرزی ، پێدەکەنی و دەیگوت : کورینە مەبەستم کەس نییە ، گازی کەس ناکەم ... بەزاتی خوا دەبوایە ئەم تفە بکەم ، چونکە جنێوێک لە ئەوکم گیراوە و نامەوێ جنێوان بدەم .

تفۆ ، دوو هەیڤی دیکە لە کەمپەکەدا مایەوە و پاشان دیار نەما . هاوڕێکانی گوتیان پەنجە مۆرێکی لە ئیتاڵیا و یەکێکی لە فەرەنساشدا هەیە . ئیدی چاوەڕوانی ئەوەبوو ، بینێرنەوە بۆ وڵاتی پەنجەمۆرییەکەمی ، واتە بۆ ئیتاڵیا .

کاتێ نامەیەکی لە دایەرەی کۆچبەری هۆڵانداوە پێگەیی کە خۆی ئامادە بکات ، بۆ ئەو ڕۆژەی کە بۆ ئیتاڵیای دەنێرنەوە ، بۆخۆیپێش ئەوەی ئەو ڕۆژە بێت ، هەڵاتبوو .

تفۆ ، هەڵات بۆ وڵاتێکی دیکەی ئەوروپایی ، تا لەوێندەر فوتبۆڵ بکات و تف بکاتە چارەییەکێک و لەسەر ئەوەی تفۆی سپی گوڵێکی دروستی کردووە و داوەرەکە حلێبی نەکردووە ، بیکات بەشەڕ و فەرتەنە .

## Thin Thin (( تن تن ))

له كەمپیئایندهوڤندا دوو ژووری جلشۆران هەبوو ، ژوورێک لەبەشە كەسكەكە و ژوورێک لە بەشە تەریكەكە . دەبوایە چاوەڕوانی نۆرەی خۆم بكەم ، هەر جلشۆرێک جلكی تیا بوو ، لەسەر هەر جلشۆرێک جلكی دیكە دانرابوو و چاوەڕوانی نۆرە بوو ، من ، سەباح ، چاوەڕوانم تا جلەكانی ژێرەوەم و دوو پاڵتۆ و پانتۆڵێكی جینز و بیجامەیەک بشۆم .

بەدەم چاوەڕوانی نۆرەوە بێزار بووم . یەكێک لە جلشۆرەكان لەكار وەستا ، یەكێكی دیكە دوێنێ شەو دەرگا شووشەكەی شكابوو . یەكێكی دیكە پێڵاوی تیابوو . وام دەزانی چاوم بەباشی نابینێ . بەڵام كەجوان دیقەتم دا ، دیتم بەڕاستی پێڵاوی دەشت . جلشۆرەكان ڕۆژ تا ئێوارێ لەسەعات هەشتی بەیانییەوە تا هەشتی ئێوارە كاریان دەكرد .

ژوورە تەریكەكە پیسە ، ڕێک وەكو ژووری گەرماوەكانی بینایەكەی لای ئێمە وابوو . یەكپارچە جۆلاتەنە و داوە جاڵجاڵۆكە بوو ، تەپوتۆز سەراپای ژوورەكەی گرتبوو ، جلشۆرەكان ، هەرچەندە تازەبوون ، لەبەر گەردوتۆزرەنگە سپیەكانیان دیار نەبوو .

ژنێكی خەڵكی میانمار كەناوی تن تن ((Thin Thin )) بوو لەبەردەم جلشۆرێكدا چاوەڕوانی دەكرد كە گێچەكەی ئەوەی دەنواند كە خەریكە لەكار بێتەوە . بزەیەكی كرد و ئاماژەی بۆمن كرد كە بچمە جێگاكەی ئەو . بەتەنیا لەوێ بووم ، دەنگی مەكینەی جلشۆرەكان و وشک كەرەوەكان ، ژوورەكەیان پڕكردبوو .

ئیدی فرسەت بوو كەدەگەڵ ئافرەتێكدا قسان بكەم كە نە من ئەوم دەناسی نە ئەو منی دەناسی . باڵای لە باڵای من كورتتر بوو ، چاوەكانی لەچاوی چینیان دەچوون ، بیجامەیەكیرەشی لەبەر بوو . بەم سەرمایە جووتێ قۆندەرەی هاوینەی لە پێدابوو . جەستەی لەژێر پاڵتۆكەیدا دیارنەبوو ، بەڵام پێدەچوو لاوازبێ ، لەبابەتی جەزایری بوو .

خۆم پێی ناساند و گوتم من خەڵكی كوردستانم ، ئەویش خۆی ناساند و گوتی خەڵكی میانمارە . سێ دانەجار ناوی وڵاتەكەی دووبارە كردەوە ئەوسا حاڵی بووم .

من میانمار دەناسم . بەڵام" تن تن " بەشێوەیەكی دی دەیدركاند ، جلەكانی خستەناو وشككەرەوەكە . جلكی كچانەی منداڵێک لەنێو جلەكاندا بوو .

گوتی ، كچێكی چوار ساڵانی هەیە . سێ جار ناوی كچەكەی دووبارە كردەوە و هێشتا هەر نەمدەزانی بیڵێمەوە .

هەموو جلەکانم بە کیسەکەوە ، بەبێ ئەوەی" تن تن " بیدینێ خستەناو جلشۆرەکەوە ، ئەوسا کیسەکەم بە بەتاڵی دەرهێنایەوە .

هەوڵمدا شتێک بخوێنمەوە ، بۆ ئەوەی بزانم چۆن جەڕی جلشۆرەکە بابدەم ، کاتێ" تن تن " لە جلشۆرەکە نزیک بووەوە و هەموو جەڕەکانی بادا و هەرچی زاهیەکی پێبوو ، تێیکرد . من ئەو پارچە سابوونەم کە "COA" پێی دابووم شاردەوە ، چاوم پڕییەچاوانی" تن تن " کە عەینەکە ئەستوورەکەی داکەند و بەسووچێکی پاڵتۆکەی کەوتە سڕینی .

چاوانی نوقاندن . باریکە هێڵێکی کاڵی کل درزی چاوە چکۆلەکانیڕەنگاندبوو . هەڵی گلۆفتن و عەینەکەکەی لەچاو کردەوە .

کە" تن تن " دوور دەکەوتەوە و نزیک دەبووەوە ، هەوڵمدا بۆنی ئەو عەترە ژنانەیە بکەم کە لەخۆی دەدا ، بەڵام هیچم بۆدەرنەکەوت ، ویستم بۆنی کاندی و نوور و یاسەمین و ئەنکا وەیاد بێنمەوە ، بەڵام نەمتوانی .

لەوەیە" تن تن " بۆن بەکار نەیەنێ . لەوەیە بەهەموو هێز و توانایەکی خۆیەوە هەوڵی ئەوە بدات بۆنی مێیانەی کیژانی میانمار بڵاو بکاتەوە ، بۆنی چای سیلانی سەوز و سوور و ڕەش ، بۆنی بارانی بەردەوام و ، سێڵاو و توندوتیژی بەردەوامی ئەوێ بڵاوبکاتەوە .

بەڵام من جگە لەبۆنی زاهی جلشۆردن و بۆنی گەرم و شێداری وشکەکەرەوە هۆڵاندیەکە ، هیچ بۆنێکی دیکەم نەکرد .

تن تن ، پێش ئەوەی بۆ ژوورەکەی خۆی پرواتێ ، ئاوڕێکی لێدامەوە و بەدەم بزەیەکەوە ئاماژەیەکی بۆکردم .

لەدڵی خۆدا گوتم لەوەیە بتوانم ئاشقێنی دەگەڵ تن دا بکەم . وەکو خۆم کورتە باڵایە ، پەنابەرە ، فێری کردم کە جلشۆرەکە چۆن کاردەکات ، کە ڕۆیی بەدەست خواحافیزی لێکردم . ڕەنگە ئەم پێشەکییانە بەس بێ بۆئەوەی بکەومە داوی ئەشقیەوە .

ئاشقێتی پیاو و ژنێکی پەنابەر لە هۆڵاندا ، پەنابەرێک نەیتوانی ئیقامە وەربگرێت و هەنووکە لە پەنایەکی دی دەگەڕێ ، ڕەنگە ئەو پەنایە باوەشی ژنێکی میانماری بێت ، چونکە پێدەچێ باوەشی ژنە هۆڵاندیان بەم زستانە سەختە مەحاڵ بێت .

بۆرۆژی دوایی تن بەرەو بیست"Best" دەڕۆیی ، بەتاقی تەنیا بوو ، بلەز دووی کەوتم . کە نزیک بوومەوە بزەیەکی کرد ، ناسیمیەوە ، پتر لەنیو سەعاتان

پێکەوەڕێمان کرد و کەممان قسان کرد ، نەمدەتوانی لە ئیتگلیزییە میانمارییەکەی تن حاڵی بم ، ئەویش لەئینگلیزییە کوردیەکەی من تێنەدەگەیی .

گوتی بەتاقی تەنیا دەگەڵ کچەکەیدا لە هۆڵاندایە و مێردەکەی پار لەشەڕی ناوخۆی میانماردا کوژراوە . پاشان براکەیبارمەتی داوە تا گەییوەتە هۆڵاندا .

یاسەمین ، مێردەکەی لەچیای شاهۆی کامیاران کوژرابوو ، تن ، مێردەکەی لە لێرەوارەکانی میانماردا کوژاربوو . لەوەیە دۆزی کوژرانی مێرد ، پردێک بێ بۆوەرگرتنی ئیقامە .

لەوساتەدا ، خۆزیام دەخواست میانمارییەک بام و دەسەڵاتی ئەوێ بیچەوساندبامەوە ، خۆزیام دەخواست مێردی تن بوایەم ، مێردێک چاوەڕوانی ئەوەبێ کەژنەکەی دوای ئەوەی ئیقامە وەردەگرێت ، بۆ دەربار و عەرشەکەی خۆی لە هۆڵاندا ، دەعوەتی بکات .

تن ، جزدانەکەی کردەوە ، ناسنامە و کارتە تایبەتیەکەی خۆی دەرهێنا ، گوتی دوای چوار مانگ ئیقامەی وەرگرتووە ، ناسنامەی تازەیان داوەتێ ، ئێستاش چاوەڕوانی ئەوەیە بۆکەمپێکی هەمیشەیی بنێرن و پاشان چاوەڕوان دەکات تا لەشارێکدا ماڵێکی دەدەنێ .

پرسیاری ئیقامەکەمی کرد ، گوتم لەڕێگایە چونکە لە کوردستاندا ژیانم لەمەترسیدایە ، کەپرسیاری ئەوەی کرد چیم کردووە ؟ گوتم هەوڵمدا لەوێندەر ببمە ئەوروپایی بەڵان نەمتوانی . ئەو ڕستەیەم سێ چەلان دووبارە کردەوە ، تن بزەیەکی بۆ کرد . زانیم کە لەمەبەستم حاڵی نەبووە ، بۆیە وای بە پەسند زانی بەبزەیەک قسە وباسەکە ببڕێتەوە .

بەدەمڕێگاوە بۆ بیست چاوم بۆ بێشەیەک دەگێڕا ، ئێ بەڵکو بتوانم لە باوەشی بێشەکەدا بەباوەشی تن شاد بم ، بەڵام لێرەدا هیچ بێشەیەک نەبوو ، ڕێک وەکو ئودی پیکیلا بوو ، دار ودرەختێکی زۆر و شاش ، پەنایەکی تیانەبوو لەچاوان بەدوور بێ . تن لەگەڵ مندا چاوی دەگێڕا ، بەڵام ترسی پێوەدیاربوو ، لەوەدەچوو لەچاو گێڕانەکەی من بترسێت ، یان لەخودی من بترسێت . کەمێک لێی دوورکەوتمەوە و بەبێدەنگیرێم کرد و ، وەختێک گوڵێکی زەرد و تەنیام لەنێو چرە گیایەکدا بەدی کرد ، خێرا چنیم و پێشکەش بەوم کرد ، بزیەکی کرد و وەریگرت . دوای چەند دەقیقەیەک فڕێی دا وپێی گوتم ، بۆنی نییە ، بزەکەی بەس بوو بۆئەوەی دڵم نەرەنجێ .

ژمارەی مۆبایلەکەی خۆی دامێ . یەکسەر پەیوەندیم پێوەکرد و داوام لێکرد ژمارەکەی من سەیڤ بکات ، هەر ئەوشەوە مەسجێکی بۆناردم گلەیی ئەوەی دەکرد کە نیگەرانە و خەوی زراوە .

داوام لێکرد بادەرچین و کەمێک بەشەقامەکانی کەمپەکەدا پیاسە و ڕاوێچکە بکەین ، ڕەفزی کرد ، ئەوسا داوام لێکرد لەبەر ژوورەکەی ئەودا یەک بدینین هەم ڕەفزی کرد ، ئەوجا داوام کرد کەبێت بۆ ژوورەکەی من ، لێی پرسیم بەتەنیام ؟ گوتم دەگەڵ چوارکەسدام و هەر چواریان لە ژوورەوەن . ئەوجا داوام لێکرد کە سبەینێ بەپیاسە بڕۆین بۆ ئایندهوڤن ، ڕازی بوو .

بابایەکی کورد دەگەڵ ژنە میانمارییەکدا بەبازاڕی گەورەی ئایند هوڤندا دەسورێتەوە . چاوم لە شوێنێک دەگێڕا کەتاوێ دانیشین ، یا لەسوچێکدا دانیشین کەبتوانم تەمەشای چاوە چکۆلەکانی تن بکەم .

هەردووکمان لەگەڕان ماندوو بووین ، کردم بە خوارنگەیەکی شاورمەی تورکیدا ، بەڵام هەرچیم کرد و کۆشا قەبووڵی نەکرد هیچ شتێک بخوات ، لەزگ بوو پرشێتەوە ، کردمی بە خوارنگەیەکی چینیدا ، کەبۆن خواردن و سوسم بەسەرداهات خەریک بوو ببورێمەوە . هەوڵم دەدا ئەوەم بیربێتەوە کە ئەوبۆنەم لەکوێ کردووە .

جارییەکەم نەمتوانی هیچ شتێک لەوێندەر بخۆم ، جاری دووەم ماسیمان خوارد ، بەلەزەت بوو ، بەڵام زۆر گران بوو ، خۆزیام خواست تن جارێکی دی بۆ ئەوێندەرم نەبات .

قەناعەتم وابوو لەکۆتاییدا هەربە تن دەگەم . خۆزیام دەخواست بەسەری قامکەکانم ئازای بەدەنە چکۆلەکەی بکێڵم ، گەرماییە ئاوارەکەم لە قفڵی بێدەنگیە خەمناکەکەیدا بچێنم . کەچاوەکانی و مەمکەکانیرامو سم و بەرە بەرە بۆ گەرمایی ناولنگی داگەڕێم ، لەوساتەوە کە یەکەمجار لەژوورە تاریکەکەدا دیتم ، ئەو خەون و خولیایەم کەوتە سەر . بەڵام لەکوێ ؟!

نە بێشەیەک هەیە ، نە ژووری تایبەتیم هەیە ، نەژووری تایبەتی هەیە . هیچ شوێنێک نییە کە لەهۆڵاندای بچووکدا کۆمان بکاتەوە . ئاخۆ" تن " ش هەمان بیرکردنەوەی منی هەبوو ؟ ئایا دەیویستیەکدی بدینین ؟

بۆ هەندێ وشەی گونجاودەگەڕام تاداوای لێبکەمیەکدی بدینین تا سێکس بکەین . یانی هەندێ وشەی ئەوتۆ کەپێی نەڕەنجێ و نەتۆرێ .

ئایا ژنانی میانماریش وەکو ژنانی کورد بیردەکەنەوە ؟ ئایا دەتوانم بەڕاشکاوی نیازی خۆمی پێ بڵێم ؟ بەڵام هێواش ... هێواش .... خۆمن نازانم ژنانی کورد چۆن بیردەکەنەوە ، ژنانی هۆڵاندی و ژنانی دی چۆن بیردەکەنەوە و بەعەمراتم ڕۆژێ لەڕۆژان داوام لەهیچ کچێک نەکردووە کە پێکەوە بخەوین .

زۆرم بیر لەژنان کردووتەوە ، تووشی هەر ژنێک بووبم تەماحم تێکردووە ، ئاشقی زۆریان بووم ، بەڵام داوای گانم لە شتاقیان نەکردووە .

یاسەمین بەهێزترین و بەشەخسیەترین ئافرەت بوو کە لەژیانمدا دیتبووم ، پێموایە زۆر ئازایە و ، زۆرم خۆش دەویست و حەزم دەکرد سێکسی دەگەڵدا بکەم ، بەڵام نەوێرام . ئێستاش ناوێرم داوا لە تن بکەم .

لەڕێگاماندا بۆ کەمپەکە و ، لەژێر عامودی کارەباکەدا بۆ ئیسراحەت لامان دا ، دەستم بەر دەستی تن کەوت ، دەستیم گرت ، دەستیم بۆلای چاوم بەرز کردەوە ، یەکپارچە چرچ و هێڵییەکترپر بوو ، کەبینی تەمەشای لۆچەکانی دەستی دەکەم ، دەستی کێشایەوە ، بەکاوەخۆ گوتی : "دەستم جوان نییە ، زۆر سەخت و زبرە ، بەڵام ئەوەش بزانە من بیست دانەساڵ کاری چنین و گۆڵدۆزیم کردووە ، بەخۆت دەزانی ئەم کارە چەند قورس و زەحمەتە " .

تن ، نەرمی و ناسکی دەستەکانی کردبووە قوربانی چنین و گۆڵدۆزی ، بینایی چاوی لەسەر ئەو کارە دانابوو ، زۆربەی کات و خەونەکانی خۆی فیدای ئەوکارە کردبوو . عەینەکەکەی لەچاوی داکەند ، جوان سڕینی و بەرەو کەمپەکە پێی هەڵگرت .

لەسووچێکی چۆڵیرێگاکەدا ، کاتێ گۆشەکانی شەو قەراخیرێگا چۆڵەکەیروناک دەکردەوە ، دەستی" تن "م گرت ، لەجێی خۆی وەستا ، ئەوجا بەکاوەخۆ لێی نزیک بوومەوە ، دەستیم گرت ، سەری بەرەو ئەرزەکە دانەواند ، تارمایی سووکە بزەیەکی شەرمنانە کشتەکی لێوی بزواند . ڕێک وەکو ئەوەی لە فیلمدا دیتبووم ، ڕێک وەکو ئەوەی لە مێژ بوو خەونم پێوە دەبینی ، بەو ئاوایە ماچم کرد . ویستی لێوی دوور بخاتەوە ، بەڵام هەستم کرد ئارەزووییەکی پەنهان لەناکاوا ڕوخساری گەرم داهێنا و تەواو گۆڕا . بێدەنگ بوو ، دەیویستبزانێ بەنیازی چیم ، دووبارە ماچم کردەوە . دەستی لەنێو دەستمدا خاو بووەوە ، لێوەکانی خاو بوونەوە ، دەستم لەملیوەرینا ، دەستی لەملم وەرینا . دەم لەناو دەمیەکمانڕامووسی ، هەر بەڕێگاکەدا بەرەو بیست بردم ، لاری نەبوو . هەندێ دار ودرەختی کەمی لێبوو ، ڕێگاکە چۆڵ و ترسناک بوو ، ئەم شەوە کاڵە بەس بوو ، کە ئاهەنگی تەنیایی خۆمان لەسەر ڕێگای نێوان کەمپەکە و بیست بگێڕین . تن لەناکاوڕاپەڕی و گوتی نەبا مارمان لێ پەیدابێ ، پێمگوت هۆڵاندا ماری لێ نییە .

دەترسا ، سەرلەنوێ دەستم لەملی وەرینا ، من یەکەمجار لەسەر گیایەکە دانیشتم ، ئەویش لەباوەشم دانیشت ، تەنیا لەوکاتەدا هەستم بە بۆنی ژنی میانمارکرد ، مێینەیەکی بەجۆش و تەڕ داوێن بوو ، ڕێک ئەو مێیە بوو کە ئارەزووم دەکرد . دەمی و گۆنایم ماچ کرد . عەینەکەکەی داکەند ، خستیە گیرفانی چاکەتەکەیەوە .

داوای لێکردم ، هەموو جلەکانی لەبەر دانەکەنم ، کاتێ بەدەست یاریم بە تووکە بەرە تەنکەکەی، لەسەر ناوگەڵە گەرمەکەی دەکرد و کاتێ بەدەست یاری بە کابراکەم دەکرد ، هەردووکمان پێکەوە و لەیەک ساتدا ڕەحەت بووین .

دەستی بە کلینیکسێک سڕی ، ئەوجا بەرلەمن کەوتە ڕێ . تن هەستی بەشەرمەزاری دەکرد . منیش وەکو ئەو ، هەوڵمدا خۆمی بگەیەنمێ ، هەر لێی نزیک دەبوومەوە ، دووبارە لێم دوور دەکەوتەوە .

تن لە ڕۆژانی دواتردا ڕەفزی کرد بمدینێ ، نە وەڵامی تەلەفۆنی دەدامەوە نە وەڵامی نامەکانم .

# کەمپێکی کاتی

شامیل پێشنیازی کرد ، ژوورە تەریکەکەی جلشۆرەکانیش خاوێن بکەینەوە . بەڵام من هەرگیز حەزم لەو کارە نەدەکرد . گەییمە ئەو ئەنجامگیرییەی کە گەماری و پیسی پەنابەرەکان ئاسایی نییە ، بەڵکو شتێکە بە ئانقەست . دەمبینی هەموو پەنابەرەکانڕێک پۆشن ، بۆن لەخۆ دەدەن ، زۆر بە خۆیاندا‌ڕادەگەن .

ناشێتبەو شوێنانەداکە لێی دادەنیشنڕانەگەن و پاک ڕای نەگرن ، مەگەر بە ئانقەست ئەمە بکرێت . خاوێنی شتێک نیە دابەش بکرێت . مەحاڵە پەنابەرێک بەخۆی خاوێن بێ ، بەخۆڕا بگات ، بەڵام بەشوێنەکەڕانەگات . خاوێنی وەکو ئانکا،یا جوانیڕەهایە ، یا وەکو فیمی دزێوپڕەهایە .

کەمپی ئایند هوفن کاتییە .

-"چەند ڕۆژە لێرەی سەباح ؟ "

جەزایری خەملاندبووی کە تێکڕای مانەوەی پەنابەر لە کەمپەکەدا چوارمانگە ، زیاتر نییە . جەزایری سەدەیەکە هەیە ، لەمێژە لێرەیە بەڵام بە تەنیایە ، چونکە چیرۆکێکی دەگمەنی هەیە .

لێرەدا پێتڤیەڕۆژەکانمان ، ڕۆژ لەدوای رۆژ بژمێرین و دوای ماوەی چوار هەیڤییەکەم ، تەمەشای تابلۆیڕاگەیاندن بکەین ، چونکە بێگومان ناوی خۆمان بە هەڵواسراوی لەوێدا دەبینین تا بۆ کەمپێکی دیکەمان بگوازنەوە . کەمپێکی دیکەی کوت و مت وەکو ئەمە ، بەڵام بەناوێکی جیاوازەوە .

ڕاڕەوەکە وەکو جاران پیس بووەوە . هەروەها گەرماوەکانیش . بەیانیرۆژی دوایی دەستمان بەخاوێن کردنەوەی کردەوە ، گەلێک لە پەنابەرەکانیش بەشداریان کرد ، بەڵام وادیار بوو هەرا و زەنایەکی زۆرمان نابووەوە . دوو ژووی پەنابەرانی سۆماڵیلە خەو هەستان . لە هەوەڵەوە گەنجێکی سۆماڵی کە عەرەبیەکی باشی دەزانی ناڕەزایی دەربری و لە کارەکەمان پەست بوو . حسەین گوتی : " کەس هەیە خاوێنی پێناخۆش بێ ئەگەر بەخۆی چەپەڵ و گەمار نەبێت" .

وشەی" گەمار " سەرەتاپڕاگەیاندنی شەڕێک بوو کە لەو بەیانیە سارد و تەزییەدا زۆری خایاند .

هیچ سۆماڵیەک لەکەمپەکەدا نەما کە بەپەلە خۆی نەگەیەنێتە بینایەکە ، لەم لاشەوە هەموو عێراقییەکان بەرانبەریان لێگرتن . کوردیش کۆبوونەوە تا پشتیوانی لە عێراقییەکان بکەن ، چونکە عێراق هەرچەند ئێستا وادیابوو کە دابەش بووە ، بەڵامیەک مێژووی هەیە و گەلانی عێراق هەرچەندە لەبەینی خۆیاندا ناتەبا و ناکۆک بوون ، بەڵامڕێگە بە بێگانان نادەن فیتنەییان لەبەیندا بکەن یان غەدر لە حسەین بکەن . هەموو بەقەرز شتیان لە حسەین دەکڕی .

" کوا " فریاکەوت ، هەرکە سێ فەرمانبەرەکەی" کوا " هاتنە بیناکەوە ، شەڕەکە دامرکایەوە و زۆربەی شەڕکەرەکان دیشکەمیان لێکرد و خۆیان شاردەوە . شەڕەکە بەوە کۆتایی هات کە بینایەکە خاوێن بکرێتەوە بەڵام بەبێ هەرا و هەنگامە .

لەژوورەکەماندا شوێن نەبوو تیای دانیشم ، ئیدی هەر بەپێوە پشتم دا بەدۆڵابە تەنەکەکەوە ، هەرچی عێراقی و کوردی بیناکە هەبوو ، هەرهەموو لە ژوورەکەی ئێمە خڕبووبوونەوە و باس باسی شەڕەکە بوو ، چۆن دەستی پێکرد ، بۆ هەڵگیرسا ، هەرکەسەو لەلای خۆیەوە شتێکی زیادەی پێوە دەنا .

گوتم من لەوێندەربووم و کێشەکە لەوەوە دەستی پێکرد کە یەکێک لە سۆماڵییەکان لە زەنای ئێمە خەبەری بووبووەوە ، بەڵام عێراقیەک کەلەوێ نەبووبوو ، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە سۆماڵییەکان ماوەیەکە خۆیان بۆشەڕێکی گەورە دەگەڵ عێراقیەکاندا ، ئامادە کردووە . کیشەکەش ئەوەیە کە گوایە عێراقیەک لە قوتابخانەیەکی هۆڵاندادا سۆماڵییەکی کوشتووە ، و ئەم شەڕە ناکوژێتەوە تا عێراقییەک بەدەستی سۆماڵییەک نەیەتە کوشتن .

حسەین دەمی کردەوە ، چەند جارێک چاوانی نوقاندن و کردنەوە . نیگای شامیل بە ڕوومەتی ئەو عێراقییەی تیوێرێژی بۆ تۆڵە ئەستاندن دەکرد ، گیرسایەوە .

جەزایری بەسەرسامی هەردوو دەستی خستەسەر لێواری ئەو کورسییەی کەلەسەری دانیشتبوو . یارۆی سووری باوەڕی بەگوێ و چاوی خۆی نەدەکرد و ،

گوتی وێڕای هەبوونی زندانییەکی زۆر لەو زندانەدا کە تیایابوو ، سەرباری ئەو ناکۆکی و نەکڵۆکییە گەورانەیلەوێندەڕروویان دەدا ، بەڵام هەرگیزرۆژێ لەڕۆژان ، کێشەکان نەگەینەڕادەی ئەوەی ئەمڕۆ کە لەباشووری هۆڵاندای ، مەملەکەتی ئازادی و ئاسایش و شارستانیەتداڕووی دا .

دەمویست باوەڕ بەوە بکەم کە عێراقییەک لەکوشتن هەڵاتبوو لە عێراق و بەپەنابەری هاتبووە هۆڵاندا و لێرە کابرایەکی سۆماڵی ، کە لەمەرگ هەڵاتبوو و سۆماڵی بەجێ هێشتبوو ، بۆ ئەوەی لە هۆڵاندا بەدەستی پەنابەرێک بکوژرێ . حسەین گوتی :

-سوپاس کورینە ... سوپاس بۆ ئامادەبوونتان ... سوپاس بۆ هاتنتان و بۆروون کردنەوەی ئەو کێشەیەی لە سۆنگەی منەوە هەڵگیرسابوو ... ئەوجا ڕایگەیاند کە وەختی نانخواردنە و پێتقیە بۆ مووبەقەکە بڕۆن .

هەموورۆیشتن . لێ حسەین ، لەبری ئەوەی قاپە پلاسکۆیەکەی هەڵگرێت و بڕوات خواردنەکەی بێنێ ، لەسەر قەرەوێڵەکەی پاڵکەوت و ڕووی کردە دیوارەکە و ، گوتی دەنوێت .

# شەقامی سێکس

دەچین بۆ شەقامی سێکس لە ئایند هوفن . کەس پێی نازانێ ، بەڵام دەتوانین لەناوەندی شاردا بیدۆزینەوە .

جەزایرپرەفزی کرد و گوتی : کورینە ئەو ئیشانە پیاو بەتەنیا دەیکات ، ئەمە حەرامە ، هەرکەسێک ئیشی وابکات ، نابێ بۆکەسی دی باسبکات . من ئەگەر بمەوێ بۆ ئەو شوێنە بڕۆم بەتەنێ دەڕۆم .

پتر لە دوازدە گەنج بووین ، لەناو جەرگەی شارە کڕ وکپەکەی ئایند هوفندا ، سەرمان بەهەر کۆچە و کۆڵانێکدا دەکرد ، بۆ شەقامێک دەگەڕاین ، جەزایری گوتی ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتیرووتی تیایە ، ئامادەن کاڵا سێکسیەکەی خۆیان بە دوو سێیورۆیان بدەن .

بەڕێگای تایبەتی ئوتۆمبیلانداڕۆیشتین ، بەڕێگای پاسکێلانداڕۆیشتین ، بەنێوان هەردووکیانداڕۆیشتین ، شۆستە شێدارەکەمان پرکرد . شان بەشانییەکدی دەڕۆیشتین ، کەس نەبوو لەدواوە بڕوات ، هەموو پێکەوە قسانمان دەکرد و لەناوەندی شەقامەکەدا پێدەکەنین .

هۆڵاندییەک ، کەبەدەستێکی عەلاگەیەکی نایلۆنی هەڵگرتبوو و هەندێک میوەی تێدابوو ، تەمەشایەکی کردین و بزەیەکی بەماناوەی کرد . ژنێکی هۆڵاندی لەبن لێوانەوە چەند پرتەیەکی دەرپەڕاند کەهیچی لێ حاڵی نەبووم ، پێموایەڕەفتارەکەمانی بەدڵ نەبوو .

هەرزەکارێکی هۆڵاندی پاسکیلەکەی راگرت ، جگەرەیەکی بەلێوەوە بوو ، جگەرەکەی دەرهێناو و ، هاواری کرد ئەمە ڕێگای پاسکیلە و ڕێگاکەی بۆ بکەینەوە .

ئەوڕۆژە تائێواریێ بێهودە بەدوای شەقامیرووتدا گەڕاین ، تا ئەنجام گەنجێکی هۆڵاندیڕێنوێنی کردین . هەرکە خۆمان بەشەقامیرووتدا کرد ، ڕووبەڕووی دوو حاویەی بەرەواژی زبڵ بووینەوە . لەتەنیشت کلێسایەکەوە بوون ، کەبەشێوەدا لە کەونارا دەچوو ، بەڵام بەو حاڵەشەوە لەهەولێر کۆنتر نەبوو .

دوای دوو ڕیانێک ، لەدەروازەیەکی تایبەتیدا بینایەکی گەورەی لاکێشەییمان لێ بەدیارکەوت ، ڕیزێک ژووری بەجامخانەی بچووکی تیابوو ، گڵۆپی سوور ڕووناکی دەکردنەوە ، لەپشت هەر جامخانەیەکەوە کچان بەجلکی سەر دەریاوەڕاوەستابوون ، بەڕوومانەوە دەخەنین و بەسەری قامکان گازیان دەکردین کە وەژوور بکەوین .

هەموو جۆرە ئافرەتێکیان تیابوو ، لاواز و قەڵەو ، سپی و زەری و ئەسمەر ، کچانی لە هەر ڕەنگ و تەمەنێک . خۆ ئەگەر لەترسی ئەوە نەبا کە هاوڕێ ئاوارەکانم گاڵتەم پێبکەن حەزم دەکرد بچمەلای هەر هەموویان ، شتاقیان نەبوێرم .

ڕەنگە ئەو کچانە ئەوانەبن کە ئەو کوردانەی بۆ عێراق دەگەڕانەوە باسیان دەکردن . لەوەیە هەر ئەو کیژانە دڵی بردبن ، ئەوانەی کە ئێستا دڵی منیان ....

من لەجامخانەکانەوە دوور بووم ، هاوڕێکانم بەچاوە بز و نەوسن و گۆساخەکانیان هێرشیان بۆ بردبوون .

یەکەم ئافرەت کە دەرگای ژوورەکەی خۆی لێکردینەوە ، هەموو شتێکی بە تێر و تەسەلی لە قولی مستی ناین ، نرخی چوونە ژوورەوە بۆ هەر جامخانەیەک ، بۆ ماوەی نیوسەعات مانەوە دەگەڵ ئافرەتەکەدا ، بەبێ ئەوەی ماچی بکەیت ، مەمکی بگریت ، یان دەست بۆ لێوییا هەر شوێنێکی بەدەنی ببەیت ، پەنجا یورۆ بوو کە کەسمان ئەو پارەیەی پێنەبوو. هیچ پەنابەرێک ئەو پارەیەی پێنەبوو کە بەکرێیەکێک لەو ئافرەتانە زەوت بکات .

گەنجێکی عێراقی پێشنیازی کرد ، هەر پارەیەکمان پێیە هەمووی کۆبکەینەوە و ئەوسا تیروپشکی لەسەر بکەین و بەر هەر یەکێیەک کەوت ، بدرێ بەو کەسە تا بچێتە ژوورەوە و ئەوانی دی لەدەرەوە چاوەڕوانی بکەن ، تا کەهاتە دەرەوە بەدوور و درێژی ئەو ئۆپەراسیونە سێکسییە نیو سەعاتیەمان بۆ بگێڕێتەوە ! من پارەی تەواوم پێبوو ، بەڵام خۆلەبەرچاوی ئەو حەشامەتە ، کاری وا ناکەم ، ڕۆژێکی دیکە بەتەنیا دێم ، هەر دێم .

هەموو جامخانەکانم تەمەشاکرد ، نیگام هەموو کچەکانی بەسەر کردەوە . یەکێکیان لە تن دەچوو ، وەکو ئەو ڕوخساری لەچینیان دەچوو . کچێکی دی لە یاسەمین دەچوو ، لێ کەمێک لەو باریکتر بوو .

کچێکی سپیکەلەی جوان و هێدی ، ڕێک لەو کیژە دەچوو کەڕۆژێ لە ڕۆژان خەونم پێوە دەبینی ، کاتێ کەگەنجانی کورد لە ئەوروپا دەهاتنەوە و بۆیان وەسپ دەکردین .

کچێک کەتەنیا ئەو پێنەکەنی ، بەسەری قامکان بانگی نەکردین کە بچینە ژوورەوە . کە جەماعەت بە کۆمەڵ تەمەشایان کرد ، شەرم دایگرت ، چاوی پڕییە ئەرزی ئەو ژوورە بچووکەی کە تیایدا زندانی بوو . لەدڵی خۆدا گوتم ئەمە خۆیەتی ، ئەوەیە کە من بۆی دەگەڕێم

ئاسایشێکی زەلام ، کە پۆلیسە ئەڵمانیە بۆکس وەشێنەکەی وەبیر هێنامەوە لەو سەری ژوورەکان ڕاوەستابوو و چاودێری دەکردین ، ئەوە بەس بوو بۆئەوەی بلەز ئەوێ بەجێ بێڵم

ڕۆژی دوایی ، زوو لەخەو ڕابووم ، چوومە حەمام ، بە پەلە لەحەمام وەدەرهاتم و بلەز خۆم بەژوورە کڕ وکپەکەمداکرد ، جلەکانم پۆشی ، فینجانێ قاوەی دەستکردی خۆمم خواردەوە ، دانیشتم ، کەوتمە تەمەشاکردنی گزینگی هەتاو کە لەمانۆڕی ئەوەدا بوو ، لەنێو چڕە هەورانەوە وەدەربکەوێ ، ترۆپکی درەختەکانی ناو کەمپەکە دەجوڵان ، دیاربوو بایەکیڕەوتەنی هەڕەشەی لە ئارامییەکەیان دەکرد .

سێ ئافرەتی سۆماڵی ، بەلەچک و سەرپۆشە تایبەتیەکانیانەوە ، بەژێر پەنجەرەکەمدا تێپەڕین . نیگایەکی بەپەلەم کردن . کارمەندە قەڵەوەکەی" کوا – COA" وێڕای ئەوەی دنیا ساردبوو ، پاڵتۆیەکی هاوینەی لەبەر کردبوو . ئەم کارمەندەی"کوا" پیاوێکی ناسک و قەڵەو بوو ، حەزی لە ژنە ئەرمەنییەکە بوو . شەوێکیان لەڕێگایەکی دووری ناو کەمپەکەدا ، لەپشت ژوورە تەریکەکەی جلشۆرەکانەوە ، پێکەوەم بینین .

ئەو شەوە خەوم زڕابوو ، ئیدی وەکو عادەتی کابرای سووری و عادەتی حسەین ، لەژوور وەدەرکەوتم و بە پەلە کەوتمە ڕێ ، زۆر بەپەلە ڕێم دەکرد تا تەواو شەکەت و ماندوو ببم و خێرا بۆ جێگاکەی خۆم بگەڕێمەوە تا بلەز بخەوم . لەناکاوا پێکەوەم بینین . وەکو دوو ئاشق ڕێیان دەکرد . ژنە ئەرمەنیەکە دەیویست بەسەر بۆشایی بەردەکانی سەر ڕێگاکەدا هەنگاو بنێ ، بەڵام لەبەر قەڵەوی لاقی هەڵنەدەهاتنەوە .

فەرمانبەرەکەی" کوا " بەوە دەوروژا . ئەوجا دیتم چۆن دەمی ماچ کرد . بلەز بۆ ژوورەکەی خۆم زڤڕیمەوە و ، بەکەسم نەگوت .

کارمەندەکەی" کوا " ئەمڕۆ بلەز بۆ نووسینگەکەی خۆی لە بینای ئیدارەکە ، دەڕوات . من چاوەڕوانی نیوەڕۆم . ئەمڕۆکە بەخۆ و پەنجا یورۆوە بۆ شەقامی سێکس دەڕۆم . ئەمڕۆکە خۆم بە نهێنگەکانی کیژە سپیکەلە شەرمنەکەدا دەکەم .

بەتاقی تەنیا ملی شەقامە سەرەکییەکەی"ئایندهوڤن"م گرتەبەر . هەرچەند سەعات دەی بەیانییە بەڵام شەقامی سێکس هێشتا داخراوە . ئیدی بێئەوەی بە خۆیشم بزانم بۆچی و لەچی دەگەڕێم بەناو بازاڕ کەوتم . بیرم لەوە کردەوە کە ئێستا بۆ کەمپەکە بگەڕێمەوە و پاشان لای ئێوارە بۆ شەقامی سێکس بگەڕێمەوە ، بێگومان دەرگای هەموو کچەکانم لەبەردەما کراوە دەبێت . لێ دەنگێک لەدەروونەوە ڕێی پێگرتم ، دەنگێک گوتی مەڕۆ ، ئەرکێکی بلەزم دەستۆیە ، دەبێ بە زووترین کات تەواوی بکەم .

جامخانەی ئەو کچەی کە حەزم چووبوویە داخرابوو . جامخانەکانی دیکە پەردە سوورەکانیان کردبووەوە ، هەندێک لە کچەکان بە موبایل قسانیان دەکرد ، هەنێکی دی لاقیان مشت وماڵ دەدا ، لاقیان تاسولووس دەدا ، ئەو کچەی من حەزم چووبوویە هێشتا پەردە سوورەکانی جامخانەکەی دادرابوونەوە .

دووجاران بەناو بینا لاکێشەییەکەدا سوورامەوە ، لە ئەڵتەرناتیڤی کیژەی دڵخوازم دەگەڕام ، بەڵام ئێستا و ئەوسا یەکێکی دیکەم بۆ هەڵنەبژێردرا . کیژێکی ئەفریقایی کە لەکاندی دەچوو ، ئاماژەی کردمێ کە وەژوور بکەوم و ، کەڵە موستی خۆی مژی ، لێ من بلەز لەبەر پەنجەرەکەی لاکەوتم ، حەزم کرد پەستی بکەم . کیژێکی سوور وسپی ، کەلە جامخانەکەی نزیک بوومەوە ، ڕووی لێوەرگێرام ، لەجێی خۆ وەستام ، بەڵام هەرگیز ئاوری لێنەدامەوە ، ئەوسا ئەو کورسییەی وەرگێرا کەلە سەری دانیشتبوو و شاڵێکی تەنکی دابەسەر هەردوو شانیا ....

لەو ساتەدا هەستم بەسووکایەتی کرد ، هەستم کرد سەباح خەلیلی ئەسمەر ، لەلایەن ئەم کیژە جوانە سوور و سپیەوەڕەفز دەکرێ ، لەبەر هیچ نا تەنیا لەبەر ئەوەی ئەسمەرە . باشە بۆرەفزی کرد خولکم بکات . خۆپارەی دەدەمێ ، پەنجا یورۆی خشت ، پابەندی هەموو ڕێنماییەکان دەبم ، نەماچی سینگ و دەموچاو و دەمی دەکەم ، نەلە دواوە دەیبەمێ ، نە مەمکی دەگرم ، نەدەمی ماچ دەکەم . کاندوم دادەنم و بەدەم تەڕی ناکەم ، چونکە بەخۆی ئاوێکی تایبەتی هەیە بۆ تەڕکردن بەکاری دێنێ ، بەڵام ئەم کیژەڕەگەزپەرستەڕەفزی کردم .

ئەوجا بیرۆکەیەکی کوت وپڕ سەبارەت بە سووکایەتی لەمێشکمدا چەخماخەی دا . سەباح ، تۆ تۆزێ لەمەپێش بێزت نەهات سەیری کیژێکی ئەفریقایی بکەیت ، باشە ئەوکچەش هەستی بە سووکایەتی نەکرد ! چما ئەو هەستی نییە ! باشە تۆ بۆچی سەبارەت بە ڕەفتاری ئەو کچە هەست بە سووکایەتی دەکەیت ، لەکاتێکا خۆت پێشتر هەمان ڕەفتارت بەرانبەر بەکەسێکی دی کردووە ! باشە هەر تۆ نەبوویت ماوەیەک لەوەپێش دەتگوت لەوەتای" کاندی"ت ناسیوە و قسەت دەگەڵدا کردووە ، بیروبۆچوونت سەبارەت بە ڕەنگیرەش بۆ هەتاهەتایە گۆڕاوە و کەم و زۆڕرقت بەرانبەر بە ڕەش پێستان لەدڵدا نەماوە !

باشە کاندی شاژنە ئەفریقاییەکەم ئەشقت نەبوو لە هۆڵاندای پرتەقاڵیدا ! بەڵێنت بەخۆ نەدا هەموو ڕەنگەکانت خۆشبوێ ، هەموو ڕنگەکانڕێزی خۆیان هەیە لەدڵتدا ، ڕێزێک کە پڕبەپڕی خۆشەویستی ئەو کچانەبوو کەدڵیان بردبوویت ! ئەوجا بیرم کردەوە کە بۆ کەمپەکە بگەڕێمەوە . ئەمڕۆ دەستم ناچێتە هیچ کارێک . کاتێ کە لێبڕام ئەو بڕیارەم بخەمە واری جێبەجێ کردنەوە ، جامخانەکەی سالی کرابووەوە ، لەسەر کورسییەکی درێژ دانیشتبوو و چاوەڕوانی مشتەرییەکانی دەکرد . چاکەتەکەم داکەند ، کەهاتمە سەر ئەوەی کراسەکەم دابکەنم ، سالی گوتی : هاوڕێ باکەمێک قسان بکەین .

دەستم لەداکەندنی جلەکانم هەڵگرت . ئەو ڕستەیەی ئەو وشەی هاوڕێ خاویان کردمەوە ، وەکو زەبری خەنجەر وابوو . پێدەچوو کاتێ خەریکی ئەوەبووم جلەکانم دابکەنم تالەگەڵی بکەم ، هەستی بە سووکایەتی کردبێت و حەزی دەکرد پێش سێکس کردنەکە هەندێ قسان بکەین .

گوتی ئیشی ئەو ئەوەیە سێکس بە مشتەریان بفرۆشێت ، بەڵام بەرلە مومارەسەی سێکس پێویستە بزانێ من کێم و کوێندەریم و ، بۆچی ئەوم هەڵبژاردووە .

سالی کچێکی خەڵکی هەنگاریایە ، خوێندکاری قۆناغی دووی زانکۆیە ، بۆیە لێرە کار دەکات تا پارەی زانکۆکەی پەیدا بکات . دەیەوێ زانکۆ تەواو بکات ، سالی وای دەگوت .

سالی ، دووجاران لە قسەکانیا وەستا . جارێک کە گوتی هەنگارییایە و ، جارێک کە گوتی خوێندکاری زانکۆیە . بەڵام قسەکانی بەس بوون کە بەزەییم پێیدا بێتەوە . ئامادە بووم هەموو پارەکەی بدەمێ و بێئەوەی دەست بۆ تەسریحەکەی بەرم یان مایۆکەی پێداکەنم ، ڕێ و ڕێ بگەڕێمەوە .

بە" سالی"م گوت من زانکۆم تەواو کردووە و دەمەوێ لە هۆڵاندا بژیم و ، ئێستا لە کەمپیئایندهوڤن پەنابەرم . دوای ئەوە بزەیەکی کرد ، داوای کرد جارێ پەنجا یورۆکەی بدەمێ ، ئەوجا بە ئیشارەت تێیگەیاندم هەموو جلەکانم دابکەنم ، یا بەدڵی خۆم بکەم کە چی دابکەنم یا دانەکەنم .

بۆی باسکردم کە ئەرکی ئەو ئەوەیە ، ئەگەر حەزم لێیە بۆم بمژێت و ڕەحەتم بکات و ، پاشان سێکس بکەین .

دیسانڕێنماییەکانی بۆ ژماردمەوە . نەماچ ، نە لەپاش نان ، نە مەمک گوشین نییە . ماچی دەم قەدەغەیە . ئەگەر حەزم لەوە کرد دەبێ پێشوەختەڕێک بکەوین ، هەنگێ دەبێ پارەی زیاتر بدەم .

ماچی زیاتر ، پارەی زیاتر ، لەپاش نان پارەی زیاتر . مانەوەی زیاتر پارەی زیاتری دەوێ .

ئەو گەنجە کوردانەی لە ئەوروپا گەڕابوونەوە ، کەسیان باسی ئەم وردەکارییانەیان بۆ نەکردبووم . هەرهەموویان دەیانگوت کچێن ئێرە گەرم و پڕ لەزەتن . ڕێگەت دەدەن هەموو شتێکیان لێبکەیت ، خۆیان داوا دەکەن ، هیچ مەرجێکت بۆ دانانەن ، لێیان تێر نابیت .

ئەمڕۆ پارەی مانەوەی نیو سەعات دەدەم بە سالی ، لەو نیو سەعاتەدا ، بەبەرچاوی ئەوەوە دەستپەڕە حەیاتەکەی خۆم کە فێریم ، لێدەدەم ، لەپشت جامخانەکەی ئەوەوە کە پەردەیەکی سووری تۆخی پێدا درابوو ، نەیدەهێشت داوی هەتاوە کزەکە و داوی نیگاپڕێڤینگان وەژوور بکەوێت .

ئەمجارەش دەستپەڕ لێدەدەم ، بەڵام ئەمجارەیان لە گەرماواندا نا ، هەروەها لە بێشەی بیست دا و لەگەڵ تن دا و لە تاریکیدا نا .

لەسەر جێگاکەڕاکێشابووم ، سالی بەدەمی خۆی کاندومەکەی بۆ دانام . کێری مژیم ، کە هەڵنەستا . زۆری هەوڵدا هەڵیسێنێ ، لەدەمە گەرمەکەیدا دەتگوت هەویرە . پاشان ئاوم هاتەوە

سالی چووە دواوە ، بەدەست کێری گرتم ، تۆماوە لینجەکەی لە کاندۆمەکەدا بینی . بزەیەکی کرد و گوتی : تەواو بوویت ؟ هیچ وەڵامێکم نەدایەوە . ئەوجا گوتی تەواو بوویت هاورێ ، خۆ هێشتا دەستمان پێنەکردووە . داوای لێکردم خۆم

بشۆم و جلەکانم لەبەر بکەم . کاتێ کە ئەو وەکو شاژنێک لەسەر کورسییە درێژەکەی بەدەم چاوەڕوانی مشتەرییەکی دیکەوە دانیشت ، من وەکو کەسێکی بەزیو وەدەرکەوتم .

ئەم واریقاتەی خۆم بۆ کەس نەگێڕایەوە . چۆن باسی بەزینی خۆم دەکەم . خۆ ناچم بڵێم سەباح خەلیل لەیەکەم سێکسی بەپارە ، لە ئەوروپای ئازیزدا ، دۆراندی .

# حسەینی ئاشق

یەکەمجار بوو کە ببینم حسەین بیرە دەخواتەوە ، لێم پرسی بێ کحولە ؟

گوتی : نا ... بە کحولە ... بێکحول چی لێبکەم .

پاشان گوتی کێشەی هەیە ، هەرکاتێ ئەو کێشەیەی لەکۆڵ بیێتەوە دەم نە بۆ بیرە دەبات نە بۆ هیچ خواردنەوەیەکی دیکە نابات . شەوێ حسەین گوتی گوایە ژنەکەی داوای تەڵاقی کردووە و وەڵامی تەلەفۆنی ناداتەوە . نایەڵێت کچە منداڵەکانی قسەی دەگەڵدا بکەن . حسەین چەند بیرەی لەبەردەستدا بوو هەمووی خواردەوە ، ئەوجا داوای بیرەی لە هەمووان کرد . پاشان لە ئاخر و ئۆخریشەوا خۆی گۆڕی و ڕۆیی .

حسەین ، سبەی بەیانی شەکەت و ماندوو گەڕایەوە ، یەکسەر نوست ، بەڕێوە بووین بۆ خوارنگەکە کاتێ دیتم بە قاڵدرمەکەدا بۆ قاتی سەرەوە ، کەلەوێ دەژیاین ، سەردەکەوت .

جەزایری گوتی : ئاخری خێر بێت . عێراقی ئەگەر بیرەی خواردەوە بۆ سبەینێ درەنگ گەڕایەوە مانای وایە ئاشق بووە .

حسەین تا ئێوارێ خەوت ، ئێوارێ خۆی بە گەرماوە پیسەکەدا کرد ، خۆی شت ، تۆزێ نانی خوارد ، بیرەی خواردەوە و بۆی دەرچوو .

جەزایری چاوێکی داکرت و گوتی : من دەزانم ... من ئەم عێراقیانەم تاقی کردووتەوە ... دەماریان دەناسم ... حسەین ئاشقە ... حسەین ئاشقە .

لە دڵی خۆدا گوتم ، تۆ بڵێی حسەین بەدرۆوە بڵێت ژنەکەی داوای تەڵاقی لێکردووە تا پاکانە بۆ ئەم ئەشقەی خۆی بکات ؟

-هێواش هێواش ... کەس نازانێ حسەین ئاشقە ... تەنیا جەزایری وا دەڵێت ... هێواش کورینە هێواش .

شامیل پێی وابوو جەزایری هەڵەیە . خۆ ئەگەر حسەین ئاشق بێ ئەمە پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە . ئەگەر ژنەکەی تەڵاق دابێ ئەمە پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە ، ئەگەر نانی بەیانی دەگەڵ ئێمەدایان بەبێ ئێمە بخوات ئەمەش پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە . ئەوەی پەیوەندی بە حسەینەوە نەبێ ، ئەوەیە کە حەمامەکان پیس بکات و خاوێنیان نەکاتەوە . تف لە ڕاڕەوەکاندا بکات ، یان لە ژوورەکەدا پڕێ . خۆ ئەو بەلەنگازە هیچ کارێکی لەو کارانەی نەکردووە .

-کورینە خوا بناسن ...

جەزایری لەگەڵ دەستەواژەی خوا بناسندا گوتی : خوا گەورەیە ، لاحەولە وەلا قوەتە ئیلا بیلا ... شامیل ، برادەری ئازیز ، ئەمە تاوان نییە ئەگەر بڵێم حسەین ئاشقە . کێ لەئێمە حەز ناکات لێرە ، لەم کەمپەدا یان لە ئایندهوفندا ماشقەیەکی نەبێت . من خۆ کفرم نەکرد گوتم حسەین ئاشقە . ئەگەر وادەرنەچوو من ئەم قۆڵەم لەبنەوە دەبڕم .

بۆرۆژی دوایی ، کیژێکی عێراقی جوان ، بەڕاڕەوە درێژە پیسەکەدا دەڕۆیی و لە حسەینی دەپرسی .

حسەین زۆر خەجاڵەت بوو ، ئەوجا داوای لە کیژەکە کرد کەلە دەرەوە چاوەڕوانی بکات ، ئێمە هەموو ئامادەبووین پێشوازی بکەین ، پەرداخێ چاییان فینجانێ قاوە ، یا جگەرەیەکی لە ژوورەوە بدەینێ ، هەرچەندە ئەو جۆرە کارانە قەدەغەش بوو ، بەڵام حسەین داوای لێکرد لە دەرەوە چاوەڕوانی بکات ، ئەویش زۆر بەئارامی بەگوێی کرد .

دوای تۆزێک ، حسەین شان بەشانی ئەو ، بەو ڕێگا سوورە درێژەدا کە بۆ دەرەوەی کەمپەکە دەچوو ، دەڕۆیی ، ناوبەناو شان و قۆڵیان بە ئاستەم بەریەک دەکەوت ، بەرکەوتنێک جۆرە پەیوەندییەکی شەرمنانەی ژێراوژێری نێوان دوو ئاوارەی پەنابەری لە وڵاتێکی بێ چیادا دەنواند .

ڕۆژییەکەم حسەین گوتی گوایە نایناسێت ، بەڵام چونکە تازە گەییوەتە ئێرە ، پێویستی بەوەیە لە هۆڵاندایارمەتی بدەم . ڕۆژی دووەم گوتی لە مێژە دەیناسێت ، چونکە لە بەغدا و عێراقدا لەیەک گەڕەکدا دەژیان . ئەوجا گوتی ئەم ئافرەتە دەیەوێ لەشاردا خانوویەک بدۆزێتەوە چونکە ئیقامەی وەرگرتووە و ئەم یارمەتی دەدات .

ڕۆژێک حسەین گوتی : ئەم قەحپەیە ، تەعاروفی لەگەڵدا کردووە و ، لەماڵەکەی خۆیدا و بەبێ پارە دەگەڵ ئەمدا دەخەوێت و ، ئەم قەراری داوە وازی لێبێنێ چونکە دڵی لێی هەڵ دەشێوێت .

تەنیا لەو ساتەدا و بۆیەکەمجار رووپراستەقینەی جەزایریم بینی ، وتی : حسەین برادەری ئازیزم ، مافی ئەوەت نییە ئافرەتێک کەلەبەر هەر هۆیەک دەگەڵتا خەوتووە و هیچ پارەیەکی لێوەرنەگرتووی ، بەقەحپە ناوزەد بکەیت ... کە کچێک لەگەڵتا دەنوێت ئەو دەبێت بە قەحپە و گوایە تۆ شەریفی ! ئەگەر لەگەڵشتدا نەنوێ هەر قەحپەیە ، چونکە بێگومان لەگەڵیەکێکی دیکەدا دەنوێت !

کاتێ داوات لێدەکات کە یارمەتی بدەیت ، وای لێکدەدەیتەوە کەگوایە دەیەوێت لەگەڵیدا بنوویت ، کاتێ داواییارمەتیت لێناکات ، بێگومان داوا لەیەکێکی دی دەکات لەگەڵیاڕابوێرێ !! قەحپە ، وشەیەکی گەورەیە برادەر ، نابێ بە ئافرەت بگوترێ. برادەر ، ئاپروی خەڵکی بپارێزە تا خودا ئاپروت بپارێزێت ، زمانی خۆت بگرە ، تاخەڵکیش زمانیان بگرن . ئەم ئافرەتە عێراقیە جوان و ناسکە ، کچی خەڵکانێکە ، کەسوکارێکی هەیە و ئاپرو و کەرامەتی هەیە ، تۆ دڵنیای کە ئەم ئافرەتە لەشەقامی سێکسدا لەشفرۆشی دەکرد ؟ تۆ بینیوتە لەگەڵ کەسدا ڕابوێرێ ؟

حسەین ، ڕێزی ئاپروی خەڵکت لەلا بێ ... ئەگەر قەحپەی فەرمیش بێ ، ڕۆژ تائێواری ئاپروی خۆی بفرۆشێت ، پێویستە کەباسی دەکەیت بڵێی خوا دەیزانێ ، من نازانم ... دوا ڕستەی بە توندی گوت ، حسەین لەمەبەستی حاڵی بوو ، ئێمە بێدەنگ بووین .

هەستم کرد ئەم جەزایرییە لاوازە پیاوێکی ئاقڵە . هەموو ڕۆژێک پەند و ئامۆژگاریەکمان دادەدات هەرچەندە تازە نییە ، بەڵام پربەپێستی حاڵەتەکەیە . حسەین هەردوو چاوی کردنەوە ، بەحەواس پەرتیەکی غەریبەوە پرینیەڕوخساری جەزایری ، ئەوجا بە تەریقییەوە گوتی : من خەجاڵەتم . ببورە .

زەنگی خەتەر لێیدا ، هەموو بلەز لە بینایەکە وەدەرکەوتین ، چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد دووبارە ڕێگەمان بدەن کەبۆ سەر جێگا گەرمەکانمان بگەڕێینەوە .

حسەین ئەمجارە ، پیسترین جنێوی بەو کەسەدا کە بووە هۆی چوونە دەرەوەمان و ئەو حاڵەی بەسەرمان هێنا . حسەین گوتی : کەسێک هەیە کە چەرخەکەی لەبەردەم زەنگەکە دادەگیرسێنێت ، یانیەکێ دووکەڵی جگەرەکەی دەکات بە لوولەی زەنگەکەدا . سوێندی خوارد ئەگەر بزانێ کێیە ، بەتێلا پشتی دەشکێنێ .

هەڵبەتە لەنێو پەنابەرەکاندا منداڵیش هەبوون کە لەخەو هەڵسێنران و لە جێگا دەرهێنران تا بەگوێرەپرێنماییەکانی" کوا " لە بینایەکە دەربچن . کۆمەڵێک ژنی ئەفریقایی بەزمانێکی سەیر قسانیان دەکرد ، بەڵام لەوەدەچوو ، هەمان ئەو جنێوە"مزرانە " بدەن کە حسەین تۆزێک لەمە پێش گوێی پێ ئاوەدان کردینەوە .

# نیازپەڕەفزکردن

نووسراوێکم لەدایەرەی کۆچبەرییەوە پێگەیی ، نووسراوێکی دوور و درێژ کە یەک حەرفی لێ حاڵی نەبووم ، بەڵام عێراقیەک کە لەکەمپەکە بوو پێی گوتم مانای وایە کە ڕەفزیان کردووە لە هۆڵاندا ئیقامەم بدەنێ و پێویستە بچمە لای پارێزەر .

پیرەژنێک کە لە ڕێکخراوی"VWN" دا کاری دەکرد دڵنیای کردم کە نووسراوەکە هی دایەرەی کۆچبەرییە ، ئەمە پێی دەگوترێ نیازپەڕەفزکردن . نیازپەڕەفزکرن مانای ئەوەیە کە دایەرەی کۆچبەری قەناعەتی بەداوای پەنابەرییەکەم نەکردووە و دەبێ چاوەڕوانی نووسراوێکیا پەیوەندییەکی پارێزەرە تایبەتیەکەی خۆم بکەم و ، لەسەرمە لەزەرفی  سێ هەفتاندا ئەو قەرارە تازە بکەمەوە تا کەیسەکەم بدرێت بە دادگا ، کەدادگا قەرار دەدات کە ئیقامە دەمگرێتەوەیان نا ، ئەگەر ئەوە نەکەم ئیدی قەرارپەرەفزەکە دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە و هەنگێ دەبێ هۆڵاندا بەجێ بێڵم .

لەماوەی شەش مانگدا کە لەم کەمپەوە بۆ ئەو کەمپ لە هۆڵاندادا بەسەرم برد ، نە شوێنەوارێکی شارستانیم بینی ، نەکچێک  قاییل بوو مێردمپێبکات ، نەشەقاێک نە گەڕەکێک گرتمیە خۆی و نە موزیقایەک گوێی ئاوەدان کردمەوە ، تاقە یەک وشەی هۆڵاندیم لەبەر نەکرد ، کەچی قەرارپراگرتنی گواستنەوەم ، ڕاگرتنی پاسی سەفەرەکەم بۆ هاتووەتەوە ، ئەو سەفەرەم کە هێشتا لە هۆڵاندادا دەستی پێنەکردبوو ، خەریکە کۆتایی پێدێت .

ئەمڕۆکە ، شەو زوو هات ، تاریکییەکی زبر بەدەم ڕێگاوە بۆ ژوورەکەم لەکەمپەکەدا ، بەگەڵم کەوت . لە دواوە گوێم لەدەنگی ژنە کارمەندەکەیڕێکخراوە مرۆڤانیەکە بوو کە دەیگوت بەم زووانە پارێزەرەکە پەیوەندیت پێوە دەکات ، داوات لێدەکات بچیت بۆلای تا قاییل بێت بەتازەکردنەوەی قەرارەکە ، چونکە کەیسەکەت بەرەو ئەوە دەچێتڕەفز بکرێت و زۆرت نەماوە لە هۆڵاندا .

نا ، شەو نەبوو ، ڕۆژی نیوەڕۆ بوو ، ڕۆژێک کەلەو ڕۆژە دەچوو کە گەییمە شەقامی سێکس ، لەو پەردە سوورە ئەستوور و تاریکانە دەچوو کە سالی دایدابوونەوە . لەو ڕۆژە دەچوو کە بەهۆی بۆنی کلۆرەوە دەگەڵ سۆماڵییەکاندا لێمان بوو بەشەڕ ، لەشەڕی عێراقی و ئەفریقاییەکان دەچوو کە لەسەر تفێک کە ڕێگای خۆی گوم کردبوو قەوما .

ڕۆژێکیرۆناک بوو ، بەڵام پێدەچوو شەوی تایبەتی من لە هۆڵاندای سارد و تەزیدا زوو پەردەی خۆی دادابێتەوە .

پارێزەرەکە پێی گوتم پێویست ناکات نیگەران بم ، هێشتا ماوەمان زۆر بەدەستەوەیە ، پاریزەرەکە حوکمەکە تازە دەکاتەوە و ، کەیسەکەم دەدات بەو دادگایەی کە قەرار دەدات کە ئاخۆیاسا و ڕێسای هۆڵاندیرێگە دەدات لە هۆڵاندا وەربگیرێمیاننا . داوای لێکردم ، بێ خەم و خەیاڵ چاوەڕوان بکەم . بەڵام من نیگەران بووم .

عێراقییەک کە چواردانە ساڵ بێهودە لە ئەوروپادا سوڕابووەوە و ئیقامەی وەرنەگرتبوو ، گوتی هۆڵاندا وڵاتێکی سەختگیرە ، وڵاتێکە قەدری کورد و قەدری گەنج نازانێ . نازانێت کە هونەرمەند و بلیمەتمان تێدایە . پێویستە گەنجان وەربگرن ، هەموو گەنجێک . ئێمە بەزەحمەتێکی زۆر گەییوینەتە ئێرە و ئێستاش هیچیەکێک لە ئێمە ئامادە نییە بۆ پوخڵەواتخانەکانی عێراقیا سووریایا ئێرانیا پوخڵەواتخانەی هەر وڵاتێکی هەژاری ئەم دنیایە بگەڕێتەوە .

ئاخر دەوڵەتی هۆڵاندا ئەگەر وەرمان بگرێت چ زەرەرێک دەکات . وەڵڵا نازانم . خۆ ئەگەر لە کەمپا بین ئەرکمان بۆ هۆڵاندا زۆر زیاترە لەوەی بەرەڵامان بکەن بۆ خۆ وەکو هۆڵاندییەکانی دی کار بکەین و دانیشین ، بەڵام دیارە خەڵکانێکی کینەکێش هەن ، خەڵکانێکیرەگەزپەرست هەن نایانەوێ وەکو هەموو بەشەر درێژە بەژیان بدەین .

کابرای سووری ، بەتوندی بەرپەرچی قسەکانی کابرای عێراقی دایەوە و گوتی هۆڵاندییەکان لە بلیمەت و داهێنەرانیان کەم نییە . ئێمە کێین !! کێهەمان داهێنەرە !! کێهەمان دەتوانێ بەوشێوازە خزمەتی هۆڵاندا بکات کە هۆڵاندا گەرەکیەتی !! تا ئێستا نەمانتوانیوە ئەم سوکنەیە پاک بکەینەوە کە پێیان داوین . نەمان توانیوە بەتەبایی و بێکێشە پێکەوە هەڵبکەین و بژین . ئیش و کارمان خواردن و خەوتنە ، کە دەستمان بەتاڵ دەبێت ، کێشە دەنەینەوە . ئێمە ئامادەین خەڵکیش بکوژین !! لەزنداندا بووین ، وێڕای ئەوەی بەردەوام جەلادانمان بەسەرەوە بوون ، بەڵام جێگاکانی خۆمان خاوێن دەکردەوە . ئەو شوێنانەمان پاک دەکردەوە کە نانمان تیا دەخوارد ، کەمیز و گوومان تیادەکرد .

ئەگەر نەتوانین ئەو شوێنانەی کە تیایدا دەخەوین خاوێن بکەینەوە ، ناتوانین خزمەتی هۆڵاندا بکەین برادەرینە .

ئەوسا ئاوری لای منی دایەوە و گوتی : کاک سەباح من قەناعەتم بەقسەی پارێزەرەکە هەیە . کە پێی گوتوویت نیگەران مەبە ، ئیدی خەمت نەبێ و نیگەران مەبە .

بەڵام من نیگەران بووم .

-نیگەران بە سەباح . حسەین گوتی : پێویستە نیگەران بیت . پەنابەری ئاسان نییە ، مانەوە لە ڕۆژئاوادا ئاسان نییە ، بۆ کەسێک کە کێشەیەکیڕاستەقینەی هەبێ نیمچە مەحاڵە جا چ جای ئەوەی کە هیچ کێشەیەکی نەبێت .

حسەین تاتوانی ناولەپی بەدیوارەکەدا کێشا و هاواری کرد : نیگەران بە نیگەران بە ... متمانە بەکەس مەکە ... باوەڕ بە پارێزەرەکە مەکە . باوەڕ بە "VWN" مەکە ، باوەڕ بە " کوا – COA" مەکە ... تەنیا نیگەران بەو بیر لەوە بکەوە کە ئەگەر ڕەفزت بۆهاتەوە دەتوانی چ بکەیت ... دەبێ لە ئێستاوە بیر لەحاڵی خۆت بکەیتەوە .

کە حسەین لە قسەکانی بووەوە ، بەکاوەخۆ هەستام و لە ژوورەکە وەدەرکەوتم . کەس نەیگرتم . کەس دەسی بەشانیدا نەدام . کۆمەڵێک ئاوارە و پەنابەر بووین بەو ئومێدە دەژیاین کە هەندێ بەرماوەی ئیقامەمان بەربکەوێ ، بەرماوەی هەندێ کەرە و نانمان پێببڕێت . بەرلەوەی لە بینایەکە وەدەر بکەوم ، ئاژیرەکە بە توندی لێی دا .

# ئاژیر

دەنگی ئاژیر زۆر ناخۆشە ، کە یەکەمجار گوێم لێبوو و تازە هاتبوومە کەمپیئایندهوڤن ،لەچاو تروکانێکدا هەرهەموو ئاکنجیانی ناو کەمپەکە ، بلەز خۆیان گەیاندە مەیدانە دەرەکیەکە . لەگەڵیاندا دەرچووم و پرسیم چی بووە ؟ بۆچی لە ژوورەکە هاتووینەتە دەرێ ؟

لەوڕێنماییەدا کە " کوا " دابەشی کرد بەسەرماندا ، نووسرابوو پێویستە لەسەرمان هەرکاتێ گوێمان لەدەنگی ئاژیر بوو ، ئەگەر زانیمان بۆچی لێدەدایان نا ، هەموو شتێک لە ژوورەکان بەجێ بێلین و بلەز لە بینایەکە بچینەدەرەوە .

کابرای سووری بۆی باسکردین کە زەنگی ئاژیرەکە زۆر هەستیارە ، تایبەتە بەئاگر و ئاگر کەوتنەوە ، بەڵام ئەگەر گەنجێک لەیەکێک لە ژوورەکاندا جگەرە بکێشێت ، لەخۆیەوە لێدەدا و ماوەیەکی زۆری دەوێ تاسەر لەنوێ بێدەنگ دەبێتەوە .

کارمەندانی" کوا – COA" گەیینە جێ ، چوونە ناو هەموو ژوورەکانەوە ، تەمەشای هەموو شتێکیان کرد ، پاشان دەرگاکانی بینای کەمپەکەیان داخست و دوای ئەوەی گوتیان دوای سەعاتێکی دی دەیکەنەوە ، ڕۆیشتن .

هەڵبەتە ئەوە سزایەکی بەکۆمەڵ بوو بۆ ئێمە . جگەرەکێشان لە کەمپەکەدا قەدەغە بوو و ، خەلکانێک هەبوو لە ژوورەکاندا جگەرەیان دەکێشا . یارۆی جەزایری جگەرەکێش بوو ، بەڵام مەحاڵ بوو لەنێو بینایەکەدا جگەرە پێبکا .

"ڕێنماییەکان ئاشکران : جگەرەکێشان قەدەغەیە ، جا کوری خۆم ، براکەم ، ئازیزەکەم قەدەغە یانی قەدەغەیە و تەواو . ئەگەر جگەرە بکێشیت هەموومان وەکو ئاژەڵی وێڵ دەمانکەنە دەرێی بینایەکە" .

هەڵبەتە قەراری نیازپیرەفزکردنەکە زۆر لە زەنگی ئاژیرەکە بەهێزتر بوو ، بۆیە بۆیەکەمجار لەژیانما زەنگی ئاژیرەکە و سزایەکە و هۆڵاندام بەر دەمرێژی جنێوان دا ، بەڵام کەس گوێی لە جنێوەکان نەبوو ، چونکە لەدڵی خۆدا جنێوم دەدا .

سەباح خەلیل ئەمجارەیان کێری بۆ جنێو بەکارهێنا ، تاجنێو بەزەنگی ئاژیری کەمپیئایندهوڤن لە قاتی دووەمدا بدات .

بنووسە ، مێژوو بنووسە ، ئەو سەباح خەلیلەی کەلە سێکسخانەکەیئایندهوڤن نەیتوانی کێری بەکاربێنێ و لەبەرچاو و جەستەی سالیدا ، هەرچەندە دەستەنەرمەکەی نابووە سەر کێری ، هیچی پێ نەکرا ، ئەمڕۆکە دژی ئاژیری خەتەر بەکاری برد .

دیوار و تەیمانی کەمپەکەم پری ، بەرەو بێشە تەنکەکە ملیڕێگام گرتەبەر ، بەڵکو ئەمە خوایەیەکێک بدۆزمەوە بمخوات ، یەکێک بمکوژێت ، فیشەکێکم پێوەبنێ و ڕزگارم بکات . بەڵکو ئەمە خوایە تووشم بێ بەتووشییاسەمینەوە ، ئەو یاسەمینەی کە لە دارستانەکانی کوردستاندا ئارەزوویم کرد ، بەڵکو تۆزێ خەمم پرەوێنێتەوە ، یا تووشی کاندی شاژنە ئەفریقاییەکەم ببم و لەبەرچاومدا هەمان ئەو سەمایەم بۆ بکاتەوە کەلەڕێگای تیرئاپل بۆی کردم ، کاندییەکەم ئەشقم بوو لە هۆڵاندادا ، کەس بەوە نازانێ تەنیا خۆم نەبم . یا تووشی نووری عێراقی ببم و ئارەزووم هەستێنێ هەرچەندە یارۆی لێبی گوتەنی بۆنی دەمی دەهات و خەپلەکەی گەورە بوو . یا بەڵکو تووشی تن ببم کە دوای شەوی دەستپەڕەکەی لێرەواری بیست ، ئیدیرەفزی کرد وەڵامی تەلەفۆنەکانم بداتەوە .

نازانم چۆن وێنەی ئەو ئافرەتانە هاتەوە خەیاڵم و لە خەیاڵدانمدا زندوو بوونەوە لەکاتێکا من لەوپەڕی پەستی و خەمباری خۆمدا بووم ، چۆن دەشێت لەساتی هەرە نائومێدی خۆمدا ، ئەو مێیەی ئارەزووی دەکەم بێت بەپەنا و پەناگەم ! مێ ژیانە . مێهیوایە . مێ لەزۆر حاڵەتدا لە ئیقامە و لەپەنابەری باشترە . مێ پەنایە .

بێشەکەم بری ، خۆم لەسەر چەند ڕیانێکدا بینییەوە ، هەر .. رێیەک بۆ شوێنێ دەڕۆیی ، ئەو کاتەی گومڕا دەبیت ، سەمت و ئاراستەکانت لێتێک دەچێت ، ئیدی

جۆرەها ڕێگات لێ پەیدا دەبێت ، ڕستەیەکم بیرکەوتەوە کەکاتی خۆی لە هەولێر لەبرادەرێکم بیستبوو دەیگوت : ئەگەر ویستت بژی مل بەڕیساکانەوە بنە .

من هەنووکە لەمەترسیدام ، مەترسیڕەفزکردنم ، مەترسی دەرکردنم ، مەترسی هەرەس و داڕوخانی ئەو خەونانەم کە عومرێکم لە قەبەڵیان کردووە ، ئایا هەنووکە من دەژیم ... !! ئەمە ژیانە ... !! نا نا ، ئەو ڕستەیە تەنیا لەگوێدا خۆشە ، کاتێ کە گوێت لێیە خۆشە ، دەنا دوروست نییە ، هاوکێشەی مەترسی و ژیان ، ڕیسک و ژیان ، لەتامی شیرین و تاڵ دەچێت ، لەتامی سێکس لەبازاڕی سێکسا دەچێت، لەتامی سێکس دەچێت لەبەردەستی سالی هەنگاریدا .

لەو چەند ڕیانەدا هۆڵاندییەک بەسواری پاسکیلەوە پەیدا بوو ، کە لێم نزیک بووەوە تا زاری گرتی تفێکی کردە چاوم و بلەز بۆی دەرچوو . تفەکە بەگۆناما هاتەخوارێ ، هانکە هانکێکم پێکەوتبوو دەتگوت خەریکە دەمرم .

دەنگانێکی شەو گەییمەوە سەر جێگاکەم ، لەچاو تروکانێکدا خەوێکی قووڵ بردمیەوە ، کەس هەڵی نەستاندم ئەحمەد جەزایری نەبێت . وەکو گوتی هەم پرخە پرخێکی زۆرم دەکرد و هەم دەگریام .

# Fuck me

بۆڕۆژی دوایی فریای تێشت نەکەوتم . دەستم نەدەچووە هیچ کارێک .

ئەحمەد ئێوارێ گوتی : سەباح ، برادەر ئەگەر واپرواتا دەمریت . تۆ نابێ خواردن و ئیقامە تێکەڵ بکەیت . ئەگەر من قازی بام ، ئیقامەم بە قوتو ، یا بەکیلۆ ، یابەهەر پێوەرێکی دی بەسەر پەنابەراندا دابەش دەکرد .

من بەخۆم دوای حەوت ساڵ دەربەدەری و ئاوارەیی لە هۆڵاندادا ئەوجا بەرم دەکەوت ، بەڵام کاکە سەباح تا ئیقامە وەردەگرم ، دەبێ زۆر بەورە و بەهێز بم ، دەبێ پێشبینی هەموو شتێک بکەم . ئێمە لە وڵاتە دزراوەکەی خۆمان هەڵاتووین ، تا لە بۆشاییەکانییاسای هۆڵاندیدا ژیانی دی بدزین . جابۆئەوەی بتوانین ئەوە بکەین دەبێ بەهێز و ورە بەرز بین . حاڵی بووی کاکە سەباح . ئەگەر تۆ بمریت لێرە کەس خەمت بۆناخوات جگە لەئێمەی برادەرانی ژوورەکە و کەسوکارەکەت ، سەباح گیان هەولبدە خەمبارمان نەکەی .

هیچ خواردنێکم بۆ نەخورا ، بەڵام پەرداخێ چام خواردەوە ، تامی هێندە تاڵ بوو دەتگوت هەلاهیلە .

دەگەڵ حسـەیندا دەرچووین ، ئیدی لە بێشـەیەکی تەنکە درەختی قەراخ ڕێگاکە دەگەڕاین ، یا پیاسـەی شـەقامەکانمان دەکرد یا حسـەین گوتەنی خەمی خۆمان دەناشـت .

یارۆی سـووری دەیگوت هیچ شـتێک وەکو ڕێکردن خەمڕەوێن نییە ، دەیگوت کە ئەوان لە زیندانندا بوون ، بەنۆرە بەناو یەک ژووردا ، ڕێیان دەکرد .

ئیدی لەوێ ، نزیکەی نیوەی سـاڵانی زندانیەکەی بەڕێکردن بردبووە سـەر ، پێنج دانەسـاڵڕێی کردبوو . ڕێکردن خەم لەناو دەبات و ، هەروەها زندان و ڕەفز و دەرکردنیش لەناو دەبات ، رەنگە ئیقامەت نەداتێ ، بەڵام شـوێنەواریڕەفزەکەت سـووک دەکاتەوە .

شـەوێکی دژواری ساردبوو . ڕێگا هیچ بوونەوەرێکی پێوەنەبوو ، هیچ پەنابەرێکی پێوە نەبوو ، یا ژیانی پێوە نەبوو . هەڵوەسـتەیەکم کرد و بیرم لەوە کردەوە کە بەحسـەین بڵێم باجارێ بچینە ژوورەوە و مەسـەلەی لەناوبردنی خەم بۆڕۆژێکی دیکە هەڵگرین . بەڵام جۆرە سـوور بوون و پێداگرییەکی سـەیرم لەچاوانی حسـەیندا بینی .

حسـەین ئەزموونێکی زۆری لەپەنابەری و ڕەفز و خەمدا هەیە ، لەوەیە بتوانم سـوودی لێوەربگرم . قسـەم نەکرد ، کە حسـەین وەڕێکەوت ، دوای کەوتم .

حسـەینڕاسـتەوخۆ باسـی نەرویجی سـاردی کرد . گوتی وڵاتێکی دیموکراتیە ، یا زۆر لە وڵاتەکانی ئێمە ، ئەو وڵاتانەی بەجێمان هێشـتووە ، دیموکراتی ترە .

خانووەکانی زۆر تەنگە . ئەوەندە تەنگە کە من دەچوومە ژوورەوە یا دەهاتمە دەرەوە بەردیوارەکانی دەکەوتم . تەوالێتەکانی زۆر تەنگن ، لە تەوالێتەکانی هۆڵاندا دەچن . تەنگاتی لە هۆڵاندا و لە نەرویج هەمان تەنگاتیە . دیموکراتیەت لەم پانتاییە تەسـکەدایە . نەرویجیان هەر لە منداڵیەوە دەگەڵ ماڵ و خانووی تەنگدا ڕادێن ، کە گەورەش دەبن دەگەڵ تەنگاتی شـتەکاندا ، تەنگاتی سیاسـەت ، تەنگاتی دیموکراتیەت ، تەنگاتی خۆشـەویستی و ، تەنگاتی سـۆزداڕادێن و قەبووڵی دەکەن .

سـۆز لە نەرویجیش لە تەنگاتیدایە ، لەنەرویجدا ناتوانی خۆشـەویستی بکەیت . شـتێک نییە بتوانی خۆشـت بوێ . وڵاتێکی گەورەی بەرینی دەوڵەمەندە ، لەگەڵ تەنگی شـوێن و خۆشـی و خۆشـەویسـتی و ڕەنگە دیموکراتیەتدا .

ئوتۆمبێلێکیرەوتەنیرێگای کەمپەکەیرووناک کردەوە ، لەبەر سووکە ڕۆشـنایی ئەو ڕوناکیە کوت و پڕەدا ، چاوانی حسـەینم بینی ، وەکو چاوانی پشیلەیەکی

فەرامۆش کراو لەبازنەیەکی تاریکدا ، دەبریسکانەوە . هەستم کرد دەگەڵ پیاوێکی دیکەداڕێدەکەم ، هیچی دەربارە نازانم .

سەباح گیان ، هێشتا زۆرت ماوە لە ئەوروپا . خۆئەگەر هۆڵاندا پڕیاری دا لەخاکی خۆی وەدەرت بنێ ، ئەمە بەو مانایە نییە کە سەفەرەکەت تەواو ، کۆتایی هات . دنیا ئاخر بوو . نا نا هەرگیز .

پتر لە بیست دەوڵەتی ئەوروپایی هەیە ، دەتوانی هەرهەموویان تاقی بکەیتەوە . من تانها سیانیانم تاقی کردووەتەوە . لە یۆنانەوە دەستم پێکرد ، وڵاتێکی جوان و میهرەبان و خۆشە ، بەڵام هەژارە .

ئاخر پەنابەرێک کە لە دنیادا لەخۆی و سێبەرەکەی بەو لاوە هیچ شتێک شک نابات دەتوانێ چی بکات ؟ یەجگار جوانە بەڵام پارە و پولێکت دەوێ تاژیانی خۆتی تیابەسەربەریت .

چووم بۆ نەرویج چونکە لەوێ برادەرێکم هەبوو پێی گوتم نەرویج دەوڵەمەندترین وڵاتی دنیایە .وڵاتێکی گەورەیە و ژمارەی خەڵکەکەی کەمە . پێی گوتم وەرە ، بەچوارمانگ ئیقامە وەردەگریت . دوای هەشت هەیڤان هەڵاتم ، لەترسی ئەوەی نەبادا بۆیونانم بنێرنەوە .

گەییمە هۆڵاندا و تا ئێستاش نەخشەی ئیقامە دەکێشم ، نە هیچ دیارە و نە گەشبینم . بەتەمام ئەگەر هۆڵاندا دەرم بکات بۆ ئەڵمانیا بڕۆم . هیچ چارێکی دیکەم نییە .

هەر هەموو ئەوروپا دەگەڕێم بۆ پەنایەک . دوو منداڵی کچ و ژنێکم لە عێراقا بەجێ هێشتووە و دەبێ خەمی ئەوانیش بخۆم . دوو کچی منداڵ ... دەزانی مانای چییە ... !! دوو منداڵ ... تۆ سەڵتی سەباح ... دەتوانی بەئاسایی بیر بکەیتەوە . تۆ ترست لە هیچ شتێک نییە کە بیدۆڕێنی ، تەنیا ئایندەت نەبێ ، ئەمەش زۆر نییە .

لە هەنبەر پشووگەکەی سەر ڕێگای بیستدا و لەژێر عامودی پشووگەکەدا کە یەکپارچە گلۆپ و ڕووناکی بوو ، خەتەکانی ناو لەپی" تن " م بینی ، پیرەمێرێکی قەڵەو ، کەبەسەر ماتۆرێکی سوورەوە بوو ، ڕاوەستا . گڵۆپی ماتۆرەکەی هەڵکرد ، عەینەکەکەی گۆشتە شلەکەی پەنا گوێیەکانی دەشاردەوە ، ریش و سمێڵی پاک تاشی بوو ، قژە بۆزە درێژەکەی لە جێڵ هەڵکێشابوو .

وەستام ، ئەو تفەم بیرکەوتەوە کە دوێنێ بەدەموچاوما هاتەخوارەوە ، ئیدی چیرۆکی ئەو پەنابەرانەی"ئایندهوڤن"م بیرهاتەوە کەبەهۆی هەڵکشانی کوت

وپرپرەوتێکی سیاسی دژە پەنابەرانەوە بەسەریان هاتبوو ، ڕەوتێک بوو لاریان لەوە نەبوو ئازارمان بدەن یان تف بکەنە چارەمان .

حسەین گوتی مەترسە ، مرۆڤێکی بێوەیە ، لەیەکێک دەگەڕێ بیکات بەشەریکی تەنیایی خۆی .

حسەین لێیرەت بوو ، کاتێ من گەییمە ئاستی بە دەنگێکی هێمن و پاڕانەوە ئامێز گوتی : Pleas Fuck me .

# قات

گەنجێکی سۆماڵی کەمێک پێش نیوەڕۆ خۆی بە کەمپەکەدا کرد ، کیسەیەکی کەتانی تەنکی پێ بوو ، ژمارەیەک سۆماڵی دیکە لەدەوری خڕ بوونەوە .

ئەو جلانەی لەناو کیسەکەیدا بوو ، هەمووی بەسەر سۆماڵیەکاندا دابەش کرد . پاشان ڕۆیی . شەوێ لەبەر سەرماکە و لەدەرێی بیناکەدا ، لەسەر ئەو مێزە کۆنکریتیە دادەنیشتن کە ماوەیەک لەوەپێش لەجیاتی مێزی پینگ پۆنگ بەکار دەبرا ، شتێکیان لەدەم دەنا و دەیان جوو ، ناوبەناو لیکاوێکی قاوەییانڕۆدەکردە سەرزەوی و ، ئیدی تا چاویان پری دەکرد پەیگیری هەر جوڵەیەکیان دەکرد .

بۆچی بەم سەرما تووشە لەدەرەوە و لەسەر ئەم کۆنکریتە وشکە دادەنیشن ، خۆیان پێچاوەتەوە ، ئەدی بۆچی ناچنە ناو بیناکە ؟

حسەین گوتی : قات بەکار دێنن .

-ئەدی بۆ لەژوورەوە بەکاری نایەنن .

-ئاخر دەبێ ناوبەناو تف بکەن ، تەمەشای دەوروبەری مێزەکە بکە ، ئەو ڕەنگە قاوەییە تۆخە دەبینی ، ئەوەم مەبەستە ، پێدەچێ حەزبکەن بەکۆمەڵ بەکاری بێنن ، خۆئەگەر لە ژوورەوە بەکاری بێنن ، ئەوا لەلیکاو و تفی قاوەییدا نقوم دەبین .

جارێک ئەزمووم . زۆر تاڵە ، نەک هیچ لەزەتێکم لێنەبینی ، بەڵکو تووشی بەلەفیرەی کردم .

حسەین جاری دووەم تاقی نەکردەوە ، زۆر شتی دیکەشی بۆ جاری دووەم تاقی نەکردبووەوە ، گوتی ئەگەر هۆڵانداڕەفزی بکات ، جارێکی دی هەڵەی پەنابەری تاقی ناکاتەوە .

بیری چووەوە کە لە یونان و لەنەرویج تاقی کردبووەوە و بەنیاز بوو ئەڵمانیاش تاقی بکاتەوە و بیری لەوەش دەکردەوە کە بۆ سووریا بگەڕێتەوە .

جارێک شەقامی سێکسی تاقیکردەوە ، بەڵام هەستی بە قێزبوونەوە کرد و دووبارەی نەکردەوە . بینینی کیژێک بەسەرپۆشەوە ، زۆر زیاتر لەدیتنی کچێکیڕووتی ناو خانوویەکی پلاستیکی سوور ، دەیوروژێنێ . وازی لە ماریگوانا هێنا ، چونکە خەوی لێدەخست . وازی لە فرۆشتنی ماڵی دزیاری هێنا چونکە حەرامە .

جەزایری پێی گوت : " حسەین ، برای ئازیزم ، واز لە هۆڵاندا بێنە ، هۆڵاندا تەرک بکە ، هۆڵاندا بەکەڵکی تۆ نایە ، هۆڵاندا بۆ ئەوانەیە کەلەدووی لەزەت و ڕابواردنی کاتین . هۆڵاندا بۆتۆ دروست نەبووە حسەین گیان ، بۆتۆی نەوەی فیودالیزمی عێراقی کەفێرن بەتەرک کردن ، دروست نەکراوە . هەموو ئەوروپاییەکان بۆ ئەو لەزەت و ڕابواردنە ، ڕوو دەکەنە هۆڵاندا ، کەتۆخۆتی لە قەرە نادەیت . واز لە هۆڵاندا بێنە بۆ ئەهلی هۆڵاندا کە ئەوان بست بەبست و دۆڵ بەدۆڵی شارەزان . تۆبۆخۆت لەدوورەوە مۆزە مۆزی خۆت بکە ، لەودیو سەرپۆشەوە ، لەپەنجەرەوە ، لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئیسارە ببە ، یاسای هۆڵاندا نەرمە هاوڕێم ، گرینگ نییە دەگەڵ شەریعەتی حسەیندا تێکبکاتەوە . بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەسێکس و ڕابواردن و موخەدەراتەوە هەیە . یانی حسەین گیان بەکورتیەکەی دەتوانیسۆزانیت دەست بکەوێ و بە پەنجا یورۆ مومارەسەی هەموو قەدەغە و حەرامەکانی دەگەڵدا بکەیت بێئەوەی ئاسایش بەو بیانووەی کە گوایە ئاپڕووی گشتیتڕووشاندووە ، بتگرێت ، یان لەبەر ئەوەی زینات کردووە . من بە سییورۆ قەحپە پەیدا دەکەم . بە کورتی دەتوانی ماریگوانا بکێشیت بەبێ ئەوەی پۆلیس بتگرێیان مۆری پەنجەت بە دیواری دادگاکان پاک بکەیتەوە و بیسپریت . سۆماڵیەکان قات لە ماڵەکانی خۆیاندا دەڕوێنن و بە سۆماڵیە پەنابەرەکانی ئێرە ، لەکەمپەکە و لە هەموو شوێنێکی دیکەی دەفرۆشن ، ئەمانەش دەیجاکێننەوە و تف ڕۆدەکەن . حسەین هۆڵاندا بۆ کەسێکە هیچ گرێیەکی نەبێ ، کێماسی و زندانی نەبێت ، هۆڵاندا بۆ خەڵکی وەکو تۆ نییە حسەین" .

حسەین ، وەڵامی نەدایەوە ، دەمی کرابووەوە ، چاوەکانی کرابوونەوە . ئەوجا بەتوندی پێکەنی ، لەقاقای پێکەنینێکی ئەوتۆی دا وەکو ئەوەی قەت پێنەکەنی بێ .

# عەلی لیبیایی

دەسەڵاتی ئەڵمانی لە بەرلین عەلی لیبیاییان گرت چونکە جگەرەی ماریگواناییان پێگرتبوو . دوای دوو هەفتە ئازاد کرا .

عەلی گوتی : " لە هۆڵاندا قەدەغە نییە بەڵام لە ئەڵمانیا قەدەغەیە ، ئاخر من لەکوێ ئەوە بزانم . جگەرەم لە چەند دوکانێکی هۆڵاندا کڕی و دەگەڵ خۆدا بۆ بەرلینم برد تا لەگەڵ هاوڕێکانمدا بیکێشین . بەخۆیانڕایان سپاردبووم کەبۆیان بەرم .

مخابن پۆلیس دەستیان بەسەراگرت و خۆمیشیان گرت ، دوای دوو هەفتە لەسەر داوای پارێزەری تایبەتی کۆمەڵێک کاغەزم ئیمزاکرد کە خۆشم نەمزانی چییە ، و گوتم دووبارەی ناکەمەوە ، پاشان چیرووده‌دا نازانم ، هەڵبەتە جارێکی دی دووبارەی دەکەمەوە ، بەڵام وریاتر دەبم " .

شامیل گوتی : " عەلی تۆ دەزانی بۆچیبەئێمە دەڵێی گوایە نازانیت ؟ ئێمە نە پۆلیسی ئەڵمانین و نە ئەنتەرپۆلین و لای هیچیەکێکیان خەبەرت لێنادەین . عەلی تۆ بەخۆت دەزانی پێویستەڕاستیەکان بڵێی ، چونکە لەوانەیە بۆ نموونە سەباح بیەوێ بڕوات بۆ ئەڵمانیا و کۆمەڵێک ماریگوانا دەگەڵ خۆیدا بەرێت و پێموایە دەبێ پێی بڵێی نابێ ئەو کارە بکات " .

شامیل و عەلی ، پێشتر ماوەیەک پێکەوە لەکەمپی درونتن دەبن و دۆستایەتیەکی تایبەتیان لەنێواندا هەبوو . شامیل گوتی عەلی لیبیاییەکی مەردە . بەڵام ناوبەناو مەردایەتیەکەی لەبیردەکات و دەست دەداتە خوێریاتی .

شامیل مەبەستی ئەوە نەبوو عەلی تووڕە بکات یان خاڵی لەسەر تۆمار بکات .

گوتی ئەرکی ئەو لە ئەوروپا لە کەمپێئایندهوڤندا تەواو بوو ، ئەمڕۆ لەهەوڵی ئەوەدایە بۆ عێراق بگەڕێتەوە ، بۆ وڵاتێکی دی ناڕوات . هەوڵ دەدا لەعێراقداڕێگەیەک بدۆزێتەوە کە دڵ و ئەقل و ماڵ و حاڵی خۆی بونیات بنێتەوە . ئامادە نییە درۆودەلەسە و تورەهاتان بفرۆشێت

نە قارەمانە و ، نەدەیەوێ ببێت بە قارەمان . هەرچیەک بزانێت دەیڵێت . سێ دانە ساڵە لە هۆڵاندایە ، لەم سێ ساڵەدا زۆری درۆ و دەلەسان گوێ لێبوو ، هیچی نەدەگوت ، بێدەنگ بوو . بەڵام ئەگەر یەکێک لەجارچیانی درۆیان هاوڕێیەکی ئازیزی خۆی بێت ناتوانێ بێدەنگ بێ .

عەلی بەدەم گوێگرتنەوە بزە لەلێوانی نەدەپرا . ئەوجا گوتی :

" شامیل واز بێنە ، لێم گەڕێ با لەژیانمدا تاقە جارێک دەوریرابەر و فەرماندە ببینم" .

شامیل پێکەنی ، دەستی خستەسەر دەمی و جلەوی کرد .

" سوپاس بۆخوا ، پارێزەرەکە ئێستا لەکێشەکەڕزگاری کردم ، پۆلیسی ئەڵمانی بەیەکەمجاریان لەقەڵەم دا ، لەوەیە جاری دووەم مەسەلەکە زۆر گەورەتر بێ" .

عەلی ، کە گەییە هۆڵاندا ، دوای چوارمانگ ئیقامەی وەرگرت ، سەلماندی کە دەسەڵاتی لیبیا دوو برایان لە زنداندا کوشتووە ، بۆیە بابی داوای لێکردووە کە سەفەر بکات .

کاتێ عەلیڕووداوەکەی گێرایەوە ، بەجۆرێ گرژ بوو وەکو ئەوەی ئێستا لەبەردەمیاڕووی دابێ .

" پۆلیسی لیبیایی وەژوور کەوت و جەنازەی هەردوو براکەمی پێبوو . ئا ئێرەم بۆ ئیمزا بکە کەهەردوو کوڕەکەت لەڕووداوێکدا کوژراون ، لەبری هەر جەنازەیەک سەد هەزار دۆلار وەردەگریت . بابم بەڕووی ئەفسەرەکەدا هەڵشاخی و گوتی : تۆڕێگەی من دەدەیت دوو کوڕت بکوژم و لەبری هەریەکێکیان دووسەد هەزار دۆلارت بدەمێ .

بەڵام بابم لە ئەنجامدا قاییل بوو ، بەدەم گریانەوە ئیمزای کرد " .

بۆڕۆژی دوایی داوای لەمن کرد کە بڕۆم ، سەفەربکەم . شەوی دوایی کەمپیئایندهوڤن نەنووست . عەلی بەیەکێک لە گەڕەکەکانیئایندهوڤندا دەسووڕایەوە ، لەسووچێک دەگەڕا خۆی گوتەنی بێزاری خۆی تیا هەڵڕێژێ . ئەوسا کۆمەڵێک هۆڵاندی لەبەر باخچەی ماڵێکدا بینی ، دەیانڕوانیە تۆپەڵە گڕێکی بە کڵپە و بڵێسە .

عەلی لە تۆپەڵە ئاگرەکە نزیک بووەوە ، پیاوێک بوو دەسووتا ، عەلی لەناکاوا خۆی لەبەردەم ئەو تۆپەڵەدا بینییەوە کە دەسووتا ، هاواری دەکرد :

" پەتۆیەکم بدەنێ ... پەتۆیەکم بدەنێ ... " عەلی نە ئینگلیزی دەزانی و نە تاقە وشەیەکی هۆڵاندی دەزانی ، بەزمانە لیبیاییە دژوارەکەی خۆی هاواری دەکرد : " کوا بمدەنێ ... بمدەنێ ..." ئەوجا پاڵتۆڕەشە قورسەکەی داکەند ، لەو پیاوەیەوە پێچا کە سەر و سینگ و زگی دەسووتا ، کاتێ خەریک بوو کراسەکەی دابکەنێ تا باقی ئەو جەستەیەی کە هێشتا دەسووتا ، پێ دابپۆشێ ، هۆڵاندییەک هاتە پێشەوە و باقی جەستەکەی بە پاڵتۆیەک داپۆشی .

عەلی خۆی بەسەر جەستەی کابرادا دا ، بەڕاست و چەپا جوڵا تا ئاگرەکە کوژایەوە .

ئوتۆمبێلی پۆلیس گەیی ، ئەوجا ئوتۆمبێلی ئاگرکوژانەوە هات ئەوجا ئەمبولانس، کە ئاگرەکە خەریک بوو دەکوژایەوە، هات . کارمەندانی ئەمبولانسەکە جەستەکەیان لە ئوتۆمبێلەکەیان نا و ڕۆیشتن . پۆلیس لە عەلی نزیک بوونەوە .

یەکێک لە پۆلیسەکانبە هۆڵاندی لێی پرسی کێیە ، بەڵام عەلی لێی حاڵی نەبوو . بە ئینگلیزی لێی پرسی ، عەلی کە هیچ حاڵی نەبوو ، شڵەژا . سودانیەک کەلەوێ بوو هاتە پێشەوە . سودانیەکە قسەکانی کابرای پۆلیسی بۆ عەلی پاچڤەکرد ، وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە ، کاتێ پۆلیس داوای ناسنامەی لەعەلی کرد ، عەلی زۆر ترسا ، ویستی بۆ کەمپەکە بگەڕێتەوە ، سودانیەکە ویستی هێوری بکاتەوە .

عەلی پێی گوت : " بۆچی ناسنامەیان بدەمێ ... ناسنامەیان بۆ چیە ... " . قاییل نەبوو ناسنامەکەی بداتە پۆلیس ، چونکە ئەوەی بیرکەوتەوە کە پۆلیسی لیبیایی کاتێ ناسنامە لەکەسێک وەردەگرن ، پاشان کێشەی گەورەی بەدوادا دێت .

کابرای سودانی بەدەم پاچڤەی قسەکانی عەلییەوە بزەی دەهاتێ . ئەوجا دڵنیای کرد کە هۆڵاندا ، وەکو لیبیا نییە و ، پۆلیسی هۆڵاندی زۆر جیاوازە لە پۆلیسی لیبیایی .

عەلی بیری کەوتەوە کە ناسنامەکەی لەگیرفانی پاڵتۆکەیدا بوو ، ئەو پاڵتۆیەی کەبەسەر جەستەی کابرا هۆڵاندییەکەوە سوتا و ، ئاگر کوژێنەوەکان ، بەدەرمانە سپیە لینجەکەیان تەڕیان کردبوو .

بەهەزار حاڵ جزدانە بچکۆلەکەی لە گیرفانێکی ناوەوەی دەرهێنا و ناسنامەکەی دایە دەستی پۆلیسەکە . عەلی لەسەرما هەڵدەلەرزی . کابرای پۆلیس بەگەرمی دەستی عەلی گوشی و بە ئوتۆمبێلی خۆیان گەیاندیانەوە کەمپەکە .

# هێرشی میدیا

قافڵەی وێستگەێن تەلەفزیون و ڕادیو بۆ سبەینێ زوو گەییە کەمپەکە ، هەموو دەیانویست دیدار دەگەڵ عەلیدا ، ئەو قارەمانەی کە هۆڵاندیەکەیرزگارکردبوو ، ساز بکەن .

عەلی حەزی نەدەکرد ڕوخساری لە تەلەفزیوندا دەربکەوێ ، دەیگوت ئەگەر پۆلیسی لیبیا بزانن من لێرە پەناهەندەم ، لەوەیە هەوڵی تیرۆر کردنم بدەن ، ڕەنگە لەوێ لە لیبیا گەڕوگێچەڵ بەکەس و کارەکەم بکەن .

هەر تیمێکی وێنەگریی کەناڵەکان دیلمانجێکی لەگەڵدابوو . شەوێ عەلی لەکەمپەکە هەڵات ، لەدیدار و دیمانان بێزار بوو ، لە دووبارە کردنەوەی چیرۆکەکە وەڕز بوو .

عەلی گوتی ، لە لیبیا ، لەساڵانی خوێندنی ئامادەیی و زانکۆدا زۆرم سوود لە وانەێن بەرگری شارستانی وەرگرت . ئەوەی لە ژیانما دەیزانم ، چۆنیەتیرزگارکردن و فریاکەوتنی بریندارێکی شەڕە ، کوژاندنەوەی ئاگرە ، ئەمانە ئەو وانانەبوون کە لە لیبیا خوێندمن و سوودم لێیان بینی . لەوە بترازێ هەمووژیانم بەبا ڕۆیی .

عەلی لە میانەی دیمانە زۆرەکانییەوە بۆی دەرکەوت ئەو هۆڵاندییەی کەخۆی سووتاند ، حەزی لەکیژێک کردبوو ، بەڵام کیژێ بەجێ هێشتبوو ، کە کیژێ قاییل نەبووبوو بۆلای بگەڕێتەوە ، لەبەر ماڵی کیژێدا خۆی سووتاندبوو ، عەلی گوتی : " شێتە ... کەس لە پێناوی کیژێکدا خۆی ناسووتێنێ".

پاشان عەلی حەز لە کیژێکی عێراقی دەکات کە تازە گەیی بووە کەمپیئایندهوڤن . ناوپراغیدە دەبێت . ڕاغیدە سوببی مەزەب بوو .

# ڕاغیدە

ڕاغیدە بەدەم سەفەرە دوور و درێژەکەیەوە بۆ ئەوروپا گەیی بووە دورگەیەکی ئیتاڵیایی ، بەتەمای ئەوە بووبوو بگاتە سوێد ، کە خۆشکەکەی لەوێندەر دەژیا . بەڵام پۆلیسی ئیتاڵی بۆ دورگەیەکی دیکەیانڤڕێ کردبوو و ، لەوێ داوای پەنابەری کردبوو .

زەرییەکی کورتە باڵا ، چاوجوانی دەم بچکۆلانەی سێکسی بوو . هەرچەندە لاواز و باریکەلە بوو بەڵام مەمکەکانی پڕ چنگ و نەرم ، کە لەژێر جلە ڕەنگینەکانیەوە بەئازادی سەمایان دەکرد ، پەنابەرەکان خەریک بوو بۆی شێت بن . بەلار و لەنجە دەڕۆیی و دەیزانی هەر هەموویان چاویان لەدووی ئەوە .

عەلییەکێک بوو لەو پەنابەرە زۆرانەی حەزیان لە ڕاغیدە کردبوو .

ڕاغیدە پەنجەمۆری لە ئیتاڵیا هەبوو ، پەنابەران شەڕیان پێ فرۆشتبوو ، لەوێندەر برسێتی چەشتبوو ، ئیدی لێبڕا بوو هەتاوی گەرمی ئیتاڵیا و جوانی گەنجانی ئەوێ بەجێ بێڵێ .

کاتێ هەندێک پارەی لە خۆشکەکەیەوە بۆهاتبوو ، چووبوو بۆ سوێد و لەوێندەر داوای پەنابەری کردبوو ، ئەوەی شاردبووەوە کە خۆشکێکی هەیە و لە سوێد دەژی . کاتێ دەسەڵاتی سوێدی بۆی دەرکەوتبوو کە ڕاغیدە پەنجەمۆری لە ئیتاڵیا هەیە ، قەراریدابوو بەگوێرەیڕێکەوتننامەی دبلن بۆ ئیتاڵیای بنێرێتەوە .

بەڵامڕاغیدە بۆ نەرویج هەڵاتبوو ، لەوێش کە بە پەنجە مۆرەکەیان زانی بوو ، ئیدی دایەرەی کۆچبەری لێبڕابوو بۆ ئیتاڵیای وەگێرنەوە ، جارێکی دیکەش هەڵاتبوو و خۆی گەیاندبووە هۆڵاندا .

هۆڵاندا دوا قۆناغ بوو . ڕاغیدە وای بەعەلی گوتبوو بیری لەوە دەکردەوە کۆتایی بەم ئاوارەیی و سەفەرە ناکامە بۆ ئەوروپا بێنێ . جگە لەترس و نیگەرانی و دوودڵی هیچ خێرێکی لە ئەوروپا نەبینی بوو ، دەیەوێ وەکو هاوڵاتیەک درێژە بەژیان بدات نەک وەکو پەنابەرێک .

ڕاغیدە بەعەلی گوت : " هەست دەکەم ژیانم لەدوا پێکیدایە ... " .

" دەخۆیتەوە ... ؟ " .

" هەمووو شتێک دەخۆمەوە . من مرۆڤم دەمەوێ بژیم . حەز لەشەراب دەکەم . حەز لەژیان دەکەم بەڵام لێرە نا ... نانا لە ئەوروپا نا " .

" دەچم بۆ سووریا ... پێشتر دیتوومە ... حەزدەکەم لەوێ ژیان بەسەر بەرم . هەڵبەتە مەحاڵە ب عێراق بگەڕێمەوە" .

لەوساتەدا عەلی کاتێ داوای زەماوەندی لێکرد ، هیوایەکی تازەی پێبەخشی .

بەدوو قۆڵی لەسەر سەوزە گیایەکەییاریگای فووتبۆڵەکە دانیشتن . عەلی گوتەنی لە یاریگای تف . لەپەنجەرەکەی خۆمەوە چاودێریم دەکردن . من لەناو ژوورەکەدا لەسەرما هەڵدەلەرزیم ، کەچی ئەوان لە دەرەوە لەسەر ئەو بەستەڵەکە ساردەیهۆڵاندادا پاڵ دەکەوتن .

ڕاغیدە بەدەم دانیشتنەوە لاقەکانی هێنابوونەوەیەک ، دەستە تێک ئاڵاوەکانی لەباوەشی نابوو . چاوی داخستبوو ، ناوبەناو بزیەکی بۆدەکرد و سەرێکی هەڵدێنا تا تەمەشای عەلی بکات . عەلیچالاکتر و بەدەماخ تر بوو . هەردوو لاقیراکێشا ، خۆی بەسەر دەستیا دابوو ، بەدەنگی بەرز پێدەکەنی ، قاقایەکەی دەگەییە پەنجەرەکەی من کەلەقاتی دووی بینای ژمارە حەوتی کەمپە تاقانەکەیئایندهوڤن دابوو .

عەلی ، لەدەرێیئایندهوڤن ، خانوویەکی پەیدا کرد ، پاشان بەتەنیاڕۆیی و ئیدی نەهاتەوە .

# خۆکوژی

دوای نیوە شەوێکی خەمناک ، ئەمبولانس بە پەلە گەییە بینای ژمارە شەشی کەمپەکە و یەکسەر فەوازی برد . فەواز کورە کوردێک بوو چواردانە ساڵ بوو گەیی بووە ئەوروپا ، ئیدی هیچ ئومێدێکی بە ئیقامە نەمابوو . بەدەم ئاوارەییەوە سوێد و نەرویج و ئەڵمانیا و هۆڵاندای تەی کردبوو .

فەواز دەماری دەستی بڕی بوو ، چونکە داخوازیڕاغیدەی کردبوو و ڕاغیدە قەبووڵی نەکردبوو . هاو ژوورەکەی بلەز خۆی گەیاندبووە ژووری سکیوریتی" ئاسایش" و خەبەری دابوو کە فەواز " مرد " ئیدی سکیوریتی داوای ئەمبولانسی کردبوو .

دوای دوو ڕۆژان لە کەمپەکە پەیدا بووەوە ، زۆر کز و دڵشکاوبوو ، دەستی بەسترابوو ، بەخۆی باسیکرد کەحەزی لە ڕاغیدە کردووە و ڕاغیدەڕەفزی دەکات .

ڕاغیدە ، لە مووبەقی کەمپەکەدا ، خواردنی وەردەگرت ، کە گەنجێکی عێراقی چۆنیەتیرووداوەکەی لێپرسی بوو ، گوتبووی : " نایناسم ، نە هیچ داوایەکی لێکردووم و نە قسەی لەگەڵدا کردووم ، ئیدی نازانم لەبەر من خۆکوژی کردووە یان لەبەر ئەوەی کە وەکو من هیچ ئومێدێکی بە ئیقامە نەماوە . من ئومێدبڕ بووم بەڵام خۆم ناکوژم . ئەوجاگوتی ماوەیەکی زۆرە بەوە ڕاهاتووم کە پەنابەران حەزم لێبکەن ، بەڵام من گوناحم چییە . چما ئەم دنیا گەورەیە ژنی تیا نەماوە تەنیاڕاغیدە نەبێ" .

ئەوسا بێئەوەی خواردن وەربگرێت رۆیی ، فیمی و کارمەندانی کوا و سکیوریتی هەموو سەریان لەو ڕەفتارەی سوڕما .

دەمویست ئاشقێنی لەگەڵڕاغیدەدا بکەم ، مومارەسەی گەنجاتی خۆمی دەگەڵدا بکەم ، بەڵام زۆر بێباک بوو ، هەستی بەوە نەکرد کەمن حەزم لێیەتی .

ڕەنگە نە منی بینی بێ و نە گوێی لەناوم بووبێ ، نەبزانێ کە سەباح خەلیلی گەنج بە باڵی خەونانی پەمەییەوە گەییوەتە هۆڵاندا و دووجاران لە هۆڵاندادا دەستپەڕی کردووە ، جارێکیان دەگەڵ کیژێکی هەنگارییایی جواندا بەنێوی سالی لەپشت پەردە سوورە ئەستوورەکانەوە و جارێک بە دەستی تن لەناوەندی تاریکاییڕێگای بیستدا .

دوای چوار ڕۆژ لەهەوڵی خۆکوژییەکەی فەواز ، کەسێکی ئێرانیش ، هەوڵیدا بەبڕینی دەماری دەستی خۆی بکوژێت ، تیمی فریاکەوتن فریای کەوتن ، بۆنەخۆشخانەی شاریان برد ، دەمارەکەیان بۆ لەحیم کردەوە . بەڵام ئەمەیان لە سۆنگەیڕاغیدەوە نەبوو ، بەڵکو بەهۆی ئەوەوە بوو کە ماوەیەکی زۆر بوو چاوەڕوانی ئیقامەبوو و دەسەڵاتی هۆڵاندی هێشتا ئیقامەیان نەدابوویە .

## دن هیلدر (( Den Helder ))

ئیدارەی کەمپەکە بڕیاری دا ژمارەی ئەو ژەمە خواردنانەی بە پەنابەرەکان دەدرا ، لەسێ ژەمەوە بکات بەیەک ژەم و لەبری ئەوە ڕۆژانە سی و پێنجیورۆ بەهەر پەنابەرێک بدات . کەمپەکە جێگای ئەوەی تیانەبوو کە پەنابەرەکان بتوانن خواردنی خۆیانی تیا لێبنەن ، بۆیە پەنابەرەکان ڕۆژییەک ژەم خواردنی کولاویان لەسەعات پێنجی ئیوارەدا وەردەگرت .

ئەو هەفتەیەیەکەم مووچەم وەرگرت . بۆیەکەمجار سی و پێنجیورۆم لە هۆڵاندا وەرگرت . ئەو ڕۆژە کەمپەکە لە پەنابەرانی پیاو چۆڵ بوو ، هەرهەموویان چوون بۆ شەقامی سێکس لە ئایندهوڤن .

مانگی نیسان هات . پێموابوو بەهار بەڕێوەیە ، وام تەسەور دەکرد ئێرەش وەکو کوردستانە ، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە مانگی سێدا بەفر وکڕێوەیەکی هێندە تووش دەستی پێکرد کە ساڵانێکی زۆر بوو هۆڵاندا لەمانگی سێدا بەفر و کڕیوەی وای بەخۆوە نەبینی بوو . ئازاری بەهار و نەورۆز و بوژانەوەی خاکی کوردستان ، لەهۆڵاندا خۆی دەگۆڕێت .

دەمویست ئەم پاڵتۆ گەورە و ئەستوورە داکەنم کەلەیەکەم شەپۆلی سەرماوە لە ئودی پیکیلا لەبەرم کردبوو ، دەمویست کراسێکی تەنک لەبەربکەم ، یەخەکەی بکەمەوە و ئەو تەنکە مووانەی سەرووی سینگم دەربخەم و خۆم بنوێنم .

هەتاو بەزەحمەت بەناو چرە هەوری سەر ئاسمانیئایندهوڤندا ڕێگای دەردەکرد . تیشکێکی کز بە ئاستەم بەردەم تابلۆیراگەیاندنەکەیڕووناک کردەوە ، کۆمەڵێک پەنابەری زۆر لەوێندەر خڕ بووبوونەوە . "کوا" لیستێکی بەناوی ئەو پەنابەرانە بڵاوکردبووەوە کە بۆ کەمپێن دیکە گوازرابوونەوە .

ناوی خۆم لەو لیستەدا خوێندەوە کە لەسەرووی تابلۆیراگەیاندنەکەوە هەڵواسرابوو ." تن " ش لەوێندەر وەستابوو ، بزەیەکی کرد ، ئاماژەی بۆناوی خۆی و ناوی کیژەکەی کرد ، ئاماژەی بۆناوی من کرد .

تن ، بۆ کەمپی درونتنی دەڤەری فلیڤولاندFlevoland گوازرابووەوە ، من بۆ کەمپی دن هیلدر ، تن لێی پرسیم دن هیلدر لە " درونتن " ەوەنزیکە ، بەڵام من نەمدەزانی ئاخۆ بیری لەوە دەکردەوە کەلەوێ بمدینێ ؟ سوودی چییە ... لەکەمپیئایندهوڤن پێکەوە بووین هیچمان بەهیچ نەکرد ... بەڵام من دوای دەستپەڕەکەی بێشەی بیست ، ئیدی جارێکی دی نەم بینییەوە .

بەیانی ، زۆر پەست بووم. بەخۆیشم نەمدەزانی بۆ ، ڕەنگە بەهۆی ئەوە بووبێ کەدەبوایەئایندهوڤن بەجێ بێڵم . لەوەیە بە هۆی هاوڕێ تازەکانمەوە بووبێ ، بەهۆی حسەین و جەزایری و سووری و شامیل و تن و سالییەوە بووبێ .

دوور نییه بەهۆیپراغیدەوە بێت کەخۆشم دەویست و ئەو منی نەدەناسی . بەهۆی خۆکوژیە کۆمیدییەکەی فەوازەوە بووبێ . ڕەنگە بەهۆی ماچی کارمەندەکەی کواوە بووبێ لە ئەرمەنییەکە . بەهۆی فیمیا ئانکاوە بووبێ .

بەهۆی ئەو ڕیزە دوورودرێژانەوە بووبێ کە چاوەڕوانی وەرگرتنی خواردنیان دەکرد . بەهۆی ئەو موسوڵمانانەوە بووبێ کە دەمیان بە گۆشتەکانیانەوە نەدەدا ، بە هەنجەتی ئەوەی" حەرامە" ، گوایە گۆشتی" بەرازە " فڕێیان دەدا . سەرباری ئەوەی بەخەتێکی درشت لەڕووکاری خواردنگەکەدا نووسرابوو " گۆشتی حەڵاڵ" . وێرای ئەوەی کە مەلایەکی مەغریبی ، ماوەیەک لەوەپێش سەری کەمپەکەی دابوو و گوتبووی ئەم گۆشتە حەڵاڵە . باوەڕیان نەدەکرد . دەیانگوت : " باوەڕ بەو خاچ پەرستانە ناکەن " .

لەقاتی دووەمی بینای ژمارە حەوت ، لە ژوورەکەماندا ، هاوڕێ پەنابەرەکانم خواحافیزیان لێکردم ، حسەین گریا . تەوازی هێنایەوە و گوتی : سەباح من لەبۆرۆیشتنی تۆ ناگریم ، بەڵام هەرجارێ کە کەسێک دەڕوات ، کلۆڵی خۆمم بیردەکەوێتەوە و دەگریم .

جەزایری بزەیەکی کرد و گوتی پێموایە بەو زوانە دەتبینم ، ماچ و موچی دەگەڵ نەکردم . بەڵامیارۆی سووری لەدوورەوە وەستا و تەمەشای هەمووانی دەکرد . ڕەنگە خواحافیزیەکانی زندانی بیرکەوتبێتەوە ، پێدەچوو ئەو ڕۆژەی بیرکەوتبێتەوە کە هاورێکانی لەزیندان ئازاد دەبوون و ئەو لە سووچێکەوە لەسەر جێگاکەی خۆیەوە چاوانی هەڵدەگلۆفت تا دڵنیابیێت کە ئەو ساتە حەقیقەتە و خەون نییە .

شامیل ئومێدی بەختەوەری بۆ خواستم . گوتی ئەو خەریکە جانتاکەی ئامادە دەکات تا بۆ عێراق بگەرێتەوە .

هەگبەکەی بەشی ئەوە ناکات بەختی خۆی لە وڵاتێکی دیکەی ئەوروپادا تاقیبکاتەوە . نایەوێ باقی ژیانی بەوە بەرێتە سەر کە لەئەوروپادا بۆ پەناگایەکی مەحاڵ بگەڕێت . ئەو قسانەی ئەو وەکو پەند و ئامۆژگاری لە گوێمدا زرینگانەوە . پێدەچوو شامیل پێم بڵێ : ئەگەر هۆڵاندا ئیقامەی نەدایتێ ، بیر لە وڵاتێکی دیکە مەکەوە . بۆ کوردستان بگەڕێوە ، لەگینە لەوێندەر خەونێن تازە بونیات بنەیت . خەونی زۆر بچووکتر لەهی ئەوروپا ، بەڵام واقیعیتر لەهی ئەوروپا ، خەونانێک بژین ، بشێت بێنەدی .

" من بڕیاری خۆم داوە هاوڕێ ... بەو فڕۆکەیە دەگەڕێمەوە کە هۆڵاندا بۆم ئامادە دەکات " .

له" کوا " هەموو ئەو کارت و ئەوراقانەیان کەپێشتر دابوویانمێ ، لێسەندەوە ، تەنیایەک کاغەزیان دامێ ، تالەکەمپی دن هیلدررادەستی بکەم و کارتێکی سەفەریان" داخ کارت " دامێ

لەبەردەرگای کەمپەکە ویستم خواحافیزی لە سکیوریتییەکە بکەم بەڵامڕووی بۆ لایەکی دیکە وەرگێڕا . چاوم لە تن گێڕا ، بەڵام نەمبینی . دەمویست خواحافیزی لێبکەم .

چوومە ژێری . هۆرنی ئوتۆمبێلێک وەخۆی هێنامەوە ، گالیسکەی سەفەر جڵەوی لەدەستم سەند ، ماتۆڕی لاقی خستمەگەڕ ، جانتاکە سواری پشتم بوو ، سافیرەی کاروان لێدرا .

شەوێ گەییمە وێستگەی سەرەکی دن هیلدر . زۆر سارد و چۆڵ بوو . لەو ساتەدا هەموو شوێنەکان بۆمن نادیار بوون . ئەو پاسانەی بۆ نەفەر گواستنەوە دەوەستان نیمچە چۆڵ بوون لێبپرام لە یەکێک لە شوفێرەکان بپرسم کە ئەو کەمپەی من بۆی دەچووم کەوتووەتە کوێوە ، لەوکاتەدا کورێکم بینی بە بیچم و ڕواڵەتیا لەپەنابەر دەچوو ، نا پەنابەر بوو ، مەحاڵە بەهەڵەدا چووبم . ئەم جل و بەرگە و ، ئەم ڕەنگزەردی و کزییە ، ئەو نیگا هەڵوەریوانە و ئەم بیچمە ، تەنیا لەهی پەنابەران دەچوو .

بەوردی لێیپروانیم ، ویستی قسەم دەگەڵ بکات ، پاشان ژێوان بووەوە . کەوتەڕێ ، هەمان ڕێگام گرتەبەر و دووی کەوتم .

شەقامەکانی دن هیلدر ، لە شەقامەکانیئایندهوڤن جیانین . پاک و خاوێنی ، هێڵیرێگای پاسکیل ، ڕووەکێن سەوزی وشکی ئەمبەر و ئەوبەرێرێگاکە ، ماڵە کراوە و بەجامخانە گەورەکان ، بەرێدەنگیرەهاوە ، ئەو پشیلانەی لەودیو جامخانەکانەوە پاڵکەوتبوون و خەوتبوون .

دەنگی هەنگاوەکانم ، چۆڵی و ترسناکی تاقە ڕێگاکەی دەشۆردەوە . دوای نیوسەعاتەڕێ ، بەیداخی" کوا "م بینی کەبەسەر عامودێکیرووتەوە دەشەکایەوە . بەرەو سەمتی بەیداخەکە وەڕێکەوتم . ئاسایشێک" سکیوریتی" پێشوازی کردم ، کەلە هەموو ئەو ئاسایشانە دەچوو کەلەوەتای هاتبوومە ئەم وڵاتە ، لە هۆڵانددادا دیتبوومن ، هەمان بێ لایەنی ، هەمان سیما ، هەمان نۆرین و نیگا . لە هۆڵانددادا هەموو شتەکان ، شەقامەکان ، ماڵەکان ، پاسەکان و خەڵکەکە و سکیوریتی ، لەیەکدی دەچن ، کۆپییەکترن . لە جامخانەی ژوورەکەی سکیوریتییەکەوە تەمەشایروخساری خۆم کرد ، هێشتا جیاواز بووم ، لەهەموو شتە هاوشێوەکانی هۆڵاندا جیاوازم ، لەهەر پەنابەرێک دەچم ، لەو پەنابەرە

دەچووم کەویستی قسەم دەگەڵدا بکات و پاشان ژێوان بووەوە و بەسواری پاسکیلەکەی وەکو با بۆی دەرچوو .

خا" داڤنا" پێشوازی کردم ، ژنە هۆڵاندییەکی درێژ داهۆڵ بوو ، لەهەموو ئەو ژنە هۆڵاندیانە دەچوو کەلێرەم دیتبوون !! نا نا نا ... تا ئێستا هێندەم ژنە هۆڵاندیان نەبینی بوو ، تا ڕادەی لێکدی چوونیان دیاری بکەم .

لەوڵاتی مندا دەڵێن ، ئافرەت لەجێگادا هەموو لێکدی دەچن . تا ئێستا تەنیا" سالی"م لەجێگادا بینی بوو . ئەوەپراستی بێ ئەویشم وەکو پێویست نەبوو ، ڕووناکییەکە کز بوو و ، من لەجێگاکەداڕاکشابووم ، بەڵام ئەو دانیشتبوو و هەوڵیدەدا کابراکەم هەستێنێ .

"داڤنا "بزەیەکی کرد ، خێرهاتنی کردم و گوتی ناوم " سەباح خەلیل" ە و خەڵکی عێراقم ، ئەوجا کیسەی پێداویستیەکانمی دایە دەست ، ئەمجارەیان کیسەکە شین بوو ، داوای لێکردم شوێنی بکەوم بۆ ژوورەکەم .

لەڕێگا پێی گوتم کەمن دەگەڵ میسرییەکدا دادەنیشم ، پرێک سەرسەختە ، بەڵام پیاوێکی باشە ، دەبێ پابەندیڕێنماییەکان بم ، بێ کێشە ، بێ هیچ خوتە و بۆڵە و ناڕەزاییەک ، ئەگەر پێویستم بەشتێک بوو ، پێویستە سکیوریتی ئاگادار بکەم .

کە گەیینە بەر ژوورەکە ، یارۆی میسرپرەفزی کرد دەرگا بکاتەوە . گوتی نایەوێ هیچ کەسێک بێت و لەگەڵ ئەودا دانیشێت . گوتی ، لەگەڵ هیچ غەوارەیەکدا هەڵناکات ، دەمرێت . لەکۆتاییدا دوای گوشاری" داڤنا" و هاتنی سکیوریتی ، ناچاربوو دەرگاکە بکاتەوە .

پیرە پیاوێک بوو تاک و تەرا دانی لەدەما مابوو . دەلەنگی ، پێدەچوو لەمێژبێردێنی نەتاشی بێت . بۆنی ژوورەکە زۆر ناخۆش بوو . بۆنی مەی و دووکەڵی جگەرە و ئارەقەی پیرەپیاوێک کەلەسەردەمانی بەردەوە خۆی نەشۆردبوو .

سەعات نۆیشەو بوو کە ڕێگەیان دا بچمە ژوورەکەمەوە . ژوورێکی چکۆلە و تەنگ بوو ، حسەین گوتی لە دیموکراتیەتی نەرویجی دەچوو . پەنجەرەکە بەسەر قەرەوێڵەکەدا دەکرایەوە ، ئەوشەوە هەرچەندە شەکەت بووم ، خەو لەچاوم نەکەوت ، زۆری دەپرخاند بایەکی زۆری لێ بەردەبووەوە . پێدەچوو بیرە کاری خۆی لێکردبێت ، پێدەچوو دواژەمە خواردنی فاسۆلیابووبێ ، چونکەبۆنی غازاتەکەیرێک بۆنی فاسۆلیای بۆگەن و هێلکەی پیس بوو .

شەوێ بۆ تەوالێت وەدەرکەوتم ، چۆراوگەی میزێکی دوورودرێژم لە ڕاڕەوەکەی دەرەوەدا بەدی کرد . ئەمە میزە ، بۆنەکەی دیارە . پاشان تەوالێتەکەم دۆزییەوە . لەهەموو ئەو تەوالێتانە دەچوو کەلە کەمپەکانی دیدا دیبوومن .

بۆگەنی و گەماری و پریشکە گوو بەهەموو شوێنێکەوە نووسابوو ، لەوێ ، بۆ یەکەمجار لە هۆڵاندادارشامەوە . بەجۆرێرشامەوە لەزگ بوو ورگ و ڕێخۆڵەم لەدەممەوە بێتەدەرێ ، نەمتوانی خۆم بەپێوە بگرم ، خۆم بە قەراخ تەوالێتەکەوە گرت و دیوارەکەم بە ڕشانەوەکەم سواخ دا .

پاشان ، بەو تۆزە هێزەوە کەتیام مابوو ، ڕشانەوەکەی خۆم خاوێن کردەوە ، بیرم نەماوە تەوالێتم کرد یان نا . لەژوورەکەمدا جلەکانم گۆری ، لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشتم و تەمەشای پرخ و هۆر و تر و فسی کابرای میسریم دەکرد ، تەمەشای ددانە کرمۆڵ و ڕەشەکانی ناودەم و زارە پیرەڵۆکەکەیم دەکرد .

" ئەبو جورج "ی میسری درەنگ لەخەو ڕابوو . خۆم شت و دیسان جلەکانم گۆری . جلە پیسەکانم خستە جلشۆرێکی ناو ژوورێکی تەریکی تەنیشت تەوالێتەکەوە . پیرەژنێک ، کە پاشان زانیم ئەفغانییە ، خەریک بوو هێلکەی دەکوڵاند . بۆنی هێلکە مەستی کردم . لەکەیەوە تامی هێلکەی کوڵاوم نەکردبوو . لەزگ بوو داوای قاپێک هێلکەی لێبکەم .

دیواری مووبەقەکە زۆر پیسە . جۆڵاتەنە ، پاشماوەی خواردن ، هەموو دیوار و گۆشەکانی تەنی بوو ، بۆنی زبڵ باڵی بەسەر هەموو شتێکداکێشابوو تەنیا بۆنی هێلکە کوڵاوەکە نەبێ .

بەڵێنم بە خۆدا هەموو شتەکان خاوێن بکەمەوە . ئەو ڕچە مێزەی دوێنێ شەو هێشتا بەڕاڕەوەکەوە بوو . کەمێ وشک بووبووەوە ، ئەوی تری لەناوەندی داڵانەکەدا کۆبووبووەوە

جۆرجییەکرایگرتم و لێی پرسیم کە لەکوێوە هاتووم ؟ ئەوسا یەخەی کراسەکەی گرتم و دووری خستمەوە ، ئاماژەی بۆ میزەکە کرد کەتێی نەکەوم .

خۆم پێناساند ، بەڵام حەزم نەکرد تەوقەی دەگەڵدا بکەم ، چونکە تازە لەخەو هەستابوو ، دوور نەبوو لەدوێنێوە بۆنی خەونێن سێکسی بەدەستیەوە نووسابێ . لالا ڕێی دەکرد ، لەتۆوایە قەڕابەیەکڤۆدگای خواردووتەوە .

" ئەبو جورج " هێشتا نووستوە ، پرخەکەی تۆزێک کەم بووبووەوە . ئەو بایەی لێی بەردەبووەوە سووک بووبوو ، پێدەچوو سکی بەتاڵ بووبێتەوە ، یان سووکە ژاوەژاوپرۆژ ، ژاوە ژاوەکەی ئەوی شاردبێتەوە .

کەچاوانی هەڵێنان ، بەڕووما هەڵشاخی کە گوایە ئەوشەوە بەهۆی پرخ و هۆڕی منەوە باش نەخەوتووە . بەجۆرێ قسەی دەکرد ، لەتۆ وایە چەندین سەعاتە لەخەو ڕابووە .

دەمم کردبووەوە ، دەمویست بەو سەباحی ساڵحانە بەردەمڕێژی هەزار و یەک جنێوی سەربە کوڵکە و پیسی بدەم ، بەڵام قسەکانی داڤنام بیرکەوتەوە کە پابەندیپرێنماییەکان ببم و خۆ لە هەر ئاژاوە و بشێوێنییەک دوور بگرم و " ئەبو جج "ی میسری پیاوێکی باشە .

گوتی حەزدەکات لە ژوورەکە وەدەربکەوم تا نانەکەی دەخوات ، چونکە ناتوانێ بەبەرچاوی کەسەوە نان بخوات . جلەکانم لەبەرکرد و لەژوورەکە وەدەرکەوتم .

ڕۆژی دووەم لە دن هیلدر باوێشک دەدا . پێدەچێ ئەمڕۆ ببارێت ، دوورنییە بەفر ببارێت ، سەرما لێرەدا دەخولێتەوە . درەختان ، لقەکانیان هەڵدەگلۆفن تا کەمێک گەرم ببنەوە . قەلە ڕەشێک لەنێو گیاکاندا بۆ خواردن دەگەڕێت ، کونی هەردوو چاوی کردوونەتە من ، لەهەنگاوەکانم نەسڵەمییەوە ، بەڵام زۆریش لێم ئەمین نییە ، چاوەکانی وایان دەگوت سێ کوڕ لەسەر تەختێکی دارینڕۆنیشتوون و تەمەشام دەکەن و مەزەندەی ئەوە لێدەدەن کەمن کێم .

ژنێکی بەتەمەن بەسواری پاسکیلێکی بچووکەوە ، بلەز لە کەمپەکەوە وەردەکەوێ . لەتەختە دارینەکە نزیک بوومەوە و بە ئینگلیزییەکی ئاسان هەواڵی بازاڕم پرسی ، شتاقیان وەڵامی نەدامەوە . ئەوجا گوتم کەستان عەرەبییا کوردی نازانن . هەنگێیەکێکیان بەرسڤی دایەوە ، هەمووومان عەرەبی دەزانین .

دوو کوریان عێراقی و سێیەمیان کوڕێکی فەلەستینی بوو ، خۆیان ناساند ، منیش خۆم ناساند و گوتم کوردی کوردستانی عێراقم . کوڕە فەلەستینیەکە لەنێوان هەردوو عێراقیەکەدا دانیشتبوو ، بەهێمنیڕێگای بازاڕی پێنیشاندام .

ملی هەمان ڕێگام گرت کەدوێنێ لێوەی هاتبووم . ئەمڕۆڕێگاکە ئاوەدانتر و قەرەباڵغتر بوو . لەڕێگا تووشی کچانێکی زۆر بووم کە هەر ئاوڕیان لێنەدامەوە ، سوپەرمارکێتێکی زۆر گەورەم هاتەڕێ کەدوێنێ نەمبینی بوو . لەوێ هەموو شتێکم کڕی ، دووجانتای پڕ لەشتم کڕی کە هێلکە و تاوەشیان تیابوو .

ڕێگاکە زۆر پاک و خاوێن بوو ، جگە لە هەندێ گەڵایرژاو و ئاونگی جەمەدی درزی بەردەکان ، کەلەشێوەی داوی باریکدا دەبریسکایەوە ، ئیدی هیچی پێوە دیارنەبوو . جێگا تایەی پاسکیلان ، خستمیەسەر کەڵکەڵەی ئەوەی کۆنە پاسکیلێک بکڕم . ئەوجا زەنگی تەلەفۆنەکەم بەرز بووەوە .

براگەورەکەم لەوبەری دنیابوو . گلەیی لێکردم کە لە مێژە تەلەفۆنم بۆ نەکردوون ... داوای لێکردم ئەمشەو تەلەفۆنیان بۆبکەم ، چونکە بابم حەزدەکات گوێی لەدەنگم بێت . ئەوجا گوتی من خۆم دەزانم دەبێ چی بڵێم چونکە بابم میوانی زۆری هەن .

یەکەم ژەمە خواردنم لە دن هیلدر ، هێلکەی سوورەوە کراو بوو . هێندەم خوارد تۆڵەی هەموو مانگەکانپرابردووشم کردەوە . ئەبو جۆرج تەمەشای دەکردم و گلەیی ئەوەی دەکرد کە زۆرم خوارد .

شەوێ لە ژوورەکە وەدەرکەوتم و پەیوەندیم بە بابمەوە کرد و باسی هۆڵاندای جوانم بۆکرد ، باسی ئەو ماڵە تایبەتیەم بۆکرد کە داویانمەتێ ، باسی" داڤنا"م بۆکرد کە کون بەکون دوام دەکەوێت ، باسی ئەو ئوتۆمبیلەم بۆکرد کە بەنیازم بیکڕم ، باسی ئەوەم بۆکرد کەچۆن کۆمپانیانیەکی هاوردەکار بەڵێنی داوە بەزووترین کات بۆمی هاوردە بکات .

باسی ئەبو جورجی میسری هاورێم بۆکرد کەچۆن کاتێ خواحافیزیم لێکرد چەند بۆم گریاوە . باسی شەقامە خاوێنەکان و باسی پاییزم بۆکرد کەوەکو بەهار دێت و تێپەڕدەبێت .

بۆم گێڕایەوە کە لە ئایندهوڤنی باشوور نەماوم و هەنووکە لە باکوورم ، دەمەوێ هەموو هۆڵاندا بگەڕێم بەرلەوەی بیر لە هەروڵاتێکی دیکە بکەمەوە تابۆی بچم .

بابم داوای لێکردم هەر لە هۆڵاندا بمێنمەوە و بەرلەوەی ئەو سەرم بدات بیرلەوە نەکەمەوە بۆهیچ وڵاتێکی دی بڕۆم .

# سەرپۆش

ژنێک لەسەر تەختەدارینەکە دانیشتبوو ، جلێکی لەبەربوو ، ژنانی پشت چیاکانی کوردستانی وەبیر هێنامەوە ، سەرپۆشەکەی ناسک و جوان بەشێک لەقژەکەی داپۆشی بوو و ڕێگەی دابوو چەند داوێک لەقژەکەی بەسەر دەموچاویا پرژێ .

چاودێری دوو منداڵی دەکرد کە گەمەیان دەکرد و زۆرەبانیان دەگرت . ناوبەناو بەدەم تەلەفۆنەوە دەگەڵ کەسێکی دیدا ، بزەیەکی دەکرد . کاتێیەکێک لە مناڵەکان هاواری کرد :

-دایکە دایکە ... من نازانم ، شارەزانیم .

ئەم فۆنەتیکی" دایکە"یە عەرەبیی عێراقیە . بەوردی دیقەتم دا ، ڕوخساری نوور لەژێر ئەو سێبەرە تەنکەوە کە سەرپۆشە قاوەییەکەی دروستی کردبوو ، پرشنگی دا .

بە ئەسپایی چوومە پێشەوە ، بەهەڵە نەچووبم ، لەدووری چەند هەنگاوێکەوە ، بەناوی خۆیەوە گازم کرد ، لە غافڵگیریداڕاچڵەکی ، ڕوانیە چاوەکانم و پاشان گوتی :

-سەباح سەباح ... ئەمە دەنگ و ڕەنگی سەباحە . سڵاوی لێکردم و ئاماژەی بۆ منداڵەکان کرد و گوتی : " کوڕەکانمن" .

پێدەچوو نوور ئەوەی بیرچووبێ لە تیرئاپل چیمان بەسەر هات . ڕەنگە ئەوەی بیرخۆی بردبێتەوە کە ڕۆژێ لەڕۆژان ئێمە بووینە هۆی ئەوەی کە " کوا "( کوا: سەنتەر و مەڵبەندی کاروبارێن پەناهەندە لە هۆڵاندا) سەرزەنشتیان کرد .

پرسیاری زۆری لێکردم ، دەربارەی خۆم ، ئیقامە ، دەربارەی سەفەرم لە هۆڵاندا ، دەربارەی خواردنم ، دەربارەی هاتنم بۆ دن هیلدر ، بەرلەوەی من بەرسقی بدەمەوە گوتی کەئەو ئیقامەی وەرگرتووە و چاوەڕوانی ئەوەیە بەرلەوەی خانووی تایبەتی، بەخۆی و خێزانەکەی بدەن ، چاوەڕوانی مێردەکەیەتی کەلە عێراقەوە بێت .

پرسیاری ئەوەی لێکردم کە ئیقامەم وەرگرتووە ، وەڵامم دایەوە هێشتا وەرم نەگرتووە .

پیرۆزبایی ئیقامەکەم لێکرد ، هەستم کرد تەزووی خەمێکی گەورە لە تەپڵی سەرمەوە تا بنی پێم داگەڕا .

نوور ، دەگەڵ خێزانێکی ئەفغانیدا لە کەمپدا دەژیا و دەگەڵ پیرەژنێکی هیندیدا ، ئەگەر وا نەبوایە بۆ فراقین دەعوەتی دەکردم . بەڵام ناتوانێ ، لە لۆمەی دراوسێکانی دەترسێت ، لە عێراقییەکانی ناو گۆشە و کەناری کەمپەکە دەترسێت .

وەکو ئەوەی لەناکاوا شتێکی بیر کەوتبێتەوە گوتی هەمیشە ژنە ئەفریقاییەکەی دۆستم لەناو کەمپەکەدا و هەندێجار لە دەرێی کەمپەکەدا دەبینێ و ، زۆرجار دەگەڵ دۆستە هۆڵاندییەکەیدا دەسوڕێتەوە ، بەلای کەمەوە لە پشووی هەفتەدا . ئەوجا لێی پرسیم ناوی چی بوو .

گوتم کاندی ، سەرێکی لەقاند و گوتی لەوەدەچێ لێرە ناوێکی دیکەی هەبێت . بەگەرمی باسی کاندی کرد . بێگومان هیچڕقێکی بەرانبەر بەکاندی لەدڵدانییە .

نوور بەگەرمی خواحافیزی لێکردم ، گوتی زۆرجار لێرە دەتبینم . ئەوجا گەڕایەوە و گوتی چاوەڕوان بکە ، باقاپێک خواردنی دەسپوختی ئەمڕۆی خۆمت بۆ بێنم .

- " لێرە بوەستە " .

بەپەلەیەکی ئەوتۆ کە حاڵەتی ژنێکی بەمێرد ، ژنێکی عێراقی خودان دوومنداڵ کە ماوەیەکی زۆری ژیانی لەبەغدا بەسەر بردبوو ، ڕێگەی بدات ، غاریدا .

نوور ، قاپێ برنجی بۆنداری دامێ کە ڕانە فڕوجێکی بەسەرەوە بوو . خۆشترین ژەمە خواردن بوو کە لەهۆڵاندادا خواردبووم .

کاتێ ئەبوجورج لەژوورەوە چاوی بەخواردنەکە کەوت پێی گوتم :مەحاڵە کوردێکی پەنابەری ئەوروپا بتوانێ ئەم خواردنە دورست بکات .

کەبۆنی کرد ، گوتی : کەبۆنی خۆشە . دەمزانی نەوسی چووەتێ ، بەڵام نایەڵم تامی بکات .

زۆر بە لوتفەوە باسی کەمپەکە و باسی کوردی کرد ، زانیم چاوەڕوانی ئەوەیە تۆزێک لەخواردنەکەی بدەمێ ، قاپەکەم هەڵگرت و چووم بۆ مووبەقەکە .

کەواتە کاندی لێرەیە . شاژنە ئەفریقاییەکە لە دن هیلدرە ، ناوێکی دیکەی هەیە ، دۆستێکی هۆڵاندی گرتووە . هەردەبێ بیدینم ،تاقیبی دەکەم . لە سکیوریتی دەپرسم ، بەڵام بە چ ناوێک !!

ئایا ئەوەندە بەسە بڵێم دۆستەکەم شاژنە ئەفریقاییەکەم ، کەلە تیرئاپل پێکەوە بووین ، ئەو یەکەمین ئەشقەم کەکەس پێی نازانێ .

نانی نیوەڕۆم خوارد ، بەناو کەمپەکە کەوتم . لەکاندی دەگەڕام ، هەوڵمدەدا بە بۆنەکەیدا ، بیدۆزمەوە ، بەو بۆنەدا هەرچەندە لێکدی دووربووین ، دووبارە کەپووی ئاوەدان کردبوومەوە

کۆمەڵە ئافرەتێکی سۆماڵی تێپەڕین ، بۆنی" کاندی"م بەسەردا هات ، کچێک بەسواری پاسکیل بەپەلە تێپەڕی ، بۆنی" کاندی"م لێکرد . سێ کچی دیکە بەکاوەخۆ بەقەراخ دڵما تێپەڕین ، بۆنی"کاندی"م لەوانیش کرد . بۆنی کاندی هەموو کون و کەلەبەری کەمپەکەی پڕکردبوو ، بەڵام کاندی لەهیچ کونێکەوە دیارنەبوو .

ئەبو جورجم بینی کە بەسواری پاسکیلەکەی بەتەقە تەق دەڕۆیی ، کەچاوی پێمکەوت ، ڕووی گرژ کرد وەکو ئەوەی شتێکی قیزەونی دیتبێت .

بۆ ژوورەکەم گەڕامەوە ، ڕۆژێکی خۆشم لە دن هیلدر بەسەر برد . یەکەمڕۆژی دوای ئەوە بوو کە هەواڵیرەفزی ئیقامەکەمیان پێدا . کاندی هاتە ناوجێگاکەم ، پاڵکەوت ، لاقە باریکەکانی لەسەر چەرچەفە سپیەکە هەڵپرین . دەستی لە ملم وەرینا و ، لەچاو تروکانێکا خەوم لێکەوت .

ئەبوجورج ، بەتوندی لەدەرگای دا ، بەخۆ و عەلاگەیەکی پڕ لەشتەوە وەژوورکەوت ، چەند قوتوە بیرەیەکی هەرزانبایشی تێدابوو .

گوتی : پرۆ دەرەوە دەمەوێ نان بخۆم .

بەخۆم بەتەما بووم بچمە دەرێ و سۆراخی کاندی بکەم . بەڵام هەستم بە سووکایەتی کرد ، ڕووبەڕووی وەستام ، دەستم تا ئاست ڕوومەتی بەرز کردەوە و بەدەنگێکی بەرز گوتم ، کاتێ دەچمە دەرێ کەخۆم بمەوێ دەربچم . پێدەچوو دەنگم زۆر بەرز بووبێ ، چونکە ئەبوجورج بە ئارامی دانیشت و گوتی : -باشە وەرە با پێکبێین .

دەلەرزی ، پێدەچوو لێم ترسابێ . پێدەچوو بیر لەوە بکاتەوە من گەنج و ئەو پیرە ، پێدەچوو بیر لەوە بکاتەوە تاداواییارمەتی دەکات و سکیوریتی فریای دەکەوێ ، من دەتوانم حەسیرمەیانێکی باشی بکەم .

بەسەر کورسییەکەیدا دانەویمەوە و پێمگوت دواجارتە قسەم دەگەڵدا دەکەیت ها . کۆڵە مستم گوشی بوو و ئازام گرژبووبوو . جلەکانم لەبەر کرد و لەهەڕەتی سەرسامی و ترسی ئەبو جورج دا لەژوورەکە وەدەرکەوتم .

دەمزانی لە " کوا " شکاتم لێدەکات ، بەڵام باکم بەهیچ نەبوو . ئەبوجورج پیاوێکی بێنەوابوو ، بەڵام سپڵە بوو .

کاندی نەلە مەیدانەکەدا ، نە لە وێستگەکەدا ، نە لەسەر جادەکەی نێوان کەمپەکەدا نەبوو ، لەسەر کۆڕنیشە کۆنکریتییەکەبوو . تەنانەت لەسەر ئەو کەشتیەش نەبوو کەبەدەم شووتێکەوە بووری، لەزگ بوو گوێم کەڕبکات .

وەختایەک لە بەستێنی دەریاکە گەڕامەوە ، بەلای دیسکۆخانەکاندا گەڕامەوە . ئەم دن هیلدرە بچکۆلەیە ، شەقامێکی تیابوو ، هەرهەمووی ، لەم سەر تائەوسەری دیسکۆخانە بوو . ڕۆژێک بۆی دێم . بێگومان بۆی دێم .

ئافرەتێکی هۆڵاندی دەدۆزمەوە و دەیخوازم . کیژە هۆڵاندیان لە پەنابەرانی گەرم و گۆڕ دەگەڕێن تا شووی پێبکەن ، چونکە پیاوانی هۆڵاندی ساردن .

هاوڕێکانی کەمپی ئایندهۆفنم ، جارێک وایان دەگوت . ئیدی شووم پێدەکات و ئیقامەم بۆ وەردەگرێت و پاشان ڕەگەزنامەم بۆ وەردەگرێت و چەند منداڵێکی لێم

دەبێت و بەبابە بابە دوام دەکەون ... بەرلەوەی فەرامۆشی بمپێچێتەوە و سەرما بەتەواوەتی بمچاێینێ و ساردم بکاتەوە .

ئەمڕۆ" کاندی"م نەبینی ، بەڵام بێگومانڕۆژێکی دی هەر دەیدۆزمەوە .

ئەمڕۆ نوورم بینییەوە ، کێ دەڵێ هەموو دەنکەکانی دیکەشمیەکیەک نادۆزمەوە ، لە کاندییەوە بیگرە تا ئانکا ، یاسەمین ، تا تن تن و تا ڕاغیدە و هەموو ئەو کیژانەی کەلەم سەفەری پەنابەرییەدا تووشیان بووبووم ، چئەوانەی قسەم دەگەڵ کردبوون و چ ئەوانەی زارم لەزاریان نەگەڕابوو ، ئەوانەی کە لەدڵی خۆدا خۆشم ویستوون بەبێ ئەوەی کەسێک لەم دنیایەدایان تەنانەت خۆشیان پێیان زانی بێ .

بەرلەوەی بچمەناو کەمپی دن هیلدرەوە بەماوەیەکی کەم ، پاسکیل سوارێک لێم نزیک بووەوە ، وەستام ، ترسام ، خۆم بۆ شتی خراپ ئامادەکرد ، پێشبینی دووشتم دەکرد ، یا تف بکاتە چارەم یا پێم بڵێ : Fuck meبمگێ .

لێی پرسیم جگەرەکێشم ، پێویستی بەجگەرەیەکە .

سکیوریتی لەبەر دەرگای کەمپەکە ڕایگرتم و داوای ناسنامەی لێکردم و لێی پرسیم ئایا لەکەمپەکە دەژیم ، چونکە نامناسێت ، کەچوومە ناو کەمپەکەوە تووشی کۆمەڵێک کیژ بووم ، لەهەموو شتێکدا لێکدی دەچوون ، تەمەشای منیان نەکرد ، بەڵام من دەمزانی تەمەشای من دەکەن . ئەمانە کێن ؟ لەکوێوە هاتوون ؟ هێندە لێکدی دەچوون ، لەتۆ وایە هەرهەموویان لە لایەنیەک پیاوەوە تفێنراونەتە سەرشەقامە قیرەتاوە خاوێنەکەی کەمپەکە .

کاتێ گەییمەوە ژوورەکەی خۆم چەند تاڵە قژێکیرەشی درێژم لەسەر بالیفەکەم بینی ، بۆنێکی غەریب و نامۆ لە جێگاکەم دەهات .

ئەبوجورج خەوتبوو ، قوتووە بیرەکان بەکراوەیی لەتەنیشت جێگاکەیەوە دانرابوون .

چەرچەفەکە و بەرگی بالیفەکە و پەتۆکەم هەڵگرت و بردمن بۆ ژووری جلشۆرین ، خستمنە جلشۆرەکەوە و خستمە ئیش . ئیدی شەستەبارانی بیرکردنەوە بەسەر کێڵگەی نیگەرانیمدا دایکرد .

تۆ بڵێی ئەبوجورج کیژێکی هێنابێتە ژوورەکە ! باشە ئافرەت لەدنیادا هەیە قاییل بێ کە ئەبوجورج لەگەڵیا بنووێت ! باشە ئەگەر مێینەیەکی هێنابێتە ژوورێ لەگەڵیاڕابوێرێ ، بۆچی جێگاکەی من بەکار دەبات ! بۆچی لەسەر جێگاکەی خۆی دەگەڵیا نانوێ ! هێدی بە سەباح هێدی ... وادیارە بیروخەیاڵ بۆ دوورت دەبەن ... خەریکە زۆر دەڕۆیت ... ئەبوجورج لەوە ساکارترە ...

دوور نییە ئەبوجورج پەنجەرەکەی کردبێتەوە و چەند داوە قژێک بەدەم باوە لەپەنجەرەکەوە هاتبنە ژوورەوە و لەسەر سەرینەکەی تۆ گیرسابنەوە . ڕەنگە کەپووە هەستیارەکەت لەهیچە بۆنی هەندێ شت بکات .

ئەبوجورج ، بیرەی خواردبووەوە ، لە غورابی خەودابوو ، تڕوتسی ژوورەکەی قانگ دابوو ، پەنجەرەکە دوورە ، ناتوانم بیکەمەوە ، دەرگاکەم کردەوە ، دەرگای دەرەوەی بیناکەشم کردەوە ، ئەم پیرەمێردە لەسەرمای کەمدا خەبەری نایێتەوە .

کەس لە دالان و ڕاڕەوەکەدا نەبوو ، بۆنی سووکی میز ، زۆر ئەهوەنترە لە تڕەکانی ئەبوجورج

پیرەژنە ئەفغانییەکە لەژوورەکەی بەرانبەر ژوورەکەی ئێمەوە هاتەدەرێ ، ئەو پیرەژنەی کەدوێنێ بەبۆنی هێلکەی سوورەوەکراو ، سوێی کردمەوە .

نازانم بۆ هاتە دەرەوە ، بەڵام بۆ چاوتروکانێک چاوی لەژوورەکەی ئێمە کرد ، چاوتروکانێک کەبەشی ئەوەی دەکرد ، وێنەیەکی تەواوی ژوورەکەمانی لەلا بەرجەستە بێت . لەوکاتەدا بۆنێکی تەڕم بەسەردا هات ، ڕێک لەوبۆنە دەچوو کە لەجێگاکەم دەهات ... بلێی ئەم پیرەژنە هاتبێتە ژوورەکەم !! تۆ بڵێی ئەو لەجێگاکەمدا نوستبێ !! کێ شوێنەواری قژی بەسەر بالیفەکەمەوە جێهێشتووە .

لەبەر دەرگا وەستام ، چاوەڕوانی گەڕانەوەی پیرەژنم دەکرد ، کاتێ کە گەڕایەوە بۆنی بۆنپرەی تەوالێتەکانی بینایەکەی لێدەهات .

## پەنجەمۆر

پەنابەران دەبوایە لەهەوەڵی هەر هەفتەیەکدا کەشفی پەنجەمۆر بکەن . کوا = " ئورگانی ناوەندیی پەناهەندەیە لە هۆڵاندا" دەبێ دڵنیا بێ لەوەی کە ئەو پەنابەرانەی لای ئەو تۆمار کراون ، هەموو لە کەمپەکەدا ئاکنجین ، ئەوەی دووجار لە کەشفی پەنجەمۆر غایب بێت ، لەکەمپەکە دەردەکرێت و دەبێ سەرلەنوێ بگەڕێتەوە بۆ تیرئاپل .

هەمیشە پۆلیس لەژووری پەنجە مۆرەکەدا هەیە ، ئەگەر هەر پەنابەرێک لەوانەی کە لە وڵاتێکی دیکەدا پەنجەمۆری هەبووبێ و پێشتر لە ئامێری کەشفی پەنجەمۆر دەربازبووبێ ، لێرە ئامێرەکە کەشفی بکاتەوە ، ئەوا پۆلیسیەکسەر دەیگرن .

بۆیەکەمجار ئەم ڕووداوەم بەچاوی خۆم بینی ، لەژووری پەنجەمۆری کەمپی دن هیلدر بووم .

گەنجێکی عێراقی ، گوتی نەخۆشی دەروونی لەگەڵە و ، لەعێراقەوە هاتووە و پێشتر داوای پەنابەرییەکەیانڕەت کردووەتەوە . وەکو هەموو پەنابەران چاوەنۆڕبوو دەروویەکی لێ وەبێ . ئەو بەیانییە لەبەردەم ئامێری کەشفی پەنجەمۆرەکەدا وەستا ، کاتێ قامکەکانی بردنە پێشەوە ، دوو پۆلیس بردیانە سووچێکەوە ، هەردوو لاقیان پێ بڵاوکردەوە ، زۆر بەزبری و بەوردی پشکنیان ، ئەویش بە ترسەوە هەوڵیدەدا بپرسێت کە مەسەلە چیە ، کەلەپچەیان کرد و بەپاڵ بردیان بۆ ناو ئەو ئوتۆمبیلە پۆلیسییەی کەلەبەر کەمپەکەدا وەستابوو ، هەوڵیدەدا بەشێوەزارە عێراقیەکەی خۆی قەناعەتیان پێبکات تا ڕێگای بدەن ، کەل و پەل و جلەکانی لەکەمپەکە کۆبکاتەوە . لەوە بەدواوە هەرگیز" راتب "م نەبینییەوە .

ناوپراتب بوو . پاشان یارۆی فەلەستینی زۆربەخراپی باسیکرد . گوتی ئەمە لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی خۆیدا لە عێراقەوە هاتبوو و لەڕێگای دەریاوە گەیی بووە ئیتاڵیا . پاشان دەگەڵ کۆمەڵێک عێراقیدا خۆی دزی بووەوە و بۆ هۆڵاندا هاتبوو .

لە هۆڵاندادا ، لەکاتی لێکۆڵینەوەدا ، ڕاتب ناتوانێ وەکو پێویست باسی سەفەرە دەریاییەکەی خۆی بکات . ناتوانێ بیانوویەکی ئەوتۆ بەدەستەوە بدات کە پەنابەری بۆ مسۆگەر بکات . دەیگوت من عێراقیم و عێراق وێرانەیە .

" ئەگەر ئیقامەشم نەدەنێ ، هەر ناتوانن بۆ عێراقم بنێرنەوە ... بابە عێراق وێرانە وێران" .

باوەڕی وابوو عێراقی بوون بەسە بۆئەوەی ئیقامەی بدرێتێ . بەڵام بەڵگەنامەیەکی پێشکەش نەکرد کە ناسنامەکەی کەشف بکات ، تەنیا ئەوەندەی گوتبوو عێراقیە ، خەڵکی بەغدایە ، خوێندنی تەواو نەکردووە ، لەهیچ شەڕێکدا بەشداری نەکردووە ، دژایەتی کەسی نەکردووە .

دوای پێنج هەیڤان ، لەلایەن دایەرەی کۆچبەری هۆڵانداوە ، نیازیڕەفزی بۆ هاتەوە ، ئەوجا کەیسەکەی درا بەدادگا کە داوای پەنابەرییەکەیڕەفز کرد .

ڕاتب ، داوای دیداری پارێزەرێکی دایەرەیIND کرد و دانی بەوەدانا کەلە ڕێگاییۆنانەوە بە ڤیزای گەشتیاری هاتووە و لەم سەفەرەدا کۆمەڵێک عێراقی لەگەڵدا بووە و ، ناوی هەرهەموویانی دابوو .

فەلەستینییەکە گوتی ، فایلی گەلێک لەو عێراقییانەی کەڕاتب خەبەری لێدابوون ، سەرلەنوێ هەڵدرایەوە ، هەندێکیان داوای پەنابەریە تایبەتیەکانیانڕەفز کرابووەوە و هەندێکی دیکەیان بۆ وڵاتێک هەڵاتبوون کە "ڕاتب"ی تیانەبێت .

ئەورۆژە کەمپەکە عێراقی تیانەما . ڕاتب لەناوەندی کەمپەکەدا ڕاوەستا و گوتی : " من هەر بەتەنیاڕەفز وەرناگرم ... ڕاتب بەتەنیا بۆ عێراق ناگەڕێتەوە ... پێکەوە هاتووین و پێکەوەش دەگەڕێینەوە .

ڕاتب ، جاسووسە ، سافی کارزۆ ، ئەو شەوەی کەباسی شتە غەریبەکانی دنیای پەنابەریمان دەکرد ، وایگوت . کارزۆ کورد بوو ، لە سوێدەوە هاتبوو ، دوای ئەوەی لەوێ ئیقامەیان نەدابوویە . "ڕاتب لەعێراقدا بە جاسووسی و شۆڤاری بەناوبانگ بوو ، لە سوێدیش باسیان دەکرد ، من لەوێندەر ئەوەم دەربارەی بیستووە" .

" ئەوان دەیانگوت لەکاتی سەدام حسەیندا جاسووسی ئەمنی عێراقی بووە ، پاشان کاری جاسووسی بۆ ئەمریکاییەکان کردووە ، خوویە گرتت بەشیری تەرکی ناکەی بەپیری" .

ڕاتب ، هەشت دانە هەیڤان لە دن هیلدر مایەوە . سەری ئاسایشگای دەروونی دەدا ، چونکە وەکو دەیگوت دەروونی نەخۆشە" ئاقڵ هەیە زەرەری هاوڕێیانی خۆی بوێ ... " .

دەیگوت ، دکتۆرە دەروونیە تایبەتیەکەی سەری لە کەسێتی ئەو سوڕماوە ، دکتۆرەکە باوەڕی نەدەکرد ، تووشی پەنابەرێک ببێت ئەو هەموو نەخۆشییە دەروونیەی لەگەڵدابێت و ناتوانێرێگە بەهیچ کەسێک بدات بۆ شوێنێکی دیکەی بنێرێتەوە .

ئیدی ئەم جۆرە چیرۆکە دەروونیانەم دەربارەی زۆر پەنابەری دیکە بیست .

عێراقییەکی دیکە حەسەنی ناوبوو ، ئەمە هەموو شەوێک لە هۆرژنی گریانی دەدا ، پاشان ، کاتێ داڤنا بڕیاری دا کە من ناتوانم لەگەڵ ئەبوجورجدا ، کە داڤنا گوتی ناوی محەمەدە ، هەڵبکەم ، ئیدی بووم بەهاوژووری ئەو حەسەنە . کە گوێم لە داڤنا بوو گوتی محەمەد ، لێم پرسی محەمەد کیهیە ، ئاماژەی بۆ ئەبوجورج کرد . ئەبوجورج بەمنی گوت بابایەکی میسری مەسیحی قبتیە ، مەسیحیەکان، محەمەد ناویان نییە !

گوتی پێنج دانە ساڵە لە هۆڵاندا دەژی . شێوەزارە میسرییەکەیڕەوان نەبوو .

پێموابوو ، من میسری لەو باشتر دەزانم . ئەبوجورج گوتی مەسەلەکە ئاساییە ، چونکە پتر لە بیست و پێنج ساڵ  بەرلەوەی بێ بۆ هۆڵاندا لەعێراق ژیاوە ، بۆیە کاریگەری و شەقڵی شێوەزاری عێراقی بە زمانیەوە دیارە .

کابرای فەلەستینی پاشان بۆی گێرامەوە گوایە ئەبوجورج کوردی خەڵکی عێراقە ، دەڵێت قیبتی میسرە . لەچەند وڵاتێکڕەفزی بۆ هاتووەتەوە ، بەڵام دەیەوێ بە

بیانووی تەمەن و ڕەوشی تەندروستیەوە ، هەرچۆنێ بووە ، لەهۆڵاندا ئیقامە وەربگرێت . کوردی عێراقە ، بەڵام میسری قیبتییە ، دەڵێت نەخۆشە ، قەبووڵ ناکات کەس لە ژوورەکەیدا بژی .

لێم پرسی : -چۆن ئەوەت زانیوە ؟

-لەمەیدانە سەرەکیەکەی کەمپەکەدا دەگەڵ حەسەندا بەشەڕهات . ئیدی شڕوشیتاڵییەکدیان خستە ئەو گۆڕە . حەسەن گوتی :

" ئەم سەگە خۆی کردووە بە میسری ، ئەگەر نەمدیبا دایکت دەمردم لەعەزرەت باوکت ، بڕۆ بابە بڕۆ منداڵە زۆڵەکانت لەسەر جادەکانی ئێمە خڕبکەوە و بۆ کوردستانیان بەرە ، میسری میسری چیتە" .

ئەبوجورج وەڵامی دایەوە : " تۆ سەگی. باوک و دایکت سەگن . ئەبوجورج وشەی سەگی بە فۆنەتیکەڕاستەقینەکەی خۆی درکاند ، کەمەحاڵە میسرییەک بەو شێوەیەی بدرکێنێ . ئەبوجورج ناوی محەمەدی ... " ە .

یارۆی فەلەستینی ناوی تەواوەتی ئەبوجورجی نەوت ، بەڵام وتی کوا و حکومەت و خەڵک و حەسن و من و وا تۆشی هاتیەسەر ناوی دەزانن ، بەڵام ئەبوجورج هەر سوورە لەسەر ئەوەی ئەبوجورجی قیبتی و خەڵکی میسرە . ئەوجا کابرای فەلەستینی بەڕادەیەک لەقاقای پیکەنینی دا کە زمانە چکۆلەی دەرکەوت. حەسەن هەستی بەترس دەکرد ، تاقمێک پیاوکوژی عێراقی سۆراخیان دەکرد و دەیانویست تیرۆری بکەن .

خەڵکانێک لەو گروپانە هاتبوون بۆ ئەوروپا و ئیقامەشیان وەرگرتبوو ، ئەمانە پیاوکوژ بوون و سۆراخیان دەکرد ، ماوەیەک لەوەپێش فیشەکێکیان بۆ لەنامەیەک نابوو و بۆیان ناردبوو ، ئەمە ئەوەی دەگەیاند کە ژیانی لە مەترسیدایە .

پاشان برادەرەکانی پێیان گوت ئەدی بۆ بەپەلە نەیانکوشتی ؟ لەکاتێکا دەیانتوانی بەئاسانی بتکوژن بۆچی فیشەکیان بۆ ناردی ؟ باشە پیاوکوژەکان فیلمی العراب – یان بینی بوو ؟

باشە ، پیاوکوژە گەڕۆکەکانی عێراق ئەو ئەقڵیەتە لێبوردە و ڕۆحە پاکەیان هەیە کە دەرفەت بە تاوانبارێک بدەن ، لەکاتێکا بەسەدان دەکوژن و وادەزانن ئاو دەخۆنەوە ؟

حەسەن ، داوای پەنابەری لە هۆڵاندا کردبوو کە گوایە ژیانی لە مەترسیدایە ، هەڕەشەی لەسەرە ، ئەو نامە و فیشەکەشی دەگەڵ خۆیدا هێنابوو کەلەبەر ماڵەکەی دۆزی بوویەوە .

لێکۆڵیارەکان داوایان لێکرد کە بەڵگەیەکیان بۆ بێنێ کە لەعێراقدا کەسایەتیەکی گەورە بووە ، ئیدی کارتێکی لە سەرۆکی حیزبێکەوە هێنابوو کە گوایەڕاوێژکاری حیزبە .

حەسەن زۆر سادەیە ، پاشان گوتی ، چۆن دەزانم عێراقیانێکی زۆر بە بیانووی ئەوەوە کە نامە و فیشەکیان بۆ هاتووە ، داوای پەنابەریان لە هۆڵاندا کردووە ؟

داوای پشتگیرییەکی سادەم لەو حیزبەکرد کە سەرۆکەکەی لە نزیکەوە دەناسم ، ئیدی ئەویش کارتێکی بۆ ناردم کەگوایەڕاوێژکاری حیزبم .

- " کێرم بە حیزب و بە ڕاوێژکار" حەسەن زۆرجار ئەو جنێوەی بەگەڵ قسان دەخست ، ئیدی ئەو قسانە پەیوەندیان بە پەنابەرییەوە هەبوایەیا نەبوایە .

حەسەن دوای خواردنەوەی سەندووقێک بیرە بەلارەلار هەستایە سەرپێیان ، حیزب و سەرۆکی حیزب و هۆڵاندا و کوا و منی بەردەمڕێژی جنێوان دا . هەموو بوتڵەکانی شکاند . مووبەقەکەی کرد بەمەیدانی جەنگ ، درەنگە شەوانێک دوو پۆلیس وەژوورکەوتن ، حەسەنیان لە ژوورەکەی خۆی برد و ڕۆیشتن .

# مارگرێت

یارۆی فەلەستینی هەموو بەیانییەک بەتاقی تەنیا لەسەر ئەو تەختە دارینە دادەنیشت کەدەیڕوانییە ژوورەکەی . ئەم پیاوە خەڵکی غەززەی فەلەستین بوو . لەڕێکردنا ، لەقسەکردنا ، و لەناسکیدا زۆر لە کیژان دەچوو . ئەو چەند داوە مووە تەنکەی بە چەناگەیەوە جۆڵانەیان دەکرد ، قەت ئەو قەناعەتەیان لا دروست نەکردم کە پیاوبێ .

هەرچەندە ئەو شتەی هەبوو کە پیاوان هەیانە ، بەڵام خۆی گوتەنی قەت بەکاری نەدەهێنا و ، خوا بەهەڵە ئەو شتەی لەناوگەڵیاڕواندبوو ، ئیدی لە کۆمەڵگایەکەی خۆییاخی بووبوو و لە غەززە خۆی ناونابوو مارگریت ، و تا ئێستاش هەر ئەو ناوەی پێوەیە .

ئەگەر" مارگرێت" لەکوردستان بوایە کەس و کارەکەی پێش خەڵکی دی دەیانکوشت . چونکە دەبووە مایەی شەرمەزاری بۆیان . لە هۆڵاندادازڕێگە بە خەڵکی دەدرێ کە جیاوازبێ . ڕێگەیان دەدرێتێ کە جیاوازبن ، کە ئازاد بن لە جیاوازییەکانیاندا .

"مارگرێت" بەردەوام گلەیی لە خەڵکی غەززە دەکات ، لەعەرەب بەشێوەیەکی گشتی .

-خۆشەویستی نازانن .

خۆشەویستی بەعەیب دەزانن . خۆشەویستی لە غەززە عەیبە ، شوورەییە . بەڵام لەکوردستانیش عەیب و شوورەییە . لەسووریا ، لەعێراق ، لە ئەفغانستان عەیب و شوورەییە .

لەهۆڵاندادا ئەم شەرمە گەرم دەکەن وماڵی و کەوی دەکەن . دەیڕوێنن و هەتاو لەژێر هێشووەکانیدا هەڵدەکەن ، گوڵی جیاواز دەگرێت و بەری جیاوازی دەدات .

" مارگرێت" دوودانە ساڵ لەکەمپدا مایەوە ، ئیقامەی وەرنەگرت . دەترسا بۆغەززەی بنێرنەوە ، دەیگوت ئەگەر بمنێرنەوە پێش ئەوەی بگەمەوە ئەوێ خۆم دەکوژم ، جگەلەخۆمڕێگە بە هیچ کەسێکی دیکە نادەم بمکوژێت .

ئەبوجورج دەیگوت مارگرێت جوانە ، و بەشێکی زۆر لەگەنجانی کەمپەکە دەگەڵیا خەوتوون . بەڵام خەڵکی غەززە نییە و ، هومۆسێکسیواڵیش نییە ، بەڵام ئەو بانگەشەیەی دووی خۆی خستووە تا ئیقامەی پێ وەربگرێت .

پێدەچێ ئیقامە لە هۆڵاندادا ، زۆر بکەوێ ، مارگرێت باجێکی زۆری دابوو ، زۆر لەمن زیاتر ، گەلێک لەوە زیاتر کە تەسەوری دەکەم یان دەیدەم .

پێش ئەوەی بیر لەشتی وابکەمەوە خۆم دەکوژم . ئەو ئێوارەیە نوێژم کرد . ماوەیەکی زۆر بوو نوێژم نەکردبوو . چیرۆکەکەی مارگرێت گەڕاندمیەوە سەر ئاین و ئۆلی خۆم .

ڕۆژی دووەم ، لەسەر کورسیەکی بەرانبەر کورسیەکەی مارگرێت دانیشتم ، حەزم دەکرد چاودێری بکەم ، بچمە بنج و بناوانی ئەبوجورج واتەنی ئیدیعایەکەی .

مارگرێت وەکو هەمووجاران لەژوورەکەی هاتەدەرێ ، لەسەر کورسییەکە دانیشت ، بەکاوەخۆ قاوەی دەخواردەوە و چاودێرپرێگا چۆڵ و مەیدانەڕووتەکانی کەمپەکەی دەکرد ، پاش ئەوەییەک دوو قومی لە فینجانە پەمەییەکەی دا ، دوو گەنجی عیراقیهاتن و لەلایەوە دانیشتن .

یەکێکیان فینجانە قاوەکەی لەدەستی مارگرێت سەند و قومێکی لێخواردەوە ، ئەوجا گەنجی دووەم ، سەرباری ناڕەزایی مارگرێت ، فینجانە قاوەکەی لێوەرگرت . دایانەوە دەستی ، هەرچەند گەنجەکان زۆریان لەگەڵدا کرد و کۆشا کە بیخواتەوە ، ڕازی نەبوو بیخواتەوە . دەستیان بە چاکەتە پەمەییەکەیدا ، کە لە فینجانەکەی دەچوو دێنا ، ڕانیان دەگوشی دەستیان بۆ سینە و مەمانی ، بۆ هەردوو دەست و دەمی دەبرد .

" مارگرێت" سەرزەنشتی دەکردن ، بەڕوویاندا هەڵدەشاخی ، هاواری دەکرد ، بەڵام پاشان پێدەکەنی . نازانم توورەبوویان خۆشحاڵ بوو ، ئەو حاڵەی پێخۆش بوو ، یان ناخۆش بوو ، حەزی لێدەکردیا نا ، لەپڕێکا هاوارێکی ئەوتۆی دەکرد لە دڵی خۆدا دەمگوت تەواو جامەکە پڕ بوو ، کەچی دوای تۆزێک ، شێتانە لە قاقای پێکەنینی دەدا .

مارگرێت کەنجێک نییە ، بۆئەوە مێیاتی بنوێنێ تا ئیقامە وەربگرێت ، مارگرێت کچێکە ماکی پیاوەتی تیایە . نێرەمووکە .

" دەزانی کێ دەتوانێ کچێکی وەکو منی بێئەوەی دڵی لێم هەڵشێوێ و دڵم لێ هەڵشێوێ خۆش بوێ" ؟

مارگرێت ، جارێک کە لەتاو پرخ و هۆڕ و تڕ وتسی ئەبوجورج لەژوورەکەم وەدەرکەوتبووم و بەو سەرمایە لەسەر کورسییەکەی دەرەوە دانیشتبووم ئەو پرسیارەی لێکردم . عێراقیەکان دوێشەو نەیان هێڵابوو بخەوێ ، دەیانویست بچێ بۆ ژوورەکەیان و سەمایان بۆبکات .

ڕاستە حەزی لەسەمایە ، بەڵام نایەوێ سەما بۆکەس بکات ، دەیەوێ بەئارەزووی خۆی ، هەرکاتێ حەزی لێبێ سەما بکات . بۆخۆی سەما بکات .

گەرما کونیلەکانی دەموچاوی شەحن دەکردەوە ، مارگرێت وشەکانی لەژێر قڕەی خەڵکیدا دادەگیرساند ، ئیدی توانای نەمابوو لە خواردن بگەڕێت .

لەسەرما هەڵدەلەرزیم ، ویستم لەسەر ئەو پرسیارانە بەڕوویا هەڵشاخێم ، پێی بڵێم من نازانم و ، نامەوێ بزانم .

نامەوێ خۆم لەقەرەی هەندێک تایبەتمەندییان بدەم کە ڕەنگە لە هۆڵاندادا ئاسایی بێت ، بەڵام لای ئێمە ، لە شارستانیەتی ئێمەدا شەرم و شوورەییە . لەداب و نەریتی مندا عەیبە ، پیاو پێی پەست دەبێت . ویستم پێی بڵێم من بۆیە هێمنم چونکە داڤنا داوای لێکردووم هێمن بم ، چونکە ئەوەی بیەوێ لە ئەوروپای ئارامدا ئیقامە وەربگرێت ، دەبێ ئارام بێت .

تەمەنی بەشی ئەوە ناکات خووخدە ، داب و نەریتی خۆم بگۆڕم ، ئەوەندەم دڵ نییە کە خۆشەویستیەک قەبووڵ بکەم کەلە وڵاتی مندا نائاساییە . من جیاوازم لەپەنابەرەکانی دیکەی کەمپی دن هیلدر ، چونکە دەمەوێ جیاواز بم ، من حەز لە سەریەشە و کێشە ناکەم ، پابەندی نیزام دەبم ، ملکەچیرێنماییان دەبم ، نامەوێ ئاژاوەگێربم .

نامەوێ مارگرێت" دۆستم" بێت و تەواو .

بەڵام هیچم نەگوت ، تەنیا دەموچاوم سوور هەڵگەڕا ، دەمویستڕستەیەک ، ڕستەیەکی بەسوود بنیات بنەم لەو بێدەنگیەمڕزگار بکات .

تەمەشای مارگرێتم دەکرد ، دەمڕوانیە ئەو داوە مووە تەنکانەی سەر چەناگەی ، سەرم لەوە سورمابوو چۆن پیاوێک دەتوانێ ئەم چەناگەیە ماچ بکات ، چۆن دەتوانێ ئەم جەستەیە بە خۆوە بگوشێت ، هەستم کرد دڵم تێکهەڵدێت ، هەستام ، کەمێک لێی دوورکەوتمەوە ، دانەویمەوە و دەستم بەسەرووی سینگمەوە گرت ، لێم هاتە پێشەوە ، بەدوو دڵیەوە کەوتە شێلانی پشتم ، بەر لەوەی فریابکەوم دەستم هەڵبڕم و داوای لێبکەم لێم دوور بکەوێتەوە ، لەناکاوا قوڵپێپرشانەوەیەکی لینجی قیزەون لە هەناومەوە دەرپەڕی و ئەو گیایەی لەوتاند و پیسکرد کەبەدەم سەرمای ئارامی باکوورەوە دەلەرزی .

ئایا مارگرێت داوای لێکردم ببم بە ئاشقی ! بۆچی منی بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە قورسە هەڵبژارد !

بەرلەوەی بگەمە هۆڵاندای نەویان ، من خەونم بە کیژە ئەوروپاییانەوە دەبینی ، خەونم دەبینی ماچیان بکەم ، سینگ و مەمکیان بلێسمەوە ، لەگەڵیاندا بخەوم ، لێویان بمژم ، لە لمەلانی گەرمیاندا تەپاوتل بدەم . کەچی ئەوەتا لەسەرەتای وەرزی هۆڵاندیدا تووشم دەبێت بە تووشی مارگرێتەوە !! ئەمە چ وەهمێکە ، چ خەونێکە !!

مارگرێت ، گەنجێکی فەلەستینییە ، لە هۆڵاندا دەبێت بە مارگرێت ، و لە ونگەی کەمپی دن هیلدردا ، تووشم دەبێت بەتووشی وییا وێیا هەردووکیانەوە !!

ئەوڕۆژە شەکەت و ماندوو لە جێگاکەمدا نوستم ، نازانم نەخۆش بووم ، وێڵ بووم ، یا بێتاقەت و نائومێد بووم .

نەپرخ و هۆری ئەبوجورج ، نە تڕ وتسەکانی بێزاریان نەکردم ، بەڵام بۆرۆژی دوایی کاتێ پێی گوتم کە مارگرێت خۆشی دەوێم ، مارگرێت بەخۆی ئەمەی لەلای چەند گەنجێکی کەمپەکەوە گوتووە ، و ئامادەیە ئەگەر من بمەوێ بیبەم ، ژوورەکەی بەجێ بێڵێ و هەمووڕۆژەکە ، لەبەیانییەوە تا ئێوارێ ، وێڕای سەرما و سۆڵە ، لەبەستێنی دەریادا ، دەگەڵ مندا بەسەر بەریت .

بەکاوەخۆ و بەمتمانەوە قسانی دەکرد و ، گوتی ئەو پیاوێکی بە تەمەنە ، بەڵام ئەویشڕۆژگارێک گەنج بووە و ، زۆر چاک دەزانێ خۆشەویستی ماناى چییە .

چەندم ئاماژە کردێ کە بیبڕێتەوە ، چەندم حاشا لەو تۆمەتانە کرد ، فایدەی نەبوو ، نەدەمی تێک نا و نە وازی لەو قسە بۆش و بەتاڵانە نەهێنا ، ئەوجا تا زارم گرتی هاوارم بەسەریاکرد :

-بیرەوە ، خوێڕی ...

وادیاربوو ، گڕی تووڕەیی چاوەکانم بێدەنگی کرد ، ئەم پەرچەکردارە پاشڤەڕۆیەی منی پێ سەیر بوو .

شەوێکی دی پێی گوتم ئێمە لە ئەوروپاین ، ئەوروپا لە وڵاتانی ئێمە جیاوازە ، بۆچوون و قەناعەتێن ئەوروپا لەهی خەڵکی وڵاتانی ئێمە جیاوازە .

ئەوروپا ، یانی تۆ ئازادی کاکە سەباح ، دەزانی تۆ ئازادی دەکاتە چی !! ئەبوجورجی ناشیرین ، بەجۆرێ وشەی ئازادی درکاند ، لەتۆ وایە ئەو وشەیە لەوەتای هەزاران ساڵە لە فەرهەنگی ژیانیا هەبووە و هەیە . تڕکەنەی بە پرخ و هۆر دەرسی ئازادی دادەدات و مەعنای ئەوروپا و ئازادی و مارگرێت ، بۆ سەباح میدیایی شرۆڤە دەکات .

بۆماوەی چەند ڕۆژێک لە ژوورەکەم نەهاتمە دەرێ ، نوور لەدەرگای دا ، قاپێ چێشتی تازەی بۆ هێنابووم ، خەمبار بوو ، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو نەی بینی بووم .

قەت نەهاتبووە ژوورەکەم و ، منیش زاتم نەکردبوو دەعوەتی بکەم . هەردووکمان لە کەلتورێکیرۆژهەڵاتیەوە هاتبووین ، من دەزانم کە بوون دەگەڵ ئافرەتێکدا بەتەنیا لەیەک ژووردا نەشیاوە . ئەویش ، سەرباری هەموو ئەو قسانەی کە لە تیرئاپل دەربارەم بیستبوو ، ئەمە دەزانێ .

نوور ، لە هەموو ئەو قسە و قسەلۆک و تانە و تەشەرانەی لە خۆی و لە ئاپرووی درابوون ، پاکتر و شەفافتر بوو . نوور بەکاوە خۆ ، لەناو جەرگەی کەلتورێن شێواوی پەنابەرەکانەوە ، متمانەی بە ڕۆژهەڵات و ژنانیرۆژهەڵاتی ، لەلا زندوو کردمەوە .

کاتێ نوور لەبەر دەرگا وەستا ، ئەبوجورج هەستا ، ویستی لەژوورەکە وەدەربکەوێ ، نەمهێشت وەدەربکەوێ ، هەڵبەتە هەوڵیشم دەدا نوور پێنەحەسێت ، بەڵام ئەبوجورج گوتی : نا نا ... ڕێگەم بدە کاک سەباح ، دەمەوێ ژوورەکەتان بۆ چۆڵ بکەم . پێش ئەوەی وەدەر بکەوێت ، نوور وەرسوڕا و ڕۆیی ، ئیدی چەند هەوڵمداڕاپیگرمیا مەسەلەکەی بۆ شەرح بکەم فایدەی نەبوو . چووم بۆ ئەبوجورج و تا هێز لە بازوومدا بوو بۆکسێکم بەدەموچاویا کێشا ، کەوتە سەر ئەرزەکە ، چاوی لە سەرساميا ئەبلەق بوون ، ئەوجا بە شەق و زللە تێی بەربووم ، هەرچیرقم هەبوو بەسەر ئەم درۆزنی نەزانی چەپەڵی سووک و خوێڕیەمدا هەڵرشت .

داڤنا ، ئەو شەوە بۆ بینایەکی دیکەی گواستمەوە ، داڤنا زۆرم لێ تووڕە بوو ، بۆڵەبۆڵی دنیای بەسەرمدا کرد ، چۆن دەتوانم لە پیاوێکی پیر بدەم ، چۆن دەتوانم بەرشەقی بدەم . ئەوجا بەتوندی ئاگاداری کردمەوە ئەگەر جارێکی دی شەڕبکەم ، بۆ کەمپێکی دیکەم دەنێرێت و نامەیەک بۆ دایەرەی کۆچبەری دەنێرێت و پێیان دەڵێت کەمن کابرایەکی توند و تیژ و شەڕفرۆشم .

درەنگانێکی شەو ، ئەمبوڵانسێک بەکۆمەڵێک پۆلیسی هۆڵاندیەوە خۆی بە کەمپەکەدا کرد ، هەوەڵجار زۆر ترسام ، وام وێنا دەکرد کە بۆ گرتنی من هاتبن ، چونکە لە " ئەبوجورج "م دابوو ، بەڵام لە ئاقاری بینایەکەی ئێمە تێپەڕین ، بەدەم هەرا و زەناوەچوون بۆ بینایەکی دیکەی ناو کەمپەکە .

حەسەن بەترسەوە وەژوور کەوت و گوتی : " وای دایکە تاوانی کوشتن ... دایکەڕۆ کوشتن ... دارایان کوشتووە ، دارایان کوشتووە " ... کۆمەڵێک قاچاغچی لەبینای نۆیەمدا دارایان کوشتووە ، ئەو کوڕە کوردەی کە کاتی خۆی قاچاغچیەتی دەگەل دەکردن .

# قاچاغچیەکان

چوار پەنابەری کورد بوون ، لەیەک کەمپ و لەیەک بینادا ئاکنجی بوون ، پاسکیلیان لەوێستگەی قیتار و وێستگەی پاساندا ، لەبازاڕدا دەدزی ، دەیان برد بۆ کەمپەکە ، لەوێ هەڵیان دەوەشاندەوە ، تەنیا ئەو سێ گۆشە ئاسنینەیان دەهێشتەوە کە ژمارەی پاسکیلەکەی پێوەبوو .

ئەو سێ گۆشەیەیان تووڕ دەدایە ناو دەریاچەکەی نزیکی کەمپەکە ، ئەوجا هەموو هەفتەیەک ئوتۆمبیلێک دەهات تا پارچە هەڵوەشاوەکان و تایەکان و هەموو شتە دزیارییەکان ببات . پێدەچوو ئەو پارچانە لەشوێنێکی دیکە و بە دوکانانی دیکەی بفرۆشن ، یان پارەیان لەبری ئەو پارچانە وەردەگرت .

بەڕۆژیڕووناک و بەبەرچاوی خەڵکیەوە خۆیان بە وێستگەیەکدا دەکرد باشترین پاسکیلیان هەڵدەبژارد  و مەقەستێکی گەورەیان پێبوو و قفڵەکەیان دەپری .

یەکێکیان سواری پاسکیلەکە دەبوو و بۆ کەمپەکەی دەبردەوە . ئەوانی دیکەش دەچوون لە پاسکیلێکی دیکە دەگەڕان . ئیدی لەبەردەم دیسکۆخانە شەوانەکاندا ، لەڕۆژانی ئاهەنگەکاندا ، لەڕۆژانی پشوودا ، لەشارانی دیکەوە ، ئەو پاسکیلانەیان بۆ بینای ژمارە نۆ دێنا تا هەڵیان بوەشێننەوە ، تایە و لایت و زەنگ و هەموو شتەکانی ، جگە لە سێگۆشە ئاسنینەکە ، هەڵوەشێننەوە .

دارا ئەو شەوە بەدەم ئازاری زامەکانیەوە ، بەدەم چۆڕاوگەی خوێنەوە ، بە قاڵدرمە و دەرگاکاندا دادەگەڕێ و لە بینایەکەوەدەردەکەوێ ، یازدە جێگای خەنجەری پێوەبوو ، بەقەستی کوشت لێیان دابوو .

ئیدی تیمی فریاکەوتن ، لەچاو تروکانێکا فریای دەکەون و خوێنڕێژییەکەی دەوەستێننەوە و بۆ خەستەخانەی دەبەن . ئەوسا پۆلیس ، بەرلەهاتنی تیمی سپیپۆشان ، خۆ بە بیناکەدا دەکەن ، تا هەموو شتەکان بپشکنن و تەنانەت حاویەی زبڵانیشیان پشکنی ، پۆلیس بەدرێژایی پێنج دانە ڕۆژ ، پرس و جۆیان دەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەرەکاندا کرد ، هەموو پەنابەرێکی بینایەکە و هەرکەسێک سووکە پەیوەندییەکی دەگەڵ گروپەکەی دارا دا هەبوو ، پۆلیس داوای لە پەنابەرەکان کرد ، هەرکەسێک زانیارییەکی ئەوتۆی لەلایە کە خزمەتی لێکۆڵینەوەکە بکات ، با بێت ئەو زانیاریانە پێشکەش بکات و بەڵێنی دەدرێتێ کەبە هیچ جۆرێ ناو نەبرێ .

حەسەن گوتی کە یەکێک لە هاورێکانی لەکەمپی" درونتن " شدا لێکۆڵینەوەی دەگەڵدا کراوە .

من سەباح خەلیلم ، هیچ کەسێک لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا نەکردووم ، مەسەلەی لێدانەکەی ئەبوجورجیش بەردێکی خرایە سەر و پرایەوە ، ئەبوجورج هەر لەبیری نەما ، " داڤنا"ش مەسەلەکەی فەرامۆش کرد . کاتێ ئەبوجورج لە بینایەکەدایا لەمەیدانەکەدایالەڕۆژی پەنجەمۆردا دەمبینێ ، بەگەرمی سڵاوم لێدەکات ، وەکو ئەوەییەکێک بم لەکەسوکاری خۆی

دەمزانی لێم دەترسێت ، لەوە دەترسێت تێی هەڵدەم . بەڵام کەبیستم پیرەژنە ئەفغانیەکە دەباتە ژوورەکەی خۆی و لەگەڵیاڕادەبوێری ، لەدڵی خۆدا گوتم هەرچەند ئەبوجورج تێهەڵدانی خوارد ، بەڵامڕۆیشتنەکەی من بەخێر و قازانجی ئەو شکایەوە .

" تسکەن " بردیەوە ، بۆخۆی بەتەنیا مایەوە ، بەتەنیا فرسەت لە پیرەژنە ئەفغانیەکە دێنێ . قەرەوێڵەی دووەم بۆ گاینی بەکاردەبات و هەرکاتێ پیرەژن دەڕوات لە مووبەقە پڕ بۆنە میزەکەدا هێلکە سوور بکاتەوە ، ئەبوجورج لەسەر قەرەوێڵەکەی خۆی دەنوێت .

پەنابەرەکان ئەو گروپەیان ناونا گروپەکەی دارا ، هەرچەندە دارا قوربانیەکە بوو و ، ئیدی بویەری هەوڵی تیرۆرکردنەکەی دارا ، بوو بەپێوەری زەمان ، ئیدی پەنابەرەکان کەبیان ویستبا وەسفیڕووداوێک بکەن ، پشتیان بەو ڕۆژە دەبەست .

سەباح لەڕۆژەکەی دارا دا لە ئەبوجورجی دا !

حەسەن ، دوای دارا لەیارۆی سکیوریتی"ئاسایش"ی دا .

عێراقیەکان ، دواپرۆژەکەی دارا ، بەرخێکیان لە مەزرایەکە دزی ، دوای دارا لە کەمپەکەدا سەریان پڕی ، ئاگرێکیان کردەوە و دوای دارا برژاندیان ، دوای دارا هەموو عێراقیەکانی ناو کەمپەکەیان دەعوەت کرد ، بەڵام عێراقیەکان دەعوەتەکەیانڕەفز کرد و گوتیان دوای دارا حەرامە .

داڤنا ، دوای دارا شووی دووەمی کردەوە ، شوویەکەمی پێش دارا بوو . جاسم عێراقی دوای دارا وازی لە دەزگیرانەکەی هێنا . نا نا جاسم ، دوای ئەوەی ئیقامەی وەرگرت ئەوجا دەستبەرداری دەزگیرانەکەی بوو .

جاسم جیاوازە . جاسم مێژوو و پێوەرێکی دیکەی هەیە . ڕۆژی دوای وەرگرتنی ئیقامە دەستبەرداری دەزگیرانەکەی بوو کە تووشی هەرەسی دەروونی بوو و یەکسەر بۆ خەستەخانەیان برد . جاسم هیچ پەیوەندییەکی بەداراوە نییە . پەیوەندی سەرەکی نێوان جاسم و مێژوو بریتیە لە ئیقامە .

دارا هێشتا بیست و پێنج ساڵی پڕ نەکردبووەوە ، دوای ئەوەی دایەرەی کۆچبەری فنلاندا ، وەریاننەگرتبوو ، ئیدی لەوێندەرەوە بۆ هۆڵاندا هاتبوو ، ئەوەشی نەشاردبووەوە کە پێشتر لە فنلاندا بووە .

لێکۆڵیارە هۆڵاندییەکە کە لێی پرسی بوو بۆچی بۆ هۆڵاندا هاتووە لەکاتێکا زانیویەتی دەسەڵاتی هۆڵاندی بۆ فنلاندای دەنێرنەوە ، دارا گوتی : " هیچ چارێکی دیکەم نەبوو " . هەروەها گوتبووی هەموو ئەوروپا تەی دەکات بەرلەوەی بیر لەوە بکاتەوە کەبۆ کوردستان بگەڕێتەوە . ئەم سەفەرەی لە کوردستانەوە تا ئەوروپا پازدە هەزار دۆلاری تێچووە ، مەحاڵە بەکەمتر لەم پارەیە بۆ ئەوێندەر بگەڕێتەوە .

لێکۆڵیارەکە لێی پرسی ناتوانێ بەبێ ئیقامە کار بکات ؟

دارا گوتی : بەڵێ دەتوانم ...

دارا هەموو ڕۆژانی هەفتە دیار نەدەما و لەڕۆژی پەنجەمۆردا پەیدا دەبووەوە .

کەس نازانێ لەکوێ دەنوێیا چ کارێک دەکات . بەتەمای چیە و چ نەخشەیەکی لەمێشکایە ! بەڵام هەمووان لێی دەترسن . کەدەگەڵ گروپەکەیدا ، لەکەمپەکە پەیدا دەبن ، ترس دەخەنە دڵانەوە ، چاودێری هەموو شتێک دەکەن ، بەکاوەخۆ چاوپرکێ دەگەڵ کچاندا دەکەن .

بەدەم ئاشقێنێ و ترس و پێکەنینەوە دەردەکەوێ کە ئەو فەرماندەیە . ڕۆژێ لەڕۆژان هەستم بەوە نەکرد کە ئەمانە قاچاغچییا پیاوکوژیا دزبن . زۆر ئاسایی

دیاربوون ، وەکو هەموویەو پەنابەرانە بوون کە ئومێدی وەرگرتنی ئیقامەیان نەمابوو .

بەردەوام بیریان لەوە دەکردەوە کەکاتێ نامەی دایەرەی کۆچبەرییان پێدەگات کە خۆیان ئامادەبکەن بۆ سەفەر ، ڕوو بکەنە چ وڵاتێکی دیکە .

دارا ، قەت لە پەنجەمۆر دوانەکەوتبوو تەنیا ئەو ڕۆژە نەبێ کە هەوڵی تیرۆرکردنی درابوو . لەخەستەخانە بوو ، حەسەن لە ڕۆژی هەوڵی تیرۆرکردنەکەیدا گوتی هێندە ئارام بوو ، سیمای هێمنی و لێبوردەییەکی ئەوتۆی پێوەدیاربوو ، هەرچی ئارەزوویەکی وێرانکاری لەدڵا بوو ، شاردبووەوە .

" مارگرێت" گوتی لەو لەبنەوە پرانەیە خەڵکی دەکوژێ و بەگەڵ جەنازەکەی دەکەوێ . نوور نایناسێت و نایەوێ بیناسێت . کارمەندی کوا بەیەکێک لە پەنابەرەکانی گوت کە پۆلیسی ئەڵمانییەکێک لە بکوژەکانی دەستگیر کردووە ، بەڵام دووانەکەیدی هەڵاتوون ، لەگینە بۆ کوردستان گەڕابنەوە .

من دەزانم ئەو بکوژەی لە ئەڵمانیا دەستگیرکراوە ، چەند بۆکسێکی مزر بەدەستی پۆلیسی ئەڵمانی دەخوات ، چونکە دەزانم پۆلیسی ئەڵمانی بوونی پەنابەری وەکو سەباحیان پێ قووت ناچیچت چ جای پەنابەرێکی وەکو بکوژەکەی دارا .

دارا ، دوایبازدەڕۆژی خشت ئەوجا لە خەستەخانە دەرچوو ، یازدە زام بەبەدەنیەوە بوو کە مەترسیدارترینیان ئەوە بوو کە بەر ملی کەوتبوو . بەڵام نەمرد .

سەرلەنوێ لەدایک بووەوە ، ئەم هەوڵی تیرۆرە گەڕاندیەوە سەر ڕاستەڕێگای دروست . گوتی خواوەند تاقی کردووتەوە و ڕۆژی تەواو نەکردووە ، بۆیە دەیەوێ بۆخواوەندی بسەلمێنێ کە پیاوێکی ئیمانداره و ئەو دەرفەت و دەلیڤەیەی کە پێی داوەتەوە بەفیرۆ ناڕوات .

دەستی بەنوێژان کردەوە ، کەوتەوە سەر پێیان چوو بۆ مزگەوتەکەی دن هیلدر ، هەرچەندە حەزی لەچارەی ئیمام و پێش نوێژەکەی مزگەوتی ناقبری نەدەکرد .

ئەو دارا ترسناکە بوو بە بەرخێکی بچووک ، هەنووکە هیچی لە ئەوروپا ناوێ تەنیا ئەوە نەبێ ئیقامەی وێدەن تا ژیانی بەو شێوەیە بەرێتەسەر کە خواوەند دەیەوێ .

-بەڵام بۆچی پێیان دەڵێن قاچاغچی و پێیان ناڵێن دز کە تۆمەتەکەیان بریتیە لە دزینی پاسکیل؟

حەسەن گوتی : "کاکە گیان .... ئەوانە بە قاچاغ حەشیشە لە هۆڵانداوە بۆ ئەڵمانیا و بەلجیکا و فەرەنسا ئاودیو دەکەن ... ئەوانە هەموو شتێک دەکەن ... کاکە سەباح تۆ فەقیری ... ئەو شتانە نازانی !! " .

- " باشە کە قاچاغی حەشیشە دەکەن ، بۆچی پاسکیلان دەدزن ؟ ... " .

-دزینی پاسکیل ... ئەمە لەکاتی دەستبەتاڵیدایە ... تۆ تەمەشای کابرا جورجیەکە بکە ... ئەمە پاسکیل دەدزێ ... ئەمە پێی دەگوترێ جورجە دز ... کەس ناوە ڕاستەقینەکەی نازانێ ... ئێمە پێی دەڵێین جورج چونکە خەڵکی جۆرجیایە ... ئەو کابرایەکی دزە ... تەنیا دزە و بەس ... هەمیشە مقەستێکی گەورەی بەدەستەوەیە و چاوەڕوانی ئەوەیە هەرکاتێ پەنابەرێکی تازە بێت بۆ کەمپەکە ، بزانێت ئاخۆ پاسکیل دەکڕێت ... دەگەڵ خۆیدا دەیبات و سەرپشکی دەکات کە پاسکیلی دڵخوازی خۆی لە وێستگەکە هەڵبژێرێت ... قفڵەکەی دەپڕێت و بەدە یورۆ پێی دەفرۆشێت" .

- " باشە کەس لێی ناپرێچێتەوە" ؟

- " پۆلیس دوو سێ جار بۆ مەخفەریان برد ... پاشانبەری دەدن ... دەزانن کە کابرایەکی دزە و نەخۆشی دەروونی لەگەڵە و پەنجەمۆری لە ڕۆمانیا هەیە و بۆ ئەوێندەری دەگێڕنەوە ... نتالی تۆ نتالی دەناسیت ؟

- " نەخێر نایناسم !!

- " نتالی ژنێکی جوان بوو ... زۆر جوانە ... بەڵام حەیفێ لە هەڵسوکەوتا لاسایی پیاوان دەکاتەوە ... ئیدی بووە بەخەمی پیاوان ... ئەویش پاسکیلان دەدزێت ... " .

جۆرجی جۆرجیایی کە دەڵێت ژنە ... پاسکیلان دەدزێت . نتالی جۆرجیاییش کەدەڵیت پیاوە ، پاسکیلان دەدزێت و کە لەڕێگادا بەلای جۆرج دا تێدەپەڕێت بە قێز و بێزەوە تەمەشای دەکات

نتالی مێینەیەکی جوانە ، بەڵام مەمکەکانی لە نەشتەرگەرییەکی شێرپەنجەدا لەدەست دابوو ، پاشان وەکو پیاوان دەڕوات و هاوڕێیەتی پیاوان دەکات . پاشان بوو بەپیاوێکی بێردێن ، بەڵام بەدەنگێک کە هەوڵدەدات نێرانە بێت . بیری چووەتەوە کە ژنە . چەندین ساڵە بەبێ ئیقامە لەکەمپی دن هیلدر دەژی .

حەسەن دەڵێت : " دایەرەی کۆچبەری لەبیریان کردووە " .

پێدەچێ ئەم دایەرەیە پێیان وابێ نتالی هەر ڕۆژێ بمرێ ، بمرێت و چیرۆکی پەنابەرییەکەی ئەوە نییە کە ئیقامەی پێ وەربگرێت و ڕەوشی تەندروستیرێگەی نادات نەبۆ جۆرجیا و نە بۆ هیچ شوێنێکی دیکەی بنێرن .

نتالی بە هێمنی لەکەمپی دن هیلدر دەژی و بە پاسکیل دزین و دزی لە سوپەرمارکێتان دەژی .

پێدەچێ بیەوێ ئەو پارەیە دەربێنێتەوە کە بۆ گەیینە هۆڵاندا خەرجی کردبوو . چەند جارێک بەگژ جۆرج جۆرجیایی دا چووبوو ، هەموو جارێ پەنابەرەکان ناو بژییان کردبوون .

جارێکیان لێی دابوو ، وێڕای ئەوەی جۆرج لەو بەباڵاتر بوو ، بەڵام دەستی لێنەکردبووەوە .

لەسەر ئەو کورسیە دانیشتبووم کە دەڕوانیە بینایەکەی نوور ، چاوەڕوانی ئەوە بووم نوور کە دیارنەبوو ، قسەم دەگەڵدا بکات . جورج خۆی گوتەنی دەست لە ژنان ناکاتەوە ، ئەو بەخۆی ژنە و دەزانێت ژنێک بەخورتی مەمکی ببڕنەوە دەکاتە چی .

نتالی کەخۆی کردبوو بەپیاو ، زۆری لەبەر گران بوو کاتێ جورجی خۆ بەژن کردوو ، گوتبوی ژنە . هەستی بەسووکایەتی کردبوو ، گوتبووی ئەو بەخۆی پیاوێکە کێری لەدەمیا لەبیر کردووە و کێری خەڵکانی دی بەکار دەبات .

ئەوسا قۆڵی خستبووە ناوگەڵی و دەستی نوقاندبوو و لە دوورەوە بەو کێرە دەستکردە بەرجنێوی دابوو . جورج پێکەنی بوو و ڕۆیی بوو . پاشان لەجارەکانی دوای ئەو ڕووداوە ، دەمبینی کە جۆرج لە ڕێ و باندا ڕێکەوتی ئەوی دەکرد پێی هەڵدەگرت و بەتیژی بەلایدا تێدەپەڕی . دەزانم کە دەرەقەتی نتالی دێت ، ئەو هەموو سووراوەی کە لێوەکانی داپۆشی بوو ، و ئەو پێڵاوە پاژنە بەرزەی لەپێی کردبوو ، نەیاندەتوانی هێزی شانەکانی و تواناى شەویلاگەکانی بشارنەوە ، بەڵام قەت هەوڵی ئەوەی نەدابوو وەڵامی بداتەوە . هەرچەندە پێشتر گاڵتەی بە نتالی کردبوو ، بەڵام پێدەچوو بەزەیی بەنتالیدا بێتەوە ، چونکە نەخۆش بوو .

لەوەش دەچوو پتر لەبەزەیی بێت ، پێدەچوو هەستی تەنیایی ، یان هەستی کڵۆڵی و داماوییان هاوزێدییان شتێک کۆیان بکاتەوە کە نەمدەزانی دەقاودەق چییە .

لەوماوەیەدا کە دایەرەی کۆچبەری قەراری دا جۆرج بۆڕۆمانیا بنێرێتەوە ، و جۆرج بڕیاری دا لە هۆڵاندا هەڵبێت ، لەو ماوەیەدا چوو بۆ ژوورەکەی نتالی و خوداحافیزی لێکرد .

لەوڕۆژەدا دیتمن ڕێکەوەڕێگای کەمپەکەیان دەپڕی . نتالی دەگریا ، یارمەتی جۆرجی دەدا و جانتا سووره گەورەکەی لەگەڵدا هەڵدەگرت ، کاتێ بە دوو قۆڵی لە کەمپەکە وەدەرکەوتن ، لەو مەودایەی نێوان شەقامە گشتیەکە و حەساری کەمپەکەدا نتالی بەتوندی دەستی لەملی وەرینا و پاشان تا لەچاو ون بوو هەر دەستی بۆ تەکان دا .

# شاکیرای سکپڕ

بە پەرۆشەوە چاوەڕوانیرۆژی پەنجەمۆرم دەکرد ، بەیانی لەخەو ڕادەبم ، یەکەم پەنابەرم کەلەبەردەم ئامێرە کەسکەکە کاشیفەکەڕادەوەستم ، ئەوسا لەبەردەرگا دەرەکییەکەی کەمپەکەدا چاوەڕوان دەکەم تا کاندی و نوور بدینم .

نامەوێ ئەبوجورج ، دارا ، ڕاتب و دەیان پەنابەری دیکە بدینم و هەروەها نامەوێ کچە لێکچووەکانیش بدینم ، دەمەوێ تەنیایەکەم ئەشقەکەم لە هۆڵاندای نەویاندا بدینم . بەڵام نایبینم .

نوور ئەو ڕۆژە هاواری کرد : سەباح ... فریاکەوە ، دۆستە ئەسمەرەکەتدەڕوات .

کە تەمەشام کرد ، دەموچاوێکی جیاوازتر لەو دەموچاوەم بینی کە دەمناسی . ڕوخسارێکی تازە ، قژێکی زەرد و لەش و لارێکی گۆشتن کە ورگی بەزەقی دیاربوو و پاڵتۆیەک کە دەوڵەمەندی لێدەچۆرا . ئەمە کێیە ؟

نوور گوتی : ئەمە دۆستەکەی تۆیە ... نازانم لە تیرئاپلدا ناوی چی بوو ، بەڵام هەنووکە شاکیرای ناوە .

هاوارم کرد : کاندی ... کاندی ...

کاندی ئاوڕی لای دەنگەکەی دایەوە . وەستا ، کە بەهەشتاو بەرەو لای ئەوچووم ، لەهەوەڵەوە وەکو پێویست نەیناسیمەوە ، کەمێک سڵەمییەوە . ئەوسا بەدەم پێکەنینەوە هاواری کرد : سەباح ... سەباح ...

لە ئوتومبێلێکی فۆکس فاگونیرەشی تازە نزیک بووەوە و بە فەرەنسی دەگەڵ شۆفیرەکەیدا ، قسەی کرد ، کە دەستێکی بۆ تەکاندا و ڕۆیی .

کاندی دووبارە باوەشی پێداکردم . زنجیرەیەک پرسیاری کرد کە بەچەندینڕۆژ جوابیانم پێ نەدەدرایەوە ، بەڵام ئەو چاوەڕوانی وەڵامی منی نەکرد .

بەبێ هیچ دوو دڵی و سڵکردنەوەیەک بۆ ژوورەکەی خۆیی بردم لە بیناییەکەم . دەگەڵ پیرەژنێکیرووسدا لەهەمان ژووردا دەژیا . پیرەژنێک قەدەر لە ڕێگاکانی هۆڵاندادا لەبیری کردبوو . بەزمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و زمانە ئەفریقاییەکەی خۆی قسەم لەگەڵیاکرد ، پیرەژن بۆخۆی دەگرژییەوە .

لە" کاندی"م پرسی ئەم پیرەژنە هەموو ئەم زمانانە دەزانێ ، کاندی گوتی نەخێر ، جگە لەڕووسی هیچ زمانێکی دیکە نازانێت ، ئەو بە ڕووسی قسەم دەگەڵدا دەکات و منیش بە هەموو ئەو زمانانە وەڵامی دەدەمەوە ، ئیدییەکدی تێدەگەیەنین و کاروباری خۆمانڕایی دەکەین .

کاندی بەدەم تەمەشاکردنی منەوە ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا . کاندی گوتی :

-زۆر گۆڕاویت .. لەماوەی ئەم چەند مانگەدا کە بەجێم هێشتووی بەقەد دە ساڵ پیر بوویت .

گوتم ئەو لە کاندییەکی دیکە دەچێت ، هیچ لەو کاندییە ناچێ کە دەمناسی . پێمگوت ، چەندین هەفتە لەبەر دەرگای پەنجەمۆردا چاوەڕوانم کردووە تا بیدینم ، بەڵام بێهودە ، نەمتوانی بیدینم

-کاندی زۆر گۆڕاویت . تەنانەت ناوەکەشت گۆڕاوە .

کاندی گوتی هەر کەسێکی ساحیلولعاج دووناو و هەندێجار زیاتری هەیە . من لە دایەرەی کۆچبەریدا" کاندی"م بەڵام هەمووان بە شاکیرا بانگم دەکەن .

ئیقامەی وەرنەگرتووە ، بەڵام شوو بەپیاوێکی هۆڵاندی دەوڵەمەند دەکات کە ژنانی ئەفریقایی خۆش دەون و منیشی خۆش دەوێت ، بەو زووانە منداڵێکم لێی دەبێت ، هەنگی هۆڵاندا ناتوانێ دەرم بکات .

کاندی بزەیەکی بۆکرد . ئەوجا لێی پرسیم ئاخۆ دەتوانم منداڵێک لە ژنێکی هۆڵاندی بخەمەوە ؟ وەرگرتنی ئیقامە لێرە زۆر زەحمەتە و دەبێ بیر لە ڕێگای دی بکەینەوە . کاندی لێم نزیک بووەوە و گوتی من سکم هەیە ، بەڵام کەس نازانێت و ، نامەوێ جگە لەتۆ و نینا کەسی دیکە بزانێت .

-نینا کێیە ؟

-کچێکی دۆستمە و خەڵکی گانایە . هیچ کەسێک نە لە کەمپەکە و نە لە هەموو هۆڵاندادا ، جگەلەمن ، لێی تێناگات . تەنیا زمانی تیرەیەکی ئەوێندەر دەزانێت و ، من دەتوانم بەو زمانە قسە بکەم ، من باپیرە گەورەیەکم هەیە لەو تیرە و تایفەیەیە . هەموو شتێک نازانم ، بەڵام بایی ئەوە لەو زمانە دەزانم کەلێی تێبگەم .

نینا ، ئیقامەی وەرنەگرتووە ، لە کابرایەکی هۆڵاندی دەگەڕێ کە منداڵێکی لێی ببێت ، بەڵام ناتوانێ ، ناتوانێ ئەو نیازە بە هۆڵاندییەک بڵێت چونکە هیچ زمانێک نازانێت .

بۆی فرێندە تایبەتیەکەی من فەرەنسی باش دەزانێ ، بەئاسانی لێیدەگەم .

-ئەدی چۆنت دۆزییەوە ؟

-لێرە ... لەبەردەم کەمپەکەدا ... لەمن دەگەڕا .

گوتم ئەمە ڕیسکێکی پڕ مەترسییە . لەوەیە هەر ژنێکی دی دەست بکەوێ ، واز لەتۆ بێنێ . کاندی گوتی : هیچ چارێکی دیکەی نییە . ئەگەر دەستبەرداری بوو ئەمیش دەڕوات بۆ بەلچیکا . لوێندەر برادەرێکی هەیە ، ڕاستە برادەرەکە ئەمی خۆش ناوێ ، بەڵام کیژێکی ئەفریقایی کە وڵاتی خۆی بەجێ هێشتبێ و نەیەوێ بگەڕێتەوە ، بژاری زۆری لەدەستدا نایێت . کاندی دەیەوێ منداڵێکی لە هۆڵاندییەکیا ئەوروپاییەک ببێت تابۆ ساحیلولعاجی نەنێرنەوە .

کاندیروانیە سەعاتەکەی ، پێدەچوو چاوەڕوانی ژوانێک بێ . هەستا و ویستی بڕوات .

کاندی گوتی بێگومان دەمبینێتەوە ، ژمارەی ئەو بینایەی وەرگرت کە من تیایدا بووم و دەستی لەملم وەرینا . بۆنی عەترێکی خەست و زاڵ بوو بەسەر ئەو بۆنەدا کەمن لە تیرئاپل ئاشنای بووم .

بەدەم ئەو دەست لە ملانێیەوە ، بەهێمنی و بلەز لەو بۆنە گەڕام کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئارەزوویم کرد ، بەڵام وادیاربوو ئەو بۆنەشڕۆیی بوو ، نەمابوو .

پێکەوە لە بینایەکە وەدەرکەوتین ، ویستم لەبەر دەرگا وازی لێبێنم کە بەتەنیا بڕوات ، بەڵام پێی داگرت کە دەگەڵیا بڕۆم لەدەرێی کەمپەکەدا وەستاین تا بۆی فرێندەکەی بە ئوتومبیلە فولکس فاگونەکەیەوە هات .

لە تەنیشتیەوە سوار بوو ، کاندی دەمی ماچ کرد ، ئەویش بێئەوەی تەمەشای من بکات ، وەکو ئەوەی عامود یا بەرد یا دارێک بم ، کاندی بەر لەوەیئوتومبیلەکە بجوڵێ و لە پێچپێگاکەدا ون بێ ، دەستێکی بۆ تەکان دام .

کاندی سکی هەیە ، شاکیرا لە کابرایەکی هۆڵاندی ئاوسە ، بەڵام هیچ کەسێک نازانێ ، باشە کاندی بۆچی لە خەڵکی دەشارێتەوە ! بۆچی حەزدەکات ئەم مەسەلەیە بە نهێنی بمێنێتەوە ! ئەمە گرینگ نییە ، کە جارێکی دی هاتەوە ، دەچمە بنج و بناوانی و پەی بەهەموو شتێک دەبەم . بۆچی دەبێ چاوەڕوانی بکەم ، ئەمە یەکەم ئەشقی من بوو لە هۆڵاندا ، بەڵام هەنووکە ، بووە بە

نێچیری کابرایەک . کاندی ئیدی خۆشەویست و ئەشقی من نییە . سکی هەیە . بەبێ مارە و تەڵاق سکی هەیە . کاندی بیر لەوەدەکاتەوە منداڵێکی ببێت تا لە هۆڵاندا بمێنێتەوە .

جورج جۆرجیایی خۆی کردووە بە ژن تا لە هۆڵاندا بمێنێتەوە . نتالی خۆی کردووە بە پیاو ، یارۆی فەلەستینی چووەتە کڵێشەی مارگرێتەوە ، محەمەد کوردی ، خۆی کردووە بە جورج میسری .

دارای قاچاغچی" کە ڕەفزی هەر بۆ خۆی ناوێ" حسەین ، فرۆشیارە گەڕۆکەکەیئایندهوڤن و ، حەسەن نەفسیپراوێژکارە ئاوارەکەی حیزب ، سووریاییە زندانییەکە ، شامیل کە بەنیازە بۆ عێراق بگەڕێتەوە ، چونکە تا ئێستا نەیتوانیەوە ئیقامە وەربگرێت و نایەوێ ژیانی لەناکەس کاریا بەرێتەسەر . سەباح خەلیل کە بەڕۆژێرروناک گومڕا و ون بووە .

شەوێ بابم پەیوەندی پێوە کردم ، باسی هۆڵاندای دەکرد ، بەجۆرێ باسی دەکرد وەکو ئەوەی لێرەبێ و کون بەکونی شارەزا بێت ، هەواڵیدافنا ، ئایندهوڤن ، هەواڵی ئەو ئوتومبیلەی بەتەمابووم بیکڕم ، لێ پرسیم .

داوای لێکردم ژن نەیەنم ، چونکە لەژنێکی باش دەگەڕێ بۆم ، ژنە هۆڵاندیان سارد وسڕن و نازانن چۆن هەڵسوکەوت دەگەڵ کورداندا بکەن ، بەڵام ئومێدی ژیانێکی بەختەوەری بۆ خواستم ، هەروەها ئومێدی خواست کە بۆ کوردستان بگەڕێمەوە چونکە هەموو خەڵکی گەڕەک و بان بیرم دەکەن . ئەوسا تەلەفۆنەکەی داخست .

حەزم دەکرد قسە دەگەڵ دایکمدا بکەم ، زۆرم بیردەکرد ، دەمەوێ پێی بڵێم کیژە خاڵەکەم بۆ خوازبێنی بکات ، هەروەها پێی بڵێم ئەو پارەیەی بابم دایمێ و گەیاندمیە ئەوروپا ، تەواو بوو ، بەفیڕۆ چوو و ، من کەسێکی وێڵ و سەرگەردانم و پێویستم بە ئامۆژگاری و ڕێنوێنی ئەوە کە چی بکەم !! سەباح خەلیل لە ئەوروپادا سەرگەردانە ، وەکو منداڵە کوردێکی لەبیرکراوپرێگاوبانە سەختەکانی ناو چیایان .

## زڕوزبڵ

سەیرم کرد تەنیا من بینایەکە و گەرماوەکان پاک دەکەمەوە ، تەوالێتەکان دەشۆم ، کیسە زبڵەکان هەڵدەگرم و دەیخەمە حاویە گەورەکەی دەرەوە .

سەیرم کرد تەنیا من بەیانیانی زوو لەخەو ڕادەبم و ، زوو دەنووم . تەنیا من لە کۆتایی هەفتەدا بۆ دیسکۆ ناچم ، تەنیا من بەشێکی زۆری ژیانم لەسەر ریحلەی مەکتەب بەسەربردووە . بۆچی لێرەم ، چ دەکەم لە وڵاتێکا کە هیچ وابەستەگییەکم بەخاک و خەڵکەکەیەوە نییە ، هەموو ڕۆژێک هەست بە غوربەت و نامۆیی دەکەم . هیچ پەیوەندییەکم بەم سروشتە تەختانییەوە نییە ، هیچ پەیوەندییەکم بەو سەوزەزارە خەمناکەوە نییە . هیچ پەیوەندییەکم بەو هەموو پەنابەرەشەوە نییە .

هەمیشە وام وێنا دەکرد ڕمۆزنێک خۆی بەسەرما داوە و هەر ڕۆژێک دێت خەبەرم دەبێتەوە و دەگەڕێمەوە بۆرەوت و ڕێڕەوەکەی ژیانەکەی جارانم ، بۆ سەباحە خوێندکارە زیرەک و کۆشیارەکە .

دەگەڕێمەوە بۆ باوەشی دایکم و تووتنەکەی بابم ، بۆ ئەو کووپە چایانەی بەدەم تێکدانەوە وەرزی بەیانیانی کوردەواریرادەگەیاند ، بۆباوەشی بۆن و بەرامەی چێشت و خواردن لە ڕاڕەو و داڵانەکانی ماڵە گەورەکەماندا .

پازدەهەزار دۆلار ، لەکوردستاندا دەمتوانی خانوویەکی پێ دروست بکەم ، ژنی پێ بێنم و ماڵ و منداڵی پێ بەخێو بکەم . پازدە هەزار دۆلار ، لە غەریباتیدا بەفیڕۆ چوو ، سەباحەکەی جارانی سەرگەردان کرد .

یادەبێ ببمە هۆڵاندی ، یادەبێ بۆ کوردستان بگەڕێمەوە ، ئەمە ئەو ئەنجام و ئاکامە بوو کە یادگەم لەبەیانی ساردی دن هیلدر دا ، لەبەیانی بەستەڵەکی وشکیدا تۆماری کرد .

ئەنجام و ئاکامێک کە ئەو کیسەڕەشە زبڵەی بەرزم کردەوە بۆ ناو حاویە گەورەکە ، دیاری کرد . ئەنجامێک بوو ئەو فینجانە قاوەیەی بەیانی کەدواییەکەم گەڕی خاوێن کردنەوە ، لە مووبەقی بینایەکەدا خواردمەوە دروستی کرد .

ئەنجامێک بوو ، وشەکانی دەگەڵ شورە شوری خێرای ئەو میزەی کە حەسەن لە حەمامەکەدا نایەوە و ، بەپەلە و بێئەوەی سڵاو بکات یان قسە بکات یا چاوانی هەڵێنێ ، داڕژا .

دەمویست گوێم لە موزیقایێت .

دەمویست وشەێن گۆرانی کوردی لە مووبەقە قورسەکەمدا بکوڵێنم ، لێبنەم ، دەگەڵ ئاوازێن شێخۆ و حاجۆ و شڤاندا پرەقسم ، داماوی خۆم ، نەگبەتیەکانی خۆم لەگەڵ گوڵستاندا و لەبن لێوانەوە بڵێمەوە .

ئەو بەیانییە" کابی" هاوژوورم بۆیەکەمجار بەیانی لەخەو هەستاو و لێی پرسیم بۆچی گۆرانی دەڵێم !!

# کابی

کابرایەکە درێژ داهۆڵ، لەو پاسەوانانە دەچێت کە لە فیلمدا هەن ، بێدەنگ وەکو سیخوڕ و شۆڤاران ، پێناکەنێ ، گۆرانی ناڵێت ، وەکو مشکە کوێرە لە ژوورەکەی وەدەرناکەوێ لە دایەرەی کۆچبەرییەوەڕەفزی بۆ هاتبووەوە و دەڵێت زۆر زەحمەتە لە هۆڵاندا ئیقامەی بدرێتێ

حەزناکات بۆ ئەڵمانیا بڕوات ، دەڵێت ئەڵمانیا حەزی لە ڕەش پێستان نییە !! من دەزانم پۆلیسی ئەڵمانی خۆشیان ناوێم ، لێی دام و لەوەیە لەزۆر کەسی دیکەی وەکو منی دابێت ، بەڵام کابی هەموو ئەڵمانیای خۆشناوێ . ئەم " کابی"یە چ سڕێکی حەشار داوە ؟ کاندی دەیناسێت ...

کاندی گوتی زۆر باشی دەناسێت ، گوتی ئەم پیاوە نەک لێرە لە سەرانسەری ئەوروپاشدا ئیقامەی نادرێتێ .

-بۆچی کاندی گیان ؟

بەڵام کاندی هیچی نەگوت .

کاندی بۆ کەمپەکە گەڕایەوە ، کە پێمگوت کەنگێ بۆ ماڵی بۆی فرێندەکەی دەڕوات ، گوتی هەرگیز ناڕوات . کاندی سەرلەنوێ گۆڕا ، لەجاران بەگلەیی تر بوو ، ئیدی نەگوێی بە ئیقامە دەدا و نە دڵی خۆی بەهیچ هیوایەک خۆشدەکرد .

ئەو شەوەی کەلە دەرگای ژوورەکەی دام ، شەوێکی شووم بوو ، وەکو هەموو شەوە زستانییەکانی هۆڵاندا ، نوستبووم ، حەسەن خەریکی خواردنەوەی دوا بوتڵە بیرە بوو ، تا لێ بێتەوە و بۆ دیسکۆ بڕوات .

کابی لە ژوورەکەی خۆیدا مۆمارەسەی گۆشەگیری و تەنیایی خۆی دەکرد . ژوورەکانی دی هەموو داخرابوون و پەنابەرەکان لە ژوورەوە منەی گەرمی و گەرمبوونەوەیان دەکرد .

کاندی خۆی بە ژوورەکەمدا کرد ، برسی و نیگەران دیاربوو ، سەرما ، ڕەنگە ئەفریقیە جوانەکەی سەری قامکە نەرمەکانی بردبوو .

دوو پارچە نانی بە پەنیرەوە خوارد . چایەکی گەرمی بەسەردا کرد ، پاشان چایەکی دیکەی داواکرد ، دیاربوو سەرمای بوو .

-کاندی چی بووە ؟

ئەو شەوە کاندی زۆر زۆر گریا ، پاشان لە جێگاکەی مندا نوست . بەیانی کەلەخەو ڕابوو ، داوای بوردنی کرد ، چونکە جێگاکەی منی داگیرکردبوو . بەڵێنی

دامێ کە حاڵی چاک دەبێت . شەوێ لێی پرسیم کام وڵاتی ئەوروپایی بۆرەشپێستان باشترە ؟

بیری لە فەرەنسا دەکردەوە ، بەڵام فەرەنسا ، پەنابەرانی تێر خواردن نەدەکرد . ئەڵمانیا نزیکە ، بەڵام وڵاتێکی بە کول و کۆڤانە .

کاندی گوتی پەیگیری تیمە وەرزشیە ئەڵمانیەکانی کردووە ، تاقە یەکیاریچی کوریا کچیرەش پێستی لە نێویاندا نەدیتووە ، ئەوەندەی بەس بوو تاقە یەکڕەش پێست لەنێو هەڵبژاردە ئەڵمانیەکاندا بدینێ تا ئەو شەوە جانتا و شتەکانی بپێچێتەوە و بۆ ئەڵمانیا ڕوات .

هۆڵاندا دوو کەرەتڕەنجاندبوومی ، جارێک کە ڕەفزی کردبوو ئیقامەی بدەنێ و جارێک کە منداڵەکەیان پێ لەبار بردم . کاندی گوتی منداڵەکەیان لەباربردم .

کاندی شەوانێکی زۆری بەگریان بردەسەر ، بەڕۆژیشەوە دەگریا ، ئامادەبوو لە هەر ئان و ساتێکدا بەڕووی سکیوریتی و کارمەندانی کوا و فەرمانبەرانیVWN دا هەڵشاخێت .

لەڕێگا و باندا لە مارکێتاندا لە بازاڕ و لە بەستێنی دەریادا بەڕووی هۆڵاندیاندا هەڵشاخێت و هاواریان بەسەردا بکات . هاواری بەسەر پاسکیل سواراندا دەکرد ، جارێکیان هاواری بەسەر پەنابەرێکدا کرد ، وای زانی بوو هۆڵاندیە ، کاتێ زانی بووی پەنابەرە تەوازی بۆ هێنابووەوە .

-چی بووە کاندی گیان ؟

زۆر بەکەیف و بەدەماخ بوو ، ئەو ڕەشەی کە یاسا و بۆچوونی سەباحی دەربارەیرەش پێستان و ئەفریقیا و جیهان گۆری . ئێستا ئەو بەرەو ئەوە دەرۆیی کە سەبارەت بە دنیای نەویان بگۆرێ ، ئەو جۆش و خرۆشەی جارانی نەمێنێ .

ێستاش لەبیرمە کاتێ لە کەمپەکە ڕۆیی چ ماچێکی گەرم و گۆری بە فرێندبۆیەکەی" فولکس ڤاگۆن" دا و چۆن منی میدیایی ، کە قابیلی فەرامۆشکردن نیە ، فەرامۆش کرد . ئێستاش کە تەمەشای کاندی ، بەرلەوەی بیێت بە شاکیرا دەکەم ، "تیرئاپل"م بەتەواوەتی بیردەکەوێتەوە . ئێستاش لەبیرمە ، کاندی چۆن لە تیرئاپل دەرەقسی ، چۆن لەودیو پانتاییە شووشەییەکەوە ، بەئاماژە لێی دەپرسیم بۆ لەدەرەوەم لەکاتێکا هەمووان وەژوور کەوتوون ، لەبیرمە کەچۆن بەدەم بزەوە ، خەواڵۆ ، خاو ڕەفتار هاتە ژوورەوە و ئەوسا دیار نەما .

کاندی دوای ماوەیەکی زۆر لە کلێشەی شاکیرادا هاتەوە . ئەوجا وردە وردە خەریک بوو دەگەڕایەوە سەر کاندییەکەی جاران ، قژە زەردەکەی سووتاند و

قژەکەی جارانی هاتەوە ، پێڵاو و کراسەکانی سووتاند و پێڵاوە سووکە وەرزشیەکانی گەڕایەوە ، شاکیراڕۆیی و کاندی خۆی گوتەنی بەیەکجارەکی گەڕایەوە .

# کۆرتاج

بیتەری هاورێم هەستی کرد کە من سکم هەیە ، منداڵی ناوێ ، کچەکانی گەورەن ، بچووکەکەیان تەمەنی هەژدە ساڵە و بۆی فرێندی هەیە . گەورەکەیان لە زانکۆی ئەمستردام دەخوێنێ . ژنەکەی تەڵاق داوە ، بەڵام تا ئێستاش پەیوەندی پێوە ماوە . کاتێ کە ئەو لەسەر ئیش بوو ، من لەجێگای ئەودا نوستبووم ، ژنەکەی هاتە ژوورەوە ، بەوێنەکانیا دەمناسی ، هاتەژوورەوە کەمنی بینی غافڵگیر بوو ، چاوی بەرایی نەدەدان ژنێکی دیکە لەناو جێگای کۆنەمێردەکەیدا بدینێ . داوای لەمن کرد بلەز وەدەربکەوم ، ئەوجا تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و پەیوەندی پێوە کرد . لە زەرفی کەمتر لە سەعاتێکدا ، جانتاکەم کۆکردەوە کەماڵی بیتەر بەجێ بێڵم .

یەکسەر دەستی بە بۆڵەبۆڵ کرد ، داوای لە کۆنە ژنەکەی کرد بڕوات ، جانتاکەی منی هەڵگرت و هەرچییەکی تیابوو هەڵیرشتەسەر جێگاکە ، ویستم نەیەڵم ، ئیدی لەبەینی خۆیانی لادام ، پێموابوو لێی دەدات ، هاوار و بۆڵە بۆڵەکەی لەوەدا نەبوو ، بەڵام لێی نەدا .

بیتەر هاواری دەکرد ، ژنە تەمەشای منی دەکرد ، ئەوجا بە ئینگلیزییەکی سادە کەمن لێی بگەم گوتی :

- " تۆ لەپێناوی ئەم ڕەشەدا کەلە تەمەنی کچە بچووکەکەتدایە ئێمەت بەجێهێشت !! " .

لەوکاتەدا بیتەر بێدەنگ بوو ، داوای کلیلی ماڵەکەی لە کۆنە ژنەکەی کردەوە ، غافڵگیربوو ، دوو دڵ بوو ، بەڵام بیتەر بە پێداگرییەکی جدیەوە داوای کلیلەکانی کردەوە . ژنەی تاین کە ساڵانێکی زۆر دەگەڵیا ژیابوو ، لەپێداگری وسووربوونەکەی ئەو تێگەیی .

کلیلەکانی دایە ، ئەوجا بەدەست ئاماژەی بۆکرد کەبە یەکجارەکی لەماڵ دەربچێت .

من بەترسەوە وبەبێدەنگی وەستابووم دەمویست جانتاکەم هەڵگرم و منیش بڕۆم ، بەڵام بیتەرگوتی جارێ نا . تۆ خانمی ئەم ماڵەیت ، خۆ ئەگەر ویستت

پرۆی ، پرۆ بەڵام جارێ نا . بیتەر گوتی ماوەیەکی زۆرە دەگەڵ ژنەکەیدا ناکۆکە و بەرلەناسینی من تەڵاقی داوە و نایەوێت ژنی هۆڵاندی بخوازێت ، چونکە ژنی هۆڵاندی هار و دڕن .

هەروەها گوتی هەست بە مێیاتیان ناکات و منی لەیەکەم دیدارەوە خۆش نەویستووە ، چونکە گەنجەکەی جاران نەبووە ، بەڵام لە دیدارەکانی دواتردا هەستی بەوە کردووە ، کە ناتوانێ بەئاسانی دەستبەردارم ببێت .

من باوەڕم پێنەکرد ، دەمزانی هەموو خەمێکی ئەوەیە لەگەڵما بخەوێت . هەموو خەمێکی ئەوە بوو ، دەگەڵ ئافرەتێکدا کە مێیاتیەکی گەرم و گوڕی ئەوتۆی تیابێ کەخۆی پێ گەرم بکاتەوە و شتە ساردەکانی خۆی تێبپەڕێنێت ، خۆی پێ دابمرکێنێتەوە . ئەو ئەو تەماحەی بەمن هەبوو و منیش بە ئومێدی منداڵێک بووم ژیانی خانەوادەکەمی پێڕزگار بکەم ، ئەو خانەوادەیەی بۆ ئەوروپایان ناردبووم تا ڕزگاریان بکەم .

مەبەستم بوو منداڵێکم لێی ببێت . ئیدی هیچ چیرۆکێکی دڵداری لەئارادا نەبوو ، چیرۆکی دڵدارییم لە ئەفریقادا بەرلەوەی بێم بۆ ئێرە فڕێ دابوو . منداڵێک لە هۆڵاندییەک بە ئەوروپاوەم دەبەستێت و ئیدی ئەوروپا ناتوانێ دەرم بکات . ئەگەر لێرە مردووم بۆ ئەفریقیا ناگەڕێمەوە . بەتایبەتی کە خانەوادەکەم چاوەڕوانی کۆمەکی منە .

بیتەر هەستی کرد کە سکم هەیە ،ڕۆژی چەند جارێک دەڕشامەوە، مجێزم گۆڕا، بە زۆر بۆن ناڕەحەت دەبووم، یەکێک لەو بۆنانە بۆنی ئەو بوو.

لێی پرسیم سکم هەیەم، گوتم نەخێر ، داوای لێکردم فەحسی میز بکەم . میزی نینام بۆ فەحس برد ، کاندی پێکەنی .

داوام لە نیناکرد میز بکاتە شووشەیەکەوە ، نینا سەری سوڕما بۆچی ، بەڵام من زۆری لێپاڕامەوە ، بەهەرحاڵ میزی کردە شووشەکەوە ، فەحسەکە دەری خست کە سکم نییە ، دەمزانی ، چونکە نینا سکی نەبوو .

کاتێ بورامەوە ، هێندەی دی گومانی پەیداکرد ، داوای کرد جارێکی دی فەحسی میز بکەمەوە ، دووبارە پەنام وەبەر میزی نینا بردەوە .

ئێستاش لەبیرمە کاتێ دوکتۆرەکە پێی گوت سکم نییە چۆن غافڵگیربوو و چۆن کێشای بە هەنیەی خۆیدا . کاندی لەقاقای پێکەنینی دا . من سکم هەبوو ، بەڵام میزەکە میزی نینابوو . بورامەوە ، بۆ خەستەخانەی بردم ، لە خەستەخانەدا فەحسیان کردم و دەرکەوت کە سکم هەیە و ، کاتێ بیتەر هۆی ئەوەی لێ پرسیم ، گوتم میزەکە ، میزی نینا بوو . بیتەر هەوەڵجار بە هێواشی

پێکەنی و پاشان لە قاقای پێکەنینی دا و حاڵ و حیکایەتەکەی بۆ دوکتۆرەکە شەرح کرد ، کە بەنیگا مەندەکانی هەڕەشەی لێکردم .

لەڕێگای گەڕانەوەماندا بۆماڵەوە ، بیتەرئوتومبیلەکەی لە قەراخ ڕێگاکەڕاگرت ، قاقا پێکەنی ، هەرکاتێ دەیپرسی میزی کێ بوو ؟ دەمگوت نینا .

ڕۆژی دوایی گوتی منداڵەکە لەباردەبەین ، ویستم نەیەڵم ، خۆ بدزمەوە ، بەڵام ئەو سوور بوو

هەمان ئەو دووچاوەی داوای کلیلەکانی لەکۆنە ژنەکەی کردەوە و پێیان گوت بۆ هەتاهەتایەئەو ماڵە بەجێ بێڵێ لەوساتەدا داوایان لەمن کرد کە منداڵەکەم لەبار بەرم . بڕیار هەمان بڕیار ، نیگا هەمان نیگا و چاو هەمان چاو بوون . لەهەمان هەفتەدا منداڵەکەم لەدەست دا .

زۆرجار دەترسام کاندی خۆی بکوژێت . خەمەکەی لەکێشانەبوو ، لەڕۆژی پەنجەمۆردا ، ئوتۆمبێلە فولکس ڤاگۆنەکەم لەتەنیشت کەمپەکەوە بینی ، ئەمجارەیان لەدوور وەستابوو ، لەچاوی سکیوریتییەکان بەدووربوو .

بیتەر ، بە سڵۆکی لەکەمپەکە نزیک دەبووەوە ، کاندی بەدی کرد ، منیش"کاندی"م بینی لە دەرگای کەمپەکە نزیک دەبووەوە ، دەیویست بیتەر ببینێ و دوور دەکەوتەوە ، دەیویست بیبینێ و نەی بینێ ، بەرەو لای ئۆمبێلەکە دەڕۆیی و پاشان خۆی بیردەکەوتەوە و دەگەڕایەوە . کاتێ کە دەگەڕایەوە بەچاو نیگای دەکرد . دەگەڵ خۆیدا لە ململانێدا بوو .

نایەوێت ئەو کەسە بدینێ کە ناچاری کرد منداڵەکەی لەباربەرێ ، بەڵام ناشتوانێ دەستبەرداری بێت . پێدەچوو بە ڕێگایەکی زیرەکانە بیر لەمنداڵێکی دی بکاتەوە ، بەڵام نەیدەویست بەو ئاسانیەی جارییەکەم تێبکەوێت .

بیتەری فولکس فاگۆن ، ورەی بەرز بوو ، دەیزانی کاندی هەر بۆلای دەگەڕێتەوە ، دەیزانی کاندی دەبەزێنێ . دڵنیابوو کاندی جارێکی دی دەست دەداتە جانتاکەی و لەگەڵیا دەگەڕێتەوە . کاتێ کاندی لە هەتەری چاوی دوو کەوتەوە ، هەستی بە جۆرە شکستێک کرد ، سەری داخست ، چاوی بڕییە شایگەرە چوارگۆشەکانی شۆستەکە ، ئاگای لەوە نەبوو کە سکیوریتییەکە بەدی کرد و ، ژمارەی ئوتۆمبێلەکەی لە دەفتەرە چکۆلەکەی خۆیدا نووسی .

سواری ئوتۆمبێلەکەی بوو ، سلفی لێدا و ویستی بڕوات ، بەڵام خێرا ئوتۆمبێلەکەی کوژاندەوە و دابەزی .

دیتم چۆن چاودێری کەمپەکەی دەکرد ، بیتەر بەرەو ئەوە دەچوو ، شەڕە گەورەکە دەگەڵ کاندی دا بدۆڕێنێ .

هەستم بەوەکرد ، تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و چەند جارێک تەماسی گرت ، بەڵام هیچی بەهیچ نەکرد . بێهودە . تووڕەیی بە پێچەکانیرێگاکەوە ، بە ڕووکاری کەمپەکەوە ، بە ڕوخساری سکیوریتییە قەڵەوەکەوە دیاربوو .

کاندی بە ئەسپایی لێی نزیک دەبووەوە ، بەخەمباری دەخەنی ، جانتا سەفەرییەکەی خۆی پێ بوو ، جلە تەنکەکانی لەبەرکردبوو ، پانتۆڵە جینزەڕەشەکەی ، کە سمت و کەفەڵە پانەکەی بەرجەستە کردبوو ، کراسە کەسکە بەدەن چەسپەکەی کە مەمکە گەورەکانی دەرپەڕاندبوو ، ئەو مەمکانەی کە پاڵتۆ قاوەییەکەی نەیدەتوانی بیان شارێتەوە .

بیتەر ماچێکی ناودەمی کرد ، جانتاکەی بۆ هەڵگرت ، دەرگای پێشەوەی ئوتۆمبێلەکەی بۆ کردەوە ، جانتاکەی بۆ خستە دواوەوە و بۆی دەرچوون .

# دیسکۆ

ژیانی کەمپ ، چاوەڕوانی لە ناو چاوەڕوانیدایە . هەر چاوەڕوانیە بە چاوەڕوانی دەڵێ بەولاوە . عامودی چاوەڕوانی بەدیار مەیدانی چاوەڕوانیەوە چەقیوە . هەر چاوەڕوانیە خۆی بە چاوەڕوانی دەسپێرێت . ترس و بێزاری لە نادیار ، لە دن هیلدر دامدەگرێت . ئەم چاوەنواڕییە تێک ترنجاوە چۆن کۆتایی دێت ؟ ئایا سەبرم سواوە !!

ژیانم ، بەبێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێک بەجێ بێڵێ دەڕوات . تەنیا کات چرچ و لۆچەکانی بە ڕوخسارما بڵاودەکاتەوە . هەنگاوێدوو هەنگاو و سێیان و ڕێگا تەواو نابێ ، و دەست پێناکات ... خەون نە تەواو دەبێت نە دەست پێدەکات ... بەڕاستی ئەمە خەونە !! ئەمە مێردەزمەیە ... سەباح دەزانی !!

سەباح ، وەکو جاران خەون نابینی ... هەنووکە ژنان نایەنە خەونت سەباح ... لەوەتای پێت ناوەتە ئەوروپا ، ژنان نایەنە خەونت ... خەونت نەماوە ... لە ئەوروپا ژنان لە هەموو شوێنێکدا هەن ، تەنیا لەخەونا نەبێت ... لە کوردستان بە پێچەوانەوە ژنان تەنیا لەخەوندا هەن ...

ئەمڕێگا درێژە کێوەم دەبات !!

ئەورێگایەی پێیدا دەڕۆم ... درێژ و تەنیایە ... ڕەنگە لە بنەڕەتداڕێگا نەبێت ... لەوەیە من ڕێ نەکەم ... لەوەیە هەر چیەکم بەسەردا دێت خەون بێ ... دێوەزمە بێ و هیچی دیکە .

حەسەن پرسی : - " دەچی بۆ دیسکۆ سەباح ؟ "

- " دەچم " .

حەسەن دە بوتڵ بیرەی بۆخۆی و بۆمن کڕی .

- " ئەمە یەکەمجارە سەباح ... دەبێ دیسکۆکەت لە حیسابی من بێ ... "

یەک پەرداخ بیرە لە دیسکۆ دوو یۆرۆ و نیوە . " بەلای کەمەوە بەبیست گڵاس ئەوجا دادەکەوم " . حەسەن گوتی: " گرانە بابە گران ... لێرە پێنج قوتو بیرە بە دوو یورۆ و نیو دەخۆمەوە . ئیدی بۆ بچم بۆ دیسکۆ" .

دوو بوتڵ بیرەم خواردەوە ، سەرم گێژ بوو ، خۆم ون کرد . حەسەن پێکەنی . لە پێکەنیندا بە پشتاکەوت ، ئەوسا باقی بیرەکانی خواردەوە . ڕێگای دیسکۆکە تاریک بوو ، ناوبەناو لایتی ئوتۆمبێلانی تیژتێپەڕروناکی دەکردەوە . حەسەن ڕێگاکەی بەدەم باسی ژنانەوە تەی کرد .

باسی ئەو ژنە قەڵەوە هۆلاندییەی کرد کە لاقێکی لە لاقێکی کورت تر بوو . هەرجارێ بچوایە بۆ دیسکۆ دەیبینی ، " ئەم ژنە ڕێ لە ڕێبوار دەگرێت ، لە دیسکۆدا پیاوێک دەگرێت و بۆ ماڵی دەباتەوە ، من پێتی نیشان دەدەم و ئیدی تۆش لەگەڵیرێک بکەوە " .

-ئەدی تۆ ؟

- "سەباح گیان خەمی حەسەنت نەبێ ، حەسەن لەوە ئازاترە کە تەسەوری دەکەیت" .

گڵۆپەکانی دیسکۆ لەدوورەوە ڕێبوارانیان گازدەکرد . گڵۆپێن سوور و سەوز لەدوورەوە هەڵبوون ، کاتی دەستپێکی سەمایانڕاگەیاند .

دوو پیاوی ناوشان پان لەبەر دەرگای دیسکۆکە وەستابوون . هەردووکیان درێژ سەریان لە ئاستانەی دەرگاکەی دەدا ، ئەم دووانە سڵاویان لە هەرکەسێک دەکرد کە دەچوو بۆ هۆڵی دیسکۆکە و بەدەمیەوە دەگرژینەوە .

کەڕواڵەتیانم بینی زۆر ترسام . دەترسام بزانن من بۆ ژنبازی هاتووم . حەسەن دڵی دامەوە ، " ئەوانە ئاسایشن ، کوری باشن ، مەترسە " .

دەمانویست دوو کورسیمان لەنزیکی باڕە دارینە گەورەکەوە دەست بکەوێ ، چونکە حەسەن گوتەنی دیمەنی سەما و سەماکارەکان لەسەر کورسییەوە جوانتر دەردەکەون ، بەڵام هەموو کورسیەکان گیرابوون .

- " کێشە نییە ... با مێزێک بدۆزینەوە بەدیارییەوە دەوەستین" .

هۆڵێکی زۆر گەورە بوو ، چەند کەس دانیشتبوون دوو ئەوەندە بەپێوە وەستابوون . لە سوچێکی هۆڵەکەدا باڕێک هەبوو ، کوڕ و کچێک بیرەیان بۆ مشتەرییان تێدەکرد ، کۆمەڵێک پەرداخی زۆریان لەبەردەمدابوو . کورسیەکان گیرابوون ، مێزەکان گیرابوون .

- " ئەمە کێشەکەمانە سەباح ... ئێمە درەنگ هاتین ... جارێکی دی زووتر دێین ... تا کورسیمان بەر بکەوێ و دانیشین" .

بەنیگەرانی و شەرمێکەوە گوتم : - " حەسەن ... کەس حەزناکات بچینە ژوورەوە " .

- " سەباح تۆ نایزانی ... دوای من بکەوە و هەقت نەبێ" . حەسەن دوو پەرداخ بیرەی کڕی ، من نەمویست چونکە بەشی خۆمان بە زیادەوە خواردبووەوە .

- " دەبێ بیکڕین ... خۆ ئەوان دیسکۆیان لەبەرخاتری چاوی کاڵی تۆ نەکردووتەوە ... " .

موسیقایەکی تیژ وبەرز شوێنەکەی پڕکردووە ، بۆنی بیرە و عەتر و عەرەقی گەرم دنیای پڕ کردووە .

لە سوچێکی دیکەوە ، دنیایەک پەنابەری کەمپی دن هیلدر خڕ بوونەتەوە ، چاوم بۆ ئەبو جۆرج گێرا ، پێموابوو دەگەڵ دەنکە ئەفغانیەکەیدا لێرەبێت .

پەنابەرەکان بەتەنیا سەمایان دەکرد ، دوور لەبازنەی سەما هۆڵاندییەکە ، دوور لە مەیدانی سووکە سەما . تەنیایەک پەنابەر ، هەوڵیدا تێکەڵ بە بازنەی سەما هۆڵاندییەکە ببێت ، بەڵام نەیتوانی لەگەڵ ئەواندا هەڵبکات . بۆیە بەناچاری گەڕایەوە ناو بازنەی پەنابەرەکان .

گەنجانی کەمپەکە ، قژیان بژ کردبووەوە ، جێڵیان لێدابوو ، عەینی مۆدێلی ئەو وێنە گەورەیەی کە لەمەیدانی بازاڕدا هەڵواسرابوو .

ئەوانەی هاتبوون بۆ دیسکۆکە پێکە بیرە تایبەتیەکانیان لەسەر تەپڵەکەکان بەجێهێشت و خۆیان بەمەیدانی سەماکەدا کرد ، سەما هەرجارەی لەسەر ڕیتمی ئاوازێکی جیاوازبوو ، هەر ئاوازەی هی دیار و دەڤەر و وڵاتێکی دنیابوو ، لەناکاوا گۆرانیەکی عەرەبیم بەرگوێ کەوت کە گۆرانییەکی بەرازیلی بەدووادا هات .

کە خەریک بووم گۆرانیەکی ئینگلیزم بۆحەسەن شرۆڤە دەکرد ، هاوڕێ فەلەستینییەکەم بینی ، لەیەکێک لە تەپڵەکەکان نزیک بووەوە ، پەرداخێ بیرەی لەسەر بوو کە خاوەنەکەی بەجێی هێشتبوو ، هەڵیگرت و یەکسەری هەڵیدا ،

پەرداخەکەی لەسەر تەپڵەکەکە دانایەوە و ، ئیدی خۆی بەنێو پەنابەرە تەریکەکاندا کرد . ئەوسا کەوتە گەڕان بەدوای پێکێکی دیدا ، دۆزییەوە و ئەویشی بلەز هەڵدا .

گەنجێک لەپشت باڕەکەوە هاتەدەرێ ، پەرداخە بەتاڵەکانی کۆکردەوە و خستنیە سەر سینییەکی گەورە . لەبەر حەوزێ ئاوی گەورەدا وەستا ، شۆردنی ، لەسەر یەکدی سەفتەی کردن تا بەرەبەرە لەسەر ڕیتمی موسیقا تیژ و بەرز و سەما لاوازەکە ئاوەچۆڕبن .

جاری دووەم کیژۆڵەیەکی جوان هات و پەرداخەکانی کۆ کردەوە ، خۆی بە گەرماوەکەدا کرد ، کەهاتەدەرەوە کیژە هۆڵاندییەکییەجگار ناسک بوو ، لە قارەمانی ئەو فیلمە کارتۆنانە دەچوو کە کاتی خۆی دیتبوومن . ناوی لیونە بوو . سەعات دووی پاش نیوەشەو بوو ، کە کوڕێک لەناوەندی سەماگاکەدا ماچی کرد ، ئەمە جگەلەمن سەرنجی کەسیرانەکێشا .

چاودێری هەمووانم کرد ، ئەوەی بیرەی دەخواردەوە ، ئەوەی قسەی بۆ گێرل فرێندەکەی دەکرد ، ئەوەی دەڕەقسی ، ئەوەیلەدەوری تەپڵەکەبەرزەکاندەوەستا . هەرکەسەولەدنیای خۆیدا نقوم بووبوو تەنیا من نەبێ . تەمەشای لیونەم دەکرد کە چۆن بۆی فرێندە قۆزەکەی لەناوەندی سەماگاکەدا لێوی دەمژی .

پێمگوت" بە کچەکە " سەباح خەلیلNice to meet u بەوپەڕی ناسکی ناوی خۆی گوت ، هیوای شەوێکی شادی بۆ خواستم ، پاشان داوای بوردنی کرد و ڕۆیی بۆلای بۆی فرێندەکەی

ئەو کوردانەی لەسەفەرێرابواردنی ئەوروپا گەڕابوونەوە ، دەیانگوت دەتوانی بەتاقە ڕستەیەک دڵی کچێک نەرم بکەیت و لەگەڵیدا بخەوی .

وا دیارە ئەمڕۆ بەختم یارنەبوو ، لەوەیە جارێکی دی بەخت بەپیرمەوە بێ ، با بمێنێ بۆ دیسکۆیەکی دی ، بۆ ئەوروپای داهاتوو .

لاقم نەجوڵان ، سەمایان نەکرد ، گوێم نەهاتنە خرۆش ، بیرە ئەو هەستانەی سڕ نەکردبووم . ژانەسەرێک سەری داگیرکردم ، دەگەڵ هەر ئاوازێکی شادی تازەدا ، هەرچەندە گەنجێکی پەنابەری قژ گڤ ، بیرەیەکی بەجێماو، بێ خاوەنی هەڵدەگرت و دەیخواردەوە، ژانە سەرەکەم زیادی دەکرد .

سەماکارەکانیەک لەدواییەک پاشەکشەیان کرد . ئەوانەی هاتبوونە شەوبێرییەکە دەستبەردار بوون و ڕۆیشتن . لیونە دەگەڵ هاورێکەیداڕۆیی .

ئەو ژنە هۆڵاندیە قەڵەوەی کەهەموو جارێک دەهات بۆ دیسکۆ تا گەنجێکی دەسکەوێ بیباتەوە ، ئەمشەو نەهاتبوو ، حەسەن زۆری پێ سەیر بوو کە

نەهاتبوو ، بەڵام بەڵێنی دامی کە جاری داهاتوو ژنێکی تەڵاقدراوپرووسم پێ نیشان بدات ، کە لە پەیوەندییەکی جێگیر دەگەڕێت ، لەپەیوەندی کاتی و ڕەوتەنی بێزار بووە ، سێ منداڵی هەیە و لە پەیوەندییەکی جێگیردەگەڕێت . ئەدی بۆچی بۆخۆتی ناگریت حەسەن ؟

- "خەمی منت نەبێ سەباح .... براتم " .

هاوڕێی فەلەستینییەکە بەرلەوەی لە دیسکۆکە وەدەرکەوێ ئاوڕی پاشی دایەوە ، تەمەشای مێز و تەپڵەکەکانی کرد ، چاوی دەگێرا بەڵکۆیەکێک پەرداخێک بیرەی پری بەجێهێشتبێت ، بەڵکو کوڕە گەنجەکە بیری چووبێ ئەو پێکە لەگەڵ پەرداخە بەتاڵەکاندا بشۆرێت ، یان کچەکە لەبیری چووبێت .

کە هەموو هاوڕێکانیرۆیشتن ، دوا پێکی بەجێ هێڵراوی بردە دەرێی هۆڵەکە ، هەوڵی دەدا قەناعەت بە هاوڕێکانی بکات کە بمێننەوە .

لەڕێگای گەڕانەوەدا بۆ کەمپەکە ، سەرما هەنگاو بەهەنگاو بەگەڵمان کەوت . لەبەر سوپەرمارکێتە گەورەکەدا ڕشامەوە . بەقەد ڕووبارێکڕشامەوە . حەسەن بەدەم هاواری"دایکە ... دایە" ەوە لە هۆڕژنی گریانی دا . دەیویست بۆ هەمێزیدایکی بگەڕێتەوە .

پەنابەرەکانی دی ، هەر هەموو بە نهێنی بێ ئومێدی خۆیان کاوێژ دەکردەوە ، هەریەکەو چیرۆک و ڕووداوێکی دەگێرایەوە کەلە دەیسکۆکە بەسەری هاتبوو ، چیرۆکانێک کەمن هەستم پێ نەکردبوون ، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە لەبنەڕەتداڕوویان نەدابوو . ئەمانە بەدوور و درێژی ئەو شتانەیان دەگێڕایەوە کە پێشتر بیستبوومن . کاتێ لەکوردستان بووم گوێم لە چیرۆکی ئەو کوردانە دەگرت کەلە سەفەریرابواردنی ئەوروپا دەگەڕانەوە .

# سەفەری کاندی

کاندی لە سەفەری گەڕان لە منداڵ، گەڕایەوە . بەبێ منداڵ گەڕایەوە ، بیتەر هەوڵی دابوو لەولەبێکی بۆ دابنێت تا سکی پر نەبێت ، بەڵام کاندیرەفزی کردبوو .

لێم پرسی باشە لەولەبی تایبەت بەپیاوان نییە !! بزەیەکی نەبەدڵی کرد . داوام لێکرد ئەو کۆندۆم بەکار بێنێت. گوتی بە کۆندۆمەوە هەست بە لەزەت ناکات .

پێی گوت ، ئەویش کە کورتاجی بۆکرا هەستی بە لەزەت نەکرد . کاندی بۆ کەمپەکە هاتەوە ، چونکە بیری لەوە دەکردەوە کە لە هۆڵاندا هەڵێت ، چونکە نامەیەکی لە دایەرەی کۆچبەرییەوە بۆ هاتبوو ، داوای لێدەکرد کەخۆی ئامادە بکات دوای سێ هەفتەی دی بۆ ساحیلولعاجیرەوانە دەکەنەوە .

بیتەر هەزار یورۆی وەکو یارمەتی و کۆمەک دابوویە بەو مەرجەی ئەگەر لە ئایندەدا لێکۆڵینەوەی دەگەڵداکرا ناوی ئەم نەبات و نەڵێت ئەو یارمەتی داوە . بەڵام کاندی گوتی ئەو پرە پارەیە هەقی ئەوەبوو کەلە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵەکەیدایارمەتی دابوو و لەگەڵیاڕابواردبوو .

بیتەر جل و پێڵاوی تازەی بۆکڕی ، کاندی لەکەمپەکەدا دای بە نینا . بیتەر بە ئۆتۆمبێلەکەی کاندی گەیاندە پشت کەمپەکە . لەوێ خواحافیزی لێکرد و داوای لێکرد کە ئەگەر لەهەر وڵاتێکی دیکەدا گیرسایەوە تەماسی دەگەڵدا بگرێت . بەڵام کاندی گوتی ئەمە دواجارە دەیبینێ .

کاندی جانتاکەی پێچایەوە و ، داوای لەمن کرد لەژوورەکەی خۆما جانتاکەی بۆ هەڵگرم ، نایەوێ کەس پێی بحەسێت .

پرێک سەوزە و خواردنی کڕی و خستیەیەخچاڵی بیناکەوە و بە پیرەژنەڕووسەکەی گوت ئەگەر حەزی کرد بەکاری بێنێ ، بەکاری بێنێ . بەدوو قۆڵی پیاسەیەکی ناو کەمپەکەمان کرد ، کون بەکونی بیناکە گەڕاین .

باسی فەلسەفەی خۆی دەربارەی هەموو شتێک کرد . گوتی هۆڵاندیان حەزیان لەژنانی ئەسمەرە ، بەڵام بۆ خواستن نا ، بۆ منداڵ نا ، تەنیا بۆ لەزەت و ڕابواردن حەزیان لێیانە .

زۆر هۆڵاندی داوای پەیوەندی سێکسیان لێکردبوو ، هەندێکیان سەفتە پارەیان پێ نیشاندابوو تاڕازی بکەن .

دەیویست پارەی دەست بکەوێ بەڵام بەم ڕێگایە نا . پارە بۆژیان گرینگە ، زۆر گرینگە بۆ ئەوەییارمەتی کەسوکارەکەی بدات ، بۆیان بنێرێتەوە بۆ ساحیلولعاج . بەڵام پارە داوێکی ترسناکە ئەگەر یەکێک لەدوورەوە پیشانتی بدات و بیەوێ لەخشتەت بەرێت .

کاندی گوتی من زۆر هێمنم ، زۆر میهرەبان و بەڕێزم ، بەڵام لەتیرەی بەشەر نیم . دەبێ کەمێک بیرلەوەش بکەمەوە کە لەزەتێکیش بەخۆڕەوا ببینم . ژیان بەهەشتاو دەڕوات و دەپرێتەوە لە کۆتاییدا لێکۆڵیارێک لەناخمەوە سەر هەڵدەدات و لێم دەپرسێت سەباح تۆ چیت بەژیانت کردووە . چۆن ژیانت بردووەتەسەر .

ئەوجا بەدەم پێکەنینەوە گوتی : " سەباح تۆ هیچت لەپێناوی ژیانی خۆتدا نەکردووە . خوای ئەم ژیانە دەتگرێ" .

دەمویست پێی بڵێم من کەیەکەم کەڕەت لە تیرئاپل دیتم حەزم لێیکرد ، خۆشمویست .

لەیەکەم ساتدا ، لەیەکەم وشەوە ، لەهەر ساتێکی خۆشی و ناخۆشیمدا لەبیر و خەیاڵم بووە ، لەهەر قۆناغێکیرەشبینی و گەشبینی ژیانی ئاوارەییمدا لەبیرم بووە . بەڵام تازە کە ئەو لەسەر سەفەرە بۆ ئەوەی پێ بڵێم !!

کاندی خەڵکی ئایندەیە ، من خەڵکی مێژووم . کاندی لەهەست و ئارەزووەکانیاڕوونە ، من لەهەموو شتێکدا گۆنگ و ئاڵۆزم . کاندی ئەفریقیایی ، زۆر ئازاتر و چالاکترە لەسەباحی میدیایی ، سەبارەت بە سوراخی شوێنەوارێکی ئیجابی و ئەرێنی دیاردەی پەنابەران لە ئەوروپای وندا .

بۆڕۆژی دوایی دەگەڵ کاندی دا بۆ ئەمستردام ڕۆیشتم ، ئەمە جاری دووەم بوو کە دەچوومە ئەمستردامی شابانۆ ، جارێکیان کە گەییمە ئێرە و جاری دووەم کاندیم لە بانیژەی وێستگە قەرەباڵغەکەوە ، لەبەر دەرگای ئەو قیتارە سوورەی کە بۆ بروکسل دەڕۆیی ، بەڕێکرد .

کاندی ماچێکی دەمی کردم . کاندی بەدەم پێکەنینەوە گوتی تەنیا ئێستا هەستم بەتامی ئەم لێوانە کرد ... حەیفێ سەباح ... دەمانتوانی دوو خۆشەویست بین .

کاندی بەدەم سواربوونی قیتارەکەوە بزەیەکی کرد ، دەستی تەکان دا ، دوایی تەمەشای ئەو سێبەرەی نەکردم  کەڕەقڕاوەستابوو و لەجێی خۆیەوە تەمەشای سوڕانەوەی پێچکەکانی قیتارەکەی دەکرد .

# کلێسا

ئەبوجورج هێشتا هەرلە کەمپە ، بیرە دەخواتەوە ، پەند و ئامۆژگاری و غازات دابەش دەکات . مارگرێت ، هێشتا چاوەڕوانی ئەوەیە دایەرەی کۆچ و کۆچبەری قەناعەت بێنن کە مێینەیە . هێشتا دوو عێراقیەکە هەموو بەیانیەک لەسەر کورسیە دارینەکە سەردەکەنە سەری و لە فینجانە قاوەکەی ئەو دەخۆنەوە . حەسەن هێشتا نوستووە ، خەون بەوەوە دەبینێ کە ڕاوێژکارپراستەقینەی حیزبێکیپراستەقینەیە . کابی هێشتا درەنگانێ لەخەو ڕادەبێت ، تف دەکاتە کیسەی خۆڵەکەوە و چڵم و بەڵغەمەکەی فڕێ دەداتە ڕاڕەوی بینایەکە .

هێشتایوری جورجیایی تازە یان نتالی کۆنی جورجیایی ، دزی لە دوکانە زۆر و زەبەندەکانی بازاڕی دن هیلدر دەکات ، و ماڵە دزیارییەکان لەکەمپەکەدا دەفرۆشێت .

سەباح خەلیل ، هێشتا کیسە زبڵەکان بۆ حاویەکە دەگوازێتەوە و حەمام و تەوالێت و ڕاڕەوەکە بە دیتۆڵ پاکدەکاتەوە و قاپ و ئامانە کەڵەکە بووەکانی ناو مووبەقەکە دەشوات . هێشتا دەگەڵ هەر هەواڵێکی ناخۆشیا تاوانێکی قۆریا خۆشەویستیەکی بێهودەدا دەڕشێتەوە . تائێستاش بەو ئومێدەوە هاتوچۆی دیسکۆ دەکات کە مێینەیەکی دەست بکەوێ . هەر مێینەیەک بێ ، قەڵەو بێ لاوازبێ نەخۆش بێ پیربێ . سەباح تائێستاش بیرلەو دوا ڕستەیە دەکاتە کە کاندی وتی : " دەمانتوانی دوو خۆشەویست بین" . هەرجارێ کە دەچووە دیسکۆی (( After 10 )) و خۆی بەسەماگە درێژکۆلەکەدا دەکرد و هیچ مێوینەیەکی پەیدا نەدەکرد ، ئەو ڕستەیەی کاندی بیردەکەوتەوە .

ئوتۆمبیلێکی تاکسی گەورە خۆی بە کەمپەکەدا کرد . سکیوریتی دەرگاکەی کردەوە . تاکسییەکە لەبەردەم بینابیەکەمدا لە مەیدانە قیرتاوەکەدا وەستا . شوفێرەکە دابەزی ، شانی دادایە سەر پێشەکەی، موبایلەکەی نا بە گوێیەوە و قسەی دەگەڵیەکێکداکرد و دایخست .

چاوی هەڵبڕین ، نیگای بەسەر بیناسادە و کۆنەکاندا گێڕا ، کە پەنابەران وەکو گیای کێوی تیایدا دەڕوان .

تەمەشایەکی سەعاتەکەی کرد ، بەچەپ و بەڕاستداڕۆیی ، بەجدی چاوی بەهەر چوارلادا دەگێڕا .

ئافرەتە لێکچووەکان لە ئوتۆمبێلەکە نزیک بوونەوە . چوار ئافرەتی گەنج و یەکێکی بەتەمەن بوون . بەکاوەخۆ لە ئوتۆمبێلەکە نزیک بوونەوە ، سڵاویان لە شوفێرەکە کرد ، بەهەشتاو بۆ دەرەوەی کەمپەکەی بردن .

ئەبوجورج گوتی:" هەزار خۆزگەبەکفن دز ، فولکس فاگۆنەکەیەک کەسی دەبرد ، بەڵام پیاوی کوا پێنج دانەی بەجارێ برد " .

- " ئەمانە قەحپەن... لەگەڵ دایکیانا ... هەموویانقەحپەن ... " .

حەسەن بەبەرچاوی پیاوانی کواوە سەرزەنشتی کرد و پێی گوت شەرم لەعومری خۆی بکات . پاشان بە ئینگلیزی دەربارەی قسەکانی ئەبوجورج قسەی کرد . پیاوەکانی کوا هەرچەندە بێزاری بە ڕوخساریانەوە دیاربوو بەڵام قسەیان نەکرد . پاشان بەبێدەنگیرۆیشتن .

- " ئەمانە بۆ کڵێسا دەچن ... دایکەکە و کچەکانی بۆ کڵێسا دەچن " .

حەسەن گوتی ئەمانە مەسیحی عێراقین . بەپەلە ئیقامەیان وەرگرتووە و زۆر کەس لەمە توورەیە . هەندێک دەیانگوت ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەیرەگەزپەرستیەتی ئەوروپای مەسیحیە ، کە دەیەوێ ئیقامە بە مەسیحیان بدات و بە موسوڵمانانی نەدات . هەندێکی دی دەیانگوت مەسەلە ئەمەیە کە مەسیحیانیرۆژهەڵات بە حوکمی کوشتن و پرینیان لە وڵاتانی خۆیاندا پێویستیان بە پشتیوانیە . هەندێکی دیکەی وەکو ئەبوجورج دەیانگوت"قەحپەن" ن

- "کەواتە ئەبوجورج ، بەوپیرییە شتێکی دیکەی لە خەیاڵە ... شەرمە بەخوا شەرمە " . حەسەن ئەگەر بەدەستی بوایە و بیتوانیایە لێ پێچینەوەیەکی ئەوتۆی دەگەڵدا دەکرد بەداستان بگێڕدار بوایەوە .

- " ئەگەر بۆیەک سەعات دەیاندایە دەست من ، کارێکم پێی دەکرد ، بەداستان بگێڕدراباوە" .

حەسەن پێکەنی ، ئەوجا داوای بوردنی کرد و چەند جارێک تفی کردە ڕاڕەوەکە و گوتی :"ناتوانم ... ناتوانم ... خراپ لێم حاڵی نەبن " .

چوارکچ دەگەڵ دایکەکەیاندا لەعێراقەوە بەپەلە پروزێ گەیی بوونە هۆڵاندا ، بابەکەیان لەوێندەر کوژرابوو . هەڵاتبوون . کچەکان لەپێشا گەیبوونە تورکیا . پاشان دایکەکەیان هاتبوو . برایەکی گەنجیان هەبوو و گەیی بووە ئەڵمانیا و لەوێندەر ئیقامەی وەرگرتبوو .

-بۆچی لەگەڵ ئەماندا بۆ ئێرە نەهاتووە ؟

حەسەن گوتی :

- " نازانم . دەڵێن ویستویەتی بگاتە هۆڵاندا بەڵام پۆلیسی ئەڵمانی گرتوویانە" . من گوتم ئەگەر پۆلیسی ئەڵمانی گرتبیان ، بێگومان بۆکسی خواردووە . حەسەن یەکسەر بەرپەرچی دایەوە : " نا ، نا پۆلیسی ئەڵمانی لەکەس نادەن ... پۆلیسی ئەڵمانی زۆر میهرەبانن" .

زانیاری حەسەن دەربارەی پۆلیسی ئەڵمانی ، وەکو ئەو زانیاریە وابوو کەدەربارەی دیسکۆ و کیژان و ژنانی هەبوو ، وەکو ئەو زانیاریە وابوو کە دەربارەی حیزب و ڕاوێژکاری و بیرە هەی بوو .

حەسەن بوونەوەرێکی گۆشەگیری شەوەکی بوو ، خووی بەوە گرتبوو لە کەمپەکەدا بترسێت ، لەدیسکۆداڕابوێرێ تا بەتەنیا و سەرگەردان نەیێت .

حەسەن گوتی : کڵێسا ئیقامە دەدات ، ئەگەر ببیت بە مەسیحی و لە کڵێسادا خزمەت بکەیت ، ئیقامە وەردەگریت کاکە سەباح .

-باشە کەوایە حەسەن ، تۆبۆچیڕێگای کڵێسا تاقی ناکەیتەوە ؟

- " من ڕێگای خەستەخانەی دەروونیم گرتووە . لەو ڕێگایەوە ئیقامە وەردەگرم " لەحەسەن مەترسە سەباح گیان ... کەسێ نەمرێ دەیبینی" .

پەنا وەبەر کڵێسا دەبەم . پەنا وەبەر کڵێسا دەبەم ... پەنا وەبەر مەسیح دەبەم ...

ئەوشەوە خەونی خۆشم بینی . ئەوشەوە " کاندی"م لە کڵێسادا مارەکرد . "لیونە" م هەرچەند بۆی فرێندەکەشی لەوێ بوو دەستکەوت ، ئەو شەوە ، هەر هەموو ئەو کیژانەی کەلە ژیانی هۆڵاندامدا ، ناسیبوومن ، هاتنە خەونم .

ئەو شەوە یاسەمینیش هات بۆلام . هاتە ناو جێگاکەمەوە ، زۆر بەجۆشەوە لەسەر ئەو قەرەوێڵە بچووکە تێک ئاڵاین ، بە دەم گەرمە ماچەوە ، لە قەرەوێڵەکە کەوتینە خوارەوە ، ئەوسا لەناکاوا خەبەرم بووەوە ، خەریک بوو لە قەرەوێڵەکە دەکەوتمە خوارەوە . ژوورەکە چۆڵ بوو ... چۆڵی چۆڵ بوو .

بەیانی بەڕێگاکەی نێوان بینای نۆیەم و دەرگای کەمپەکەدا دەڕۆیشتم ، چاوەڕوانی هەریەکێک لە هاوشێوەکانم دەکرد تا تکای لێبکەم کە بۆ کڵێسام بەرێت .

نازانم ئاخۆ کەسیان دەیانناسیم ، سەباح خەلیلیان دەناسی . ئەم کوردە زانکۆییەیان دەناسی . کەبە نیازبوورێگای کڵێسا بگرێتەبەر ، ئەوشەرەف و شانازیە بەدەست بێنێ کە لە کڵێسای دن هیلدر ، یا هەر کڵێسایەکی دیکەدا ببێت بە مەسیحی .

بەختی خۆم لەدیار و دەڤەری ئیسلامدا تاقیکردەوە بەڵام هیچم بەهیچ نەکرد . ئەمڕۆ بۆ دیار و دەڤەری کڵێسا دەڕۆم ، بائەویش تاقیبکەمەوە .

بێگومان بابم و براکانم حاشام لێدەکەن ، بابم کە گوێی لەدەنگم بێ ، تەلەفۆنەکەم بەڕوودا دادەخاتەوە ، بەڵام کێشەکە کێشەی منە و ژیان ژیانی منە . دایکم حاشام لێناکات . هەرهەموو کەسوکار و قەوم وقیلە و نەتەوە لەپیرە هەولێرێ حاشام لێدەکەن ، بەڵام کێ بە کێیە ، کێ گوێ بەوشتە دەدات .

ئەدی کاندی و یارۆی فەلەستینی و جووتە عێراقیەکە و ئەبوجورج و پیرەژنە ئەفغانییەکە چ دەڵێن !! ئەدی حەسەن چ دەڵێت !! ئەدی کارمەندانی کوا و ئاسایش و دایەرەی کۆچ و کۆچبەری چ دەڵێن !!

بابۆ ، براکانم، من بەرەبەرە ژیان لەدەست دەدەم ، ئەوروپا ئەو ئەوروپایە نییە کە ئێمە بیستوومانە . ئەوروپا ئاڵۆز و چۆڵ و وشک و برینگە ، لە ئەوروپادا هیچ شتێک بەئەندازەیڕەفز باو نییە ، ناژی ، هیچ شتێک بەئەندازەی پەنابەری بلەز نامرێت . بابۆ سەباح خەلیلی کورت بەرەبەرە دەمرێت . فریام بکەوە ، ڕزگارم بکە .

بیروخەیاڵ ، وەکو هەنگاوەکانم بەسەر قیرپرێگاکەدا ، تێک دەڕژان و بەدوویەکدا دەهاتن . ئەوجا کیژە چکۆلەی خانەوادەی هاشیوەکان نزیک بووەوە ، زەرفێکی نامەی بەدەستەوە بوو . لەوەیە بیەوێ لە ئوفیسی سکیوریتی سۆراخی شتێک بکات . لەوەیە بیەوێ بەیانی باش لە سکیوریتی بکات .

یا دوور نییە مەسیح بەم بەیانی زووە ناردبێتی تا سەباح ڕزگار بکات و لەڕێگای کڵێساوەڕێگەیرزگاری ئەوروپای پێنیشان بدات .

گوتم بەیانی باش ، بەڵام کێژێ وەڵامی نەدایەوە . من گوێم لەخۆم بوو کە گوتم بەیانی باش . وشەکان لەزارم دەرپەڕین و گەیینە سەر ڕێگا قیرتاوەکە ، بەڵام هاوشێوە چکۆلەکە وەڵامی نەدایەوە . دووبارەم کردەوە ، ئەمجارەش وەڵامی نەدایەوە . ڕووی مەترەلۆزی چاوەکانی کردە ئامانجیروخساری تەڕم ، گوللە تۆپێکی تەقاند ، بێدەنگی هۆڵی شۆکی منی تەقاندەوە .

بۆ ژوورەکەی خۆم گەڕامەوە ، جادوای چی ، دوای ئەوەی دڵم لە ئاستانەی شێتیدا لێی دەدا ، دوای ئەوەی هەناسەی بەستێنی باکووری هۆڵاندا گەییەڕێژگەی چاوەکانم .

دوای نیوەڕۆ ، نامەیەکم لەپارێزەرەکەوە بۆهات کە دەڵێت دادگا کاتێکی بۆدیاری کردوم تا لەکەیسەکەم بکۆڵێتەوە ، داوای کردبوو لە ئۆفیسەکەیئامادەبم تا بەدوور و درێژی باسی مەسەلەکە بکەین .

# دادگا

بەیانی سەعات دە گەییمە دادگای زیڤینار ، پارێزەرەکە لەوێ بوو ، کەمنی بینی پێکەنی ، پێی گوتم هیوادارم ئەو ئەنجامە بەدەست بێنین کەخەونی پێوە دەبینی ، تاقە وشەیەکی دیکەی نەوت . نیگەران و دوودڵ ، دەترسام . لە دیدارەکەی پێشووتردا پێی گوتم کە کەیسەکەی بەتەواوەتی ئامادەکردووم و ئومێدەوارە کەقازی قەناعەت بەدۆزەکەت بکات . من لە ژوورێکی لاوەکیدا دانیشتبووم کاتێ پارێزەرەکە چووبۆ ئۆفیسەکەی قازی .

بەتاقی تەنیا مامەوە ، نەکەسم بینی ، نە کەس لێی پرسیم ، پتر لەیەک دانە سەعات لەوێ چاوەڕوانم کرد . کاتێ پارێزەرەکە هاتە دەرەوە گوتی من ئەرکی خۆم جێبەجێ کرد ، ئێستا دەبێ سێ هەفتەی دی چاوەڕوان بکەین تا ئەنجامی کارەکەمان دەردەچێت کاکە سەباح .

خواحافیزی لێکردم و ڕۆیی . پەنابەرێکی دیکە دەگەڵ پارێزەرەکەیدا چووە ژوورەوە . دەیناسم وەکو منە . وەکو من دەترسێت . وەکو من چاوەڕوان دەکات ، بە ئومێدە شەرەف و شانازی مانەوەی پێ ببرێت ، دەنا دەبێ جانتاکەی بپێچێتەوە و چاوەڕوانی لێشاوی قەرارە هەڤدژەکان بکات تا وڵاتی خەونی ئایندەی هەڵبژێرێ .

زیڤینار شێدارە ، چۆڵە . شارێکە دەتوانی بڵێی لە جەوهەردا کۆپیەکی دەقاودەقی هەموو ئەو شارە هۆڵاندیانەیە کەمن دیتبوومن . باریکەڕێگایەکی سوور بۆ تێپەڕبوونی پاسکیلان ، ئەم بەیانییە تەنکە بەفرێک شێواندبووی .

ڕێگەیەکی قیرتاوی بەرین بۆ پاسان ، بەخەتی سپی بەش بەش کرابوو ، بۆڕێکخستنی هاتوچۆی ئوتۆمبێلان . ئوتۆمبیلێک لەدوورەوە بە ئەسپایی دەهات ، پێدەچوو لەخزین بترسێت . وێستگەی قیتارەکە لەتەم و مژدا بەئاستەم دیاربوو ، بەستەڵەکی پەراگەندە لێرە و لەوێ کەوتبوو ...

بەهەشتاو لە شینی دادگا و لە ئاهەنگی قازیی نادیار گەڕامەوە ، بەیەکڕستەی پارێزەرەکەوە گەڕامەوە . " دەبێ چاوەڕوان بکەین" .

لەوەتای هاتوومەتە خاکی نەویان چاوەڕوان دەکەم ، کاروپیشەم بووە بە چاوەڕوانی . لەتیرئاپل و ئودی پیکیلا و زیڤینار و ئایندهوڤن و دن هیلدر چاوەڕوانم کرد . چاوەڕوانییاسەمینم کرد بە پێشمەرگەیەکی پەنابەرەم وەربگرێت .

چاوەڕوانی" تن تن " م کرد کە ڕێگەی سرووتێکی خۆشەویستی هێوەتر لە بێشەکانی"بیست"م بدات . چاوەڕوانم کرد کاندی لەشەوباخەڵی بیتەر بێتەوە . چاوەڕوانی هاوشێوەکانم کرد کە بۆ کڵێسام بەرن . چاوەڕوانی ژنە قەڵەوە هۆڵاندییەکەم کرد کە بێت بۆ دیسکۆ ، چاوەڕوانی ژنە ڕووسە تەڵاقدراوەکەم کرد کە پەیوەندییەکی جێگیر و درێژخایەنم لەگەڵدا بگرێت . چاوەڕوانی لیونەم کرد دەستبەرداری بۆی فرێندەکەی ببێت و بەگەڵ من بکەوێت .

ئێستاش چاوەڕوانی قەراری قازیم کە مەرحەمەت بکات و قاییل بێ ژیان لە هۆڵاندادا بەسەر بەرم و ، بۆ وڵاتێکی دیکەمڕەوانە نەکەن ، خاک و وڵاتێکی بەرزتر و کەم ترستر و کەم سامتر . لە کانگای دڵەوە حەزم دەکرد پەیوەندی دەگەڵ بابمدا بگرم . حەزم دەکرد پێی بڵێم من بەرەو ئەوە دەچم لەسەر دەستی

سوپای دایەرەی کۆچبەری شکست بێنم ، خەریکە لەهەموو بەرەکانەوە لە هەموو جەبهەکانەوە ، ورەبەر دەدەم .

دووساڵم بەسەر بردووە و لەزەرفی ئەم دوو ساڵەدا هیچیارمەتیەک نەدراوم ، هیچ کەسێک دڵخۆشیەکی نەداومەتەوە . حەزم دەکرد بابم پێمبڵێ : جانتاکەت هەڵگرە و وەرەوە .

کە زەنگی تەلەفۆنەکەی بابم زرینگایەوە گوتی : سەرچاوەکەم سەباح گیان ، ئوتومبیلە تازەکەت پێگەیی ؟

لەوێستگەی پێش کۆتایی دن هیلدر دابەزیم . هەرچەندە بەفرێکی زۆر کەوتبوو ، بەڵام لەوەتای هاتبوومە ئەم وڵاتە بۆیەکەمجار بیرم لەوە کردەوە سەفەرێکی ئەوبەری دن هیلدر بکەم .

حەزم دەکرد ، ئیدی پێدەچوو لە نائومێدی خۆمدابێ ، مەودای نێوان دن هیلدر و کەمپەکە بەو سەرمایە بە پێیان تەی بکەم ، بەڵکو شتێک ببینم بۆمانەوەیان بۆ گەڕانەوەم هانبدات .

ئەبوجورج ، لەبەر دەروازەکەی باشووری دن هیلدر دابوو ، لەوێ لەسەر شۆستەکە ، لەبەر وێستگەی پاسی ژمارە دوودا لەژێر درەختەکاندا وەستابوو و دەستی بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوە و لە ڕێبوارە کەمەکان دەپاڕایەوە کە یارمەتی بدەن .

ئەبوجورجی میسرییا محەمەد کوردییا عەشیقی پیرەژنە ئەفغانیەکە ، وەکو سواڵکەرێکی پیشەیی مومارەسەی پیشەی دەرۆزەی دەکرد . دەرۆزەکەرێک بەکاوەخۆ و بەدەم ڕۆژانی دوورودرێژی چاوەڕوانیەوە ، پەی بە نهێنییەکانی سواڵکردن بردبوو . لەبەشی باشووری دن هیلدر و دوور لەچاوی پەنابەرەکان سواڵی دەکرد . کەمنی بینی غافڵگیربوو ، وەکو ئاوارەیەک کە تازە گروپێکی مافیایی بەسەرکردەیی پەنابەرێک بەناوی سەباح ، پەلاماریان دابێ ، بەو ئاوایە بزەیەکی کرد . بەجۆرێ پەشۆکا ، هاوسەنگی تێکچوو ، بەدەمەلاڵکێ گوتی : سەباح ... ئەوە چ دەکەی لێرە ؟

# خێرایی تیشک

نامەیەکی پارێزەرەکەم پێگەیی دەڵێت دادگا ڕەفزی داوای پەنابەرییەکەی کردویت ، دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکەم کە نامەیەکم لەدایەرەی کۆچ و کۆچبەرییەوە بۆبێت و پێم بڵێ چی بکەم و چی نەکەم . ئەو یارمەتیەی کە ئیدارەی کەمپەکە بۆی

پڕیومەتەوە ، لەزەرفییەک مانگدا دەپڕێت . ئەو ئیدی هیچ کارێکی لەگەڵ مندا نەماوە ، ئەگەر بمەوێ پەیگیری و پەیجۆریپڕەوی پەنابەری‌یەکەم بکەم ، دەبێ پارێزەرێکی دیکە پەیدابکەم .

هیوای ساڵێکی تازەی خۆشی بۆ خواستم ، چونکە کریسمیس بەردەرکەی پێگرتبووین .

بۆرۆژی دوایی نووسراوێکی" کوا "م پێگەیی ، داوای دەکرد کەپێش کۆتایی هەفتە دیدارم هەیە . لەدیدارەکەدا کارمەندە ژنەکەی کوا پێی گوتم ، ڕێکخراوی کوا تا کۆتایی ئەم مانگە یارمەتیم دەدات ، دوای سەری مانگ یارمەتیەکەم دەپڕێت .

پێی گوتم نوسراوێک لەدایەرەی کۆچبەرییەوە هاتووە ، داوا دەکەن کە ئەو کاغەزەیان بۆ ئیمزابکەم کە ڕێگە بەدەسەڵاتی هۆڵاندی دەدات بۆ عێراقم بنێرێتەوە .

کارمەندە ژنەکە ، وەرەقەکەی دامێ ، بەڵام داوام لێکرد دەرفەتێکم بداتێ تابیربکەمەوە . هەڵبەتە ئەم کاردانەوەیەی منی بەدڵ نەبوو ، گوتی : ئەوەت لەبیربێ کەیارمەتی ئێمە بۆتۆ تا کۆتایی ئەم مانگەیە . واتە بەرلە کریسمیس و ، هیوای کریسمیسێکی خۆشی بۆخواستم .

دوودانە ساڵە من بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی نامەیەکیا مەوعیدێکیا دیدارێکم ، بەڵام هیچیانڕوویان نەدا کەچی لەزەرفییەک هەفتەدا یەک دنیاڕەفز و مەوعید و دیدارم هاتەپێش ، تۆ بڵێی تا ئێستا فەرامۆشیان کردبم و تازە وەبیر هەموویان هاتبمەوە !!

ڕۆژ بوو ، شەوبوو ، بۆچی کاتم لێتێکچووە !! بۆچی هەستی بیستنم نەماوە ، بۆ نەهەست بە گەرما و نەبە سەرما دەکەم ، بۆچی هەست بە برسێتی ناکەم !! چۆنڕێگای کەمپەکەم لێ ون بووە ، بۆ ژوورەکەم نابینمەوە !! چۆن ژمارەی بیناکەم بیرچووەتەوە ، چۆن ناوی خۆم فەرامۆش کردووە !!

حەسەن گوتی نەکەی ئەو کاغەزە ئیمزا بکەیت . " کاکە سەباح ئەگەر ئەمرۆ ئەو کاغەزە ئیمزا بکەیت ، سبەینێ بۆ عێراقتڕەوانە دەکەنەوە " . بەڵام ئەگەر ئیمزای نەکەی ناتوانن ڕەوانەت بکەنەوە .

یارۆی فەلەستینی گوتی کاکە سەباح تۆلە بنەڕەتدا ئەو وەرەقەیەت ئیمزاکردووە ، هەرهەموومان لەو ساتەی کە هاتووینەتە کەمپی دن هیلدر ئیمزامان کردووە ، هەموومان ئیمزامان کردووە کە پابەندییاسایێن هۆڵاندی دەبین ، ئێمە بەحوکمی ئەوەی پەنابەرین ، پابەندی بڕیارەکانی دایەرەی کۆچبەری دەبین . سەباح گیان

ئەوە وەبیر خۆت بێنەوە لەوەتای پێت ناوەتە خاکی هۆڵانداوە تائێستا چەند وەرەقەت ئیمزاکردووە !

دایەرەی کۆچبەری بەگوێرەییاسا و ڕێسا بڕیاری داوە کە کۆتایی بەژیانت لە هۆڵاندا بێنێ .

مارگرێت گوتی : " بەگوێی من دەکەیت بڕۆ" . کاتێ کەدایەرەی کۆچبەری بڕیاردەدات ئاومان لە هۆڵاندا تەواو بووە ، دەبێ واز لە ئاوخواردنەوە بێنین ، دەبێ بڕۆین . هەرکاتێ ئەم نامەیەم لەدایەرەی کۆچبەرییەوە پێبگات ، بۆڕۆژی دوایی دەڕۆم . من لەوەتای گەییومەتە دن هیلدر ، هەندێ پارەم بۆئەمڕۆژ و ساتە داناوە .

توانای پەنابەران چەمد بەهێزیش بێ ، بەرگەی هێرشی ئیدارەی کۆچبەری ناگرێت . دایەرەیIND زۆربەهێز و ترسناکە . ئیدی کێشەکانیەک لەسەریەک کەڵەکە دەبن .

بەو زووانە گیرفانت بەتاڵ دەبێت ، دوای ماوەیەکی دی پۆلیس بەپاڵ لەکەمپەکە وەدەرت دەنەن . ئەوسا تاقمە پۆلیسێکی دیکە دەتقۆزنەوە و بەخورتی بۆ کەمپی کۆچاندنی فرۆکەخانەی ئەمستردامت دەبەن ، لەوێندەر وەکو دەست بەسەر داتدەنەن تا فڕۆکەیەک دابین دەکەن و تۆ و خەڵکانی وەکو تۆ بۆ وڵاتی خۆتان دیپۆرت دەکەنەوە .

-بڕۆ ... بەقسەی من دەکەی بڕۆ .

ئەگەر پارەت هەبێ سەفەرەکەت ئاسان دەبێت ، بەڵام ئەگەر پارەت نەبێ عەزابێکی زۆر دەکێشیت کاکە سەباح ... من ناتوانم هیچپارمەتییەکت بدەم ... تاقە یارمەتییەک کەلەدەستی من بێ ، ئەو ئامۆژگارییەیە کە تۆزێ لەمەپێش کردمیت ... ئیدی لەدوا ئەنجامیشدا هەرخۆت خاوەن قەرار و ژیانی خۆتی .

کەواتە" کاندی"ش تووشی هەمان کێشە بووە . شامیل و حسەین و ئەو کوردەی لە ئایندهوڤن خۆی کوشت و ڕاغیدەش و دەیان و بگرە سەدان و هەزارانی دیکەش بەهەمان کێشەداڕۆیشتن و هەنووکە نۆرە هاتووەتە سەر سەباح .

ئەوە شەوە حەسەن لەخەوی هەستاندم ، بەدەنگی بەرز دەمپرخاند و بەدەم خەوەوە دەگریام

بۆڕۆژی دوایی جانتاکەم هێنا ، هەموو شتەکانم تێئاخنی ، دەرمان و فلچەی دانەکەشم لەبیرنەکرد . هەرچی پارەیەکم پێبوو و بەگوێرەی ئەو بانکەنۆتەی

کەکاتی خۆی ئیدارەی کەمپەکە بۆیان کردبووم ، لەبانک دەرهێنایەوە و لێبڕام پێش کریسمیس بڕۆم .

حەسەن گوتی شەوی کریسمیس سەفەر بکە . لەو شەوەدا ، چاودێران لە ناو قیتاراندا کەمن . لەوەیە بتوانی بەبێ پرینی تکتی قیتاران بگەیتە هەر وڵاتێکی ئەوروپایی .

مارگرێت گوتی هاتوچۆی قیتار لە ڕۆژی کریسمیسدا لەسەرانسەری ئەوروپادا دەوەستێ . دەبێ پێشیان پاش کریسمیس سەفەر بکەیت .

# سەفەر

زۆرپێش کریسمیس جانتاکەم هەڵگرت و بەپێیان بۆ وێستگەی دن هیلدر کەوتمەڕێ ، کاتێ کەبەفر هەڤڕکی سەرمای دەکرد لەهەستی ئەو ئاسایشەدا کە ئەو بەیانیەیەکەم جگەرەی خۆی لەسەر نەزم و ڕیتمی ئەو کلوە بەفرانەیجەمسەری باکووری دڵی مندا ، دەکێشا .

تیتی قیتارەکە تەمەشای تکتەکەی کردم ، سوپاسی کردم و ڕۆیی ، کیژێکی جوان لەهەمان کورسی من دانیشت ، بەئارامی سڵاوی کرد و لەچاو تروکانێکا خەوی لێکەوت .

بیرم لەوە دەکردەوە کامێرای مۆبایلەکەم بکەمەوە و وێنەیەکی بگرم . بیرم لەوە کردەوە لێی نزیک ببمەوە و سەرم لەنزیکی سەرییەوە و سێڵفیەکی دەگەڵدا بگرم و بینێرمەوە بۆکەس و کارەکەم لە هەولێر و پێیان بڵێم خۆم و گێرڵ فرێندەکەم لەقیتاردایین ، بۆجەژنی کریسمیس دەچین بۆ بەلچیکا .

بەدەم خەوەوە وێنەیەکی دەگرم ، هەوڵدەدەم شانم بخەمە ژێر سەری و وا بنوێنم کە خەوم لێکەوتووە ، وێنەی کچێکی هۆڵاندی کەسەری بەسەر شانی منەوەیە و بەرەو بروکسل دەڕۆین بۆ ئاهەنگەکانی سەری ساڵی ئەوروپا .

هەنووکە لەسەر شانم نوستووە ، چونکە شەویرابردوومان بەدەم بیرەخواردنەوەوە بەسەر بردبوو ، هەروەها بەدەم بیرە خواردنەوەوە بۆ خۆرامان بواردبوو .

شەویرابردوو نەخەوتین ، کیژە هۆڵاندی گەرم و گور نەیهێشت بخەوم ، بەخۆیشی چاوانی نەچوونە خەو .

وێنەی دەگرم و وەکو کردەوەی هەموو پەنابەرەکان بۆهەموو کەسێکی دەنێرم . وەکو هەر پەنابەرێک درۆ دەکەم ، چیرۆکی ئەشقی کیژە هۆڵاندییەک هەڵدەبەستم کە هەرگیزرووی نەداوە ، کە سووک و باریک لەگەڵ کیژە هۆڵاندییەکدا بنووم ، بێ هیچ ئاڵۆزیەکیرۆژهەڵاتی بەدەر لەداب و نەریتی کوردستان ، بەدوور لەترسی کیژە کوردان ، بێ ئەوەی ترسی ئەنجام و ئاقیبەتم هەبێ ، بێئەوەی بەسەرما ساغ بیێتەوە و بەناچاری بیخوازم ، وەکو هەموو پەنابەرەکانی کەمپی ئایندهوڤن ، کەمپی دن هیلدر ، ئەو پەنابەرە لات و بێ هیوایانە بەدرۆ دەڵێم پەنابەران لەسەر سینگی سەدان گێرڵ فرێندی هۆڵاندی هەڵدەپەڕن . لەکاتێکا بەعەزرەتەوەن لەگەڵ مێوینەیەکدا ، هەر مێوینەیەکدا ، تەنانەت ئەگەر مێروویەکیش بێ بخەون

لەکاتێکا چیرۆکی خەیاڵی دەربارەپریسکەکانیان لە فەرەنسا و ئیتاڵیا و نەرویج و سوێد دەهۆننەوە .

لەکاتێکا پەنجەی پەشیمانی دەگەزن ، چونکە ئەو بەهەشتەیان بە حۆریەکانیانەوە لەو وڵاتانە بەجێهێشتووە و گەییونەتە هۆڵاندا .

لەکاتێکا دەڵێن سەدانیان لەو حۆریانە هەبووە ، کەچی لێرە ، لە هۆڵاندای وشک و برینگدا تەنیا دەیانیان دەست کەوتووە . ئەوجا ئەو وێنانە نیشان دەدەن . ئەو وێنانەی لەنێو ڤیتاردا ، یان لەدیسکۆیان لە بازاڕدا گرتوویانە . ئەو وێنانەی لە موبایلی ئەو کوردانەدا دیتوومن کەلە ئەوروپا دەگەڕانەوە . جۆرەها وێنە ، لەکاتی خەوا ، لەکاتی ماچ ماچێندا ، لەکاتی سەمادا . وێنەی دەنکەکانیان کەبەسەر شانیانەوە ، لەڕێگای چوون بۆ ئاهەنگ ، لەڤیتاری دوا سەعاتدا گرتویانە . هەردوو دەستم ، لەسەر سینگم تێک ئاڵاند ، ویستم چاوێک لێک بنەم ، دنیایەجگار تەزی بوو . کلو بەفر وەکو دەستپێچێکی خوری دەهاتەخوارێ و من بەڕێوەبووم تاشەرەف و شانازی گەیشتن بە باخەکانی دن هیلدرم پێببڕێت .

یاریدەدەری ڤیتارەکە بۆ نیونەخت زاری تێک نەنا ، زۆری قسەکرد ، بەڵام من تاقە وشەیەک لەقەسەکانی حاڵی نەبووم .

ئافەرتە هۆڵاندیە نوستووەکە لە وێستگەیەکی نزیکی ئەمستردام وەستا . لەناکاوا هەستا ، لەتۆوایە دارعەسایەکی نادیاری دەستی چاودێرەکە ، ڕای چڵەکاند .

بەدەم خەوەوە دەی پرخاند ، ئەوجا کە شوفێرەکە بەدەنگی بەرز ناوی وێستگەکەی دواتری هێنا ، چاوی هەڵێنا .

جانتاکەی هەڵگرت و هەستا ، بزەیەکی بەڕووی مندا دا و ڕۆیی ، گەییمە وێستگەی ئەمستردام ، حەزم نەدەکرد لە وێستگەکە وەدەربکەوم ، وێستگەکە

بەشێوازی تایبەتی خۆی ئاهەنگی کریسمیسی دەگێرا ، پیانۆژەنێک لەناو وێستگەکەدا و بەرانبەر بەدوکانەکان دانیشتبوو ، ڕێبوارەکان لەدەوری خڕبوونەوە ساردی وێستگەکە هەرچەند داخرابوو ، نیشانەی ئەوەبوو کە دەرەوە زۆر سارده .

تکتێکی برۆکسلم بڕی ، هەرچەندە حەسەن گوتبووی دەتوانم بەبێ بلیت برۆم ، بەڵام پارەیەکی زۆری بردم .

نامەوێ پۆلیس ، لەسەر ئەوەی بلیتم نەبڕیوە دامبگرێ ، نامەوێ لەبەر بێ بلیتیڕامبگرن و نەتوانم بگەمە پەناگا تازەکەم لە بەلچیکا ، لەوێستگەی (( B١٠ )) سواربووم . پارەیەکی زۆر کەمم پێ ما ، بیرم لەوە کردەوە قەرز لە باوکم بکەم ، لەو هاوڕێیەی بابم کە لە سوێد بوو ، قەرز لە هەر پەنابەرێک بکەم کەبە ڕێکەوت لەڕێگای بروکسلدا تووشی ببم . بیرم لەوە کردەوە لەیەکێک لە وێستگە زۆر و زەبەندەکانی ئەو وڵاتە بچووکەدا بوەستم و سواڵ بکەم ، دەستێک بۆخوا بەرز بکەمەوە و دەستێک لەڕێبواران پان بکەمەوە کە بایی ژەمێک نانخواردن و کرینی بلیتێک بدەن بە پەنابەرێک کە دایەرەی کۆچبەری هۆڵاندارەفزی کردووە ئیقامەی بداتێ .

بەڵام هیچ شتێکم پێنەکرا ، وام بەباش زانی بە برسێتی و ڕوخاوی بگەمە نووسینگەی پۆلیس لە برۆکسل ، و لەوێ وەکو هەر کوردێک تازە لەکوردستانەوە گەیی بێتە ئەوروپا ، داوای پەنابەری بکەم ، باسی ئەوە نەکەم بە ئەڵمانیادا تێپەڕیووم ، یان پێم بەرخاکی نەویان کەوتبێ ، وەکو هەر پەنابەرێک کەبەخێرایی تیشک ماوەی نێوان کوردستان و بەلچیکای بڕی بێ .

## Antwerpen

سەعات لە وێستگەی" ئانت فیربن"ی بەلچیکیدا هەشتی ئێوارەی دەنواند . هەموو ڕۆژەکەم بۆ ئەوە تەرخان کرد کە بگەمە دەروازەی سەرەکی پەڕینەوە بۆ شابانۆیەکی دیکە لە ئەوروپاپڕۆژئاوا ، بەرەو برۆکسیلی کاندی .

تیشکی گڵۆپەکانی وێستگەکە ، ئاسمانی پڕکردبوو ، سەرما جەستە چکۆلەکەمی دەچایاند . دوو پۆلیسم بینی بەنێوان وێستگە زۆر و زەبەندەکاندا دەهاتن و دەچوون ، پەنجەرەی چاویان بەهەر چوارنکالاندا دەکردەوە .

پیاوێک لە وێستگەکەی خوارەوە چاوەڕوانی دەکرد گوتی :

-وێستگەیەک لەقاتی سەرەوەیە ، لەوێندەرەوە بۆ برۆکسیل دەڕۆی .

وێستگەی سەرەوە !! وێستگەکانی سەرەوە ... وێستگەکانی خوارەوە ... لەوێ لەقاتەکانی سەرەوەش قیتاران دەڕۆن !

لەکوێوە پرۆم ! یانی چی وێستگەی قیتار لەقاتی سەرەوە بێ ، لەوێندەرەوە قیتار بۆ برۆکسیل دەڕوات !

وێستگەیەک نەک قاتێک ، وێستگەیەک بەهەموو هەرا و زەنایەکیەوە . وێستگەیەک و نەفەران و قیتارێک دێ و قیتارێک دەڕوات ، لەقاتی سەرەوەی وێستگەی ئانت فیربن !

دیسان جووتە پۆلیسەکەم بینی ، ڕووی خۆم وەرگێڕا . نامەوێ پرسیارپرێگا لەهیچ جۆرە پۆلیسێک بکەم . من ئێستا گەنجێکمڕێگای گوم کردووە ... سەمت و لایەکانی لێگۆڕاوە ، کەشتی و قیبلەنماکەی لەدەستداوە .

لەوەیە بمگرن ، بمدەن بە ئەرزا ، هەردوو دەستم لەپشتەوە ببەستنەوە ، گەنجێک لەدوورەوە بێت و وێنەی هەموو شتێک بگرێت ، تابیکات بە مانشێتی ڕۆژنامەکانی سبەی بەیانی کە ئاسایشی بەلچیکی تیرۆریستێکیان گرتووە ، وێنەکەم بەپاڵخراوی لەسەر شۆستەی وێستگەکە بڵاوبکەنەوە و دوو ئاسایشی قۆز بەدیار سەرمەوە ئاماژەی سەرکەوتنیان بەرزکردبێتەوە .

ڕووم وەرگێڕا . بەو قاڵدرمەیەدا سەرکەوتم کە کابرا سارد وسرەکە ئاماژەی کردێ . هەر هەموو ئەو ئەدرەسانەم خوێندەوە کە لەسەر شاشە بزۆزەکانی وێستگەکان دەردەکەوتن ، لەو شوێنانەدا چاوەڕوانم کرد کە خەڵکی چاوەڕوانیان دەکرد .

ئەو وێستگانەم خوێندەوە کە چاوەڕوانکەران دەیان خوێننەوە ، برسیم بوو ، بۆنی هەمبەرگەر دنیای پرکردبوو . ڕیزێکی درێژ لەچاوەڕوانکەران ، لەبەر ئەو دوکانۆچکەیەداڕاوەستابوون کە گەس و فەلافلی بەپیازی سوورەوەکراوەوە دەفرۆشت ، کابرای فرۆشیار ، بەئارامی پارەی لەخەڵکەکە وەردەگرت و بەدەم پێکەنینەوە بابۆڵەو سەندەویچانی دەدایە دەست ئەوانەی بەدەم چاوەڕوانیەوەڕیزیان گرتبوو .

کۆمەڵێک خوارنگەی دیکەش لەو بەرەوە هەبوون ، سەندەویچ و پیتزا و بابۆڵانیان دەفرۆشت و فرۆشیارێن ژن و پیاویان بەدیارەوە وەستابوون .

بیرم لەوە دەکردەوە کەدەبێت دەست بەپارەکانمەوە بگرم ، تا کە بەبرسێتی و بەترس و لەرزەوە ، لەئاخروئۆخری شەودا گەییمە برۆکسیل فریام بکەوێ ، کاتێ کە لەڕیزە درێژەکەدا وەستابووم و چاوەروانی ئەوەم دەکرد خاوەن هەمبرگەرەکە

بابۆڵەی چاوەڕوانیم بداتەدەست ، دەستم لەگیرفانم نابوو و توند خستبوومە سەر پارەکانم .

## Brukssel

کاتێ قیتارەکە بەرەو برۆکسیل کەوتەڕێ ، تیتییەکە بلەز خۆی بەو فارگۆنەدا کرد کەمن تیایدا دانیشتبووم . بلیتەکەم سەح کردەوە . دەترسام داوای پاسپۆرتیا ناسنامەم لێبکات . دەترسام پێم بڵێت دایەرەی کۆچبەری هۆڵاندا ناو و وێنەکەمی لەهەموو شوێنێکدا بڵاوکردووەتەوە تا چاودێرانیا نەفەران یا پۆلیس بمگرن و بۆ دۆزەخەکەی هۆڵاندام دیپۆرت بکەنەوە .

پێم بڵێ کاندیی ئەفریقایی ، بەرلە ماوەیەک گەییوە و تاکو ئێستا بە مۆلەقی لە فارگونەکەدا ماوە چونکە ڕێگای گوم کردووە ، چونکە وێنەکەی بەدیوارەکانی بەلچیکاوە هەڵواسراوە ، چونکە مەسەلەی پەنابەرییەکەی گەییوەتە بنبەست و کوێرە کۆڵان .

دەترسام بمدات بەئەرزا ، کەلەپچەم بکات و ئەوسا بە خێرایی تیشک ، جەستە سووک و کورتە باڵاکەم بۆدایەرەی کۆچبەری بگێڕێتەوە و لەوێ بە عامودی لەخاچدانەوە هەڵیواسن .

چاودێرێک لەبەردەم تەختەکەم وەستا ، یەکێک لەپشتەوەی تەختەکەم وەستا ، دووچاودێر بەدیار تەختەکەی سەباحی قاشقونجەوە وەستان . چاودێرێک لەبەردەممەوە و یەکێک لەپشتمەوە ... سەباح ... تەگبیر !

ڕوانیە تکیتەکەم ، ئەوجا بەوپەڕی بێلایەنیڕوانیەڕوخسارم ، بلیتەکەی دامەوە و سوپاسی کردم . ئەوجا بەدوو قۆڵی بۆی دەرچوون ، لەسەرپێچیکاران دەگەڕان .

بەوپەری نیگەرانی ، لەکاتێکا سەما گاڵەی بەگەنجە میدیاییەکە دەکرد ، بەفر هەموو پەناوپاسار و شۆستە و ڕێگاوبانەکانی پڕکردبوو ، من لەتەنیشت وێستگەکەی برۆکسیلدا لەپۆلیسخانە دەگەڕام تابەم شەوە ئاوارەیە بەدرەنگەوە داوای پەنابەری بکەم ... نا نا نا ... ئێستا من بەتاقی تەنیا ئاوارەم ... سەباح خەلیل دوا پولی گیرفانی خەرج کرد تا لە ئانت فیربن نان بخوات ... سەباح خەلیل ئاوارەیە ...

دوو تاکسی لەدەرێی وێستگەکە وەستاون . بیرم لەوە دەکردەوە یەکێکیان بەکرێ بگرم ... تەکسییەک کە لەگینە لەم گومڕاییەڕزگارم بکات ... لە شوفێری ئوتۆمبێلییەکەم نزیک بوومەوە ، پرسیاری نوسینگەی پۆلیسی بەلچیکیم لەناو وێستگەکەدا کرد ، شانەکانی بەسەرسامیەوە هەڵتەکاند . بەوردی لێمڕاما .

هەستی کرد پارەم پێ نییە . ئەزموونی دوورودرێژی لەناوبازار و لەناو ژیاندا ، یەکسەر بردی بۆناو گیرفانە بەتاڵەکەم .

گوتم دەمەوێ بگەمە نوسینگەی پۆلیس .

گوتی بۆچی ؟

-من پەنابەرەم و دەمەوێ داوای پەنابەری لە بەلچیکا بکەم ...

-پێویستە لەدایەرەی پەنابەری بگەرێی ... پارەت پێیە ؟

-نەخێر ... هیچ پارەیەکم پێ نییە .

شوفێرەکە داوای بوردنی کرد و گوتی کەلە شوفێرێکی دیکە بپرسم .

شوفێرەکەی دی بەرلەوەی بگەمەلای داوای بوردنی کرد ، پێدەچوو گوێی لە قسەکانم ... بووبێ .

پایتەخت تاریک بوو ، تروسکەی تیا بەدی نەدەکرا ، ڕەنگەبە هۆی گەرداو و باهۆزەوە کارەبا بڕابێ .

لەڕێبوارێکم پرسی :

-ڕێزەحمەت من پەنابەرم و لەکوردستانەوە هاتووم و لەنوسینگەی پۆلیس دەگەڕێم .

بەڵام لێوی هەڵقورتاند و ڕۆیی .

-من بابایەکی پەنابەرم و لەنوسینگەی پۆلیس دەگەڕێم !!

بەڵامڕێبوارەکەی دیکەش وەڵامی نەدامەوە .

لە ئافەرەتێک دەگەڕێم ، ژنان بەشێوەیەکی گشتی لەپیاو باشتر و مرۆڤانی ترن .

-من پەنابەرم ...

ژنەکەش بەرلەوەی دەستەواژەکەم تەواوبکەم ڕۆیشت .

گەنجێکی ئەفریقایی ، داوام لێکردڕێم پێنیشان بدات ، ئاماژەی بۆڕێگایەکی درێژکرد . گوتی دەبێ نزیکەی دە دەقیقەیەکڕاستەوراست ڕۆم تادەگەمە مەیدانێکی گەورە ، نوسینگەی پۆلیس لەو مەیدانەدایە . یان دەتوانی چاوەڕوانی پاس بکەی کە چارەکێکی دیکە دێت ، ئەوسا ڕۆیی .

هەرڕۆیشتم و ڕۆیشتم ، ڕێگاکە وەکو ئەو گوتیراست نەبوو ، هیچ نیشانەیەک بۆ مەیدانەکەیان بۆ نوسینگەی پۆلیس نەبوو .

-من پەنابەرێکم ...

بەرلەوەی قسەکەم تەواو بکەم ، کابرا داوای بوردنی کرد ، بەهەشتاو ڕۆیی و بەتاقی تەنیا بەجێی هێشتم .

بەلچیکییەکان وەڵام نادەنەوە ، مامەڵە دەگەڵ پەنابەراندا ناکەن . خۆشیان ناوێن . لەوەشە هەر سەباح خەلیلیان خۆش نەوێت !!

لەبەلچیکا ئاوم نییە . دەبوایە بۆ ئەڵمانیا بڕۆم ... نا نا ... ئەڵمانیا لە خەڵک دەدات ... دەبوایە بۆ سوێد بڕۆم .

بەلچیکییەکی سەرخۆش ، تێی گەیاندم کەدەبێ بچم بۆ دایەرەی کۆچبەرییان وەزارەتی دەرەوە کەلە نزیکی باخی ماکسملیانە . بۆ وێستگەی قیتارەکە گەڕامەوە . جەستەم خەریک بوو لەبەردەم هێرشی لەشکری سەرما و بەفردا ، ورەی بەردەدا .

هەنگاوەکانم ، لەشەوی ساردی برۆکسیلدا ناکامی" سەباح "یان دەنەخشاند .

بڕیارم دا ئاڵای گەڕانەوە بەرز بکەمەوە . لێبڕام بۆ هۆڵاندا بگەڕێمەوە و لێبڕام تەسلیم ببم .

سەباح توانای بەرخۆدانی نییە . بۆ دن هیلدر دەگەڕێمەوە ، قیروسیا با کوا بۆ عێراقم دیپۆرت بکاتەوە . ئەو وەرەقە چەپەڵە ئیمزادەکەم . سەباح بەرەبەرە سەرمای دەبێت . سەباح بەرەبەرە لەسەرما دەمرێت .

وێستگەکە ئێستا لە کوێیە .

کواڕێگاکە ... !! کوا پۆلیس ... !!

دەمویست هاوار بکەم ... داوای کۆمەک بکەم ... لەدەرگای ماڵێک بدەم و داوای کۆمەک بکەم . ئەی هاوار برسیمە ، والەسەرما دەمرم ... ئەی هاوار خەڵکینە سەباح دەمرێت ... ئەو سەباحەی هاتووە لەلای ئێوە ئاهەنگی کریسمیس بگێرێت لەسەرما دەمرێت ...

خۆزگە مزگەوتێکم دەدۆزییەوە . خۆزگە ئێستا جابر پەیدا دەبوو ... خۆزگە ئێستا سەدان مزگەوت لەم مەیدانەدا قوت دەبوونەوە ... دەبێ پرسیاری مزگەوتێکی نزیک بکەم ... مزگەوت هەنووکە کلیلی پەنابەری سەباحە ... جابر ...

فریاڕەسێک ... فریشتەیەک ... کەسێک بەهانامەوە بێت ... !! کەس گوێی لێم نەبوو ...

دەمەوێ گەرمم بکەنەوە ... لاقەکانم ئاگربدەن ... فریام بکەون ... دایکە ... دایکەگیان .

گڵۆپەکانی وێستگەی برۆکسیل ، لەناو جەرگەی تاریکی هیواوە ، بانگیان کردم . بەڵکو وەخۆ بێمەوە ، بەڵکو گەرماییەک لە جومگەکانم بگەڕێ . سەباح بۆ وێستگەکە گەڕایەوە ... بەلچیکا بۆ خەو دەست نادات ... پۆلیسی ئەڵمانی لەخەڵکی دەدەن ، بەڵام پۆلیسی بەلچیکی لەهیچ کونێکەوە دیارنییە .

لەوێستگەی برۆکسیلدا ئاخری پۆلیسی بەلچیکیم بینی . داواییارمەتیم کرد ، بەڵام کابرای پۆلیس لەبەر مژوولی خۆی ئاگای لە من نەبوو ، گوتی دەبێ بەخۆم بچمە وەزارەتی دەرەوە و داوای پەنابەری بکەم ، ئیدی رۆیی .

پۆلیسێکی دیکە لێوی هەڵقورتاند و گوتی نازانێ ... داواییارمەتی لەکێ بکەم ... !!

کێ دەکارێیارمەتی سەباح خەلیل بدات ... !! مۆبایلەکەم لێرەکارناکات ... بابم ئێستا فریام ناکەوێ ... چونکە ماڵەکەمان لەهەولێر میوانی تیا نییە ... !!

بەلچیکام ناوێ ... بەلچیکا ترسناک وساردە ... بەلچیکایارمەتیت نادات ... پۆلیسی بەلچیکی گوێ بەهیچ نادات . دەمەوێ بۆ ئەڵمانیا بگەڕێمەوە ... بۆ ئەو هۆڵاندایەی کە نایەوێم ... بەلچیکا نەک هەر نایەوێم ... بەلچیکا دەمکوژێت ...

دەڕۆم بۆ ئەڵمانیا ... ئەمشەو بۆ ئەڵمانیا دەپەڕمەوە ... قیتاری ئەڵمانی پێش ئەوەی فریابکەوم دەرچوو ، چاوەڕوانی نەکردم ... قیتاری دواتر دوای دوو سەعاتی دی دێت ... قیتارێکی وێڵ لە وێستگەکەی بەرانبەردا ئامادەیە ، هەر ئێستا بۆ ئەمستردامم دەباتەوە ، بۆ ئەمستردام دەگەڕێمەوە ، ئەمە جاری چوارەمە کە بۆ ئەمستردام دەگەڕێمەوە ...

سەرکەوتمە سەر قیتارەکە و پاشان دابەزیم ... ئەوسا سەرکەوتمەوە ... گەرم بوو .. کەمێک گەرم بوومەوە .

هەستم کرد بۆریەک ئاوی گەرم جمگەکانم دەشوات . هەستم بە ژیان کرد ... لە کورسیەکی گۆشەیەکی فارگۆنەکەداڕۆنیشتم ، جمگەکانی هەردوو دەستم و سینگم و دەموچاوم هەڵگلۆفت ، چاوەروانم کرد تا سەفەری گەڕانەوە بۆ ئەمستردام دەست پێبکات ...

ئەو بلیتەی پێی هاتبووم هێشتا هەر لە گیرفانمدابوو ... چاودێرەکە نازانێت کەبەو بلیتە هاتووم ... پێی دەڵێم تازەیە ... دەڵێم تیکت یرەکە هەڵەی کردووە ... ئیدی قسەیەک دەکەم ... ئەگەر ویستی بمبات بۆلای پۆلیس با بمبات ... ئەگەر ویستی لە قیتارەکە وەدەرم بنێ ، باوەدەرم بنێ ... کە قیتارەکە کەوتەڕێ کەس ڕای ناگرێت ... کە سەباح بکەوێتەڕێ نەچاودێر و نە قیتار و نەپۆلیسڕای ناگرن ...

ئەوجا قیتارەکە وەڕێکەوت .

یەکێک لە نەفەرەکان لە ئەمستردام خەبەری کردمەوە . گوتی ئەمە کۆتایی هێڵەکەیە بەڕێزەکەم ، بەدرێژاییڕێگا هەر پرخاندووتە و گریاویت .

وێستگەکە غەریب بوو ، وشک بوو ، زمانی لە نەفەرە ڕێبوارەکان دەردێنا و ، من یەکێک بووم لەوانە ، بەڵام پیشەی پەڕینەوەم لەبیرچووبووەوە . بێدەنگ ، بێدەنگ بووم ، دەتگوت جەستەیەکم و تازە لە ئاسمانەوە دابەزیووم .

# فەلافل

فەلافلخانەکەی کابرای جوولەکەم لەبیرە . لەبیرمە کە یەکەم ژەمە خواردنم لە هۆڵاندا لەلای ئەو ، لەوێ خوارد . ئەو کیژە ئەفریقاییەشم لەبیرە کەلەوێ کاری دەکرد . لەبیرمە کەکیژێکی جوان بوو . جوانی دەموچاوی خاوەن دوکانەکەشم لەبەرچاوە . دەچم بۆلای ئەو و داوای ژەمە خواردنێکی لێدەکەم ... پێی دەڵێم من برسیمە و پارەشم هەڵنەگرتووە ... پێی دەڵێمڕۆژێک لە ڕۆژان پارەکەی هەر دەدەمێ .

ڕێگای نێوان وێستگەکە و خوارنگەکە تۆپەڵێکرەشایی بوو بەسەر شۆستەیەکی سپیدا دەڕۆیی . بزەکان ، ڕوخسارە جوانەکان ، ئەوانەیڕۆژێک لەڕۆژان بەڕێبواری دیتبوومن دیارنەمان" کوری حیزانە" دیارنەمان . ئەو دوو پۆلیسەی دەوری گەنجێکی کورتەباڵای وەکو منیان ، دوایرووداوێک کە ڕێرەوەکەی وەستان بوو ، گرتبوو دیارنەمان . شۆستە سپیەکە پەیدابوو .

دوکانی فەلافلەکە ئەمڕۆ داخرابوو . تابلۆیەکی بچووک بە دەرگا شووشە چکۆلەکەیەوە کرابوو . چەند جارێک تابلۆکەم خوێندەوە تا بزانم Close چ دەگەیەنێ .

وەکو شۆڕەسوارێک کە هەموو شەڕەکانی دۆراندبێ وەستام ، شۆڕەسوارێک نەزانێ خۆکوژی بکات ... نا نا نا نە شۆڕەسوار و قارەمان بووم و نەدەشبم ... من

گەنجێکی لەبیرکراوم ... گەنجێک مەرگ ئاگای لێی نییە ... گەنجێکی برسی و ڕەفزکراو .

-تکات لێدەکەم ... من برسیم ...

ئەوەم بەڕێبوارێک گوت ، بەڵام گوێی نەدامێ . لەپیاوێکی دیکەش پاڕامەوە ، ئەویش گوێی نەدامێ ، کچێکی جوانی پاڵتۆدرێژیش گوێی نەدامێ . ئەبو جورجم بیرکەوتەوە ... ئەبوجورجی میسرییان محەمەد کوردی .

ئەبوجورج ، ماوەیەک لەوەپێش دەرۆزەی دەکرد تا پارەیەک کۆبکاتەوە و لە هۆڵاندا بڕوات . ئەبوجورج دیاربوو پێشتر وەکومن ژیانی ئاوارەیی جەڕباندبوو ... من هەنووکە ئاوارەم ...

سەباح خەلیل ، کوڕی بابی خۆی ، کوڕە چکۆلەکەی بابی لە هۆڵاندای دەوڵەمەندا ئاوارە و دەربەدەرە .

سەباح هەویری ئەو فەلافلەیە کەهێشتا هەڵنەهاتووە . ئەو فەلافلەی لێکۆڵیار و پاچڤەوان و پارێزەرەکانشێلاویانە و خستویانەتە سەندووقە زەیتە گەرمەکەوە ... سەباح خەلیل فەلافلێکی لەبیرکراوە لەپشت دەرگایەکی شووشەی داخرا و ساردەوە .

سەباح خەلیل فەلافلێکی کوردیە بەتام و بۆی هۆڵاندیەوە کەهێشتا هەڵنەهاتووە ... فەلافلێکیرۆژهەڵاتی ئاوارەیە بۆنی پەنابەری لێدێت .

-بەڕێز من برسیم ... تکایە شتێکم بۆبکڕە با بیخۆم .

پیرەمێردێک بەهێمنیرەت بوو ... لێی پرسیم من کێم ، بۆچی برسیم !! لەکوێوە دەست پێبکەم ، لەو سەفەرەوە کە دوازدەهەزار دۆلار لەسەرم کەوت ! لە پۆلیسی ئەڵمانیەوە ، یا لە تیرئاپلەوە !!! لەکاندی و نوور وتنەوە !! لە برۆکسیلی خەونەوە ...

- قوربان من پەنابەرم و ئەمڕۆ ڕێی گومکردووە..

پیرەمێردەکە پیتزایەکی گەورە و کۆلایەکی کڕی ، داوای لێکردم بچمە ناو خوارنگەکە ، شتەکانی لەسەر مێزەکە دانا و ئاماژەی کردمێ کە بۆمنە و لێیدا و ڕۆیی .

بەرلەوەی هیچ بخۆم ، گریان گرتمی ، گریام ، گریانێک کەهەموو مشتەرییەکان لەخواردن وەستان . شاگرد خوارنگەکە لەکار وەستا ، لێم نزیک بووەوە ، هەردوو دەستی خستەسەر مێزە چکۆلەکە و لێی پرسیم هیچی دیکەم دەوێ .

بەڵام گریانەکەم نەوەستایەوە ، زۆرم هەوڵدا گریانەکەم کۆنترۆڵ بکەم ، فایدەی نەبوو . پەرداخێ ئاوی هێنا و بەسەرسامیرۆیی .

هەندێک لە ئامادەبووان هەستان و خوارنگەکەیان بەجێهێشت . ئەمجارەیان ، بەتەواوی ئاگاییەوە گریان گرتمی ، گریام ، نەمدەتوانی جڵەوی گریانەکەم بگرم نەنوستبووم ... ئەمجارەیان نەنوستبووم ... نەجەزایری و نە ئەبوجورج و نەحەسەن خەبەریان نەکردمەوە ... ئەمجارەیان بێداربووم ...

بێداربووم ... ئاگام لەخۆبوو ... من ، سەباح خەلیل ، لە دوکانێکی پیتزای سەر ڕێگای ئەمستردام ، بەدیار پیتزایەکی گەورە و قوتوویەک کۆلای بێ شەکرەوە کەوتبووم .

## Den Helder

ئێستا ... کێوە پڕۆم ... گەدەم پڕە و ڕۆحم برسییە ... پیرەمێردێک بەخێری خۆی پیتزایەک و کۆلایەکی بۆکڕیم ... شاگرد خوارنگەکە شەرەفی پەرداخێ ئاوی دامێ و ڕۆیی ... مشتەرییەکان خاتریان گرتم و ڕۆیشتن ... ئێستا سەرلەنوێ کەوتوومەتە سەر ئەو جادە قەرەباڵغەی سپی دەچێتەوە .

ئەمرۆش شەو دادێ ، نەماڵێکم هەیە نە جێگەیەک ... نە شوێنێ ... هەرخۆم و ئەم جانتا شێدارەم ... بۆ کوێ سەری خۆ هەڵگرم ... !! چۆن ئەم شەوەش دەبورێ !!

بۆ دن هیلدر دەگەڕێمەوە ... بۆ ژوورەکەم دەگەڕێمەوە ... دەگەڕێمەوە تا حەسەن و مارگرێت و کوا بدینم ... تا ئەبوجورج و ئافرەتە لێکچوو و هاوشێوەکان بدینم ... لەجێگاکەی خۆمدا دەخەوم تا فڕێم دەدەنە دەرێی کەمپەکە ... لەوێ پێویستم بەکەس نابێت ... تەنیا چەند پۆلیسێک نەبێت کە هەواڵەی کوردستانم بکەنەوە ...

لە مەیدانە گەورەکەی دامدا ، کۆتران لەدەوری منداڵێک خڕ دەبنەوە کە بابی دەیەوێ وێنەیەکی بۆ بگرێت . پەیکەرێن ترس لەسەر کورسییەکانیانڕاوەستاون و داوای خێر لە ڕێبواران دەکەن .

فریشتەی مەرگ بەخۆ و دارعاساکەیەوە و ، تاپۆی بۆسفۆرشمشێری سێبەری لەبن هەنگڵ ناوە ... جەنگاوەرێکی سەدەکانی ناڤین ، مەتاڵەکەی بە ڕێبواران نیشان دەدات .

کۆمەڵێک گالیسکەی جووت ئەسپە لە گۆشەکەی بەرانبەر کۆشکی شابانۆ وەستاون و ئیسراحەت دەکەن .

تاپۆرەشەکە ، لەناوەندی کۆمەڵێک گەشتیاردا کە وێنەدەگرن پێدەکەنێ ... ئەوجا قوتووی پارەکانی بیرخستنەوە ... وێنەگرتن دەگەڵ تاپۆیاندا بەخۆرایی نییە بەڕێزان ...

خۆزگە ئێستا تاپۆیەک دەبووم ... تاپۆیەکیرەش سەباح خەلیل لە ناوخۆیدا حەشاربدات و پارەی بلیتی سەفەرێکی بۆ ئەڵمانیایا بۆ سوێد ، بۆ خڕبکردایەتەوە ...

گەنجێک بە پاڵتۆیەکیرەشی درێژەوە ، کۆمەڵێک وێنەی مەسیحی بەدەستەوەیە ، بزەی بەسەر ڕێبوارانداا دەبەخشییەوە و داوای دەکرد بیرلەیەهوای خواوەند و ڕۆژی پەسڵان بکەنەوە .

بزەیەکی بەڕووی مندا دا ، لێم پرسی ئایا دەتوانم خزمەتی کڵێسا بکەم ...

بزەیەکی کرد و گوتی مخابن کڵێسامان نییە ... بەڵام چ خزمەتێکت هەیە کە بەمن بکرێت ؟

لەچەند ساتێکدا ، بلەز هەموو چیرۆکی ژیانی خۆم بۆ گێڕایەوە . بڕوی وێکهێنایەوە ، باوەڕی نەدەکرد لەزەرفی چەند چرکەیەکدا گوێی لەوهەموو شتە بوویێت .

داوای لێکردم بۆ کەمپی دن هیلدر بگەڕێمەوە و یەکێک لە براکانی دەنێرێت تا ڕێگەم نیشان بدات .

لە دەفتەرەکەیدا ناوی من و ژمارەی بینای ناو کەمپەکەی تۆمارکرد . ژمارەی تەلەفۆنەکەشی وەرگرتم و دوعای خێری بۆکردم .

بەرەو دن هیلدر وەڕێکەوتم ، چاودێری قیتارەکە لەڕێگا داوای بلیتی لێکردم ، بەهەموو زمانێک قسەی دەگەڵ کردم ، ئیدی بۆی دەرکەوت کە بلیتم نییە ، یەکسەر دەفتەری سەرپێچیانی کردەوە و داوای کارتی شەخسی لێکردم ، دامێ . کارتەکەم بەسەر چووبوو ، بەڵام لەوەزیاترم نەبوو و ئیدارەی کوا ڕازی نەبوو بۆمی تازە بکاتەوە ، چونکە ماوەی مانەوەم لە هۆڵاندا تەواو بووبوو و دەبوایە لەوێ بڕۆم .

هەموو زانیارییەکی دەربارەی من لەدەفتەرەکەیدا تۆمارکرد ، ئەوسا شەرەفی هەوەڵین سەرپێچی لە هۆڵاندا پێبەخشیم ، سەرپێچی ئەوەی کە بلیتم پێ نەبوو و بەسواری قیتاری شەو ، دەچووم بۆ دن هیلدر ، هیوای ساڵێکی تازەی خۆشی بۆخواستم و ڕۆیی . شەوێ گەییمە دن هیلدر ، بەفر هەموو دیمەنێکی

ژیانی شاردبووەوە . بەتاقی تەنیا بەسەر ڕێگاوەبووم . نە کسۆکان و نە پشیلە و نە هیچ زیندەوەرێک بەشەقامەکانەوە نەبوون . من تاقە بوونەوەرێک بووم ، بەناو بەفر و بەستەڵەک کەوتبووم و لەسەفەرێکی ناکام بۆ بەڵچیکا دەگەڕامەوە .

کابرای ئاسایش خەریک بوو بەدەم قاوە خواردنەوە ڕۆژنامەیەکی دەخوێندەوە . لەکاتێکا مەودای نێوان ئەو و دەرگای چوونە ژوورەوەم دەپری تەمەشایەکیروخساری کردم و پاشان گەڕایەوە سەر خوێندنەوەکەی خۆی .

چرپەچرپی بەفرەکەی ژێر پێم دەڵێت پرۆ پرۆ ... سەباح دەگەیتە جێ ... بەمەرجێ پرۆیی .

خۆم بە بینایەکەدا کرد ، ئەوجا چوومە ژوورەکەمەوە . کەسم لە ڕاڕەوەکەدا نەبینی .

کابی نوستبوو ، حەسەن پاشماوەی بیرەکەی دەخواردەوە . بیناکە گەرم بوو . ئاخربۆچی ئەم هەموو گەرمیەم بەجێهێشت !! بۆچی هۆڵاندا ، بۆچی تاقە پەناگاکەم !!

حەسەن لەخەو بێداری کردمەوە ... گوتی کە دەمپرخاند ، دەگریام ، ئەمماگریان !! کوڵی گریانم بەهیچ شتێ لەجۆش نەدەکەوت . دوای هەستانیش هەردەگریام ، حەسەن و کابی نەیانتوانی ژیرم بکەنەوە ، لێم دەپاڕانەوە کەوەخۆ بێمەوە و پێیان بڵێم چیم لێقەوماوە !!

ڕۆژی دوایی پەیوەندیم بە باوکمەوەکرد کە پارەم بۆ بنێرێ ، لەڕێگای هاوڕێکەی حەسەنەوە بۆم بنێرێت ، چونکە ناتوانێ بۆ منی بنێرێت .

هاوڕێکەی حەسن وەکو حەسەن دەیوت پیاوێکی عێراقی بوو ، لەمێژبوو ئیقامەی وەرگرتبوو ، لەسەدابیستی پارەکەی بۆخۆی دەبرد .

- " سەباح گیان ئەو ڕێژەیە بۆمن نییە ... بۆ خۆیەتی ... لەسەدابیستی بۆخۆی لادەدات ... گوتی ئەمە کرێی ماندووبوونەکەیەتی ... " .

بۆ ئێوارێ حەوت سەد یورۆم لەدەستدابوو ، دەبوایە خۆم ئامادەبکەم کە سەفەری ئەڵمانیا بکەم و ، هاوڕێیەکییارۆی حەزایری بەڵێنی داوە بمگەیەنێتە سوێد .

قسەم دەگەڵ ئەحمەد جەزایریدا کرد ، گوتی سەباح گیان خەمت نەبێ ، خەڵکێکم هەن کەدەتوانن لە ئەڵمانیاوە بۆ سوێدت بنێرن . بەڵام ئەم ئیشە پارەی تێدەچێ ... چاوەڕوان بکە تا جوابت لێدەگێرمەوە . دەبوایە چاوەڕوانی دیاری کردنی کات و شوێن بکەم تاله Flensburgی ئەوپەڕی باکووریرۆژئاوای ئەڵمانیادا ببینم و دەگەڵ سێ پەنابەری دیکەدا بۆ مالموی سوێدمان بنێرێت ، بەمەرجێ

هەرپەنابەرێک پێنج سەد یورۆی بداتێ و نابێ لای کەسیش قسەبکەم . ئێستا وەختم زۆر بەدەستەوەیە .

کوایارمەتیم لێدەبڕێت ، بەڵام کوت وپڕ نا . چاوەڕوانی ئەوە دەکات ، بەرلەوەی ناوم لە کەمپەکە بکوژێنێتەوە ، بەخۆم بڕۆم . دوای ئەوە پۆلیس دێت و دەمبەن بۆ کەمپی کۆچاندنی ئەمستردام .

دەتوانم لەو ماوەیەدا حوکمەکە تازە بکەمەوە ، ئەویش سێ دانە هەفتە دەخایەنێت تاپڕیارییەکجارەکی لەسەر دەدرێ . ئەحمەد جەزایری گوتی : " وەختت زۆر بەدەستەوەیە ... وتا ئەوکاتە هەزار کڵاو بەبایە" .

ویستم بەرپەرچی بدەمەوە ، ئەحمەد جەزایری گوتی :

-سەباح گیان ... هاوڕێ گیان ... من ئەحمەد جەزایری ، حەوت دانە سالە لە هۆڵاندام ... هەموو شتێک دەربارەی پەنابەران دەزانم ... لەهەر پارێزەرێک پتری لێدەزانم ... ئەحمەد جەزایری تائێستا لە سێ کەمپان دەرکراوە ، هاوڕێ گیان ... باوەڕ بەمن بکە کاکە سەباح ...

حەسەن بیستبووی کەگوایە فنلەندا زوو ئیقامەدەدات .

- "فنلەندا گەورە و دەوڵەمەندە ، خەڵکی کەمە ... پێویستی بە خەڵک و هێزی کارە ... بیرلەفنلەندا بکەوە کاکە سەباح " .

-ئەدی تۆ ؟

- " لەحەسەن مەترسە کاکە سەباح ... لەحەوت ئاوی داوە و قولەپێی تەڕ نەبووە " .

مارگرێت گوتی سوێد ئیقامە دەدات ... سوێد گەورەیە ، کیشوەرێکە لەو گۆرە ... بەڵام کێشە پەنجەمۆرە .

بەڵام بیستوویەتی گوایە پاشای نەرویج ، هەموو ئەو پەنابەرانەی هاتوونەتە نەرویج و پەنجەمۆریان لەدەوڵەتی دیدا هەیە ، دەبەخشێ ، چونکە نەرویج وڵاتێکی دەوڵەمەندە و دانیشتوانی کەمە .

حەسەن گوتی ، شابانۆی هۆڵاندا جارێک ئەم جۆرە عەفووەی دابوو و هەزاران پەنابەرپەرەفزکراو دوای ئەم عەفووە ئیقامەیان پێدرابوو ، حەسەن پێی وابوو شابانۆی هۆڵاندا ئێستا لەو کارەی خۆی ژێوانە ...

- " پێدەچێ بزانێ کە ئەو پەنابەرانە ئێستا چ دەکەن ، بۆیە پەشیمانە ... باوەڕ ناکەم کەسی دی چاو لەوبکات و پڕیاری عەفوو دەربکات " .

سەباح وەختی تەواوی بەدەستەوەیە کەبیر بکاتەوە . ئێستا پارەشی پێیە .

حەسەن گوتی : - "سەباح باپرۆین بۆ دیسکۆ ... ئەمڕۆ کچە ڕووسەکە دێت و دەیبینی ... من دڵنیام ... " .

## Flensburg

سەفەرەکەم بۆ فلینس بورگ ، وەکو سەفەرەکەی برۆکسیلم خراپ نەبوو . باوکم ئەمجارەیان دەیزانی کە گەورەترین خەونی خۆم لەدەستداوە و ، دەبێ بیر لەوە بکاتەوە کە لەوانەیە بگەڕێمەوە . داوای لێکردم بۆ سوێد بڕۆم و بەختی خۆم لەوێش تاقیبکەمەوە .

باوکە ئەگەر ناکام بووم بۆ کوردستان دەگەڕێمەوە ... بابم دوای ئەم ڕستەیە بێدەنگ بوو ... هەناسەیەکی هەڵکێشا ... من دەزانم وەختێ هەناسە هەڵدەکێشێت و بێدەنگ دەبێت ئەمە چ دەگەیەنێت ... لەو تەلەفۆنەدا ، گوتم دەگەڕێمەوە ... ئەوە دوا ڕستە بوو کە پێمگوت .

سەباح خەلیل ئەمڕۆ ئاسوودە بوو . سەباح خەلیل بیرلەوە دەکاتەوە تەنیا ئەوەی لەسەرە بەردەوام بێ ، پەیگیرپرێگاکەی بکات .

سەباح بەردەوام دەبێت ... ئەو ڕێگایە بەرنادات ... سوێد وێستگەیەکی دیکەیە ... لەوێندەرەوە بۆ هۆڵاندام دەنێرنەوە . بەڵام لەم حاڵەتەدا بۆ وڵاتێکی دیکە هەڵنایەم ... ئەمە بڕیارمە ... ئەمە بڕیارە سەباح .

سەعات سێی ئێوارە گەییمە فلینس بورگ . لەبەر ئیسراحەتگایەکی مەکدونیادا ، گەنجێکی مەغریبی محەمەد ناو بردمی .

کەبە تاکسی لەوێستگەی قیتارەکەوە گەییمە بەر ئیسراحەتگاکە لێم نزیک بووەوە ، دەستی بۆدرێژ کردم و گوتی : -تۆ سەباح خەلیلی ... من محەمەدم .

منیەکەم کەس بووم کە گەیی بوومە ئەوێندەر . لەگەڵیا چووم بۆ ماڵی برادەرەکەی ، بەپەلە چایەکمان خواردەوە ، ئەوجا بەجێی هێشتم و ڕۆیی .

لەبەر ئیسراحەتگاکە چاوەڕوان دەکات تا نەفەرەکانی دی دەگەن . گوتی نەفەرەکانی دی ، نەیگوت پەنابەرەکانی دی ... نەیگوت شاربەدەر و سەرگەردانەکانی دی ... من لەمڕۆوە نەفەرم لە ئەوروپا .

محەمەد کورتەباڵایەکی سەر ڕووتاوەیە ، کەڵلە سەرێکی سەیری هەیە ، قۆقزییەک لەپێشەوە و قۆقزییەک لەدواوەوە . محەمەد دوو قۆقزی هەیە . گوتی

لە سوێد دەژی ، برادەرێکی لە ئەڵمانیا هەیە کە متمانەی پێدەکات ، ئەو خاوەن ماڵە ، چەند جارێک مامەڵەی لەگەڵ ئەحمەد مەغریبی دا هەبووە و ئەو متمانەی پێدەکات .

پێمگوت ئەحمەد خەڵکی جەزایرە !!

گوتی : نا نا نا ... ئەحمەد خەڵکی مەغریبە ... بەڵام بەناوی ئەحمەد جەزایرییەوە داوای پەنابەری کردووە .

محەمەد کەمدووە ، زۆر بزێوە ، وەکو کەروێشک زووزوو ئاوڕ دەداتەوە . پێموایە جگەلەو پانتۆڵەی جینزەی بەری کە ڕۆژگار کۆنی کردووە و ڕەنگی چووەتەوە و لەزۆر شوێنەوە تاڵکێش بووە ، هیچی دیکەی نییە .

کەواتە برادەرەکەم ، ئەحمەد جەزایری خەڵکی مەغریبە ... ئەو جەزایرییەی لە ئایندهوڤن پێشوازی کردم ، خەڵکی مەغریبە ... سەباح کوردی ، هاوڕێیەکی جەزایری لە هۆڵاندا هەیە ، بەڵام خەڵکی مەغریبە ...

پێکەنیم ... لەوساتەدا ، بەجۆرێ لەقاقای پێکەنینم دا کە بەعەمراتم لە هۆڵاندادا بەو ئاوایە پێنەکەنی بووم .

جگەلەمن کەس لەماڵەوە نییە . ماڵێکی بچووکە ، خاوەنەکانی بیریان چووبوو ، دەستێکی پێدابێنن و ڕێکی بخەن . هۆڵێکی بچکۆلە و موبەقێک بەسەر یەکەوە . تەوالێت و حەمامێک لەگۆشەیەکی ماڵەکەدا ، یەک ژووری نووستنی تیابوو .

ئەگەر کاتم هەبوایە ، هەڵدەستام و هەموو ماڵەکەم خاوێن دەکردەوە . سەباح سەرلەم کارانە دەردەکات ، لەو ڕۆژەوە کە گەییە هۆڵاندا ، زیاتر خووی دایە ئەوکارە و تیایدا مەعلان بوو .

بەدەم گۆرانی گوتنەوە بەماڵەکەدا سوڕامەوە . لێرەدا دەتوانم پەنجەرەکان بکەمەوە و هاوار بکەم . شەقامەکان لە شەقامەکانی هۆڵاندا دەچن ، ماڵەکان بەڕیزییەکەوە و لەیەک سەمتدان ، دەڵێی کۆمپیوتەر لەساتێکیڕەوتەنیدا دروستی کردوون .

کەوتمە تەمەشاکردنی خانووەکە . لەناوەوە جوانە ، هیچ شتێکی دەرەوەم بەلاوە گرینگ نییە .

لە ئەستەموڵ حەزم دەکرد لەماڵەکە وەدەرکەوم ، شارەکە بدینم ، کوڕان و کچانی شار بدینم . بەڵام سەباح ئێستا کوژاوەتەوە ... نامەوێ لەماڵەکە وەدەربکەوم . نامەوێ کەس بدینم ، لەدڵی خۆمدا دەڵێم چەندم لەئاوی ژیان

بەفیڕۆ دا ، چەندم خەون لەبارچوون . جاران چاوەکانم دوو ڕوانگەبوون . ئێستا وانین . ئێستا بوون بە دوو پەنجەرەی داخرا و لەبەردەم هەموو خەونێکدا .

بەڕادەکە هەندێ نان و پەنیری تێدایە . هەندێ کلۆشەکری چوارگۆشە و کیسەی چاو قاوە لەسەر کەوانتەری مووبەقەکە کەوتوون . چاو قاوەم خواردەوە . پێش ئەوەی محەمەد بەخۆ و نەفەرێکی دیکەوە بێتەوە ، پەنیرەکەم خوارد .

کەدەنگی کەشتیەک لەگوێمدا دەنگی دایەوە ، محەمەد هاتەژوورەوە . نەفەرە تازەکە ئەفغانی بوو ، ئینگلیزییەکی شەق و شڕی دەزانی . لەکۆتایی شەودا بووین بە چوارنەفەر ، سیمۆنپرووسی و بەهراتی ئێرانی و قەرەعەلی ئەفغانی و من . محەمەد داوای کرد هەر نەفەرەو پارەکەی خۆی بدات . ئەوجا تکای لێکردین تەوالێت بکەین ، چونکە تا مالمۆی (( Malmo )) سوێدڕاناوەستێت .

# مالمۆ

لەکۆتایی شەودا گەیینە مالمۆ . محەمەد لەبەر سوپەرمارکێتێکی گەورەدا ڕایگرت ، بەدەست ئاماژەی بۆ ئوتێلێکی دوورکرد و گوتی ئەوە کەمپی پەنابەرانە . ناتوانێ لەوە نزیکتر بیێتەوە چونکە دەترسێت پۆلیس کەشفی بکەن و ، تکای لێکردینیەک لەدوورییەک پڕۆین و ، هیوای تەندروستی و بەختەوەری بۆخواستین .

ئێرانی و ڕووسیەکە چوونە بازاڕەکەوە ، دەگەڵ ئەفغانیەکەدا بۆ ئوتێلە کەمپەکە ڕۆیشتم .

ئوتێلێک بوو دایەرەی کۆچ و کۆچبەری سوێدی بەکرێی گرتبوو تا پەناخوازانی تیادابنێت ، ئەوانەی بەقسەی بەڕێوەبەری ئوتێلەکە ئەمساڵ ژمارەیان زیادی کردبوو .

گەنجێکی دەستەباڵا و میانە تەمەن ، لوبنانی ، زمانێن سوێدی و ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەفغانی و ئێرانی و کوردی و عەرەبی دەزانی . گوتی ئەوەندە زمان دەزانێ کەپەکی نەکەوێ .

داوای کرد کەناومان لەدەفتەرێکی تایبەتیدا بنووسێت ، تا سبەینێ پێشکەش بەدایەرەی کۆچبەری بکات ، ئەو لەسەرێتی بۆ ئەمشەو جێگایەکمان بۆدابین بکات کە تیایا بحەوینەوە .

ئێستا خواردن نییە چونکە درەنگ گەیشتووین ، میوانی درەنگوەخت گلەیی لەسەر خۆیەتی . چونکە ئەوان ڕۆژی سێ ژەم خواردن دەدەن . لەسەعات شەشی بەیانییەوە تا حەوت ، لەسەعات یەکی نیوەڕۆوە تا دوو ، لە پێنجەوە تا حەوتی ئێوارە .

منی لە ژووێک و کابرای ئەفغانی لەژوورێکی دی دانا .

ژوورەکە پیس بوو ، ئاو لەناو گەرماوەکە پەنگابووەوە و تۆزە تۆزەش دەهاتە ناو ژوورەکەوە . قەرەوێڵەییەکەم گەنجێکی لێبوو بەناوی روسلان ، شیشانی بوو ، بەدوو دارشەق دەڕۆیی ، قەرەوێڵەی ژێرەوەیان دابوویە چونکە نەخۆش بوو .

لە قەرەوێڵە زەمینییەکەی تەنیشتیەوە موختارناوێکی سۆماڵی هەبوو ، گەنجێکی بیست ساڵان بوو . لەقاتی سەرەوەی ئەو فیتک ناوێکی ئەرمەنی هەبوو ، قەرەوێڵەیەکی زەمینی دیکە هی عەلی ناوێکی سۆماڵی دیکەبوو ، پیرەمێردێک بوو بەو ئاخری عەمرەوە گەیی بووە سوێد ، داوای پەنایەکی بۆخۆی و خانەوادەکەی دەکرد کە لە یەمەن چاوەڕوانیان دەکرد . منی پەناخوازی تازەش لە قەرەوێڵەی سەرەوە بووم . قەرەوێڵەکەی روسلان ، قەرەوێڵەیەکی دیکەی بەسەرەوە نەبوو ، یەک قات بوو .

هەرچەندە گەرماوەکە پیس بوو ، بەڵام هەرچۆنێ بوو خۆم شت . کە تەمەشام کرد ، بینیم بۆیە ئاوی حەمامەکە پەنگاوەتەوە ، چونکە پارچە پەشتەماڵێک کونی زێرابەکەی گرتبوو .

ڕوسلان دەپرخێنێ ، لەگەڵ عەلیدا نۆرە دەکات ، موختار و یارۆی ئەرمەنی پێدەکەنن ، بەڵام من پارچە پەڕۆیەکی چەورم لەگوێم ئاخنی و خەوتم .

بەیانیڕوسلان ، بەرلەوەی ئوتۆمبێلەکانی دایەرەی کۆچبەری بێن ، هەموومانی بۆ تێشت لەخەو هەستاند .

دەست و دەموچاوم شت ، و لێبڕام لەدەرفەتێکی دیکەدا ژوورەکە خاوێن بکەمەوە .

پەنابەران ، هەموو بەسینییەکانی دەستیانەوە بەڕیز وەستان . ڕیزێکی دوور ودرێژ ، چاوەڕوانی ئەوە بوون کرێکارە تورکەکە تێشتیان بەسەردا بگێڕێ . هێلکەیەک و پارچەیەک پەنیر . پاشان خواردنەوەیەکی گەرم یان سارد هەڵدەبژێرن . قوتووە شیر و شەربەت لەسەر مێزەکان دانرابوون . ئاوی گەرم و قاوە لە ئامێرێکا لەسووچێکدا دانرابوو . ئیدی کیسە چای بەتام و بۆی جیاواز لەتەنیشت ئامێرەکەوە دانرابوون .

هاوسەفەرەکانی دوێنێ خۆممیەک لەدواییەک بینین . ئەفغانیەکە بەدەست ئاماژەی کرد و بزەیەکی کرد ، پاشانڕووسیەکە وای دەنواند گوایە نامناسێتەوە و ئەوجا ئێرانیەکە .

کاتێ بەڕێوەبەری ئوتێلەکە پێی گوتم ئاگام لەخۆبێ هەرکە ناوم خوێنرایەوە تا لەدایەرەی کۆچبەری ئامادەبم ، بەپەلە تێشتەکەم خوارد .

دوو ئوتۆمبێل لەدایەرەی کۆچبەرییەوە هاتن ناوی ئەوانەیان خوێندەوە کەدەبوایە ئەمڕۆ بۆدایەرەی کۆچبەری بڕۆن ، لیستی ئەو ناوە تازانەشیان کەتازە گەیی بوونە ئوتێلەکە لە بەڕێوەبەری ئوتێلەکە وەرگرت .

بەڕێوەبەری ئوتێلەکە گوتی جارێکی دیکەش دێن ، دوای ئەوە ڕزگارمان دەبێت لێیان .

لەجاری دووەمدا ناوی منی تیانەبوو .

چوومە ژوورەکەوە و هەرهەموویم خاوێن کردەوە . داوای پەڕۆی پاککەرەوەم لە بەڕێوەبەری ئوتێلەکەکرد . پێکەنی و گوتی ئەمە یەکەمجارە پەنابەرێک شتێکی وا بکات . هەر بەخاوێن کردنەوەی ژوورەکەوە نەوەستام ، ڕاڕەوەکەشم پاککردەوە ، لەناوەندیڕاڕەوەکەدا ژوورێکی گەورەم بینی کەپڕ بوو لەپەنابەران ، دانیشتبوون و تەمەشای تەلەفزیونیان دەکرد . ڕۆژی دووەم ناوم لەلیستەکەدا بوو . لەدایەرەی کۆچبەری ، لەژوورێکی گەورەدا ، خرامە ژێر تاقیکردنەوەی کەشفی پەنجەمۆر و ، ئێوارە بۆ ئوتێلە کەمپەکە گەڕامەوە .

دەبوایە بەرلە پەنجەمۆرەکە قامکم بکردایە بەگیراوەیەکی سرکەدا ، هەموو ئەو پەنابەرانەی پەنجەمۆریان لەوڵاتێکی دیکەدا هەبوو وایان دەکرد . یادەبوایە سەری قامکەکانم بە ڕیبەندی نینۆکان ڕنیبا تا لووس ببن . دەبوایە بەهەر فێڵێک بووە مۆری پەنجەم بگۆڕم ، بەڵام هەستم کرد هەرهەموو ئەو هەوڵانە بێهودەن . زۆرجار ناکامی ئەو حاڵەتانەم لە هۆڵاندا دیتبوو . ئێستا سەباح خەلیل لەبەردەم ئامێری کەشفی پەنجەمۆر و لەبەردەم لیژنەی کەشفی درۆیاندا ، بەڕووت و قووتی دانیشتووە .

نازانم بۆچی هەموو بەیانییەک زوو هەڵدەستم . لەکوردستان وا ڕاهاتبووم کەلەگەڵ بانگی کەڵەشێر و ختووکەی هەتاودا هەستم . بەیانیانی سوێد تاریک و لێڵە ، نەکەڵەشێری هەیە نەخۆر . نەخۆر و نەبانگی کەڵەبابان و نەچۆلەکە و نە ختووکە ...

کۆمەڵێک قاژو دەڕواننە سیمای پەنابەرەکان ، وادیارە لەسەرما ناقڕێنن ، یان بەیانیڕێگەیان نەدات ئارامیەکەی بشێوێنن . پارچەیەک نانم هەڵدایە مەیدانەکە ، کۆمەڵە قاژویەکی بێدەنگ هێرشیان بۆهێنا .

لەوبەری شەقامەکەوە کۆمەڵێک کرێکار ، ڕێگاکەیان قیرڕێژ دەکرد . قیرەکە نەدەنووسا بەدەمی ئامێرەکەوە . قیری ئێرە بۆنی نییە ، کرێکارەکان دەنگیان لێوەنایەت ، کاروبار زۆر بەئارامی و خۆشی دەڕوات . قیری سوێد زۆر لەهی کوردستان پاکترە .

ژنێکی سکپڕ لەڕیزەکەدا وەستابوو ، سینییەکی بەدەستەوە بوو ، ماندوو دیاربوو . ئیدی لەوەیە بەهۆی سکەکەیەوە بووبێ ، یابەهۆی سەفەری دوورودرێژی پەنابەرییەوە ، تاگەیی بووە ئێرە ، ماندووبووبوو .

لەگەڵ پەنابەرەکاندا باسی ئەوەم کرد دەبێ کێ مێردی بێ ، ئەم سکە پیاوی دەوێ . بەتەنیا ئەوەی پێناکرێ . تۆبڵێی مێردی ئەم ژنە سوور و سپیە سکپڕە جوانە کێ بێ !!

تێشتەکەی وەرگرت ، پارچە پەنیر و هێلکەکەی گێڕایەوە و داوای بوردنی لەفەرمانبەرەکە کرد . تەنیا پارچەیەک نان و پەرداخێ شیری هەڵگرت . ئەوجا بەخاوەخاو بەناو ئاپۆڕای خەڵکەکەدارۆیی تا گەییە نزیکترین کورسی . لەوێڕشایەوە ، هەرچیەکی خواردبوو هەر هەمووی هەڵهێنایەوە . نانەکەی و پەرداخە شیرەکەی کەوتنە ناو ڕشانەوەکەوە .

سیمون ، ئەو گەنجەی کەلە سەفەری هەڵاتنەکەم لە ئەڵمانیاوە ، لەگەڵمابوو لێی نزیک بووەوە . بەزمانیرووسی قسەی دەگەڵداکرد ، بێئەوەی هیچ وڵامێک بداتەوە سکی گوشی ، بەدەم ژانەوە هەردوو لاقی بڵاو دەکردنەوە .

تۆ بڵێی سیمون مێردی بێ !!

لەدڵی خۆمدا گوتم مەحاڵە ئەم ورگە جوانە ، دەسکاری پەنابەرێک بێ کە دوێنێ لە ئەڵمانیاوە بەسواری کەشتیەکی مەغریبی هەڵاتبێ . ژنەکە هاواری کرد ، ژان گرتبووی . بەڕێوەبەری ئوتێلەکە بەخۆکەوت ، دوای چەند دەقیقەیەک ئوتومبێلی ئەمبولانس گەییە مەیدانەکە ، دووپیاو ژنێکی کارمەندی خەستەخانە ، یارمەتی ژنەی سکپڕیان دا کە بیگەیەننە ناو ئوتومبیلەکە .

سیمون تێشتەکەی نەخوارد . بەفینجانێک قاوەوە چوو بۆ مەیدانەکە. جگەرەیەکی پێکرد ، زۆر بەخێرایی لەنێوان قامکەکانیا سووتا . شەوێ خواردنەوەیەکی زۆری بردە ژوورەکەیەوە بەبێ ئەوە بێڵێ بەڕێوەبەری ئوتێلەکە پێبحەسێت . سیمون ئەو سەعاتە دوورودرێژانەی بیرچوونەوە کە پێکەوە لە ئوتێلەکەی محەمەدا بە سەرمان برد .بیری چووەوە کەپێکەوە سەروپێنج سەد یورۆمان دا ... باشە سیمون بۆچی خۆیم لێغەشیم دەکات !!

هەمووان خواردنەوەیروحی دەبەنە ئوتێلەکەوە .

بەڕێوەبەری ئوتێلەکە گوتی : " ئەوە دەزانم ... هەندێجار خۆم لە گێلی دەدەم ، وادەنوێنم کە نایبینم ... خواردنەوەیەکی کەم زۆر کێشە لەکۆڵ دەکاتەوە " .

ئەوڕەحمانی سۆماڵی ماوەیەک بوو گەیی بووە ئوتێلەکە ، داوای پەنابەری کردبوو . پاشان ئوتومبیلێکی پۆلیسی سوێدی بەسەرخۆشی بۆ ژوورەکەیان هێنابووەوە . لەجێگاکەیدا دایاننابوو و ڕۆیشتبوون .

ئەوڕەحمان جلەکانی خۆی و جلەکانی ئەوانی پیس کردبوو ، هەندێک لە دەرهاوێشتەکانی ورگی لەناو جێگاکەیدا بەرلەڕۆیشتنی پۆلیسەکان ، بەتاڵ کردبوو و ، پاشان خەوێکی قووڵی لێکەوتبوو .

هیچیەکێک لە دوو پۆلیسەکە گاڵتەیان پێنەکردبوو . پێنەکەنی بوون ، خستبوویانە سەرجێگاکەی و ڕۆیشتبوون .

هەموو ئەو شتانە بەیانیان ، بەرلەوەی جگەلە سەباح خەلیل ، هیچ پەنابەرێکی دیکە لەخەو هەستێتڕووەدەن .

بەیانیەکی دیکە ئەوڕەحمان بەتاقی تەنیا هاتە ژوورەوە . شوێنەواری سەرخۆشی پێوەدیاربوو . لەهۆڵە گەورەکەی ئوتێلەکەداڕشایەوە . ئەمجارەیان هیچ پۆلیسێک بەگەڵی نەکەوت . دوایڕووداوەکە بەهەفتەیەک دوو پۆلیس لەناو ژوورەکەوە بەرەو شوێنێکی نادیاریان برد .

بەڕێوەبەری ئوتێلەکە گوتی بۆ زندان . ئەوڕەحمان لەلایەن ئینتەرپۆلی نێودەوڵەتیەوە تاقیب دەکرا . ئەوڕەحمان کێشە و گۆبەندی زۆرە ، زۆرە ....

ژنێکی سوێدی وەکو خۆی دەیگوت فەلەستینی نەژاد هاتە پێشەوە . بەزمانی ئینگلیزی داوای جگەرەی لێکردم . دوایی نەفەرێکی دیکە جگەرەیەکی دایە .

کەوتە باسی سوێد وەکو وڵاتێکی سارد .

لێوم هەڵقورتاند و پێمگوت کەمن هیچ شتێک نازانم .

ژنەکە گوتی مێردەکەی سوێدییە ، ئەم بۆ لێرە لەکەمپەدایە چاوەڕوانی ئەوەیە کەدایەرەی کۆچبەری ماڵێکی دیکەی بۆ دابین بکات . منداڵەکەی لەنێو عەرەبانە چکۆلەکەیدا چاودێری جم وجوڵ و ڕەفتاری دایکی دەکرد . ناوبەناویش تەمەشایەکی من دەکات . هیچ شتێکی ئەم ژنە لە فەلەستینیان ناچێت . تۆ بڵێی درۆ بکات ؟

بەعەرەبییەکیروون و ڕەوان لەناویم پرسی ، بلەز وەڵامی دایەوە : ڕیما .

کەزانی من بەعەرەبی قسان دەکەم زۆر خۆشحاڵبوو ، بەرلەوەی بکەوێتە ناوجەرگەی قسانەوە پێمگوت من عەرەب نیم . ئەوە دادی نەدام . بەپەلە کەوتە قسان و باسی ئەوەی کرد کە مێردەکەی زۆر دڵڕەقە ، بەرلەوەی بیرلەوە بکاتەوە ماڵ بەجێ بێڵێ و ، داوای کۆمەکیرێکخراوی پاراستنی ژن بکات چەند جارێک

لێیداوە . ئێستا لە کەمپدایە و چاوەڕوانە خانوویەکی دیکەی بدەنێ ... ئەو قسەیەی بەدەم دوامژی جگەرەکەیەوە بەوپەڕی هێمنی کرد .

چاوی گۆڕان . زیاتر پرشنگیان دا . ئەوجا وەکو یەکێک لەناکاودا ون بووی خۆی بدۆزێتەوە گوتی : لەیەکێک دەگەڕام تێم بگات ... من سوێدی نیم ... من خەڵکی ئێرە نیم ... پارەت پێیە ؟

ڕستەی پارەت پێیە لەجێی خۆیدانەبوو . هەستی بەوەکرد کەمن بەپرسیارەکەی ئەو غافڵگیربووم . بەپەلە گوتی :

- " خەم مەخۆ ... من پارەم بۆ خۆم ناوێ" .

بەم سەرما و بەستەڵەکە بیجامەیەکی تەنکی لەبەربوو . کەبایەکە لێیدەدا و بەبەدەنیەوە دەچەسپی ، هەمان ئەو مێیاتیەی بەرجەستەدەکرد کەمن لەژناندا حەزی لێدەکەم .

ستیانێکیرەش لەژێر قەمیسێکی پەمەییەوە . بەقەد و باڵای زراڤیا دەشەکایەوە . قەدوباڵایەکی جیاواز لەجەستەی تن و یاسەمین و کاندی و سالی . جەستەیەک دەگەڵریتمی ئەو جگەرەیەی کە ئێستا لەسەماکەوت ، و سووتووەکەی بەناو بۆشاییەکانیئارەزودا بڵاوبووەوە ، هێندەی دی دەخەملێ .

پێمگوت : بەڵێ پارەم پێیە ...

هەوڵمدا تەمەشا نەکەم ، بەڵام بایە ساردەکە چاوانمی لەسەر وردەکارییەکانی جەستە ناسکەکەی دەگیرساندەوە .

شەوێ فیتک گوتی پەنابەرەکانی کەمپەکە دەڵێن ، بەپارە مومارەسەی سکس دەکات .

# شەڕی جلشۆرین

سۆماڵی و ئەفغانییەکان بووبە شەڕیان . شەڕەکەیان لەوەوە دەستی پێکرد کە ژنی ئەفغانییەک جلی ژنە سۆماڵییەکی لە تەنافەکە کردبووەوە . ژنە سۆماڵییەکە جنێوێکی زۆری دابوو ، ئیدی سۆماڵییەکان زۆر پێکەنی بوون . ژنە ئەفغانییەکە تووڕە بووبوو ، خێرا چووبوو لای مێردەکەی، کارەساتی سووکایەتی سۆماڵیەکانی گێڕابووەوە .

ئەفغانییەکە گوتبووی خۆی ئەو تەنافەیڕایەڵ کردووە ، کەس هەقی بەکارهێنانی نییە . منداڵی هەن ، منداڵەکانی زوو زوو جلەکانیان پیس دەکەن ، دەبێ جلەکانیان بشوات و هەڵیان بخات .

مێردی سۆماڵییەکە هاوڕێکانی کۆدەکاتەوە و ، مێردی ئەفغانییەکەش هاوڕێکانی خۆی کۆدەکاتەوە . ئیدی هەموو دەچنە مەیدانەکەی بەرانبەر ئوتێلەکە .

ئیدی بە مست ، بەلاق بەردەبنە یەکدی ، دەنگی سخێف و جنێوان بەرز دەبێتەوە و ، هەرکەسەو بەزمانی نیشتمانیی خۆی جنێو دەدات ، تەنیا جنێوی"Fuck u" نەبێ کە هەمووان بە ئینگلیزیەکەی بەکاریان دەبرد .

مەغرییبەک بەدرێژایی شەڕەکە ، لەوێ دەوەستێ بەدەم بزە پێکەنینەوە هاواردەکات و بە مۆزیقا مەغرییبەکەی داوادەکات ، شەڕ مەکەن :

- " وای پرۆبلم ، واااى" .

لەزەرفی چەند دەقیقەیەکدا ئاسایش گەییە ئوتێلە کەمپەکە . بێ ئەوەی هاوار یا قسە دەگەڵ کەسدا بکا ، کەمێک چاوەڕوانی کرد تا شەڕەکە خۆبەخۆ دابمرکێتەوە .

کەمێک دوور لەمەیدانی شاپ شاپێنەکە وەستا ، ڕێگەی کەسی نەدا قسەی بۆبکات ، یان پەیگیری و تەمەشای شەڕەکەی لێبشێوێنێ . ئەوسا شەڕەکە خۆبەخۆ دامرکایەوە . شەڕکەران بوون بەدوو بەرەوە ، بەرەی سۆماڵی داگیرکەری تەنافەکە و ، بەرەیئەفغانی خاوەن تەنافەکە . بەڵام بەرەی مەغرییبی ، کڕوکپ و لێوبەخەندە ، لەپشت ئاسایشەکەوە وەستابوو .

ئاسایشەکە بۆهەمووانیڕوونکردەوە ، کەژووری جلشتنەکە وشککەرەوەی تیایە و ، ئەو وشککەرەوەیە بۆهەمووانە و پێویست بە تەناف و جل هەڵخستن ناکات . ئەوجا داوای کرد کە تەنافەکە لەژووری جلشتنەکە لاببەن .

دوای ئەوەی بەبێتەلە تایبەتیەکەی خۆی هەندێ قسەی کرد بۆ ژوورە ئاساییەکەی خۆی گەڕایەوە .

بەڕێوەبەری ئوتێلەکە ، لەوماوەیەدا کە سۆماڵی و ئەفغانیەکان خەریکی شەڕبوون ، زۆربێ لایەنانە تەمەشای دەکردن ، بەزمانێکی عەرەبیڕوون دەیگوت و دەیگوتەوە : "خودا دڵیان نەرم بکات و بیان سوڵحێنێ" .

شەڕەکە گوێزرایەوە بۆ ژووری تەلەفزیون . شەڕەکە تەنیاهی پیاوان بوو ، ژنی تیانەبوو .

ئەفغانیەک گوتی وشککەرەوەکە قەرەباڵغە ، جلەکان ئەزیەت دەدات حەرامە .

سۆماڵیەک هەڵیدایە : " نەخێر حەرام نییە ... ئەگەر حەرام بێ ، ساردکەرەوەکەش ( بەڕاد ) حەرامە و ئامێری قاوەکەش حەرامە ، ئەم تەلەفزیونەی کەلەبەردەمیا دانیشتووی حەرامە " .

ئەفغانییەکە گوتی : " باشە ئەگەر حەرام نییە بۆچی تۆ بەکاری نایەنیت ، واز لەتەنافەکە نایەنی بۆمن !! " .

سبەی بەیانی ، پەنابەرانی ناو ئوتێلەکە ، لەشەڕێکی گەورەی نێوان کۆمەڵێک مەغریبی و کۆمەڵێک ئەفغانی خەبەریان بووەوە . لەهەمان مەیداندا . ئیدی شەق و زللە و تێهەڵدان هەر مەپرسە ، جنێوی نیشتمانی لەسەر ڕەقەم ، تەنیا"Fuck u" بەزمانە ئەسڵیەکەی خۆی دەدرا .

شەڕی مەغریبی – ئەفغانی ، زۆر لەشەڕەکەی پێشوو توندتر بوو ، دەست ولاق و ماسیحە و پەرداخی پلاستێکی چای پڕ لەئاوی گەرم بەکاردەبرا .

دوای ماوەیەک پۆلیسی سوێدی هات و ، شەڕەکە کوژایەوە ، ژووری شەڕکەرەکانی پشکنی و هەرشتێکی قەدەغەی تیابوو دەستی بەسەراگرت و ڕۆیی .

شەوێروسلان ، هەر زانیارییەکی لەلا بوو گێرایەوە . ڕوسلان کۆنترین پەنابەری ئوتێلەکەی مالمو بوو . پەیوەندییەکی پتەوی دەگەڵ بەڕێوەبەری ئوتێلەکە و دەگەڵ ئاسایشدا هەبوو .

عەلی سۆماڵی ، بەچپەوە و ، بۆ ئەوەی ئاگام لەخۆبێ ، گوتی : " نۆکەری ئەوانە " .

ڕوسلان جگەرەیەکی داگیرساند ، پەنجەرەکەی بەرانبەری کردەوە ، گوتی ببورن کە بووە هۆی ئەوەی سەرما بێتە ژوورەوە . جگەرەکێشان لە ژوورەکانی ئوتێلەکەدا زۆر قەدەغەیە . بەڵام ئەفغانەکان لەژووی پازدەدا حەشیشە دەکێشن ، کەس نازانێ چۆن پەیدایان کردووە .

سۆماڵیەک گوتی ، بەو ئوتومبیلە هێناویانە کە گەیاندبوونیە سوێد . مەغریبیەک گوتی لە هۆڵاندا پەیدایان کردووە .

دوو مەغریبی دیکە لەژوورەکەدا لەگەڵیان بوو ، ناڕەزاییان دەرپری ، چونکە ئەمە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە .

یەکێک لە ئەفغانەکان فشە ئینگلیزییەکی دەزانی ، ەڵام بەشی ئەوەی نەدەکرد ، قەناعەت بە مەغریبیەکان بکات کە شەریعەتی ئەفغانی بەحەرامی نازانێت . بەڵام پاشان توانی لەپرۆسەی حەشیشەکێشانی شەوێدا بەشداریان بکات .

یەکێک لە ئەفغانییەکان حەشیشەکەی شاردەوە ، گوتی هەموویان کێشاوە . مەغریبییەکان باوەڕیان بەو قسەیە نەکرد ، بەتایبەتی کە دوێشەو ، یەک کیسە حەشیشیان بەچاوی خۆ دیتبوو ، یەک کیسەی کەتانی پڕ .

دیسان زمان بووە کۆسپ لەبەردەم هەرلێکحاڵی بوونێکی تازە ، ئیدی هێنانی هێزپراستەوخۆ بوو بەتاقە چارەسەر . بەتایبەتی کاتێ کە مەغریبیەک بەقامکی ئاماژەی بۆ ئەفغانیەک کرد و ، بەهاوڕێکەی خۆی گوت :بەرازە

ئەفغانییەکە تێگەیی کە ئەوە جنێوە . هاواری کرد ئەڵڵاهوئەکبەر . ئەمە هاوارپراگەیاندنی شەڕ بوو .

ئاسایشەکە نەیتوانی بەتەنیا ئەم کێشە دژوارە چارەسەربکات و هانای بۆ پۆلیسی سوێدی برد

دەست بەسەر حەشیشەکەدا گیرا ، کەیەکێک لە مەغریبییەکان ئەو هەموو حەشیشەیەی بینی ، فیکەیەکی تانەئامێزی کێشا ، هەمدیس بەدەنگی بەرز گوتیەوە :هەی بەراز.

ئەوە بۆخۆپراگەیاندنەوەیشەڕبوو . بەتایبەتی کەبەقامکی ئاماژەی بۆلای هەمان ئەفغانی کردەوە .

پۆلیسەکە لەوە بەهێزتر بوو ، ئەفغانیەکە بتوانێ هێرش بکات ، بۆیە ئەڵڵاهوئەکبەرەکەی شتێکی ئەوتۆ نەبوو .

بەدرێژایی ماوەی شەڕەکە ، یەکێک لە سۆماڵییەکان دەستی هەڵدەگلۆفت و دەیگوت : " پرۆبڵم ... پرۆبڵم ... وای ... وای ... هەموو ... پرۆبڵم ... " .

ئەو جگەرەیەی بەلالێویەوە بوو ، ڕێگەی قسەکانی دیکەی نەدا ، بلەز لەدەمی دەرهێنا و سەرباری هەموو ئەو ئاگادارییانەی کەهەڵواسرابوون ، تکایە جگەرەکەت فڕێ مەدە سەرئەرزەکە ، تووری دایە سەرئەرزەکە . ئەوجا تفێکیپرۆکرد و لیکاوەکەی دەمی قووت دایەوە .

ڕۆژی دوایی ، هیچیەکێک لەشەڕکەرەکان دیار نەما . ڕوسلان گوتی لە زیندانن . فیتک گوتی بۆ وڵاتەکانی خۆیان ناردنەوە . ئەوانە شایستەی پەنابەری نین . عەلی گوتی دوورنییە بۆ وڵاتی دیکەڕەوانە کرابن ، چونکە وەکو بیستوومە پەنجەمۆریان هەیە . جارێکی دی لەم ئوتێلەدا نایان بینینەوە .

بەڕێوەبەری ئوتێلەکە گوتی ، ئەمساڵ بەفر زوو توایەوە ، خەڵکی مالمۆ ئەمەیان پێناخۆشە . پێیان وایە ئەمە دەرهاوێشتەی گۆڕانیمەناخە . نیگەرانیی سوێدی ، کۆمەڵێک هەستی هەڤدژ لای پەنابەرەکان چێدەکات .

یارۆی بەڕێوەبەر لەسەرپرۆیی ، ئەو پەنابەرانەی داوای پەنابەرییەکانیانڕەفزکراوە ، خۆزیا دەخوازن سوێد لەدەریادا نقوم ببێ ، هەرچی خەڵک هەیە ئاو بیبات . بەڵکو خەڵکەکە کەم ببنەوە و ئەوان وەربگیرێن ، کێوێک پروخێ و دۆڵێک پڕ ببێتەوە ، شەڕێ بێ و خێری ئەمانی تیابێ . ئەو پەنابەرانەش کە چاوەڕوانی وەڵامی دەسەڵاتی سوێدین ، هاوخەمی سوێدییەکانن .

"خوا هەموولایەک بسوڵحێنێ ... باشترین شتە " .

ژنێکی نایجیری لەگەڵ منداڵەکەیدا ، لەبەڕێوەبەری ئوتێلەکە نزیک بووەوە ، بەڕێوەبەرەکە بەڕوویا گرژییەوە و گوتی سبەی بەیانی دەڕۆیت . ژنەکە پێکەنی و گوتی حەزم دەکرد لێرە ئیقامە وەربگرم .

لەژنەکەم پرسی چیڕوویداوە .

جینی ئیقامەی لە ئیتاڵیا هەیە ، مێردەکەی لەوێ نیشتەجێیە ، هەوڵیداوە لێرە لە سوێد ئیقامە وەربگرێت ، چونکە سوێد وڵاتێکی ئارام و جێگیرە ، بەپێچەوانەی ئیتاڵیاوە ، هەموو پێداویستیەک بۆپەنابەران دابین دەکات . بەڵام دایەرەی کۆچبەری کەشفیان کردووە کەلەوێ ئیقامەم هەیە و سبەینێ بۆ ئەوێم دەنێرنەوە .

بەیانیرۆژی دوایی ، لەپێش ژنە نایجیرییەکەوە لەمەیدانی ئوتێلەکەدا ئامادەبووم ، چاوەڕوانی ئەو ئوتومبیلە بووم کە دایەرەی کۆچبەری ئامادەی دەکرد تا ژنەی تاین بە تونێلەکەی نێوان مالمۆ و کۆبنهاگندا بەرێت ، ئەو تونێلەی لەژێر دەریادا لێدرابوو .

تاکسییەکی گەورەی جوان هات . شوفێرێکی بێدەنگ لێیدەخوڕی . نوێنەری دایەرەی کۆچبەری سوێدی کەژن بوو لە ئوتومبیلەکە دابەزی ، کۆمەڵێک قسەی دڵنیایی بەخشی بەسەر من و بەسەر ژنە نایجیریەکەدا بەخشییەوە .

شوفێرەکە ، یارمەتی ژنە نایجیرییەکەی دا ، شتەکانی لەگەڵدا هەڵگرت ، هەموو شتێکی لە ئوتومبیلەکەدا کۆکردەوە ، هەوڵیدەدا زۆر بەوریایی عەرەبانەی منداڵەکەی بۆ هەڵگرێت . ژنە نایجیریەکە لە بەڕێوەبەری ئوتێلەکە نزیک بووەوە و ماچیکرد و داوای بوردنی لێکرد . ئەوجا لەمن نزیک بووەوە ، ماچی کردم و خۆزیای بەختەوەری و سەرکەوتنی بۆخواستم . دەگەڵ منداڵەکەیدا سەرکەوتنە ناو ئوتومبیلەکە ، بەدەست خواحافیزی لێکردین . نوێنەری دایەرەی کۆچبەریش بەدەستی خواحافیزی کرد ، ئەوجائوتومبیلەکە بۆی دەرچوو .

کاتێ کەمنیش بۆ هۆڵاندا دیپۆرت دەکەنەوە ، تاکسییەک دێ ، نوێنەری دایەرەی کۆچبەری دێت ، شوفێرێک و ، بلیتێکی هێڵی ئاسمانی دانیمارکی . جانی

لوبنانی ماچ دەکەم ، ژنێکی پەنابەر چاودێرپرووداوەکە دەکات ، چونکە دایەرەی کۆچبەری دوای من دیپۆرتی دەکاتەوە . بەتونێلە دەریاییەکەی نێوان مالمۆ و کوبنهاگندا تێدەپەڕم و لەوێندەرەوە بۆ ئەمستردام . ئیدی بەشادی و خۆشی و ماچ و موچەوە بۆ ئەمستردام دەگەڕێمەوە . بە تەکسی دەگەڕێمەوە ، بەکۆمەڵێکڕستەی گەرم وگوری نوێنەری دایەرەی کۆچبەریی سوێدییەوە دەگەڕێمەوە .

## تێشت

ژمارەیەک سۆماڵی زۆر، لەیەکڕۆژا گەییشتنە ئوتێلە کەمپەکە . لەژووری تەلەفزیونەکە گەنجێکی کورد کەقەرار بوو سوێد بۆ ئەڵمانیای بنێرێتەوە ، زۆری پێناخۆش بوو . گوتیرێژەی زۆری سۆماڵییان لە ئەوروپادا کاری کردۆتەسەر فایلی پەنابەرانی دیکەش . یەکێک لە سۆماڵییەکان گوتی بەهۆی شەڕەوەیە ، باشە پێم ناڵێی تۆ و ئەم هەموو کوردە لێرە ، لەسوێد و ، لە ئەوروپا چ دەکەن ؟ کوردستان کێشەی هەیە ؟

نەشەڕی تیایە و نە هیچ کێشەیەک . کەچی بەهەزاران ڕووتان کردووەتە ئێرە و نانی خەڵکی موستەهەق دەخۆن . سۆماڵییەکی دی هەڵیدایە : هەر حاویە و زبڵدانێک لە ئەوروپادا بکەیتەوە کوردێکی تیایە ، هەموو شوێنێکیان داگیرکردووە ، لەبەر ئەوان زبڵدانیش بەرناکەوێ .

لەچاوتروکانێکا شەڕ لەنێوان گەنجە کوردەکە و گەنجە سۆماڵییەکەدا بەرپابوو . بەڵام ناوبژیوانان زوو فریاکەوتن و نەیانهێشت بگاتە شەڕە مست و لێکدان .

گەنجێکی ئەفغانی گوتی : پرۆبلم ... پرۆبلم ...

سێ ژەمە واجب بوو ، من پابەندی ئەم واجبە بووم ، هیچ ئەرک و کارێکی دیکەم نییە . من پەنابەرێکم ئیش و کارم تەمەشاکردنە . پەنابەرێک کەنیگای تینووی دیتنیرووداوانە ، چاوەڕوانی کاتی لێکۆڵینەوە و کاتیرەفزکردن و کاتی کۆچاندنە ... چاوەڕوانەژنە ئەوروپاییەکی لێهەڵکەوێ ، شووی پێبکات و ، ئارامیەکی پێبەخشێت و ... مانەوەی بۆ مسۆگەربکات .

دەنگی گریانی منداڵان لەهەموو شتێک پتر دەمهاڕوژێنێ . لەوەیە خواردنەکەیان بەدڵ نەبێ ، ڕەنگە دوێشەو سەرمایان بووبێ . ڕەنگە سکیان بیەشێت و نەتوانن بیدرکێنن .

موختار ، بەرلەوەی بنووین گوتی ، لە سۆماڵداڕەنگە برسێتی هەبێ ... ڕەنگە مردن هەبێت ... لەوەیە ... بەڵام کێشەی ئەمڕۆی سۆماڵ ، بەڵای ئەمڕۆی سۆماڵ میلیشایە . باوەڕم پێبکەن سۆماڵ وڵاتێکی دەوڵەمەندە ... وڵاتێکی دەوڵەمەندە ، بەڵام دزراوە ... میلیشیا هەموو شتێک دەدزن ، تەنانەت پیاوان و ژنانیش دەدزن .

موختار ، دوای ئەوەی سێ هەزار دۆلاری دا ئەوسا گەیی بووە سوێد ، بەڵام عەلی لە لیبیاوە هاتبوو ، تەنیا هەزار دۆلاری دابوو .

موختار ، دەگەڵ خێزانێکی سۆماڵی هەشت نەفەریدا هاتبوو ، هەر یەکێکیان بەقەد ئەوی دابوو ، ئەوان لە سۆماڵەوە هاتبوون . ئەم خێزانە گەورەیە ئەو پارەیەیان لە سۆماڵدا هەبوو ، هەڵبەتە خێزانێن دی زۆر زیاتریان هەیە ...

پارە پەیداکردن لە سۆماڵدا قورس نییە ، بەڵام پاراستنی لە سایەی میلیشیادا مەحاڵە .

عەلی بەرلەوەی لەکەمپەکە هەڵێ ، بۆیە هەڵدەهات چونکە کەشف بووبوو کە پەنجەمۆری لە ئیتاڵیا هەیە ، بەدەم نانخواردنی ئێوارەوە گوتی : " دزی دەریایی لە سۆماڵدا پارەی پێوەیە نە گاڵتە" .

هەموو میلیشیاکان ، ئەگەر ئامادەبی بکوژی ، خەڵکی بفڕێنی ... پارەت دەدەنێ ... زۆرکەس ئەمە قەبووڵدەکەن ... ئەوسا دەستی بەرزکردەوە و بە قامکی شادە بازنەیەکی کێشا و ئاماژەی بۆ هەرهەموو ئەوانەکرد کە لەخوارنگەکەدا دانیشتبوون و گوتی : -هەرهەموویان خەڵکیان کوشتووە ... هەرهەموویان پارەیان وەرگرتووە ، تاڕێی بگەنە ئێرە ... من باشیان دەناسم .

ڕۆژی دوایی عەلی لە ئوتێلەکەمپەکە دیارنەما .

# ڕوسلان

ئەوشەوەی کە عەلی بیری لەهەڵاتن دەکردەوە لە ڕوسلانم پرسی : -ڕوسلان چۆن گەیشتیتە سوێد ؟

-بەم پێیانە . کێشای بەلاقە فەلەجەکەیدا و قاقاڕێکەنی .

ڕوسلان گەنجێکی شیشانی بوو ، لەگەنجیدا فیشەکێک بەر زرانی کەوتبوو و لاقی شەل بووبوو . ئیقامەی لەهەنگاریا هەبوو و ، بەئاسانی وەریگرتبوو ، بەڵام

هەنگاریا هیچیارمەتیەکی خەڵکانی وەکو ئەوی نەدەدا ، بۆیە بەکەڵکی ئەو نەدەهات .

بەهۆی ئەو لاقە شەلەیەوە کاری دەست نەدەکەوت ، بەو ئومێدە هاتبوو ، بەڵکو سوێدیارمەتی بدات و بتوانێ پەیگیری ژیان و خەونەکانی بکات .

دەیەوێ وەکو پیاوێکی ساغ و سەلیم بەئارامی بژی . دەزانێ داواکەی قورسە ، زەحمەتە بێتەدی ، بەڵام دەیەوێ بەختی خۆی تاقیبکاتەوە . ڕوسلان دەکێشێت بەلاقی خۆیدا ، بەهەردوو دەستان ، بەتوندی پێیدا دەکێشێت و ، جنێو دەدات .

ئینگلیزییەکی باش دەزانێت ، لەزانکۆ خوێندبووی ، کەدەیویست قسەی پێبکات ، خۆبەخۆ دەبوو بەڕووسی ، نەڕووس و نەڕووسی خۆش نەدەویست ، ڕووس و ڕووسی بەداگیرکەر دەزانین . بەڵام هیچ چارێکی نەبوو دەبوایە بەڕووسی باخفێ ، ئەو شیشانیەی کەئەو دەیزانی کەس لێی حاڵی نەدەبوو . ڕوسلان لەشەوێکی زستاندا دەگاتە مالمۆ ، لاقی و جانتایەکی چکۆلەی لەدووی خۆیرادەکێشا . بەکاوەخۆ سڵاوی کردبوو ، بە " فیتک"ی ئەرمەنی کە ئەویش لەهەمان کاتدا گەیی بووە ئەوێندەر گوتبوو ، قەرەوێڵەکەی خوارەوە بدات بەو ، چونکە ناتوانێ سەربکەوێتە سەر قەرەوێڵەکەی سەرەوە .

ڕوسلان بەزەحمەت جێگاکەیڕێک خستبوو و پاشان لەسەری پاڵ کەوتبوو ، بەتوندی هەناسەی دابوو و دوای تۆزێک دەستی بەپرخ و هۆڕ کردبوو .

فیتک ئەو شەوە لەبەر پرخەپرخی ئەو خەو نەچووبووە چاوانی ، چەندی هەوڵدابوو خەبەری بکاتەوە ، فایدەی نەبووبوو .

ڕوسلانڕۆژی دوایی لەخەو هەستابوو و بەئینگلیزییەکی قورس داوای بوردنی کردبوو ، وەکو ئەوەی بەدرێژایی شەو نەخەوتبێ . زانی حەشری بەخەو و پرخ وهۆڕ کردووە .

ئەگەر من فەرمانبەری دایەرەی کۆچبەری بوایەم ، یەکسەر ئیقامەم بە ڕوسلان دەدا . فیتک گوتی ئەگەر ئیقامە بە ڕوسلان نەدرێ ، ئەدی بەکێ دەدرێ .

فیتک دەگەڵ ئەو هێزە هاوپەیمانە نێودەوڵەتیەدا کاری کردبوو کە چووبووە یوگسلافیا ، وێنەی دەگەڵ گەلێک لەبەرپرسانی ئەو هێزەدا هەبوو ، نامەیەکی فەرماندەی ئەو هێزەشی پێ بوو کەدەیگوت پیاوێکی هێمنە ، هەر شتێکی لێداواکرابا ئەنجامی دەدا .

ئایا ئەم نامەیە بەسە بۆئەوەی ئیقامەی پێوەربگرێ ؟

-نازانم ... هیوادارم وابێ ... بەڵام من دەترسم بەتاوانباری جەنگم حسێب بکەن ... ئەوروپا خۆشی بەچارەی ئەوانەدا نایەت کە ڕۆژێ لە ڕۆژان چەکی هەڵگرتبێ ، ئیدی خوای دەکرد ئەو چەکەت بۆ بەرگری لەوانیش هەڵگرتبێ ... دەترسم بەمافیام لەقەڵەمبدەن ...

ڕوسلان کە گوێی لەوەبوو ، لەوەیە دایەرەی کۆچبەری کابرای ئەرمەنی بەمافیا لەقەڵەم بدات ، زۆر پێکەنی ... مافیا هەژارە ... Baby mafia ... لەوەیە ... مافیا هیچ بەرنامە و پارەیەکی نییە ... مافیا کە سێ منداڵی لە ئەرمینیا هەیە ، ژنێکی هەیە ، دووچاوە خانووی هەیە ، دووسەد دۆلاری بۆژنەکەی بەجێهێشتووە و ئەوجا بە ئوتومبێلی کابرایەکی قاچاغچی خۆی گەیاندووەتە بەر دەرگاکانی ئەوروپا .

ڕوسلان گوتی : -Fuck Mafia .

کاتێ زمانیروسلان لەئاستی وەسفی حاڵەتێکدا ، یا لەئاستی وەسفی ئەو هەستەی لەو حاڵەتەوە لای دروست دەبێ ، دەوەستێ ، پەنادەباتەبەر جنێوی" فاک " تا بەکورتی گوزارشت لەهەستی خۆی بکات .

وشەی"Fuck" م زۆر بیستووە . لەناو پەنابەراندا لە دیسکۆدا ، لەوکەمپانەدا کە دیتبوومن . لە هۆڵاندییان و سوێدییان و ئەڵمانم بیستووە . لەعەرەب و کورد و ئەفغان ، لە سۆماڵی و ئێرانیانم بیسووە .

لەو فیلمەڕووتانەدا گوێم لێبووە کەلەماڵی ساسکیادا تەمەشام دەکردن و بە خەیاڵ دەموچاوی پیر و بەدەنی چرچ ولۆچی ساکسیام دەگۆری . بەدەموچاو و لەش ولاری ئەکتەرەکان .

زۆرجار هەستم کردووە کە دنیا هەرهەمووی لەسەرچاوەی ئەم "Fuck" ە تایبەتیەوە دروست بووە ، هەرچی ناکۆکی و دژایەتی و جەنگێک هەیە ، ناتوانێیەکێتیی (( Fuck )) ی گەلان بگۆرێت و لێکدییان جیابکاتەوە . واتە "Fuck" فاکتەری بێ چەندوچوونییەکێتی گەلانە .

هەموو پێکەوەنانمان دەخوارد . مافیا ئەرمەنیە هەژارەکە ، فیتکن و ڕوسلان و من . ڕوسلان لەسەر لاقە ساغەکەی وەستا ، بەبێ دارشەق ، دەستی کێشا بەسەر سینگی خۆیدا و هاواری کرد :

-ڕوسلان قەیسەرە ... من قەیسەرم ... ڕوسلان کەدەنوێ کەس نانوێ ... ڕوسلان کە نانوێ هەمووان دەنوون ...

هێندە پێکەنین ، کۆکە گرتینی ، خەڵکەکە سەریان سورما .

یارۆی ئەرمەنیرایکێشا ، گەڕاندیەوە سەر کورسییە پلاستیکەکەی و ، پێی گوت : جەنابی قەیسەر نانەکەت بخۆ ... هەمووان دەیخۆن .

ئەوشەوە قەیسەر بەکوڵ گریا . برا بچووکەکەی پەیوەندی پێوەکرد و ، پێی گوت بیرت دەکەین . غەریبیت دەکەین ... ڕوسلانهەشتبرای هەن ، ئەو برا گەورەیانە . کاتی خۆی لەگەڵ بابیدا کاری کردووە و ژیاندوویانیەتی . بەڵام بەهۆی جەنگی نەفرەتییەوە لاقێکی لەدەستچوو ، زۆرێک لەهاوڕێ و خەونەکانی لەدەست دا .

ڕۆژی دواییڕوسلان لەخەو ڕابوو و گوتی : بەیانی هەمووتان باش ... دەزانم کەستان نەنوستوون ... سڵاو لەو قارەمانانەی ملیان بۆقەیسەری خەو نەداوە ... بەیانی باش مافیا ... ڕۆژباشBaby Mafia ... ئەوجا تەمەشایەکی لای منی کرد کە هەوڵمدەدا بەردەوام بم لەخەو .

گوتیرابە ... تێشتەکەیا ئێستایەیا قەت دەستان ناکەوێ ... تێشت وەکو شۆڕشە ... یا ئێستایەیا قەت نابێ .

ڕوسلان ، ئەو ڕستانە دەڵێتەوە کاتی خۆی کە قوتابی قوتابخانە کۆمۆنیستیەکان بووە و لەبەری کردوون ، خۆی گوتەنی هی سەردەمی داگیرکردنی شیشان بووە لەلایەنرووسیاوە

کابرایەکی کەتەیە . زۆرجار هەستم دەکرد جەنگاوەرە ، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی وای دەنواند کە جەنگاوەر بووە ، هەندێجار دارشەقەکەی لەناوەڕاستەوە دەگرێت و وەکو ئەوەی کڵاشینکوف بێ ، بەو ئاوایەڕووی دەکاتە ئێمە .

جارێکیان لێم پرسی تائێستا چەند پیاوی بەدارشەقەکەی کوشتووە ؟

ڕوسلان هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا . ئەوجا گوتی باشتەکان هێور ببنەوە ، هەمووو شتێک دەگێڕمەوە ، چاوەڕوان بکە بزانە چۆن هەموو شتێک دەگێڕمەوە .

# حەسیبە کەڕ

حەسیب برسی وماندوو گەییە کەمپەکە . هێشتا زۆری مابوو بۆکاتی نان ، ئامێری قاوە و چایەکە داخرابوو . ئاماژەی بۆ بەڕێوەبەری ئوتێلەکەکرد کە برسیەتی ، جان ناولەپی کردەوە و لەسەری نووسی سەعات پێنج .

حەسیب برسیەتی . لەبرسا گینگڵ دەدا .

ئەفغانییەک ناسییەوە ، گوتی ناوی حەسیبە ، پێکەوە لەوپەری باکووردا لەیەک کەمپدابوون . نازانێ حەسیب بۆچی بۆمالمۆ هاتووە . جان گوتی حەسیب

لەهەنگاریا پەنجەمۆری هەیە و دایەرەی کۆچبەری بۆ ئەوێندەری دیپۆرت دەکاتەوە .

-تەنانەت تۆش حەسیب !! تەنانەت حەسیبە کەرش دەگەڕێتەوە بۆمەڵبەندییەکەمین پەنجەمۆری .

لێهاتووانە بەهەردوو دەستی قسان دەکات . ئێوارەیەکەم کەس بوو کە بۆخوارنگەکە هاتبوو ، فێرم کرد چۆن خواردن وەربگرێت ، لەدەوری مێزێک دانیشت و بلەز نانەکەی خوارد ، ژەمێکی دیکەم بۆهێنا ئەویشی بەپەلە خوارد . قاپەکەی خۆمم دایە . بەمیهرەبانی دەستی خستەسەردەستم ... نیگای پڕییەڕوخسارم .

کەلە مالمۆوە بۆکەمپی ماریاستاد ـ ڕوانەکرام ، یەکەم کەس بوو کە چاوەڕوانی کرد تا ڕۆیشتم ... لەو ئوتومبیلە هاتە پێشەوە کە دەیگواستمەوە ، بەهێمنی جامیئوتومبیلەکەی سڕی و دەستی بۆ تەکان دام و کە ئوتومبیلەکە پێچی کردەوە تەنیاڕووناکی لایتەکانی لەقەراخ ڕێگاکەدا مەترسی سەفەرەکەی دەنواند .

کە گەییمە مالمۆ ، دوای دوو هەیڤان دایەرەی کۆچبەری داوای کردم بۆ لێکۆڵینەوە .

یەکێک بووم لەو ئاپۆرا چڕەی ناو هۆڵە گەورەکە . دوای نیوەڕۆ چوومە ژووری لێکۆڵینەوەوە . لێکۆڵیارەکە پیاوێکی باڵابەرزی قۆز بوو ، پانتۆڵێکی جێنزی لەپێ و کراسێکی سپی زۆر خاوێنی لەبەربوو . فینجانێک قاوەی لەئامێرەکە داکرد و بەمنیشی گوت بۆتێکەم . دەگەڵیا چوومە ژوورەوە ، دیلمانجێکی عێراقیمان لەگەڵدابوو . پرسیاری حاڵی خۆم و کەمپەکەی کرد ، ئەوجا گوتیراسپێردراوە سەبارەت بەداوای پەنابەرییەکەم لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا بکات و ، دیلمانجەکە هەموو قسەکان پاچڤەدەکات . ئەگەر لەکاتی لێکۆڵینەوەدا حەزم لەشتێک کرد ، دەتوانم داوابکەم ، پاشان گوتی دەتوانین دەست پێبکەین ، ڕازی بووم .

لێی پرسیم لەهیچ شوێنێکی دیکە داوای پەنابەریم کردووە . حاشام کرد . هەمان پرسیاری دووبارە کردەوە و دیسان حاشام کرد .

گوتی لە هۆڵاندا داوای پەنابەریم کردووە .

بێدەنگ بووم و ڕوانیمە دیلمانجەکە ... دوودڵ بووم لە وەڵامدانەوە و پاشان حاشام کرد .

گوتی کاکە سەباح تۆ لە هۆڵاندا داوای پەنابەریت کردووە و هۆڵانداڕەفزی کردوویت . ئەوجا ڕووی کۆمپیوتەرەکەی خۆی کردەمن ، هەموو ئەو وێنانەی خۆمم بینی کە دایەرەی کۆچبەری هۆڵاندا گرتبوونی . وێنەی کارتی شەخسی و پاسپۆرتەکەمم بینی .

-بۆچی درۆدەکەی ؟

گوتم ناچارم .

گوتی بەڵام ئێمە دەزانین . پەنجەمۆرەکەت لەهەموو وڵاتە ئەوروپاییەکاندا دەردەکەوێت ؟

گوتم نا ... هەندێجار دەرناکەوێت .

گوتی : با

گوتم : من پەنجەمۆرم لە ئەڵمانیا هەیە ، بەڵام لەهۆڵاندا دەرنەکەوت ... بۆچی دەرنەکەوت ؟

لێکۆڵیارەکە پێی سەیر بوو ، ئەوجا پێکەنی و دیلمانجەکەش پێکەنی . دیمانەکەم بەو خێراییە تەواوبوو . لێکۆڵیارەکە گوتی دایەرەی کۆچبەری بەگوێرەییاسائێن ئەوروپی پەیوەندی بە هۆڵانداوە دەکات ، تاقاییل بێت بەوەی بۆئەوێت بنێرینەوە ، ئیدیتائەوکاتە ژورێکت بۆدابین دەکەین کە تیایدا بنووی و مووچەیەکت بۆ دەبڕینەوە کەپێی بژیت . ئەوسا سوپاسی کردم کەئامادەی لێکۆڵینەوەکە بووم .

کە گەڕامەوە حەسیب بەشێوازی خۆی لەحاڵی پرسیم ، بەشێوازی خۆم وەڵامم دایەوە کەدەڕۆم ، بەدەم سەرلەقاندنەوە چاوم نوقاندن . حەسیب تێگەیی .

دوای چەند ڕۆژێک ، ئەمری گواستنەوەم بۆکەمپی ماریاستاد"Mariestad" لەناوەندی سوێد هات ، لەبەرئەوە دەبوایە لەپێشا سەری دایەرەی کۆچبەری لە کوڤدا (( Skovde )) بدەم . نوێنەری دایەرەی کۆچبەری بلیتێن سواربوونی قیتاری دامێ و پێی گوتم کەسبەینێ بەیانی لەمەیدانەگەورەکەدا ئامادەبم .

بۆسبەی دەگەڵ کۆمەڵێک پەنابەری دیکەدا بە ئوتومبیلێکی گەورە وەڕێکەوتم ، بردینی بۆ وێستگەی قیتار . حەسیب بەڕێی کردم ... دوعاخوازی لێکردم ... تەنیا حەسیب .

## Mariestad

نوێنەری دایەرەی کۆچبەری کوڤدا کەژن بوو گوتی شوێنی دانیشتنی لەشارۆچکەی ماری ستاد بۆ دابین کردووم . شوقەیەکە پێنج پەنابەری تێدایە ، بەمنەوە دەبین بەشەش کەس ، تائەو کاتەی دایەرەی کۆچبەری بڕیاردەدات کەبۆهۆڵاندامڕەوانە بکاتەوە . کارتێکی بانک و کارتێکی شەخسی دامێ کەتا

یەکساڵی تەواو دەیخوارد . بەوە هیوایەکم پەیداکرد ، تاساڵێک هەزار کڵاو بەبایەک . لەوەیە تا ساڵێک نەم نێرنەوە .

جوان گوتی وانییە ، نایەڵن بگاتە شەش مانگ دەتنێرنەوە . تۆ حیسابی خۆت لەسەر ئەم گریمانەیەڕابگرە .

نوێنەری دایەرەی کۆچبەری ، بەئوتومبێلێکی دایەرەی ناڤبری گەیاندمیە ماریاستاد . من دوا نەفەر بووم کە لە ئوتومبیلەکە دابەزێنرام ، ئەوانی دی هەموو لەپێش منەوە دابەزین .

ئیدوارد گوتی : -هەست بەسەرما دەکەم ... دنیا زۆر ساردە .

لێ من وەڵامم نەدایەوە ...

ئیدوارد ، دەساڵ بوو لەدایەرەی کۆچبەری کاری دەکرد ، دایەرە متمانەی پێی هەبوو ، دەیتوانی کێشەی پەنابەرەکان چارەسەربکات . ئیدی دەگەڵ پەنابەران و کێشەکانیانداڕاهاتبوو و ، پێدەکەنی ... وەڵامم نەدایەوە .

بەرلەوەی بمبات بۆقاتی سێیەم ، بۆ ئەو شوقەیەی کە دایەرە بۆ ئەو پەنابەرانەی بەکرێ گرتبوو کەقەراربوو دیپۆرت بکرێنەوە ، خەستەخانەکەی پێ نیشاندام و سوپەرمارکێتیNettoی نیشاندام .

لەگەڵما هاتەژوورەوە ، ژوورەکەی پێنیشان دام ، سیمونیرووسی لەژوورەکەدابوو .

هەم سیمون و هەم من غافڵگیربووین ، نوێنەرەکەی کۆچبەری لێی پرسیم دەیناسیت ، گوتم پێکەوە لەکەمپی مالمۆ بووین .

داوای لێکردم تا ئەوکاتەی بۆ هۆڵاندام دەنێرنەوە ئاگام لەپاک و خاوێنی بێت . ژمارەی تەلەفۆنەکەی خۆی و تەلەفۆنی دایەرەی کۆچبەری کوڤدای دامێ . هیوای بەختەوەری بۆخواستم و ڕۆیی .

ژوورییەکەم دوو سۆماڵی تیابوو ، ژووری دووەم دوو کورد ... هەنووکە ... سێ کورد لەو شوقەیەدان کەتەرخانەبۆ ئەو پەنابەرانەی قەرارە دیپۆرت بکرێنەوە ... سیان لەیەک شوقەدا ... سیان کە دیپۆرت دەکرێنەوە ... یەک لەدواییەک .

سیمون ئاماژەی بۆ قەرەوێڵەکەم کرد . بەجۆرێ قەرەوێڵە و جێگاکەی خۆی خۆش کردبوو ، بەغیلیم پێدەبرد . من ناتوانم شتی وابکەم . چەرچفێن بەسەریەکا کەوتوو ، لیفەێنڕەنگاوڕەنگ و بالیفێن هەمەجۆر لەدەوری قەرەوێڵەکەبوون . سیمون کابرایەکیرێک وپێکە ... زۆررێک وپێکە ... بەڵام کەمدووە ... زۆر کەمدووە ...

سوپەرمارکێتیNetto سەعات شەش دادەخرێت . ئەمڕۆ ناتوانم هیچ شتێک بکڕم . تاسبەینێ بەبێ خواردن دەمێنمەوە . ئەگەر ئەحمەد جەزایری لێرەبوایە ، پارچەیەک پەنیر و کووپێک چای گەرمی دەدامێ ... نا ... نا ... ئەحمەد مەغریبی دەرچوو ... فڕی بە جەزایر و جەزایرییەوە نەما ... شوفێری مەغریبی ، محەمەد هەموو شتێکی لە ئەڵمانیا توورِدا ، جەزایری لێ بووەوە وەکو ئەوەی لەنوێ بەبەرگێکی مەغریبیەوە لەدایک بووبێ .

جوان و هەمزە خوڵکیان کردم کە شێویان لەگەڵ بخۆم . گوتیان ئەمڕۆ تۆ میوانی ئێمەیت و سبەی ئێمەدەبین بەمیوانی تۆ .

جوان خەڵکی سووریایە ، پەنجەمۆری لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و نەرویج و نەمسا هەیە و ئێستاش سوێدی هاتۆتەسەر . لێبڕاوە پەیگیرپڕێرەوی پەنابەری لەهەموو ئەوروپادا بکات ، کۆڵ نەدات تا ئیقامە وەردەگرێت . دەنا بەشێوەی نایاسایی تیایدا دەژی ... لەسێبەرا دەژی ... بەڕەش دەژی . ئەوقسانەی هێندە دووبارە کردبووەوە خۆبەخۆ بەزمانیدا هاتن .

هەمزە لە ئیتاڵیا و نەمسا و ئەڵمانیا هەیەتی ... تەنیا لەسێ شوێندا ... تازە گەیی بووە سوێد ... هێشتاڕێگایەکی دوورودرێژی لەبەربوو ... جوان گوتی هێشتا منداڵە لەئەوروپا و بەدوو قۆڵی پێکەنین ، من بزەیەکم کرد .

-من یەک پەنجەمۆرم لەهۆڵاندا هەیە ... چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد بەردەوام بم ، بەڵام بێدەنگ بووم ... ئەوجا قامکم بەرزکردەوە و گوتم یەک پەنجەمۆر .

بۆ ساتێک تەمەشاییەکدیان کرد ، ئەوجا لەپێکەنیندا بەپشتا کەوتن .

شێوەکە سووک و خۆشبوو ، هێلکە و ڕۆن بە ماستەوە ، لەگەڵ نانی سوێدیدا ، و جۆرەها نوکتە و قسە و داخ و کەسەر و بێدەنگی .

جوان ، هیچ هەواڵێکی کەسوکارەکەی لەسووریا ، نەدەزانی ، لەمێژبوو بەجێی هێشتبوون ، هەوەڵجار چووبوو بۆ دیمەشق ، تالەوێ ، لەپایتەختدا کارێک پەیدا بکات ، پاشان بۆ لوبنان ، میسر و لیبیا و پاشان بە سواری بەلەمێک گەیی بووە دورگەیەکی ئیتاڵی .

هەمزە لەبۆنەکاندا پەیوەندی بە خانەوادەکەیەوە دەکرد . زۆر بەکورتی ئەوەی گوت و سەرێکی لەقاند و لێوی هەڵقورتاندن . گوتم :

-هەموو شادییەکی بابم لەوەدایە کەبەردەوام پەیوەندی پێوەبکەم . بابم حەز لەوە دەکات ، تەنانەت ئەگەر برێک دوابکەوم و درەنگ پەیوەندی پێوەبکەم ، برایەکەم پەیوەندیم پێوە دەکات و بیرمی دەخاتەوە .

هەمزە پرسی : -ئەدی دایکت ؟

وتم : -        دایکم ... !! دایکمیش .

گەڕامەوە بۆ جێگاکەی خۆم ، سیمون بەبێدەنگی نوستبوو ... لەخەویشدا هەر بێدەنگ بوو .

دایکم ، بەڵێ تاسەی دایکمم کرد ... بیرت دەکەم " دایەگیان" من قەت قسەم لەگەڵ دایکمدا نەکردبوو ... لەوەتای لەهەولێر وەدەرکەوتبووم قسەم دەگەڵیا نەکردبوو ... بیرم نەبوو قسەی دەگەڵدا بکەم ... داوام نەکردبوو قسەی دەگەڵدا بکەم ... هەمزە کورد کە ئەمڕۆیەکەمڕۆژی تەعاروفم بوو لەگەڵیا ، دایکی بیرخستمەوە .

ئەوشەوە لەهاواری جوان خەبەرم بووەوە ...

هەمزە گوتی : -جوان وەکو هەمیشە مۆتەکە سواری بووە ...

ڕۆژی پاشی وێرای سەرما بەپێیان بۆسەنتەر ، بۆسەنتەری شارۆچکەکەڕۆیشتین ، لە ئیسراحەتگاکە قاوەمان خواردەوە ، سی کرۆنم هەقی سێ فینجان قاوە دا . لەدڵی خۆدا لێبڕام کە دووبارەی نەکەمەوە .

بەختی خۆم تاقیکردەوە ، هەندێ بلیتییانەسیبی پێشبینی ئەنجامی پێشبڕکێی فوتبۆڵم کڕی کە هەفتەی داهاتوو ڕادەکێشرا . جوان گوتی ئەگەر یەکێکیانم بۆدەربچێت ، ئەوا بەئەندازەی مووچەییەک مانگی تەواو پارەم دەست دەکەوێ ، ئەگەر دەریش نەچوو و دۆرانم ، هەموو پارەی کڕینەکەم لەدەست دەچێت . دوو بلیت و لەهەریەکێکیاندا ئەو هەڵبژاردنەم دەست نیشان کرد کە پێشبینیم دەکرد ، براوەبن .

هەفتەی دوایی هیچم نەبردەوە ، هەفتەی دواتریش هەر هیچ . جوان هەشت سەد کرۆنی بردەوە ، هەرهەمووی بەیەکڕۆژ تەواو کرد ، هەمووی دا بە یانەسیبی دی . ئەوسا هات قەرزی لەمن کرد ، بەڵێنی دا هەرکاتێ بردییەوەیا مووچەکەی وەرگرت ، قەرزەکەم بداتەوە .

جارێکی دی ئەو پارەیەم بەچاو نەبینییەوە . خۆم تەسەوری ئەوەم دەکرد ، یەکەمجار بوو قەرزبدەم و ئاخر جاریشم دەبوو . هەموو شەوێک بەدەم دێوەزمەی جوانە خەبەرم دەبێتەوە . هەموو شەوێک ... بەیانی بۆی دەگێڕاینەوە چ خەوێکی دیوە وچۆن مۆتەکە چۆکی داداوەتەسەر سینگی .

پۆلیسێکی زۆر گەورە ، یەجگار ترسناک ... خەریک بوو دەیخنکاندم ... پێدەکەنی . هەموو خەون و کابووسەکانی پۆلیسی تیابوو ، تەقەی لێدەکات یا هەوڵدەدا

خەفەی بکات ، لەبەرزاییەکەوەڕاوی دەنا ، یا بەچەقۆیەکەوە بۆی دەهات . یادەیەوێ بیکوژێ .

هیچ خەونێکی جوان لەپۆلیس خاڵی نەبوو . ئەوجا داوای عیادەی دەروونی کرد .

هەمزە گوتیرەنگە بەو بۆنەیەوە ، لەپەنابەریەکەشایارمەتیت بدەن ، کێ دەڵێ خێری پێوەنابێ .

پێکەوە نانمان دەخوارد ... بۆم دەرکەوت من شت دەکڕم و لێی دەنێم و ئەوان لەگەڵمدا دەیخۆن .

داوام کرد هەرکەس بۆخۆی شت بکڕێ و لێی بنێ و بەتەنیا نانی خۆی بخوات . واتە نان وخوانەکەمان جیابکەینەوە . پاشان بەتەنیا لەشوقەکەدا مامەوە .

# ساسکیا

بریارم دا سوێد دواخەونم بێ لە ئەوروپادا و بریارم دا لە کۆتایی خزمەتە ئەوروپاییەکەمدا بگەڕێمەوە بۆ کوردستان ، بگەڕێمەوە بۆبانگی بەیانیانی کەڵەبابان ، بگەڕێمەوە بۆ چریسکە چریسکی هەتاوی سەرچڵپیرەزان بگەڕێمەوە . بۆلای پەرداخی چایەکانی بابم ، بۆلای جگەرە و کۆکەکۆکی ئەو بگەڕێمەوە . بۆباوەشی وێرد و نزاکانی دایکم بگەڕێمەوە کە هەموو ڕۆژێک لەخوا دەپاڕێتەوە بمانپارێزێ ، ڕاوەستاومان بکات ، هیدایەتمان بدات و ڕزگارمانبکات و داڵدەمان بدات .

لەوەتای پێم ناوەتە مالمۆ ، تامی هەتاوم لەسوێدا نەکردووە . تائێستا ئاوازی تاقە چۆلەکەیەکی ئاوارە ئاسۆی چاوانی ئاوەدان نەکردوومەتەوە . تامی چریکەم نەکردووە ... ئەو دەریایەی حەزی لێدەکەم ، لێرە نەمدیوە ... دەریای ماریاستاد شین نییە ... ڕەنگی لێڵە ... تەماحی سەفەرت ناخاتەبەر .

ئاسمان تاریکە ، بەبەغیلییەوە دەڕوانێتە سەوزەزارە بەرینەکان ... سەوز لە سوێدا ، دەستکردە ، میکانیکیە ... دروستکراوە ... سەوزێکی دەستکردی خەمناکە .

ساسکیا ، بەماوەیەکی کەم پێش ئەوەیسوپەرمارکێتەکە دابخرێت ، بەهەشتاو خۆی بەژووراکرد . بەعەرەبانەیەکی کارەبایی هاتە ژوورەوە ، بەتەمابوو ڕێگەبدرێ نان بکڕێت . ئەوجا خۆی بەمندا کێشا و ، دامی بەئەرزا . خۆزیام خواست لاقێکم بشکایەیا پێم ببڕایەتەوە . خۆزیام خواست لەخۆ چووبام و دوودانەساڵ بەبێهۆشی لەجێدا کەوتبام و پاشان ئیقامەم لە سوێد وەرگرتبا ، خۆزیام خواست سەرم شکابا ... پەراسووم شکابا بەرلەوەی سوپەرمارکێتەکە دابخرایە .

ئەمبولانس خۆی بەژووردا بکردایە و بەدەم گیانەڵڵاوەڕزگاری بکردمایە . بەڵام هیچ خۆزگەیەک لەو خۆزگانە نەهاتەدی ، داری خۆزگە بەرناگرێت . کەوتمە سەر ئەرزکە ، پاشان بەیارمەتی ئەو هەستامەوە سەرپێیان و هیچ عەیبم نەبوو .

زۆر داوای بوردنی کرد . لەعەرەبانەکەی ، عەرەبانەی تایبەت بەپیران ، دابەزی و بەرەو لای من هات ، دەستی گرتم و ، یارمەتی دام و هەڵی ساندمەوە . بەسوێدی قسەی لەگەڵ کردم ، کەزانیتێناگەم ، کردی بە ئینگلیزی .

جلەکانی بۆڕێک خستمەوە ، دەستی بەسەر سینگ و بەرۆک و ورگما هێنا ، دەستی بەقژەکەمدا هێنا ، زۆری لەبەر گران بوو ، ویستی بزەیەکم بەڕوودا بدات . ئەوجا بەعەرەبانەکەی بەگەڵم کەوت ، لەگەڵما هاتەدەرێ ، لەگەڵما هات تا گەییە بەردەرگای ئەو بینایەی تیایدا ئاکنجی بووم . ئیدی زانی لەو پەنابەرانەم کەچاوەڕوانی ئەوەدەکەن بۆ هۆڵاندا بنێردرێنەوە . زانی کەپتر لە دووساڵ و نیوە خوێندنی زانکۆم تەواو کردووە .

بەرلەوەی دوعاخوازیم لێبکات دەعوەتی کردم کە سبەی ئێوارە لەماڵی ئەودا فینجانێ قاوە پێکەوە بخۆینەوە .

ساسکیا ، لەوبەری شارۆچکەکەدا دادەنیشت . کەدەیەوێت وەرزش بکات جارجارێ بۆNetto دێت . داوای کرد بەرلەوەی بچمە ناو شوقەکەیەوە پێڵاوەکانم دابکەنم .

شوقەکەی تاریکە . لێڵە وەکو ئاسمان . کتێبخانەیەکی گەورەی هەیە ، زۆر خاوێن و ڕێک و پێکە . هۆڵەکەی بچووکە ، بەڵام بۆ ئافرەتێکی پیر سەروزیادە . بەخاوێن کردنەوەیەوە ماندوو نابێ .

هەرکەچوومە ژوورەوە ، بۆنی میزهات بە کەپوومدا . بۆنێک کە تیرئاپل و ئودی پیکیلا و ئایندهوڤن و ئەبوجورجی بیرهێنامەوە . دانیشتم ، لەکاتێکا ساسیکا خەریک بوو قاوەی دروست دەکرد ، من تەمەشای کتێبخانە گەورەکەم دەکرد ، چەند جارێک دووبارەیکردەوە حەز لەچ قاوەیەک دەکەم . پێمگوت بەدڵی خۆت دروستی بکە .

ساسکیا هاتەوە ، ماندوو بوو . ئەوجا تکای لێکردم کە قاوەکە لە مووبەقەکە بێنم .

مووبەقەکە لە هۆڵەکە جیاوازە ، خاوێن کردنەوەی زۆری دەوێ . ئەگەر توانیبام لەوێ بمێنمەوە بۆم خاوێن دەکردەوە ، سەرلەنوێ بەدڵی سەباح ڕێکم دەخستەوە ، هەروەها بەدڵی ساسکیا .

-مووبەقەکە ئەرکی زیاتری دەوێ ... لەهۆڵەکە جیاوازە .

ساسکیا پێکەنی و گوتی کەئەو پیرە و لە ئاخروئۆخری تەمەندایە و توانای ئەوەی نییە هەموو کارێک بکات ، ئەو بەبەردەوامی لە هۆڵەکەدا دادەنیشێت ، بۆیە زیاتر هۆڵەکەی مەبەستە تا مووبەقەکە . ئەو کیژەی دێت بۆخاوێن کردنەوەی ژوورەکەی درەنگ دێت ، هەندێجار هەرنایەت ، هەندێجار دێت و هیچ ئیشێک ناکات .

کاتێ ساسکیا قاوەکەی دەخواردەوە ، زۆر بەزەقی تەمەشام دەکرد . هەردوو چاوی کردنەوە و پرسی چییە !!

-دەتوانم ماڵەکەت بۆرێک بخەم ساسکیا ... پارەم ناوێ ... من تەنیایارمەتیەکم دەوێ .

ڕۆژی دوایی مووبەقەکەی ساسکیا زۆر خاوێن و جوان بوو ، زۆری بەدڵ بوو . باوەشیپێداکردموماچی کردم . هێلکەورۆنی بە ماستم بۆدروست کرد ، زۆری بەدڵ بوو ، بەڵام گوتی نایەوێ هێلکە زۆر بخوات ... هێلکە بۆکەسانی بەتەمەن باش نییە ...

دوای ئەوە ساسکیا هەموو ڕۆژێ لەزەنگی شوقەکەمانی دەدا و منی داوا دەکرد . پاشان داوای دەکرد لەماڵەکەی ئەودا بمێنمەوە . هەم بۆ ئەو باشە هەم بۆمن . بەلای کەمەوە تائەوکاتەی دایەرەی کۆچبەری داوام دەکات . باوەڕم بە چاوی خۆم نەدەکرد ... ساسکیا دەیێت بەوپردەی کە لەسوێدا ئیقامە وەربگرم ... ساسکیا دەخوازم ئەوە نەخشەکەم بوو . ئەو نەخشەیەی کەجارێک لە مارکێتی ناوەندیی زیڤیناردا بەبیرماهات . ئەوڕۆژەی کەپیرەژنێکی هۆڵاندیم بینی قۆڵی بەقۆڵی کورێکی هەرزەکاری هیندیدا ، کردبوو ، کەدیاربوو پیرەژن ، لەیەکێک لەگەشتەکانیاڕاوی کردبوو ، ئەو ڕۆژەی کە ئەو دیمەنەم بینی تفێکمڕۆکردە عاردی

کاتێ کەلەچۆنیەتی ئەو پەیوەندییەم پرسی کە پیرەژنێکی واپیر بە هەرزەکارێکی بیست ساڵەوە دەبەستێ !! پیرەژن ماچێکی ناودەمی کورەی کرد !! ئەو ڕۆژە گوتم : فایدەی نییە پیرەژنێکی ئەوروپی دەخوازم ...

ساسکیا ، ئەو خەونە ئەوروپیەبوو کە قەدەر بۆیرەخساندبووم ، خۆ ساسکیا زۆر لەو پیرەژنە هۆڵاندیە جوانتر بوو ...

بەیانیان قاوەیروونی بۆ لێدەنەم ، دووپارچە نان و پارچە پەنیرێکی بۆ لە فڕنەکە دەنەم و گەرمی دەکەمەوە . پەرداخێ شیری بێ چەوری دەدەمێ . نیوەڕوان پارچەیەک پیتیفور لەگەڵ پەرداخێک چای گەرمدا دەخواتەوە ، و ئێوارانیش هەندێ سەوزەیبۆ نیوەکوڵ دەکەم لەگەڵ تۆزێک زەیتی زەیتووندا .

کارێکی ئاسان ، لەبری ئیقامەیەکی دوورودرێژ و ژیانێکی درێژ . شەوییەکەم خەو نەچووە چاوانم . ساسکیا زۆر لە ڕوسلان پتر دەپرخێنێ . کەپم بۆ گوێیەکانم کڕی ، بەڵام نەیهێشت بەکاری بێنم ، چونکە شەوێ قسەم دەگەڵدا دەکات ، لەخەو هەڵم دەستێنێ . داوای ئاو دەکات یا داوایشێلان دەکات ، پاشان وای لێهات داوای من ، سەباح خەلیلی دەکرد .

جارییەکەم هیچم پێنەکرا ، کێرمڕەپ نەبوو . ساسکیا بەدرێژایی شەوەکە هەریاری بەکێرم کرد ، بەڵام هەڵنەستا و نەستا .

جەستەی بۆنێکی پیری لێدەهات . بۆنێک لەبۆنی مردنێکی ئاوێتە بەمیزدەچوو . لەوەدەچێ ئەو بۆنە نەی هێشتبێ کێرم هەستێ . کەزمانم لە بۆشاییە خاو ولاستیک ئاسا و بۆن نۆشاترەکەیدا نقوم بوو ، کۆکەیەکی تیژ گرتمی ، پەرداخێ ئاویشم خواردەوە هەرنەوەستایەوە ... خۆزگەم دەخواست کەپی کەپوو پەیدابکەم . ئاخر چۆن بتوانم لێواری خەپلە خاوەکەی بەم هەموو بۆنە تیژەوە بمژم !!

پرخە پرخەکەی کێشەیەک نییە ، چارەسەری هەیە ، بەشەو خەوم لێناکەوێ ، بەڕۆژەوە دەخەوم ، بەڵام نۆشاتر چی لەگەڵدا دەکرێ !!

حەمام ... دۆزیمەوە ... دەنگێک لەناخەوە ، لەقوڵایی ئەو نیگەرانیەوە کەسەباح کوردی تووشی بووبوو بەرز بووەوە ... دەنگێکی هیوا ئامێز ... دۆزیمەوە ... دۆزیمەوە ... ئەوە گەرماوە هەی کەر ... !!

لەشی ساسکیام لەگەرماوەکەدا پاک پاک شت ... دوو سێ دەستم لێدا ... ئەو بەستەزمانە هەرکە وای هەست کرد ئەرکێکی ناخۆشی لەکۆڵ بووتەوە ، سەرلەنوێ بەئاو و سابوون و شامپۆ تێ هەڵدەچوومەوە ، دەمشێلا ـ لیفکەم لێدەدا ، شێلان ئەمما شێلان ، عەینی ئەو نەنکانەی کەلە گوندە دوورە دەستەکانی لای ئێمە لەڕۆژانی کوڵ و کانیدا منداڵانیان دەشت .

شوێنی نەما ، هەڵی نەگلۆفم ... کێ دەزانێ ... !! لەوەیە ساسکیا حەزی لێبێ ، لەنێو جێگای لەزەتدا دەست بەهەموو ئازای لەشیا بێنم ... پێدەکەنی ... وای هەستدەکرد من حەزم لەو کارەیە .

لەگەڵڤیاگرادا حاڵەتەکە گۆڕا . حەبیڤیاگرام کری ، ڕەپ بوونەکە لەوەدانەبوو ، زۆری پێ سەیربوو . ساسکیا ماوەیەکی زۆر بەخۆ داکەندنەوە بوو . گوتم قەیدی نییە هەموو جلەکانت دامەکەنە ... بەڵام قاییل نەبوو . گۆشتە شل و شێواوەکە لەژێر سکیا تۆپەڵ بووبوو ، هاتبووە سەر تووکە بەرە سپیەکەی .

ساسکیا لەجێگاکەدا پاڵکەوت ، کەکەوتە سەردەم چەند لۆیەک لەگۆشتە کولاوەکەی کەوتە دەر ، نەیدەزانی چۆن پاڵ بکەوێ ، لاقی بەرز کردەوە تالەپشتەوە پێیا بکەم ، بەڵام زوو ماندوو بوو ، لاقی داگرت ، کەوتە سەرپشت ، هەستی بە تەنگە نەفەسی کرد . خۆی خستەسەرلا . هەرچی دەکرد و دەکۆشا نەیدەتوانی ئەو وەزعیەتە بدۆزێتەوە کەبۆ ئەو خۆشبێ .

ساسکیا ئەو منداڵە پیرە ، بەو دوادواییە ئاگری خۆشەویستی هەڵی گرتبوو . زۆر دەمێ بوو ، هیچ پیاوێک خۆی بەناو لنگیا نەکردبوو ، ختوکەی لۆچەکانی ناولینگی نەدابوو . لەوەدەچوو سەباح خەلیل ئەم شەوە ڕۆحی بەبەردا کردبێتەوە ... بەڵام لەزەت بە پێی پەتی ، بەڕووت و قووتی ، بەبێ جەستە ئامادە دەبێت ...

چەند جارێک وەرچەرخا وەکو چەرخ و فەلەک سوڕایەوە ، ئەوسا داوای لێکردم ، لەسەر پشتم پاڵبکەوم .

ساسکیا سوارم بوو ، ئەوجا کێری چەقاندمە خەپلە خاو و سارد و سڕەکەیا . بەهێمنی جوڵا ، ئەوجا وەک ئەوەی بییەشێت ، ئاهێکی لێ هەستا ، نازانم ڕەحەت بوو یا نەبوو ...

نازانم چیرووی دا ... بەڵام ئەو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا ... سەری هەڵپری پاشان لەسەر سینگم نووست ، زۆر بە ئەسپایی خۆم لەژێری دەرهێنا ، دوای تۆزێک خەوێکی قووڵ بردییەوە ، پرخ و هۆڕی بەرزبووەوە .

کێرم پیسرەپ بووبوو . خۆم بەگەرماوەکەدا کرد ، نەمدەتوانی دەستپەڕ بکەم ، تا کاندی هات و ماچی کردم و ناولنگی بۆ کردمەوە . پاشان خەوم لێکەوت .

بەدەم کێرەڕەپێوە خەبەرم بووەوە ، کێرم خەریک بوو لەناوەندەوە دەپچڕا ، کێرەڕەپێیەکی بەئازاربوو نەک خۆش . ساسکیا دەی پرخاند و لاقی خستبووە سەرلاق ، خەپلەکەی لەدواوەوە و لەنێوان هەردوو ئەستوراییرانیەوە دەرپەڕی بوو ، ویستم کێری پێدا بکەم ، ڕاچڵەکی و هەردوو لاقی لێکدی توندکرد ، ئەوجا شلی کردنەوە ، بە تفەکەم ، وەکو لە فیلمیرووتدا دیتبووم ، تەڕم کرد ، بەئەسپایی بۆم برد ، بەئەسپایی دەرمهێنا ، سمت و ناوقەدیم گرت ، کەمێک وەستام تاخەبەری نەبێتەوە ، زیاتر نزیک بوومەوە . هەوڵەکەم دووبارە کردەوە

نازانم دوای ئەوەی هەرچیم پێبوو ڕشتمە ئەو ئەشکەوتە چۆڵەوە چەندی پێچوو ، پاشان سەرلەنوێ خەوتمەوە .

ساسکیا درەنگ لەخەو ڕابوو . خۆم بەگەرماوەکەدا کرد ، ئەوجا پاک و خاوێن لەهەر گەمارێکی دوێنێ هاتمەدەرەوە . تێشتم ئامادەکرد ، بەدەم قاوە خواردنەوەوە دانیشتم و چاوەڕوانم دەکرد شابانۆ پیرەکەم لەخەو ڕابێت .

# گەڕانەوە

دیسان بەفر باریوە ، نیسکێنەیەکی ئەوتۆم لێنا ، کە متمانەی ساسکیای بەمن تازە کردەوە .

ساسکیا گوتی : - ئەم شۆربایە دەرمانی بەفرە ... تەنیا نیسکێنە چاری بەفردەکات .

دەمویست ساسکیا بەعەرەبانەکەی بۆ ناوەندی شار ببەم ، بەڵام بەفرێکی هێندە ئەستوور کەوتبوو گەنج لێی دەرنەدەچوو چ جای سکس .

سکس نازناوی تایبەتی ساسکیا بوو . پێدەکەنی و لێم دەپاڕایەوە کەلەبەردەم هیچ کەسێکدا بەو ناوەوە بانگی نەکەم . تەنیا ئەگەر هەرخۆمان ، واتە من و ئەو بووین بەوناوەوە بانگی بکەم ...

بەدرێژاییڕۆژەکە نووستم . سکس لەسەر کورسیەکەی و لەبەردەم تەلەفزیونەکە دانیشت .

ئەو شەوە ، بەڕووت و قووتی لەناو جێگادا بووم . حەبیڤیاگرا ، بەرلە هەر دەمارێکی دی ، دەمارەکانی لاملی هەستاندم . ساسکیا بەهێواشی هاتە پێشەوە .

شتێکی لەبەر کردبوو ، کێرێکی پلاستیکیرەشی گەورەی پێوەبوو . خەندە لەلێوی نەدەبڕا ، لەزەتێکی شاردبووەوە نەمدەتوانی پەی پێبەرم . بەیارمەتی گۆپاڵە دارینەکەی دەڕۆیی . لەسەر جێگاکە دانیشت و هەوڵیدا لاقی بەرز بکاتەوە . جارجار کێرەکە دەکەوتە ژێرییەوە ، پێدەکەنی و بەرزی دەکردەوە ، لەدڵی خۆدا دەمپرسی ئەمڕۆکە چیروویداوە !! ئەم کێرە زلە چیە !!

یارمەتیم دا لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشت . دەستی درێژکرد و کێرەکەی گرت ، داوای لێکردم بەدەما پاڵ بکەوم . نەمزانی مەبەستی چییە ... گوتی دەیەوێ لەگەڵما بخەوێ و ، ڕەشە پلاستیکیەکەی بادا .

نوستبووم و تازە خەبەرم بووبووەوە ... لێم پرسی چی دەوێ !! هەمان داوای دووپات کردەوە ... بەهێمنی داوای کرد لەگەڵما بخەوێت ، وەکو ئەوەی شتێکی نەنگینی نەگوتبێ ... شتێکی قیزەونی نەگوتبێ ... وەکو ئەوەی بیری چووبێ من پیاوم ... گوتی : -دەی ...

لەسەر قەرەوێڵەکە هەناسەم لەخۆپڕی ، پشتم بەتوندی لە قەرەوێڵەکە قایم کردبوو ، بۆ ئەوەی نەکەوێتەبەردەمی کێرەڕەشەکەی ئەوەوە . کێرم سیس بووەوە . بەڵام دەمارەکانم هەستان ... ئاوسان ، ڤیاگرا وای هەستاندبوون هەر مەپرسە .

هێشتا باوەڕم بە قسەکەی سکس نەدەکرد .. ئێستاش تێناگەم ...

-چیت دەوێ ... !

-ئەمەتدەبەمێ ، تێتی دەپرم .

قەتڕۆژێ لە ڕۆژان بیرم لەوە نەکردبووەوە کە ببمە بەرکار ، تاسکس ئەوەم تێببڕێت ... تائێستا بەعەمراتم کەس هیچی تێنەپری بووم ، تا سکس ئەو شتەم تێببڕێت ... !!

خۆم بە قەرەوێڵەکەوە توندکردبوو ، دەترسام پاشەڵم بەرهێرشی پلاستیکە دڕەکە بکەوێ ... سکس دەستی هێنا دەیویست بمخاتەسەردەم ، کێشام بەدەستیا ... هاواری لێهەستا .... لەسەر قەرەوێڵەکە دابەزیم ، بلەز جلەکانم لەبەر کرد .تەمەشام کرد ، دەستە لێدراوەکەی توندگرتبوو ، باوەڕی نەدەکرد ... لێی نزیک بوومەوە و دەستم تا ئاستی سەرم بەرزکردەوە ، دەمویست بکێشم بەسەروچاویا ، بەڵام هاوار و ترسەکەی ساردیان کردمەوە ...

بلەز لەماڵەکە وەدەرکەوتم ، دەتگوت بومەلەرزەیەک لەو تۆف و کڕیوەیەدا هێرشی هێناوە .

# خەمت نەبێ

دەرگای ژوورەکەی جوان و هەمزە داخراوە ، ژووی سۆماڵییەکانیش هەر داخراوە . سیمون نوستبوو . بەئەسپایی وەژوور کەوتم ، دەمویست بنووم ، بەڵام هێرشی پلاستیکەڕەشەکە نەیدەهێشت . بیرم لەوەدەکردەوە بگەڕێمەوە بۆلای ساسکیا و تۆڵەی لێبکەمەوە و ئەو ڕەشە بکەم بە قوزیا ، بەدەمیا ، بەقوونیا . تەنانەت ئەوە بخەمە قوونی و کێرم بخەمە دەمی و لێی بدەم . لەناو جێگاکەدا دەلەرزیم ...

هەستام و چوومە گەرماوەکەوە . لەژێر دووشە ئاوە گەرمەکەدا ، دەیان جار بەدەم جنێودانەوە دیمەنی کێرە پلاستیکیەکەم هێنایەوە بەرچاوی خۆم کەچۆن پیرەژن دەیویست زۆرگێم بکات .

لەناوجەرگەی ئەو ئاژاوە پلاستیکییەوە ، ڕوخساری مارگرێتم چەند جارێک هاتەوە بەرچاو ، ڕەنگە مارگرێت تووشی هەڵوێستێکی واهی بووبێ و قاییل بووبێ و ژیانی لەنێرەوە گۆرابێ بۆ مێ ... !!

لەوەیە ساسکیا ، یانیەکێکی وەکو ساسکیا لەهۆڵاندا زەوتی کردبێت ، ئیدی چووبێتە کلێشەی مێوینەوەو ، خۆی لێبووبێ بە مێیەکی کارا بەڵام ... نوقستان !!

لەوەیە لەوڵاتێکی غەیری هۆڵاندادا ، کە مارگرێت ئیعترافی نەکردبوو پەنجەمۆری لەوێندەر هەیە وای لێکرابێ ، ئیدی وای بەچاک زانیبێ لەڕێگەی پلاستیکێکی لەشەهوەتا هەڵکێشراو ببێت بەمێ و بەخەیاڵی خۆی مومارەسەی لەزەتی گۆرینیرەگەز بکات !!

ڕەنگە شەرم و حەیای پلاستیک گرتبێتی و لەپێناوی ئیقامەی ئەوروپای بەپیتدا ئەمەی کردبێت ... !! لەوەیە مارگرێت قەبووڵی کردبێت بەهای ئیقامەی پلاستیکی لە ڕۆحی ... لەشوێنێکی دیکەی جەستەی خۆی بدات ... !!

هیچ هەواڵێک لەنامەوە نییە ، نەبۆمن ... نەبۆ هاورێیانی کەمپەکەم ... نەلەشوقەی پەنابەران ... نەدەنگوباسی نامە هەیە نە ئاگادارکردنەوە و هۆشداری ... نەبوونی نامە ، لەنێو پەنابەراندا والێکدەدرێتەوە کەهەواڵی خۆش لە ئارادایە ...

سەباح هیچ نامەیەک نییە ... هەواڵی خۆش بەڕێوەیە ... ئاگادارکردنەوە نییە ... هەواڵی خۆش بەڕێوەیە ... هیچ نامەیەک نییە و پەنابەرەکان کەس نامەیان بۆنانێرێ .

سمۆرەیەک ، لەسەر دارێکیرووت دەگەڵ سمۆرەیەکی دیداڕادەبوێرێ . بەم سەرما ڕووتە ، بەم بەفرە ڕووتە ، عەورەتی خۆی دەرخستووە .

حەسەن دەیگوت بەبەفر تەنیا دیسکۆ دادی بەشەر دەدات .

لەهاوینا ، لەم گەرمایەدا ، تەنیا دیسکۆ بەکەڵک دێت ...

دیسکۆ ، دەرمانی هەموو نەخۆشی و هەموو حاڵەت و هەموو وەرزێکە ... دەرمانی ، خەمباران و بێ خەمانە ... دەرمانی ئەو کەسەیە ژیان خستوویەتیە کەمپێکی بێدەنگەوە ... دەرمانی هەناسەساردانە ، دەرمانی فریادخوازانە ...

دیسکۆ کاکەسەباح ئاوی بەختەوەرییە ... ئەگەر پارەی دووپەرداخ بیرەت هەیە ، بەفیرۆی مەدە ... پرۆ بۆدیسکۆ ... بەدەم بیرە خواردنەوە هەموو شتێک ... هەموو شتێک فەرامۆش بکە ... ژیان بلەز دەڕوات ، بەرلەوەی ئەو تۆ بدزێ تۆ ساتە شادەکانی لێبدزەوە کاکە سەباح ... سەباح گیان ... دیسکۆیانی شادی ...

بیرلەوە مەکەوە دوای ئەوە چیرۆو دەدات . بیرلەوەبکەوە لەدیسکۆکەداڕوودەدات ... بەقەرز مەژی ...

کاندی گوتی سەباح تۆ لەڕابردووەوە هاتوویت .

سێ قوتوو بیرەم خواردەوە ، جەستە بچووکەکەم و ڕۆحە ماندووەکەم هەڵگرت و ، ملیڕێگەی دەریای ماریاستادم گرت .

لەقوڵایی گەڕەکەکەی بەرانبەر دەریاکەدا ، زنجیرەیەک دیسکۆخانە گیرساونەتەوە ، کە هەم سوێدییان و هەم پەنابەران زۆریان حەز لێدەکەن .

لەنێوانڕێگا چۆڵ و ترسناک و ساردەکە و دەریادا میز تەنگەتاوی کردم . چەند دڵۆپە میزێک دەیویست لە لوولەی مەترەلۆزە بەڤیاگرا ئاوساوەکەمەوە بێتەدەرێ . لەوبەینەدا چەند هێلێکی زەردم لەسەر بەفرەکە نەخشاند کەلەژێر شەپۆلی میزی پەنگ خواردوومدا توایەوە .

گڵۆپێن شیناوی دیسکۆیەکە ، لە سێبەراندا مێوینەیەکی نیشاندا کە بەجلی تەنکەوە لەسەر کورسییەک دانیشتبوو ، پێکە شەرابەکەی بەرزدەکردەوە . پاشان ئەو ون بوو و گڵۆپە سپیەکان پیاوێکیان نواند کەبەپێوە وەستابوو پێکە شەرابەکەی بەرز دەکردەوە . ئەوجا وێنەی هەردووکیان پێکەوە لەگەڵ چرەڕوناکییەکی هەموو ڕووکاری دیسکۆیەکەدا ، لەگەڵ"Welcome"ێکی گەورەدا ، نیشان دا . زوو گەیشتم . مشتەری کەم بوون . کورسیەکم لەبەرانبەر باڕەکەدا پەیداکرد و دانیشتم . پەرداخێکی گەورەی بیرەم داواکرد . بیرە هات . شەپۆلی دەدا . بیست کرۆنم دایە بۆیەکە .

کیژێک لەبەرانبەرم دادەنیشێت ، یاری بە تەلەفۆنەکەی دەکات . کۆمەڵێک لەپشت ئەوەوە پێدەکەنن . موزیقایەکە هێدیە . ڕوناکییەکی کز بەنێو مێزە بەرزەکاندا دێ و دەچێت . ئەو مێزانەی دوای تۆزێکی دی پردەبن و دەگیرێن .

لەسەر کورسییەکەم ناجوڵێم . چاودێری هەموو جوڵەیەک دەکەم . بەڵکویەکێکی وەکو ڕووسیە قەڵەوەکە ، ئەوەی لە پەیوەندییەکی بەردەوام و جێگیر دەگەڕا بدۆزمەوە . بەڵکو ساسکیایەکی دی بدۆزمەوە ، بەبێ کێری پلاستیکی لەگەڵما بخەوێ . بەڵکو ژنە سوێدییەک بدۆزمەوە کە پڕێک گەرمی و هەندێ ئیقامەم پێ ببەخشێت . هەندێ گەرمی و ئیقامەیەکی زۆر زۆرم پێ ببەخشێت .

ئێستا تەنیا ئەوەم لەسەرە تەمەشابکەم ، چاو بگێرم ... ژنێکی وا دەدۆزمەوە ... دەیدۆزمەوە ... ئەوسا وەدەر دەکەوم ، بەغار بەسەر بەفران دەکەوم و هاواردەکەم ... دۆزیمەوە ... دۆزیمەوە ... دەدۆزمەوە ... سەباح گیان دەدۆزیتەوە

... تۆتەنیا بەردەوام بە ... بەردەوام بە ... تەمەشا بکە ... ڕێگاکە تەواو نەبووە ... ڕێگاکە هێشتا دوورە ...

پیرەژنێک و پیرەمێردێک هاتنە ژوورەوە . بەهێمنی شەرابیان خواردەوە ، دەگەڵ بۆیەکەدا پێکەنین و پاشان ڕۆیشتن .

کۆمەڵێک کوڕ و کچی گەنج وەژوورکەوتن . جۆرەها تاتۆیان لەسەر ملیان نەخشاندبوو ، جۆرەها ئەڵقەیان کردبووە کەپوویان ، ڕێک لەو ئەڵقانەدەچوون کەدەکرێتە لووتی گاجووتان . ئیدی ئەڵقەی بچووکتریان بەبرۆ و لێویانەوە نابوو ...

لەدڵی خۆدا گوتم : - باشە نایانیەشێت !!

چاوم بەسەرانسەری دیسکۆکەدا گێرا ... ئەو جەماعەتەی لەگۆشەکەدا بوون پەنابەر بوون ... نەمدەناسین ، پێشتر نەمدیتبوون ... ئەمە یەکەمجاربوو بیاندینم ... بەڵام دیاربوو کە پەنابەرن ... وەکو جەماعەتەکەی دن هیلدر بوون ، قژی گڤیان ، پانتۆڵەکانیان ، قۆندەرەڕەنگاوڕەنگەکانیان ، هەرهەمووی لەجەماعەتەکەی دن هیلدر دەچوون .

چاوەڕوانی ئەوە بووم یەکێکیان پەرداخێ بیرەی بەجێماوی سەرمێزێک هەڵگرێت و بیخواتەوە ، تا بڵێم سبحان خالق الاکوان و اللاجئین ...

کەس ئاگای لەمن نەبوو ... کەس چاودێری نەدەکردم ... تەنیا" بۆیەکە" نەبێ کەپەرداخەکەم تەواوبوو هات هەڵیگرت ، داوای پەرداخێکی دیکەم کرد .

لەبەرەبەیاندا ئەهلی دیسکۆ بڵاوەیان لێکرد ، لەشکرە گەورەکەئاڵای نەشەی هەڵکرد و پاشەکشەی کرد .

سەباح بەلارەوەلار پاشەکشەی کرد . یەکەمجاربوو هەستم بە قورسیەکی زۆری سەرم دەکرد . زۆر قورستر لەو جارەی کەبە مەستی بەجادە و وێستگەکانی بروکسیلدا هەڵدەهاتم .

ئەگەر هەنووکە حەسەنم لەگەڵدا بوایە دەگریا و هاواری دایکی دەکرد . ئەگەر ئەبوجورجم لەگەڵدا بوایە ، لەسەر جادەکە دەڕشایەوە و بەزەرداوی گەدەی دۆست و دەنکە ئەفغانییەکەی دەلەوتاند .

گڤە گڤی بایەکە زۆر بەرز بوو ، باسکی و هەستیاری شەوی دەڕوشاند و ، پەردەی بیستنمی بریندارەدەکرد . شەپۆلی دەریا خۆی بە زرانیمدا دەکێشا و ، ئەڵقەی کەشتیە نزیکەکان لەشانم دەکەوت .

لەسەر کورسیەکی تەختە دانیشتم ، یەکپارچە بەفربوو . دەمویست پرشێمەوە . کچێکیرەشپۆش لێم نزیک بووەوە ، زنجیرێکی گەورە و ئەستووری لەمل بوو . شووشەیەک بیرەی بەدەستەوە بوو و دەیخواردەوە .

ڕێک لەبەردەممدا وەستا ، هەوڵمدا سەر هەڵبڕم و تەمەشای بکەم . گوتی : ئۆکەی ... ئۆکەی ... لەهیچ مەترسە ... هەمووشتێک ئاسایی دەبێ .

ئەوسا لێی پرسیم بیرەم پێیە ... وەڵامم دایەوە نەخێر ... گوتی : ئۆکەی ئۆکەی ... خەمت نەبێ ... گوێ مەدەیە ، هەموو کاروبارەکان بەباشی دەقەتێ .

پرسیاری کرد ئاخۆ پارەم پێیە ... گوتم نەخێر ...

گوتی : ئۆکەی ئۆکەی ... خەمت نەبێ ... گوێ مەدەیە ... ئەوسا ڕۆیی ، سێ زەلام وەکو تارمایی دەرکەوتن و بەدەم گۆرانیLet me know وەدووی کەوتن .

# پەنابەرێکی تازە

رۆژان بلەز بورین . وێڵ و سەرگەردان بووم ، بەڵام هیچ خەمباری ئەوەم نەبووم کە ساسکیام بەجێهێشتبوو ... لەدوورەوە وەستابووم و تەمەشای"Netto"م دەکرد، دەمویست پیرەژنانی دیکە بدینم ، ئافرەتانێکی گەنج بدینم کەڕازی بن شووبە پەنابەرێک بکەن کەهەموو شتێکی لەدەست دابێ . لەدوورەوە وەستابووم و چاوەڕوانی ساسکیام نەدەکرد ... چاوەڕوانی هەرژنێکم دەکرد .

لەزەنگی دەرگای ماڵەکە درا ، لەوەتای لەم خانووە جێگیر بووبووم ئەمە یەکەمجاربوو لەزەنگ بدرێ .

لەزەنگ درا ... چاوەڕوانم کرد تایەکێک لە هاوڕێکانم دەرگا بکاتەوە ، بەڵام کەسیان چاوەڕوانی میوان نەبوون . لە عەدەسەی دەرگاکەوە ڕوانیم ، کیژێکی جوانی لێو بەخەندە وەستابوو ، وابزانم بینیمی ، یازانی چاوێک لە پشت عەدەسەکەوە وەستاوە .

دەرگام کردەوە ، پیاوێکی بەتەمەن ، بەجلکی قەشەوە ، لەگەڵ ئەوکێژەدا کەدیتبووم ، وەستابوو ...

-من بابا حەنا لەدێرییوحەنناوە هاتووم و ئەمەش یولیاییاریدەدەرمە .

-من "سەباح خەلیل"م خەڵکی کوردستان .

بەکاوەخۆ وەژوور کەوتن ، چاوەڕوانی منیان کرد کە دەرگاکە دابخەم . پێیان گوتم پێڵاوەکانیان دابکەنن ، بەئاماژە پێمگوتن بەپێڵاوەوە وەژوور بکەون .

لەسەر قەرەوێڵەکەی من دانیشتن . کورسییەکەم لەمووبەقەکە بەئەمانەت هێنا و لەسەری دانیشتم . هەم دڵخۆش و هەم دوودڵ بووم .

بۆچی !! لە !! چی !!

حەنا گوتی ، بەئەرکی خۆی دەزانێ هەمیشە لەهەوادارانی تازە بگەڕێت ، لەخەڵکانێک بگەڕێت کەوا هەست دەکەن خوا دەستبەرداریان بووە . یولیا بێدەنگ بوو ، هیچی نەدەگوت .

هیچم نەگوت ، بەڵام پێموابوو ئەو موبەشیرەی کەلەمەیدانی" دام "ی ئەمستردامدا دیتبووم ، ئەمانەی بۆماریاستادی سوێدی بۆلاناردبووم .

پێموابوو ، خواوەندی ، ئەو خواوەندی بیرم کردبوو ، دەرفەتێکی تازەی بۆرەخساندووم ، تاخەونی ئیقامەی ئەوروپام لازندوو بکاتەوە .

پێموابوو ، ئەو هەوڵانەی کەلە دن هیلدر دا دەگەڵ هاوشێوەکاندا دابووم تابچمە کڵێسا ، لێرە لەماریاستاد هاتەدی .

پێموابوویولیایارمەتیم دەدات تاڕۆح و گیانێکی تازە وەدەست بێنم و بەئاسمانی سوێدا پێی بفڕم ، ئەو سوێدەی ئێستا شێوەی خۆی گۆری بوو .

یولیا بێدەنگە .

بابا حەنا ئینجیلەکەی کردەوە و هەندێکی بەئینگلیزی لێخوێندەوە ، خەیاڵم داخزی بۆ ئەو کڵێسا شکۆدارانەی کە دەرگایان بۆپێشوازی سەباح خستبووە سەرگازی پشت . ئەو کڵێسایانەی مۆمیان بۆپێشوازی مەسیحییەکی تازە دادەگیرساند ، مەسیحییەک دەیویست پاشماوەی ژیانی لەسایەی چەلیپای مەسیحدا بەرێتەسەر .

خودایا چەند بەخشندەی ... خودایا من ، سەباح خەلیل زۆر منەتباری تۆم . خودایا منی بەندەی بێنەوا و بەلەنگاز ، کەلەسەرانسەری ئەوروپادا ، نە پایەیەکی هەیە و نەزێڕ وزیو و سەروەت و سامان ، بەڵام دڵێکی هەیە بەئیمان پاراوی دەکات . بە نزای مەسیحییەت ئاوەدانی دەکاتەوە ، ئەو نزایانەی هیچیان دەربارە نازانێ ... ئەو نزایانەی کە بابا حەنا فێری دەکات .

حەنا قسەدەکات و ، یولیا بێدەنگە و من لە خەیاڵام .

من لەگەرمەی خەیاڵدابووم ، حەنا قەرارپرۆیشتنی دا ، یولیا هەستایە سەرپێیان ، حەنا وانەییەکەمی تەواو کرد ، ئارەزووی سەلامەتی و ئیمانی بۆکردم و ، داوای مەوعیدێکی دیکەی لێکردم ، پێمگوت ، من هەموو کاتێک دەخزمەتی دام . کۆتایی هەفتەی دانا ، تکام لێکرد سبەینێ بێتەوە .

ڕۆژی دواییرێک لەکاتی دیاریکراودا لەزەنگ درا . جوانترین جل وبەرگم لەبەربوو . سەباح خەلیلێکی دیکەبووم ، گەنجێکی گەشبین ، قژم لەجێڵدا دەبریقایەوە ، سەراپام لەبۆنا هەڵکێشابوو ، ئەو بۆنەم ئەمڕۆ لە سیمون قەرزکردبوو .

دەرگاکەم کردەوە ، حەنا بەتەنێ وەژوورکەوت . یولیای لەگەڵدانەبوو . چوومە دەرێ تاچاوی بۆ بگێرم ، حەنا گوتی هەرخۆم هاتووم .

حەنا ئەمڕۆکە باسی عەزابییەسوعی خواوەندی کرد ، زۆربە تانی قسانداچوو ، ئەو باسی هەموو جۆرەکانی عەزابی دەکرد و من بیرم لە یولیا دەکردەوە ، لەچاوە گەش و بێگەردەکانی ، لە ئاسمانی سوێد کە لەدوێنێوە لەبەرچاوم گۆڕابوو .

لەو مەوعیدەدا کە یوحەنا لەکۆتایی هەفتەی دانابوو ، دەرگام لێنەکردەوە . ماوەیەکی زۆر لەبەر دەرگا وەستا ، بەتاقی تەنیا بوو . لەپشت دەرگاکەوە وەستام ، لێم نەکردەوە ، نەمهێشت هیچ پەنابەرێکی دیکەش بۆی بکاتەوە .

کەڕۆیی نوێژم کرد ... بۆیەکەمجار لەسوێد نوێژم کرد ... نوێژم کرد و گریام ؟

پێش ئەوەی نامەی دایەرەی کۆچبەریم پێبگات کە دەسەڵاتی هۆڵاندی قابیل بووە بۆ هۆڵاندا دیپۆرت بکرێمەوە ، ساسکیام بینی .

ئاسوودە و خەیاڵڕەحەت لەناو عەرەبانە کارەباییەکەیدا دانیشتبوو . خەندە لەلێوی دەباری و پەنابەرێکی تازە کەپێشتر نەمدی بوو پاڵی بەعەرەبانەکەیەوە دەنا .

کەبەبەردەممداڕۆیشتن ، ساسکیا بەلاچاێک تەمەشای کردم ، منیش بەدەم خەیاڵێکی زۆرەوە تەمەشام کرد .

بەبەردەممدا تێپەڕین ، ساسکیاڕازی دیاربوو ، پەنابەرە تازەکە پاڵی دەنا . کاتێ لەمن ڕەت بوون گوێم لێبوو ساسکیا گۆرانی دەگوت ، سەیرم کرد سمتی پەنابەرە تازەکە بەڕاست و بەچەپدا سەما دەکات . دەگەڵ نەرمە ئاوازەکەی ساسکیادا سەمای دەکرد .

# مالمۆی کۆچ و سەفەر

بەیانی ، ئامادەبووم ، جانتاکەم بەدەستەوە بوو ، لە مووبەقەکە ، لەسەر کورسییەک دانیشتم ، چاوەڕوانی ئیدوارد بووم . جوان بۆ وڵاتێکی دی هەڵاتبوو ، ناوەکەی بەکەس نەگوتبوو . بەڵام گوتی ئەمە دواجاری دەبێت بەرلەوەی بەڕەش ( قاچاغ ) بژی .

هەمزە هەنووکە لە هۆڵاندایە ، لەوێ داوای پەنابەری دەکات . هەمزە ئەمڕۆ بە کارتێک و بەناسنامەیەک و بە هەڵاتنێکی جیاواز لە هۆڵاندایە .

سیمون ، بەبێدەنگی هات و بەبێدەنگی هەڵات . جووتە سۆماڵییەکە بوون بەچوار سۆماڵی ، دووانیان بە بەڵگەنامەێن فەرمی چاوەڕوانی کۆچاندن دەکەن و ، دووانیان بەڕەش ( قاچاغ ) لەژوورەکەیان دەنوون .

سەباح خەلیل لەسەر کورسییەکی گەرمتر لە پشکۆ چاوەڕوانی ئیدواردە ، ئیدوارد لەبینایەکەی بەرانبەر سوپەرمارکێتی"Netto"یە ، لە قاتی سێیەمدا و لە شوقەیەکی دەستەڕاستدایە .

ئیدوارد بلیتێکی سواربوونی پاسی تا وێستگەی کوڤدای دامێ ، دوو بلیتی سواربوونی قیتاری دامێیەکێکیان تا پێی بگەمە گوتنبرگ و دووەمیان تا پێی بگەمە مالمۆ و ، بلیتی چوارەمیشی دامێ تابیدەم بە شوفێری تاکسی تا بمگەیەنێتە دایەرەی کۆچبەری .

دایەرەی کۆچ و کۆچبەری فڕێی دامە ئوتێلەکەمپەکەوە . ئوتێلێک بوو ، دایەرەی ناڤبری بەکرێی گرتبوو ، تابەقسەی جانی بەرێوەبەری ئوتێلەکە ئەو پەنابەرانەی تیا دابنێت کە ئەمساڵ ژمارەیان زیادی کردبوو .

بەئینگلیزی قسەم دەگەڵ کرد ، بەئینگلیزی وەڵامی دایەوە . بەعەرەبی پرسیارم لێکرد بەعەرەبی وەڵامی دایەوە ، کاتێ بەکوردی قسەم دەگەڵ کرد گوتی : ماشەڵڵا سێ زمان دەزانیت ... بەهرەیەکی زۆر جوانت هەیە ، هەقە لەسەر ئەم بەهرەیە ئیقامەت بدرێتێ ... و بزەیەکی کرد .

جان نەی پرسی کێم . ناوی نووسیم . ئیدی زانیاری تەواوی دامێ دەربارەی ژەمەکانی خواردن ، دەربارەی زەبت و ڕەبت و زاکونی ، دەربارەی جگەرە و خواردنەوە . داوای لێکردم هەموو بەیانییەک لەکۆبوونەوەی نوێنەرانی دایەرەی کۆچبەری ئامادەبم کە لیستی ناوەکان دەخوێننەوە .

ئەوسا گوتی : دوای ماوەیەک خانم نوێنەری دایەرەی کۆچبەری وەختێکت بۆ دیاری دەکات کە بۆ هۆڵاندات بنێرنەوە ، هەنگێ دەبێ لەوەختی دیاریکراودا ئامادەبیت ، لەکوبنهاگن بلیتی هێڵی ئاسمانیت دەدەنێ و بەیانی تەکسییەک بۆ ئەوێندەرت دەبات .

تا ئەوکاتە هەر سەرکەوتووبیت . جان تۆمارە گەورەکەی داخست ، ئەوسا بزەیەکی کرد و ڕۆیی .

تێبینی : ڕۆژی ٢٠١٧/٥/١٦ لەسلێمانی لەگەڕەکی چوارچرای نویّ لە پاچڤەی ئەم ڕۆمانە بوومەوە ، کە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بەکوردی .

- طالب ابراهیم / لاجی ... من اربیل الی امستردام / روایە ، دارالفارابی / الطبعە الاولی / کانون الثانی ٢٠١٧ .
- تالیب ئیبراهیم ، لەساڵی ١٩٦٩ ، لەحەمای سووریا لەدایک بووە .
- زانستی فیزیاوکیمیای لەزانکۆی تشرین ، لە لازقیە تەواو کردووە . بەرلەوەی بۆ هەندەران بڕوات سیّ کتێبی لەسووریا بڵاوکردوونەتەوە کە بریتین لە :

- شعاع شمس (( مجموعە قصصیە )) دارالبلد ٢٠٠١ .
- اسئلە (( مجموعە قصصیە )) دارحوران ٢٠٠٤ .
- کلمات ملوثە (( دیوان شعر )) دارالبلد ٢٠٠٢ .
- لەساڵی ٢٠٠٩ دا ڕایکردووە بۆ هۆڵاندا و ڕەگەزنامەی هۆڵاندی وەرگرتووە .
- لەڕۆژنامەی هۆڵاندی و عەرەبی و نێودەوڵەتیدا کاردەکات .